حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
سکوڵی زمان

# چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیك و گراماتیکەوە

## (لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە)

نامەیەکە خوێندکار

**ڕۆکـــــان عەبدوڵا محـەمەد**

پێشکەشی ئەنجوومەنی سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانیی کردووە وەك بەشێك لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی (دکتۆرا) لە زمانی کوردیدا

سەرپەشت

**پ.د. فەرەیــــدون عەبــدول محـــەمەد**

٢٧١٥ کوردی ٢٠١٥ زایینی

**ئـەم نامـەیە بەسەرپەرشتـی من لە زانکـۆی سلێمانیی ئامادە کـراوە و بەشێـکە لەپێـویستیەکـانی وەرگرتنی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.**

**پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد**

**سەرپەرشت**

**ڕۆژ:    /    / ٢٠١٥**

**بەپێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی وتووێژ و هەڵسەنگاندن دەکەم .**

**ناو: پ.ی.د. کاروان عمر قادر**

**سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵای بەش**

**ڕۆژ:  /  / ٢٠١٥**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردوو بڕیارماندا، کە شایانی ئەوەیە بە پلەی (          )بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت.

ناو:
سەرۆکی لیژنە
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

ناو:
ئەندام
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

ناو: پ.د. فەرەیدون عەبدول محەمەد
سەرپەرشت
ڕۆژ:   /   / ٢٠١٥

لە لایەن ئەنجوومەنی سکوڵی زمانەوە پەسەندکرا.

ناو: د. کاوان عثمان عارف
سەرۆکی سکوڵی زمان
ڕۆژ:  /  /٢٠١٥

# پێشکەش

ئەم نامەیە پێشکەشە بە:

- دایك و باوکی خۆشەویستم، کە بەو شێوازە پەروەردەیان کردم خزمەتی کورد و زمانی کوردی بکەم.

- هاوسەرەکەم و جگەر گۆشەکانم پەروا و لانیا.

- هەموو ئەوانەی خەمخۆری نەتەوەی کوردو زمانی کوردیین.

- هەموو ئەو کەسانەی فێری زانست و زانیارییان کردم گەر بە پیتێکیش بێت.

ڕۆکان

# سوپاس و پێزانین

**ڕێزو سوپاس و وەفاداریم بۆ :**

- سەرپەرشتی بەڕێزم (پ.د.فەرەیدوون عەبدوول محەمەد)، کە وەکو پسپۆڕ و شارەزایەکی باشی دیالێکتەکانی زمانی کوردی لە ئامادەکرنی ئەم نامەیەدا ماندوو نەناسانە هەمیشە هاوکارم بووە و بەسەرنج تێبینییەکانی نامەکەی دەوڵەمەند کردووە.

- بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گەرمیان و هەردوو بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی (کەلارو کفری) کە هاوکاری زۆریان کردم لە لەچاپدانی فۆرمی مەیدانی توێژینەوەکە و دابەشکردنی بەسەر قوتابخانەکانی سنوورەکەدا.

- هەموو ئەو بەڕێوەبەرو مامۆستایانەی دیدەنی و چاوپێکەوتنەکانیان لە گەڵ ئاخێوەرانی ناوچەکەدا ئەنجام داوەو بەئەمانەتەوە زانیارییەکانی ناو فۆرمەکەیان تۆمار کردووە.

- مامۆستایان (ئەحمەد باوەڕ، خالد محمود، کەریم عەزیز)، کە لە دەسکەوتنی سەرچاوە مێژووییەکاندا هاوکارم بوون.

- مامۆستایانی بەشی ئینگلیزی (د. جلال سعدالله حسن، مامۆستا بەهار عاصی)، کە لە وەرگێڕانی دەقە ئینگلیزییەکاندا یارمەتییان داوم.

- هەموو ئەو کەسانە دەکەم، کە بە کتێب و سەرچاوەکانیان یارمەتیان داوم، هۆکارێک بوون بۆ دەوڵەمەندبوونی نامەکە.

- مامۆستایان (خەلیل محەمەد برا خاس، عثمان عبدالرحمن )، کە لە دروست کردن و دانانی نەخشەکاندا هاوکاری زۆریان کردم.

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| ش.س | شێوەزاری سلێمانی |
| ش. گ | شێوەزاری گەرمیان |
| ل | لاپەڕە |
| ژ | ژمارە |
| / | یان |
| ∅ | مۆرفیمی سفر |
| ← | دەبێت بە |
| + | خستنەسەر |
| _ | فرێدان ، یان لابردن |
| × | وەرنەگرتن |
| م | مۆرفیم |
| گ | گۆڤار |
| ★ | ڕستەی نادروست |

# پێڕست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| ٣-١ | **پێشەکی** |
| ١ | ١/٠)ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٢/٠)هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٣/٠)ئامانج و گرنگی لێکۆڵینەوەکە |
| ١ | ٤/٠)کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٥/٠)ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢ | ٦/٠)سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوە |
| ٣-٢ | ٧/٠) بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە |
| ٢٦-٤ | **بەشی یەکەم/زارو شێوەزار و گۆڕانی زمانی** |
| ١٤-٤ | **١/١)زار و شێوەزار** |
| ٥-٤ | ١-١/١)چەمك و زاراوەی زار و شێوەزار |
| ٦-٥ | ٢-١/١)پەیوەندیی زمان و زار |
| ٨-٦ | ٣-١/١)پێوانەکانی سنووری نێوان زمان و زار |
| ١٠-٨ | ٤-١/١)پەیوەندی لە نێوان زارەکانی زمانێك |
| ١١-١٠ | ٥-١/١)پەیوەندیی زار و شێوەزار |
| ١٤-١٢ | ٦-١/١)شێوەزاری گەرمیان |
| ٢٦-١٤ | **٢/١)گۆڕانی زمانی** |
| ١٧-١٥ | ١-٢/١)زاراوەی پەرەسەندن و گۆڕان |
| ١٨-١٧ | ٢-٢/١)قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی |
| ٢٢-١٨ | ٣-٢/١)هۆکارەکانی گۆڕانی زمانی |
| ٢٦-٢٢ | ٤-٢/١)بوارەکانی گۆڕانی زمانی |
| ٩٠-٢٧ | **بەشی دووەم/ ئاستی دەنگسازی** |
| ٣٠-٢٧ | **١/٢)دەنگسازی و لقەکانی** |
| ٢٨ | ١-١/٢)دەنگسازی گشتی (فۆنەتیك) |

| | |
|---|---|
| ٢٩-٢٨ | ٢-١/٢)دەنگسازی تایبەتی (فۆنۆلۆجی) |
| ٣٠-٢٩ | ٣-١/٢)لێکچوون و جیاوازی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی |
| ٣٦-٣٠ | ٤-١/٢)فۆنیم |
| ٣٢ | ١-٤-١/٢)جۆرەکانی فۆنیم |
| ٣٦-٣٢ | ١-١-٤-١/٢)فۆنیمە کەرتییەکان |
| ٤٠-٣٧ | **٢/٢)گۆڕانی دەنگی** |
| ٣٩-٣٧ | ١-٢/٢)تایبەتمەندێکانی گۆڕانی دەنگی |
| ٤٠-٣٩ | ٢-٢/٢)هۆکارەکانی گۆڕانی دەنگی |
| ٨٠-٤١ | **٣/٢)یاسا دەنگییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا** |
| ٤٩-٤٢ | ١-٣/٢)لێکچوونی دەنگ (گونجان) |
| ٤٤-٤٣ | ١-١-٣/٢)لێکچوون لەرووی ئاراستەی کارتێکردنەوە |
| ٤٨-٤٤ | ٢-١-٣/٢)لێکچوون بەپێی پلەی کاریگەری |
| ٤٩-٤٨ | ٣-١-٣/٢)لێکچوون لە ڕوانگەی کۆنسۆنانت و ڤاوڵەوە |
| ٥٢-٤٩ | ٢-٣/٢)لێکنەچوونی دەنگ(نەگونجان) |
| ٦١-٥٣ | ٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ |
| ٦٠-٥٣ | ١-٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ بەهۆی ژینگەی دەنگییەوە |
| ٥٣ | ١-١-٣-٣/٢)کرتاندن لە سەرەتای وشەدا |
| ٥٨-٥٣ | ٢-١-٣-٣/٢)کرتاندن لە ناوەڕاستی وشەدا |
| ٦٠-٥٨ | ٣-١-٣-٣/٢)کرتاندن لە کۆتایی وشەدا |
| ٦١-٦٠ | ٢-٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ بەهۆکاری مێژوویی یان زارەکی |
| ٦٨-٦٢ | ٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ |
| ٦٦-٦٢ | ١-٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ بە هۆکاری فۆنەتیکی |
| ٦٨-٦٦ | ٢-٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ بەهۆکاری مێژوویی یان زارەکی |
| ٧٧-٦٨ | ٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ |
| ٦٩-٦٨ | ١-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان دوو زاردا |
| ٧٧-٦٩ | ٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لەنێوان شێوەزارەکانی زارێکدا |
| ٧٤-٧٠ | ١-٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان کۆنسونانت و کۆنسونانت |
| ٧٦-٧٤ | ٢-٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان ڤاوڵ و ڤاوڵ |
| ٧٧-٧٦ | ٣-٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان کۆنسونانت و ڤاوڵ |

| | |
|---|---|
| ٤-٢-٥-٣/٢)گۆڕینی دەنگێك بۆ دیفتوونگ یان بە پێچەوانەوە | ٧٧ |
| ٦-٣/٢)جێگۆڕكێ دەنگ | ٨٠-٧٧ |
| **٤/٢)کاریگەریی گۆڕانە دەنگییەکان لەسەر بڕگەو هێز لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ٩٠-٨٠ |
| ١-٤/٢)بڕگە(Syllable) | ٨٨-٨٠ |
| ١-١-٤/٢)جۆرو قاڵبی بڕگە لە زمانی کوردیدا | ٨٣-٨٢ |
| ٢-١-٤/٢)گۆڕان لە ئاستی بڕگەدا | ٨٨-٨٣ |
| ١-٢-١-٤/٢)گۆڕان لە ژمارەی بڕگەکانی وشە | ٨٥-٨٤ |
| ٢-٢-١-٤/٢)گۆڕان لە جۆرو قاڵبی بڕگەکاندا | ٨٨-٨٦ |
| ٢-٤/٢)هێز (Stress) | ٩٠-٨٨ |
| ١-٢-٤/٢)گۆڕان لە هێزدا | ٩٠-٨٩ |
| **بەشی سێیەم/ئاستی ڕێزمان** | ١٥٨-٩١ |
| **١/٣)ئاستی وشەسازی** | ١٣١-٩١ |
| **١-١/٣)چەمك و سنووری مۆرفۆلۆژی** | ٩٤-٩١ |
| ١-١-١/٣)مۆرفیم | ٩٤-٩١ |
| ١-١-١-١/٣)جۆرەکانی مۆرفیم | ٩٤-٩٣ |
| **٢-١/٣))گۆڕانی مۆرفۆلۆژی** | ٩٥-٩٤ |
| **٣-١/٣)مۆرفیمە بەندە وشەگۆڕەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٠١-٩٦ |
| ١-٣-١/٣) مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی | ٩٧-٩٦ |
| ٢-٣-١/٣) مۆرفیمی ژمارە(تاك وكۆ) | ٩٩-٩٧ |
| ٣-٣-١/٣) مۆرفیمی توخم (ڕەگەز) | ١٠١-٩٩ |
| **٤-١/٣)جێناو لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٠٢-١٠١ |
| **٥-١/٣)ڕونانی وشە لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٠٦-١٠٢ |
| ١-٥-١/٣)وشەی داڕێژراو | ١٠٤-١٠٣ |
| ٢-٥-١/٣)وشەی لێکدراو | ١٠٦-١٠٤ |
| **٦-١/٣)کردار لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٣١-١٠٧ |
| ١-٦-١/٣)ڕێژەکانی کردار لە شێوەزاری گەرمیاندا | ١١٢-١٠٧ |
| ١-١-٦-١/٣) ڕێژەی هەواڵی (ئیخباری) | ١١٠-١٠٧ |

| | |
|---|---|
| ٣/١-٦-١-٢)ڕێژەی خۆزگەو مەرجی (ئینشائی) | ١١٠-١١٢ |
| ٣/١-٦-١-٣)ڕێژەی فەرمان (داخوازی) | ١١٢ |
| ٣/١-٦-٢)کرداری گەرەك(ویستن) لە شێوەزاری گەرمیاندا | ١١٣-١١٥ |
| ٣/١-٦-٢-١) کرداری(گەرەك) بە پێی ڕێژەی هەواڵی | ١١٣-١١٤ |
| ٣/١-٦-٢-٢) کرداری(گەرەك)بە پێی ڕێژەی مەرجی | ١١٤-١١٥ |
| ٣/١-٦-٣)کرداری (بوون) لە شێوەزاری گەرمیاندا | ١١٥-١٢٨ |
| ٣/١-٦-٣-١)جۆرە جیاوازەکانی کرداری (بوون) | ١١٦-١٢٦ |
| ٣/١-٦-٣-١-١)بوونی بوونایەتی | ١١٦-١١٨ |
| ٣/١-٦-٣-١-٢)بوونی گۆڕان | ١١٨-١٢٠ |
| ٣/١-٦-٣-١-٣)بوونی خاوەنێتی | ١٢٠-١٢٤ |
| ٣/١-٦-٣-١-٤)بوونی هەیی (وجوود) | ١٢٤-١٢٦ |
| ٣/١-٦-٣-٢)کرداری (بوون) و ڕێژەکانی کردار | ١٢٧-١٢٨ |
| ٣/١-٦-٣-٢-١)کرداری بوون لە ڕێژەی هەواڵیدا | ١٢٧ |
| ٣/١-٦-٣-٢-٢)کرداری بوون لە ڕێژەی مەرجیدا | ١٢٧-١٢٨ |
| ٣/١-٦-٣-٢-٣)کرداری بوون لە ڕێژەی فەرمان (داخوازی)دا | ١٢٨ |
| ٣/١-٦-٤)کرداری بکەر نادیار لە شێوەزاری گەرمیاندا | ١٢٩-١٣١ |
| ٣/١-٦-٤-١)بکەر نادیاری ڕێژەکانی کردار | ١٣١ |
| ٣/١-٦-٤-١-١)بکەر نادیار لە ڕێژەی هەواڵیدا | ١٣١ |
| ٣/١-٦-٤-١-٢)بکەر نادیار لە ڕێژەی هەواڵیدا | ١٣١ |
| **٣/٢) ئاستی ڕستەسازی** | ١٣٢-١٥٨ |
| **٣/٢-١)چەمك و سنووری ڕستەسازی** | ١٣٢ |
| **٣/٢-٢)ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٣٢-١٤٦ |
| ٣/٢-٢-١)جۆرەکانی فرێز | ١٣٣-١٤٦ |
| ٣/٢-٢-١-١)فرێزی ناوی | ١٣٣-١٤٣ |
| ٣/٢-٢-١-١-١)دروستەی فرێزی ناوی | ١٣٣-١٤٣ |
| 3/٢-٢-١-١-١-١)دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی | ١٣٣-١٣٤ |
| ٣/٢-٢-١-١-١-٢)دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی | ١٣٤-١٤٣ |
| ٣/٢-٢-١-٢)فرێزی کرداری | ١٤٣-١٤٦ |

| | |
|---|---|
| ٣/٢-٢-١-٢-١)دروستەی فرێزی کرداری | ١٤٦-١٤٣ |
| ٣/٢-٢-١-٢-١-١)دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری | ١٤٥-١٤٤ |
| ٣/٢-٢-١-٢-١-٢)دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری | ١٤٦-١٤٥ |
| **٣/٢-٣)ئەرك و جێکەوتەی جێناوەلکاوەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٥٥-١٤٧ |
| ٣/٢-٣-١)ئەرك و جێکەوتەی دەستەی یەکەم | ١٥٤-١٤٧ |
| ٣/٢-٣-٢)ئەرك و جێکەوتەی دەستەی دووەم (A) | ١٥٥-١٥٤ |
| ٣/٢-٣-٣)ئەرك و جێکەوتەی دەستەی دووەم (B) | ١٥٥ |
| **٣/٢-٤)پێشناو پاشناو لە شێوەزاری گەرمیاندا** | ١٥٨-١٥٦ |
| **ئەنجام** | ١٥٩ |
| **سەرچاوەکان** | ١٦٥-١٦٠ |
| **پاشکۆ** | ١٧٧-١٦٦ |
| **ملخص البحث** | ١٧٨ |
| **Abstract** | ١٧٩ |

# پێشەکی

## ١/٠)ناونیشان و بواری لێکۆڵینەوەکە:

ناونیشانی نامەکە (چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیك و گراماتیکەوە)یە، لێکۆڵینەوەیەکە بۆ دەست نیشان کردنی لایەنە تایبەتییە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازییەکانی شێوەزاری گەرمیان.

## ٢/٠)هۆی هەڵبژاردنی لێکۆڵینەوەکە:

هەرچەندە نووسین لەسەر دەربڕینی زمانی ناوچەی گەرمیان لە هەندێك وتارو لێکۆڵینەوە و لە چوارچێوەی هەندێك نامەی تردا بە ناوی کەرکوك یان چەند شێوەزارێکی کەرکوکەوە بەجیا لەهەندێك لایەنی وەك دەنگسازی و ڕستە خراوەنەتە ڕوو، بەڵام بە شێوەیەکی گشتگیرو ورد باسی لێوە نەکراوە، بەچەشنێك کە بوارەکانی دەنگ و بڕگەو وشەو ڕستە بگرێتەوە. لە کاتێکدا ناوچەی گەرمیان خاوەن پێکهاتەیەکی زمانی هەمەجۆرو ئاڵۆزە، بەو پێیەی کە خاوەن پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی جیاوازی هەمەچەشنە، لەبەر ئەوە بە پێویستمان زانی بەشێوەیەکی زانستی قسە لەسەر تایبەتییە زمانییەکانی ناوچەی گەرمیان بکەین و بەرهەمێکی نوێی زمانی لە بارەی ناوچەی گەرمیانەوە بۆ سەر کتێبخانەی کوردی زیاد بکەین.

## ٣/٠)ئامانج و گرنگی لێکۆڵینەوەکە:

ئامانج لە نووسینی ئەم بابەتە پیشاندانی تایبەتییە دەنگسازی و ڕێزمانییەکانی شێوەزاری گەرمیانە ، ئەم لێکۆڵینەوەیە بەرچاو ڕوونییەکیشمان دەداتی، کە بۆچی شێوەزاری گەرمیان بە شێوەزارێکی جیاواز لە شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست ئەژمارکراوە.

## ٤/٠)کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە:

کەرەستەی لێکۆڵینەوەکە شێوەی ئاخاوتنی شێوەزاری گەرمیانە، بەتایبەتی ئەو ئاخاوتنەی لە کاروباری ڕۆژانە و بازاڕدا بەکاردەهێنرێن، چونکە گەر ئاخاوتنی خەڵك لەماڵەوە وەربگرین، ئەوە جیاوازە، بە وێنە ئەو زمانەی باجەڵان و کاکەییەك لە ماڵەوە و لە ناو خێزاندا بەکاری دەهێنن جیاوازە لەو دەربڕینە زمانییەی دەرەوەی ماڵ بەکاری دەهێنن، لەبەر ئەوەی زمان نەك بە پێی ناوچەو گەڕەك بەڵکو بە پێی ماڵ و کەسەکانیش دەگۆڕێت، هەروەها سوود لە کۆمەڵێ سەرچاوەی تریش وەگیراون وەکو شیعری فۆلکلۆری و فەرهەنگەکانی هەنبانە بۆرینە و خاڵ و کوردستان.

**٥/٠)ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە:**

لەم لێکۆڵێنەوەیەدا ڕێبازی وەسفی پۆلینکارییە پەیڕەوکراوە، واتە لایەنە دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی بە پێیێ شێوەی ئاخاوتنی ئێستایی شێوەزاری گەرمیان خراونەتە ڕوو و یاساکانیان دیاری کراوە.

**٦/٠)سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوەکە:**

ناوچەی گەرمیان بە پێی پێوەرە جوگرافی و ئیداری و مێژوویی و زمانیەکانیش ناوچەیەکی فراوان دەگرێتەوە، بەڵام لە پێناوی ئەوەی بەشێوەیەکی وردتر و چڕتر لە باسەکە بدوێین بە پێویستمان زانی سنووری ناوچەی لێکۆڵینەوەکەمان دیاری بکەین، کە هەر یەك لە شارەکانی (کەلار، کفری، دیهاتەکانی دەوروبەریان، شارەدێکانی ڕزگاری، سەرقەڵا، باوەنوور، و ناوچەی زەنگ ئاباد بگرێتەوە). بڕوانە پاشکۆ نەخشەکانی ژمارە (١)(٢).

**٧/٠)بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و پاشکۆیەك پێك هاتووە:

**بەشی یەکەم:** لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێك دێت، تەوەرەی یەکەم باس لە چەمك زاراوەی زاروشێوەزار و پەیوەندی زار و زمان و زارو شێوەزار دەکات، پاشان پێگەی شێوەزاری گەرمیان لە ناو زمانی کوردیدا دەستنیشان کراوە و لەگەڵ باس کردنی هەمەچەشنی زمانی لە ناوچەی گەرمیان.

**تەوەرەی دووەم:** تایبەتە بە چەمکی گۆڕانی زمانی و زاراوەکان و قۆناغ و بوارەکانی ئەم گۆڕانە.

**بەشی دووەم:**تایبەتە بە لایەنی دەنگسازی سەرەڕای باس کردنی بەشەکانی دەنگسازی (فۆنەتیك وفۆنۆلۆجی) و تایبەتی هەریەکەیان و جیاوازی نێوانیان و دیاری کردنی گۆڕانی دەنگسازی و هۆکارو تایبەتییەکانی، پاشان فۆنیمە کەرتییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا بە پێی بنەماو یاسا فۆنۆلۆجیەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا باسیان لێوە کراوە، دواتر کاریگەری گۆڕانە دەنگییەکان لەسەر هێزو بڕگە دەست نیشان کراون.

**بەشی سێیەم:** تایبەتە بە ڕێزمان (وشەسازی و ڕستەسازی) ئەمەش لەدوو تەوەرەی سەرەکی پێك دێت، تەوەرەی یەکەم جگە لە دیاری کردنی سنووری کاری مۆرفۆلۆژی و دانەی مۆرفیم و جۆرەکانی و گۆڕانی مۆرفۆلۆژی باس لە تایبەتمەندی هەندێك لە بەشەکانی ئاخاوتن (ناو ، کردار،جێناو) فۆرم و ڕۆنان و تایبەتی و یاسا مۆرفۆلۆژییەکانیان لە شێوەزاری گەرمیاندا کراوە.

تەوەرەی دووەم: تایبەتە بە ئاستی ڕستەسازی کە تێدا ڕستە بە پێی بنەمای فرێزی ناوی فریزی کرداری و چۆنێتی فراوان کردنیان بە پێی کەرەستەکانی ناوەوە و دەرەوە لە شێوەزاری گەرمیاندا خراونەتە ڕوو، هەروەها باس لە ئەرك و جێکەوتەی جێناوە لکاوەکان و یاسای ڕیزبوونیان لە ڕستەدا کراوە لە شێوەزاری گەرمیاندا بە بەراورد بە شێوەزاری سلێمانی، لە چەند پەڕەیەکیشدا باس لە فۆرم و بەکارهێنانی پێشناو و پاشناو لە شێوەزاری گەرمیاندا کراوە.

کۆی ئەو تایبەتی و خاڵانەی لە ناوڕۆکی لێکۆڵینەوەکەدا بەدەست هاتوون لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەدا خراونەتە ڕوو. لە کۆتاییشدا بە پاشکۆیەك ئاماژە دراوە بەو کەسانەی بە مەبەستی تویژینەوەکە چاوپێکەوتنیان لە گەڵدا سازکراوە، لە گەڵ وێنەیەك لەو فۆرمەی بەمەبەستی کاری مەیدانی لێکۆڵینەوەکە بەکارهاتووە، هەروەها لەم پاشکۆیەدا ئەو نەخشانەی پەیوەندییان بە کاری لێکۆڵینەوەکەیە خراونەتە ڕوو.

## ١)بەشی یەكەم/زارو شێوەزار و گۆڕانی زمانی

### ١/١)زارو شێوەزار:

### ١-١/١)چەمك و زاراوەی زارو شێوەزار:

زار ئەو شێوە ئاخاوتنەیە، كە زۆر جار لەسەر بنەمای جوگرافی یان كۆمەڵایـەتی دیـاری دەكرێت، بـەم چەشـنەش دیـالێكتی جـوگرافی یـان كۆمەڵایـەتی دێنـە ئـاراوە. هـەر زمـانێكیش دەكرێـت چـەند دیالێكتێـك لـە خـۆ بگرێـت كـە هەریەكـەیان خـاوەنی چـەندان تایبـەتێتی یـە، بەشـێوەیەك، كـە هەریـەكێكیان لـەوی تریـان لـە بوارەكـانی دەنـگ و دانـەی فەرهـەنگی و وشەسـازی و ڕستەسـازی لەیەكتر جیا دەكاتەوە، هاوكات بە تێپەڕبوونی كات و بە هۆكاری سیاسی و جوگرافی و ڕۆشنبیری پـەرە دەسێنێت و دەگۆڕێت تاوەكو ببێت بە زمانێكی سەربەخۆ. بەواتایەكی تـر زار كۆمەڵە تایبەتێتییـەكی زمانییە ژمارەیەك تاك لە ژینگەیەكی جوگرافی دیـاری كـراودا پێـی ئـەدوێن، ئـەو تایبەتێتییانـەش لـە ئاسـتە جیاوازەكـانی دەنگسـازی و وشەسـازی و ڕستەسـازیدا دەبینـرێن و لـە سـەرجەم زارەكـانی تـری زمانەكە جیایی دەكاتەوە، بەڵام دەبێت ئەو تایبەتییانە كەم بن و بـەو شـێوەیە نـەبێت كـە زارەكـە لـە گەڵ زارەكانی تری زمانەكە بە نامۆ دەربخات و گرفتـی لێـك گەیشـتن لـە نێوان ئەنـدامانی زمانەكـەدا بێنێتە ئـاراوە، چـونكە كاتێـك ئـەو سـیفەتە تایبەتییانـە بـە تێپـەڕبوونی كات زۆر دەبـن، سـەرئەنجام زارەكـە وەكـو زمـانێكی سـەربەخۆی لـێ دێـت، هـەروەك چـۆن بەسـەر زمـانی لاتینیـدا هـات، كـە هەڵوەشـایەوە و دابـەش بـوو بەسـەر چـەند زمانێكـدا كـە هـەر یەكـەیان خـاوەنی سـەربەخۆیی و تایبەتمەندیی خۆیانن لەوانە: ئیتاڵی و فەرەنسی و ئیسپانی.[١]

وەكو زاراوەش بۆ یەكەم جار گریكەكان بەشێوەی (Dialektos) بەكاریان هێنـاوە، ئـەم زاراوەیـان بـۆ جیاكردنەوەی زمانی نووسین لە زمانی چینەكانی خوارەوەی كۆمەڵ بەكارهێناوە، واتـە گریكـەكان بـە زمـانی فـەرمی و ئـەدەبییان گوتـووە (Dialektos) و زاراوەی (Patois)یـان بـۆ زمـانی چـینەكانی خـوارەوە بـەكارهێناوە.[٢] واتـای ئـەم دوو زاراوە یۆنـانی یـە، كـە بـۆ (زمـان و زار)بـە زمـانی ئینگلیـزی وەرگێـڕاون بـە تـەواوەتی جیـاوازن لـە واتاكانیـان لـە زمـانی ئینگلیـزی لـە ئێسـتادا، لەكاتێكـدا هـاو واتاكانیـان لـە زمـانی فەرەنسـیدا نـزیكترن لـە واتـا بنچـینە یۆنانییەكـەیان، لەبـەر ئـەوەی وشـەی (Dialecte) لە زمانی فەرەنسیدا تەنیا بۆ شێوەی هەرێمایەتی نووسراو و خاوەن كـەلتووری ئـەدەبی بـەكاردێت ، بـە پێچـەوانەوە شـێوەی هەرێمایـەتی نەنووسـراو زاراوەی (Patois) بـەكاردێت.[٣] واتـە

---

(١)رمضان عبدالتواب (١٩٨٠: ٥٩).

(2) J.K.Charm bers and Peter Trud gill (2004:30)

(٣)هدسن (١٩٨٧: ٦١).

ئینگلیزەکان زاراوەکانیان جیاواز لە گریگەکان بەکارهێناوە و لە جیاتی زاراوەی(Dialektos) ی یۆنانی زاراوەی دیالێکتی ستاندەرد (standard dialect)یان بەکارهێناوە و لە جیاتی زاراوەی (Patois)ی یۆنانی زاراوەی (dialect)یان بەکارهێناوە، دواتر زاراوەکان بەشێوەی بەکارهێنانە ئینگلیزییەکە جێگای خۆی گرتەوە، تا گەیشتە ئەو ئاستەی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم سەرەتای سەدەی بیستەم، لقێك لە زمانەوانی بە ناوی دیالێکتۆلۆجیا سەری هەڵداو زیاترو فراوانتر چەسپاو جێگای خۆی گرت.(١)

دواتر زاراوەی (Patois) وەکو زاراوەیەك لە بواری دیالێکتۆلۆجیادا بەکارهاتووە، بەکارهێنانەکە بەمەبەستی بەشە دیالێکت بووە.(٢) لە زمانی کوردیشدا لە بری زاراوەی (standard dialect) زاراوەی (زمانی نووسین ، زمانی نەتەوەیی، زمانی یەکگرتوو، زمانی فەرمی ،زمانی ئەدەبی، زمانی ستاندەر)یان بەکارهێناوە ، بەرامبەر زاراوەی (dialect)یش زاراوەی (زار ، دیالێکت)یان داناوە ، هەرچی زاراوەی (Patois)ە، ئەوە وشەکانی (شێوەزار ، زارۆچکە ، گۆڤەر، دەڤۆك. زمانی ناوچەیی) یان بۆ بەکارهاتووە.

## ٢-١/١)پەیوەندیی زمان و زار:

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە زمانیش زۆربەی کات زارێکە لە زارەکانی تری ئەو زمانە و هەلێکی بۆ رەخساوە تاوەکو ببێت بە زمانی فەرمی. بوونی زارێکیش بە زمان مەرج نییە بەهۆی سیاسەتێکی پلان بۆ دارێژراوی پێش وەختە بێت، بە وێنە زمانی ئینگلیزی فەرمی کە لە ئەمڕۆدا ناسراوە بە هۆی پێگەی ڕۆشنبیری و ڕامیارییەوە بە درێژایی کات پایتەختی لەندەن بووە، هەروەها زمانی فەرەنسی فەرمی لە ئەنجامی دەسەڵاتی پایتەختەکەی، کە پاریسە دروست بوو و گەشەی کرد، لە هەردوو بارەکەدا ئەو دوو زمانە لەسەر بنەمای ئاخاوتنی چینەکانی سەرەوە کە دانیشتووی پایتەختن دروست بوون.

پەیوەندی نێوان زمان و زار پەیوەندییە لە نێوان گشتی و تایبەتیدا، چونکە زمان هەمیشە لە چەند زارێك پێك دێت، هەر یەك لەو زارانەش خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی جیا لەوانی تر، هەموو ئەو زارانەش لە کۆمەڵێك سیفەتی زمانی و نەریتی ئاخاوتنیدا هاوبەشن کە سەرئەنجام زمانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە زمانەکانی تر پێك دێنن.(٣) واتە زمان سنورێکی جوگرافی فراوان دەگرێتەوە و بە هەموو لایەکی وڵاتدا بڵاوبۆتەوە و هەموو زارەکان کۆ دەکاتەوە، کەچی زار ناوچەیەکی جوگرافی

---

(١)علی عبدالواحد وافي (٢٠٠٤: ٦١).

(٢)عبدولەناف رەمەزان ئەحمەد (٢٠٠٩: ١٠).

(٣)ابراهيم انيس(٢٠٠٣: ١٥).

دیاریکراو و بچووك دەگرێتەوە، زمان کۆی هەموو ئەو جیاوازییانە دەگرێتەوە، کە لە زارەکاندا هەن، بەڵام زار لەسەر بنەمای ئەو جیاوازییانە دروست دەبێت.[1] زمان زمانی فەرمی وڵات و دام و دەزگا و چاپەمەنی و بڵاوکراوە و ڕاگەیاندنە، بەڵام زار زمانی ئاخاوتن و کاروباری ڕۆژانەی خەڵکە.

### ٣-١/١)پێوانەکانی سنوری نێوان زمان و زار:

قسەکردن لەسەر بابەتی سنووری نێوان زمان و زار بابەتێکی ئاسان نییە و ڕای زمانەوانەکانیش لەم بارەیەوە جیاوازە، بەوێنە کۆزمانەوانەکان تاکو ئێستا نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی ڕەها و پێوەرێکی ڕاست و دروست لە بارەی سنووری جیاکردنەوەی زمان و زار بە جۆرێك هەندێك لە کۆزمانەوانەکان سێ بنەمایان بۆ جیاکردنەوەکە دەست نیشان کردووە، ئەوانیش بریتین لە (بنەمای لە یەکتر گەیشتن، بنەمای قەبارە، بنەمای ناوداری).[2]

ئەوەی دیارە و ڕوونە، کە پێوانەی ئاسانی لێکگەیشتنی دوولایەنە بەسە بۆ دیاری کردنی سنورێکی جیایی سیاسی و ڕۆشنبیری لە نێوان زمانەکاندا، لە ڕاستیدا ئەوە پێوانەی سەرەکییە، کە زانای زمانی خاوەن ئەزموون جێ بەجێی دەکات بۆ دیاری کردنی سنووری کۆمەڵگەی زمانی.[3] چونکە ئەگەر دوو ئاخیوەر لە شێوەی زمانی جیاواز توانیان هەریەکەیان لەویتریان بگەن، ئەوە ئەم دوو شێوەیە وەکو دوو نموونەی یەك زمان دادەنرێن، جیا لەم تێگەیشتنە دوولایەنە ئەوە دوو شێوەکە بەیەك زمان دانانرێن. ئەم پێوانەیە پێوانەیەکی باو و کارپێکراوە،[4] بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك جار ئەو پێوانەیە لە جیاکردنەوەی زمان و زاردا لەبەرچاو ناگیرێت، چونکە ئەم بنەمایە دەکەوێتە ژێر کاریگەری هەست و سۆزی بەکارهێنەری دیالێکت و زمانە جیاوازەکان، بۆ نموونە زمانە ئەسکەندەنافیەکان(دانمارکی، سویدی، نەرویجی)بە سێ زمانی جیاواز دەژمێررێن، کە لە ڕاستیدا زمانی جیاواز نین و ئەگەر بنەمای لێکتێگەیشتن بۆ ئەم سێ زمانە بەکاربهێنرێت، ئەوە بەو ڕاستییە دەگەین، کە بەکارهێنەرانی ئەم سێ زمانە دەتوانن بە ئاسانی لەیەکتر بگەن، بەڵام بە هۆی ویستی بەکارهێنەرانەوە هەر سێ زمانەکە دەیانەوێت جیاواز بن، وا خۆیان نیشان دەدەن کە لە یەکتری ناگەن، کە لە ڕاستیدا وا نییە.[5] هەروەها لە هەندێك شوێنی جیهان شێوە جیا جیاکانی زمانێك بە زار ناو دەبرێن، ئەگەرچی تێگەیشتنی هاوبەش نییە، بە پێچەوانەوە لە هەندێك شوێنی تر

---

(١)عبدالواحید موشیر دزەیی (٢٠١١: ١٧).

(٢)قەیس کاکل توفیق (٢٠٠٧: ٦٣-٦٤).

(٣)جون لوینز (٢٠٠٩: ٤٥).

(٤)هدسن (١٩٨٧: ٦٥).

(٥)قەیس کاکل توفیق (٢٠٠٧: ٦٥-٦٦).

تێگەیشتنی هاوبەش هەیە، بەڵام جیاوازی لە شێوازی بەکارهێنانی زمان بە زمان ناو دەبرێن. بە وێنە ئەڵمانی و هۆڵاندی وا ناسراوە، کە دوو زمانی جودا بن. هەرچۆنێك بێت، لە هەندێك شوێن بە درێژایی سنووری نێوانیان ئەڵمانیاو و هۆڵاندە زاری قسەپێکراو هەیە، کە زۆر نزیکن لەیەکتر. ئەگەر ئێمە بڵێین کە خەڵکانی لایەکی سنوورەکە بە ئەڵمانی و خەڵکانی لایەکەی تری سنوورەکە بە هۆڵاندی قسە دەکەن، ئەوا گوتنەکەمان وابەستەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییە تاکو زمانەوانی. ئەم خاڵە ڕوونتر دەبێت کاتێك ئێمە ئەو ڕاستییە بزانین، کە توانای قسەکەرانی هەردوو لای سنوورەکە بۆ لێکگەیشتن لە یەکتر گەلێك زیاترە لە ئەوەی ئەڵمانییەك لە ئەم سنوورە هەیەتی لە قسەکەرانی هەندێك زاری تری ئەڵمانی لە ناو سنووری نەمساو سویسەرە. لێرەدا دەکرێت چەمکی کۆنتینیوّم بۆ جوگرافیای زارەکان (geographical dialect continuum)بهێنرێتە ئاراوە.[1] مەبەستیش لە(continuum) ئەوەیە هەتا سنووری جوگرافی نێوان زارەکان زیاتر بێت ڕادەی جیاوازی و تێنگەیشتنی نێوانیان زیاتر دەبێت.[2] واتە گەر زمانێك لە چوار زار پێك هاتبێت بەم چەشنە (زاA، زاB، زاC، زاD ) لە ڕووی سنووری جوگرافییەوە ڕادەی نزیکی زاA لە زاB زیاتر بێت لە زاC و ڕادەی نزیکی زاA لە زاC زیاتر بێت لە زاD، لەم بارەدا ڕادەی جیاوازی و لێك نەگەیشتن لە نێوان (زاA و زاB) کەمترە لە (زاA و زاC)، هەروەها (زاA و زاC) کەمترە لە (زاA و زاD). بەمەش گرنگی جیاوازی ناوچەی جوگرافی و ڕۆڵیان لە جیاکردنەوەی زارەکاندا دەردەکەوێت.

زۆر جار بۆ جیاکردنەوەی زار و زمان لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا جەخت لەسەر بنەمای ڕامیاری و ڕۆشنبیری دەکرێتەوە. بەوێنە مەندارینی و کانتونی بە دوو زار لە زارەکانی زمانی چینی هەژماردەکرێن، لە کاتێکدا ئەم دوو زارە جیاوازی لە تێگەیشتنی نێوانیان زۆر زیاترە لە جیاوازی نێوان دەنیمارکی و نەرویجی یان جیاوازتر لە جیاوازی نێوان هۆلەندی و فلمەنکی و ئەفریقایی، کە ئەمانە زمانی جیاوازن.[3] هەروەها قسەکەرێکی کرمانجی ژووروو و هەورامییەك زۆر بە زەحمەت لەیەکتر دەگەن، کەچی بە دوو زاری سەر بە زمانی کوردی دادەنرێن نەك زمانی جیاواز، ئەمەش لەبەر هۆکاری ڕامیاری و کەلتووری و هەبوونی پەیوەندی لە یاسای ڕێزمانی لە نێوانیاندا. کەواتە بایەخی لێکگەیشتنی زمان هەندێك جار کەمتر دەبێت لە بایەخی هۆکارە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و کەلتوورییەکان.

هەندێك جار لە ڕوانگەی قەبارەوە دەڕوانرێتە پەیوەندی و جیاوازی نێوان زمان و زار، بەوەی کە جیاوازییەکی گەورە لە قەبارەیاندا هەیە، لەبەر ئەوەی زمان لە قەبارەدا گەورەترە لە زار، ئەمەش

(١)غازی عەلی خورشید (٢٠١١: ٢٧).

(٢)سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(٣)جون لوینز (٢٠٠٩: ٤٤-٤٥).

ئەوە دەگەیەنێت ئەو جۆرەیان کە ژمارەیەکی زیاتری دانەی زمانی لە خۆ بگرێت ئەوە زمانە، بەڵام ئەو جۆرەیان کە کەمتر لە خۆ بگرێت ئەوە زارە. بۆ ئینگلیزی وەکو زمانێك کۆی دانە زمانییەکانی زارەکانی تێدایە.[١]

بنەمایەکی تری جیاوازی نێوان زمان و زار مەسەلەی ناوداری یان پێگەیە (prestige)، چونکە زمان خاوەنی پێگەی نووسینە، کە زار نییەتی. بە وێنە ئەو شێوە ئینگلیزییەی کە وەکو زمانی نووسین بەکاردێت زار نییە، بەڵکو زمانە، لە کاتێکدا ئەو شێوانەی تر، کە لە زمانی نووسینی فەرمیدا بەکار نایەن ئەوە زارن. واتە زمانی نووسینی فەرمی دەکرێتە بنەما بۆ بوونی زار بە زمان،[٢] بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشداو لەبەر چەند هۆکارێك زۆر زەحمەتە بتوانرێت سنوورێکی تەواو جیاکەرەوە لە نێوان زمانە سەربەخۆکان و زارە جیاوازەکانی زمانێکدا دیاری بکرێت.

### ٤-١/١) پەیوەندی لە نێوان زارەکانی زمانێك:

زمان تارادەیەکی زۆر لە کۆمەڵە زارێکی جۆراجۆر پێك دێت. بە وێنە گەر بۆ زمان نیشانەی (ز) و بۆ زار نیشانەی (زا) دابنەین، ئەوە زمانی(ز) وەکو نموونە لە زارەکانی (زا١ +زا٢ + زا٣) پێکهاتووە. ئەم زارانەش لە ناو خۆیاندا لە کۆمەڵە سیفەتێکدا هاوبەشن بەچەشنێك وەکو زاری جۆراجۆری سەر بە زمانی (ز) دەردەکەون. ئەگەرچی هەریەکە لە زا١ و زا٢ و زا٣ خاوەنی کۆمەڵێك خاسیەتی تایبەتیین، کە وایان لێ دەکات وەکو زاری جیاواز بێنە بەرچاو. دەکرێت ئەو جیاوازییانەش لە نێوان ئەو زارانەدا بۆ ئەو جیاوازییە نازمانیانە بگەڕێنینەوە، کە دەچێتە چوارچێوەی ئەو بارەی، کە دەکرێت بە بارودۆخەکانی زمان لە کۆمەڵدا ناویان لێ بنەین. ئەوەی پەیوەندی بە زمانیشەوە هەیە وەکو واقیعی حاڵ، ئەوە جیاوازییەکانیان پەیوەندی بە هۆکاری کات (الزمن) ەوە هەیە. چونکە زمانی ئێستا جیاوازە لەو زمانەی، کە لە ڕابردوودا هەبووە بەهۆکاری گۆڕانی کاتەوە.[٣] هەرچەندە زانای زمان زاراوەی زار بەکاردێنێت و لە ڕووی بیر (ذهن)ەوە وەکو زۆرینەی خەڵکی بە زاراوەی زمانەوە پەیوەستی دەکات و دەڵێت زمان لە کۆمەڵە زارێکی جیاواز پێك دێت، بەڵام ئەو واتا شاراوانە ڕەت دەکاتەوە، کە هەمیشە پەیوەستن بە زاراوەی زار لە بەکارهێنانی ڕۆژانەدا. لە هەموو ئەمانەش گرنگتر، ئەوەیە کە زمانەوان رازی نابێت لەسەر ئەوەی زاری یەکێك لە هەرێمەکان یان یەکێك لە چینە کۆمەڵایەتییەکان وەکو شێوەیەکی خراپ و پەراوێز خراو لە زاری نموونەیی و پێوانەیی هەژماربکرێت، چونکە ئەو لە ڕوانگەی مێژووییەوە زاری نموونەیی و پێوانەیی دەناسێنێت، (کە

---

(١)هدسن (١٩٨٧: ٦٢).

(٢)سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(٣)میشال زکریا (١٩٨٣: ١٢٢-١٢٣).

زۆرینـەی خـەڵك پێیـان باشـە ناوبنرێـت زمـان لـە بـری زار)، لـە ڕووی بنەچـەوە تـێ دەڕوانێـت نـەك گەشـەکردنی داهـاتووی، ئـەو زمانـەش لـە بنەڕەتـدا لـە ڕووی جـۆرەوە جیـاواز نییـە لـە زارە ناپێوانەییەکان. هەروەها زارە ناپێوانەییەکان بەوە دەناسێنێت، کە لە ڕووی سیستەمەوە کـەمتر نـیین لـە زاری نموونـەی پێوانـەیی هـەرێمی یـان نیشـتمانی، لـە کاتێکـدا بـە کۆمەڵـە ئـەرکێکی گـرنگ هەڵدەستێت لە ژیانی ڕۆژانەی چینێکی کۆمەڵایەتی زیندوودا.[1] واتە زمانی باش ئەو زمانەیە، کە بـە جوانترین شێوە وەکو ئامرازی لێککەیشتن بەئەرکی خۆی هەڵدەستێت. لەم ڕوانگەیەوە ناکرێـت بڵێین زمانێك لە زمانێکی تر باشـترە. بـەڵکو ناشـتوانین بڵێین کـە زمـانی نووسـراو زمـانێکی باشـە و زمـانی ئاخاوتن زمانێکی خراپە.

ئەو سیفەتانەی کە زارێك لە زارێکی تری زمان لە یەك جیا دەکەنەوە زیاتر لـە چوارچێوەی دەنـگ و سروشتییان و شێوەی دەربڕینیاندا قـەتیس دەکرێـت. واتـە ژینگـەی زمـانی زارێـك خـاوەنی کۆمـەڵێك تایبەتمەندی دەنگییە جیاواز لە سیفاتی دەنگی زارەکانی تری زمانەکـە. ئـەو جیاوازییـە دەنگییانـەش لەم بارانەوەیە[2]:

١- جیاوازی لە سازگەی دروست بوونی هەندێك دەنگی زمانیدا.

٢- جیاوازی لە شوێنگەی هەندێك لە ئەندامەکانی درکاندن لە گەڵ هەندێك دەنگدا.

٣- جیاوازی لە پێوانەیی هەندێك دەنگی نەرمدا.

٤- جیاوازی لە ئاوازی موسیقی ئاخاوتندا .

٥- جیاوازی لە یاساکانی دەنگ لە نێوان دەنگە دراوسێکاندا، کە هەندێکیان بە یەکتر کاریگەر دەبن.

ئەمە ئەو سیفاتانەیە کە هەندێکیان، یان هەموویان دەکرێت لە نێـو زارەکـانی تاکـە زمانێکـدا تێبینـی بکـرێن. مـەرجیش نییـە هـەموو ئـەو جیاوازییانـە لـە نێـو زارەکـانی تاکـە زمانێکـدا هـەبێت، بـەڵکو دەکرێت تەنیا هەندێکیان ببینرێن. ڕادەی جیاوازی لە نێوان زارەکانی زمانێکیش جیاوازە، دەکرێت لـە نێوان دوو زاری زمانێکدا جیاوازییەکە کەمتر بێت بـە بـەراورد لـە گـەڵ زارەکـانی تـری زمانەکـەدا بـە وێنە جیاوازی و ڕادەی تێنەگەیشتن لە نێوان زاری سەروو و ناوەڕاستدا کەمترە وەك لە زاری سەروو و هەورامیدا.

کەواتە ئاسان نییە بتوانین سنورێکی تەواو جیاکەرەوە بۆ جیاوازی لە نێوان زارەکانی زمانێکدا دیـاری بکەین، هەر زارێـك لـە هـەر کـوێ یـەك بێت خـاوەن تایبـەتێتی خۆیـەتی بـە جیـاواز لـەوانی تـر، یـان ئەوەی دەوترێت ئەمە زارێکە و ئەویش زارێکی ترە لە تاکە زمانێکدا، چونکە پرۆسەی درکانـدن هـیچ

---

(١)جون لوینز (٢٠٠٩: ٤٤-٤٥).

(٢)ابراهیم انیس (٢٠٠٣: ١٦-١٧).

شتێكی تر نییە جگە لە چالاكییەكی ماسوولكەیی و ئەداكردنیشی جیاوازە بە جیاوازی ئەو تاكانەی لە یەك ژینگەی زمانیدان. ئەو لێكۆڵینەوە وردانەی لە لایەن زانایانی بواری دەنگەكانی زمانەوە ئەنجام دراون ئەوەیان سەلماندووە، كە هیچ كاتێك ناشێت دوو كەس لە یەك ژینگەی زمانیدا شێوەی دركاندنیان بۆ گۆكراوێك بە تەواوەتی لە یەك بچێت، بەڵكو بەسەرنج و گوێگرتنی ورد هەست بە هەندێك جیاوازیی دەنگی ورد دەكەین.[١]

## ١/١-٥) پەیوەندیی زار و شێوەزار:

شێوەزار یان زاری ناوچەیی (Regional dialects) ئەو زارانەن، كە كۆمەڵێك لە كۆمەڵگایەكدا قسەی پێ دەكەن (Speech community) یان لە ناوچەیەكی دیاری كراودا بەكاری دەهێنن، هەندێك جاریش بە زاری خۆجێی (local dialects) دەناسرێت یان بە زاری جوگرافی (Geographical dialects) ناو دەبرێن وەكو كۆكنی (Cockney) لە لەندەن.[٢] ئەم زارە ناوچەییانە جیاوازییەكی زۆر گەورە لە نێوانیاندا هەیە لە ڕووی ئەو ڕووبەرەی كە دەیگرنەوە: هەیانە هەرێمێكی (مقاطعة)تەواو لە هەرێمەكانی دەوڵەت داگیر دەكات؛ هەشیانە جگە لە چەند دێیەكی نزیك لەیەك، هیچ شوێنێكی تر ناگرێتەوە؛ هەشیانە لە نێوانی ئەو دووانەدایە. زۆر جار ئەم زارە ناوچەییانە لە گەڵ سنووری دابەشبوونی ئیداری و ڕامیاری ناوچەكاندا یەك ناگرنەوە. چونكە هەندێك جار ئەو دێهاتانەی كە ناوچەیەكی زمانی پێك دێنن بەسەر دوو پارێزگا یان زیاتردا دابەش بوون، یاخود لە سنووری پارێزگایەك یان ناوەندێكدا ژمارەیەكی زۆری ناوچەی زمانی كۆ دەبنەوە.[٣] بە چەشنی ناوچەی گەرمیان، كە چەند شێوەزارێكی سەر بە زاری جیاوازی تێدا كۆبووەتەوە، وەك باجەڵان و زەنگەنەو كاكەیی سەر بە زاری گۆرانن و هۆزی جاف و دەلۆ سەر بە زاری ناوەڕاستن و زەند و لەك و گێژ سەر بە زاری باشوور (لوڕ)ن.

جیاوازی ڕوون لە نێوان زاراوەی شێوەزار و زار لەوەدایە، كە زاراوەی یەكەم لە جیاوازی گۆكردندا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام زاراوەی دووەم جیاوازی ڕێزمانی و دانەی فەرهەنگی دەگرێتەوە. بۆ نموونە، ئەگەر كەسێك بە زمانی ئینگلیزی ستاندارد دووا بەزاری ناوچەیی ڕوون، ئەوە بەو كەسە دەوترێت بە زمانی ئینگلیزی دەدوێت بە زاری هەرێمایەتی، زاراوەی زار لێرەدا بەكاردێت، هەروەك نازمانەوانەكان تەوزیفیان كردووە و بەكاریان هێناوە، تاوەكو واتای زار بگەیەنێت نەك زمانی

(١)براهيم انيس (٢٠٠٣: ١٨).

(٢)یوسف شەریف سەعید (٢٠١١: ٢٤٨).

(٣)علي عبدالواحد وافي (٢٠٠٤: ١٦٥).

ئینگلیـزی سـتاندارد، هەرچـی زاراوەی شـێوەزارە، ئـەوە بەشـێوەیەکی گشـتی لـە بـەریتانیای گـەورەدا بەکاردێت، لە ئینگلتەراش بەشێوەیەکی تایبەت، تاوەکو واتای وشەیەکی جیاواز بێت لە زمـانی خەڵکە ڕۆشنیبرەکانی خوارووی ئینگلتـەرا. جیـاوازی دەنگیش زۆر گرنگـە بـۆ ناسـینی شـێوەزار، چـونکە ئـەم جیاوازییانـە ڕۆڵ دەبیـنن لـە جیاکردنـەوەی شـێوەزاری بریسـتول و دانیشـتوانی خـوارووی ڕۆژئـاوای ئینگلتەرا لە لایەك و لە نێوان کۆمەڵە ناوچەیەکی تریشدا لە لایەکی ترەوە.[1] جگـە لەمـە دەتوانرێـت بوترێت سنووری بەکارهێنانی زار فراوانترە لە شێوەزارو ئەگەری بـوونی زار بـە زمـان زیـاترە وەك لـە شێوەزار.

نابێت ئەو ڕاستییەش لەبیر بکەین، کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا زۆربەی زارە ناوچەییەکان هـەنگاو بـەرەو زارو زمـانی سـتاندارد دەنـێن، چـونکە گۆڕانکـاری لـە پێکهاتـەی ئـابووری، کۆمەڵایـەتی، رامیـاری، دیمۆگرافی کۆمـەڵگا هۆکاری مردنـی زاری ناوچـەیین. گـۆڕینی هەیکـەلی کۆمەڵگایـەکی کشـتووکاڵی و خێڵەکی بە یەکێکی تری تـازەی پیشەسـازی یـان نیمچـە پیشەسـازی هۆکـاری گـەورەی گۆڕانکارییـە لـە زمان و کەلتووردا، چونکە خەڵك لە گەلێك ناوچەی جیاواز تێکەڵ دەبن. لە پاڵ ئەمەشدا دامـەزراوەی نـوێ، کارگـە، دەزگـای بـەڕێوەبردن، میـدیا ، پرۆسـەی فراوانبـوون و گەشەسـەندن بـرەو دەدات بـە زیـاترکردنی پەیوەنـدی کۆمەڵایـەتی و تێکـەڵبوونی دانیشـتووان لـە نـاو هـەموو ناوچـەکانی وڵاتـدا. ئەمانە هۆکاری گرنگن لە لاوازکردنی دیالێکتەکان و بەهێزکردنی یەك زمانی وڵات. لـە ڕەوشـێکی لـەم چەشنە زمانی زۆرینە زیاتر بەکاردێت و تاکو دێت زمانی کەمینە لاوازتر دەبێت. لە زمانی کوردیشـدا بەپێی هەلومەرجی جوگرافی هـەر یـەك لـە زارەکـانی زمـانی کـوردی لـە چـەند زارێکـی ناوچـەیی یـان شێوەزارێك پێك دێن.[2]

| دیالێکتی سەرەکی | دیالێکتە ناوچەییەکان |
|---|---|
| ١- کرمانجی باکوور | بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا. |
| ٢- کرمانجی ناوەڕاست | موکری، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی، گەرمیانی. |
| ٣- کرمانجی باشوور | لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگۆ، لەك، کەلهوڕ. |
| ٤- گۆران | گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی، زازا. |

ئەوەی پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەوە هەبێت زاری ناوچەیی یان شێوەزاری گەرمیانە

(١)جون لوینز (٢٠٠٩: ٢٤٨-٢٥٠).

(٢)فوئاد حەمە خورشید (١٩٨٥: ٤٠).

### ٦-١/١)شێوەزاری گەرمیان:

وەك لە دابەشکردنەکەی پێشوودا ئاماژەمان پێدا، شێوەزاری گەرمیان بە پێی زۆربەی پێوەرەکان شێوەزارێکی کرمانجیی ناوەڕاستە، ئەم شێوەزارە خاوەنی کۆمەڵێك خەسڵەتی تایبەتی خۆیەتی لە ئاستەکانی دەنگسازی و مۆرفۆلۆژی وسینتاکسیدا، هەر ئەو خەسڵەتانەیە، کە لە شێوەزارەکانی تری کرمانجی ناوەڕاستی جیا دەکاتەوە لە ناویاندا شێوەزاری سلێمانی. یەکێکی تر لە تایبەتێتێکانی ئەم شێوەزارە، ئەوەیە ئەو ناوچانەی ئەم شێوەزارەی تێدا بڵاوبووتەوە کۆمەڵێك شێوەزاری زارەکانی تری زمانی کوردی تێدا کۆبوونەتەوە، ئەمەش تایبەتێتی زمانی و جیاوازییەکانی ناوچەی گەرمیانی زیاتر کردووە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆزو تیرانەی، کە لە ناوچەکەدا نیشتەجێن و هەریەکەیان سەر بە ژینگەی زمانی جیاوازن. بە وێنە هۆزی باجەڵان و زەنگەنە و کاکەیی بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە ناوچەکەدا نیشتەجێن، لە کاتێکدا ئەم هۆزانە لە ڕووی شێوەی دەربڕینی زمانییەوە سەر بە زاری گۆرانن، هەروەها هۆزەکانی زەند و لەك و پاڵانی و گێژ و داودە ... لە ناوچەکەدا هەن، لە کاتێکدا ئەم هۆزانە لە ڕووی شێوەی دەربڕینی زمانییەوە سەر بە زاری باشوور(لوڕ)ن، ئەمە جگە لەوەی ژمارەیەکی زۆر تیرەی جاف لێ نیشتەجێن، کە ئەمانەش لە ڕووی شێوەی دەربڕینی زمانییەوە لە شێوەی ئاخاوتنی شارەزوور و سلێمانییەوە نزیکن، لە لایەکی ترەوە ئاخێوەرانی ئەو شێوە جیاوازانە لە بازاڕدا تارادەیەك زمانێکی هاوبەشیان هەیە، بەڵام زۆربەیان لە ماڵەوە بەشێوە ئاخاوتنەکەی خۆیان دەدوێن، یاخۆد کاتێك دوو کەسی سەر بە هەمان دەربڕینی زمانی لە هەر شوێنێکدا بە یەك دەگەن بە شێوە ئاخاوتنەکەی خۆیان دەدوێن، هەرچەندە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بە کاریگەری هۆیەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەوە نەوەی نوێ بەرەو شێوە ستاندارەکە هەنگاو دەنێن لە ئاخاوتندا، لە گەڵ ئەوەشدا بوونی هەموو ئەم زارە ناوچەییانەی زمان و کۆبوونەوەیان لە ناوچەیەکی جوگرافی دیاری کراودا کە پێی دەوترێت گەرمیان ژینگەیەکی زمانی نوێی هێناوەتە ئاراوە، کە مۆرك و سیمای هەر یەك لەو زارە ناوچەیە جیاوازانەی پێوە دیارە، سەرەنجام ئەمە وای کردووە، کە هەندێك جار لە بەرانبەر وشەیەکی فەرهەنگی شێوەزاری سلێمانیدا چەند وشەیەکی فەرهەنگی لە شێوەزاری گەرمیانیدا هەبێت.

| شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری گەرمیان |
|---|---|
| قادرمە | پاچینە، پلەکانە، نەردەوان |
| مەنجەڵ | قازان، قوشقانە، باتیلە |
| دووپشك | کلاژدم، دەمارەکۆڵە، چزەوپێڵا |

| | |
|---|---|
| داخستن | گرتن، بەستن، پێوەدان |
| ئەنگوستیلە | مستیلە، کلکەوانە، ھەڵقە |
| ھەڵماتێن | گولان، تەشیلان |
| قاپ | دەوری، سەحەن |
| دەزوو | تیرە، مەچیر |

دیاری کردنی سنووری ناوچەی زمانی شێوەزاری گەرمیانیش بابەتێکی ئاسان نییە، چونکە ھەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا مەرج نییە سنووری دابەشبوونی ناوچەیەکی زمانی یەکسان بێت لە گەڵ سنووری دابەشبوونی ڕامیاری و ئیداری و جوگرافیدا[1]. بە وێنە قەزای خانەقین لە ڕووی ئێداری و جوگرافییەوە دەکەوێتە سنووری ئیداری دابەشبوونی ناوچەی گەرمیانەوە، بەڵام بەگشتی شێوەزارەکەی کەڵھورە و سەر بە زاری باشوور(لوڕ)ە، ھەر لە سنووری قەزای خانەقیندا دێی (مێخاس) ھەیە، کە بەچەند کیلۆ مەترێك لە سەنتەری قەزاکەوە دوورە، کەچی ھەموو دانیشتووانەکەی کاکەین و شێوەی ئاخاوتنەکەیان گۆرانە. ھەروەھا شاری (کەرکوك ، دووزخوورماتوو، قەرەتەپە) لە ڕووی ئێداری و ڕامیارییەوە لە ئێستادا سەر بە ئیدارەی گەرمیان نیین، بەڵام شێوەی ئاخاوتنەکەیان زۆر نزیکە لە شێوەی ئاخاوتنی دانیشتووانی ناوچەی گەرمیانەوە، چونکە زۆرێك لەو ھۆزو تیرانەی لە کەرکوك و دووز و قەرەتەپەن لە شاری کەلار و کفریشدا ھەن، بەم پێیە بۆمان دەردەکەوێت، کە ھۆز و تیرە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لەو ھەمەچەشنییە زمانییەی لە ناوچەکەدا ھەیە، لەبەر ئەوەی تائێستاش سیستەمی خێلایەتی لە ناوچەکەدا بەھێزەو زۆرێك لەو خێلانەش پابەندن بەشێوەی ئاخاوتنی خۆیانەوە، کەواتە بوونی ئەم ھۆز و خێلە جیاوازانەوە و کۆبووبوونەوەشیان لە سەنتەری شار و شارەدێکاندا بەھۆی پرۆسەکانی ڕاگواستن و ئەنفال و گۆڕانی بارودۆخی ژیانەوە، ھۆیەکی کاریگەر بوون بۆ ھاتنە کایەی شێوەزارێکی ھەمەچەشنی زمانی جیاواز لە ناوچەکەدا، ھەر بۆیە لێکۆڵینەوە لە ناوچەیەکی زمانی لەو چەشنە کارێکی ئاسان نییە. لە ڕووی ھەژموونی ھۆزەکانیشەوە ھۆزی جاف لەبەر ئەوەی بەرێژەیەکی زیاد لە ھۆزەکانی تر لە ناوچەکەدا

(١)ناوچەی گەرمیان دەکەوێتە بەشی باکووری خۆرھەڵاتی عێراقەوە [بڕوانە: پاشکۆ نەخشەی ژمارە (٣)]، بەڵام لەسەر ئاستی ھەرێمی کوردستان (باشووری کوردستان) پێگەی ناوچەی گەرمیان دەکەوێتە خۆرھەڵات و بەشێك لە ناوەڕاستی ھەرێمی کوردستان[بڕوانە: پاشکۆ نەخشەی ژمارە (٤)]، لە رووی سنووری ڕامیاری و ئیداریشەوە لە ئێستادا گەرمیان پێکھاتووە لە ھەریەکە لە قەزاکانی (کەلار، چەمچەماڵ، کفری، خانەقین) کە خۆی لە (١٨) ناحییەدا دەبینێتەوە، بەجۆرێك ھەر یەك لە ناحییەکانی (ڕزگاری، پێباز، شێخ تەویل) سەر بە قەزای کەلارو (شۆڕش، قادر کەرەم، سەنگاو، تەکیە، تەکیەی جەباری، ئاغجەلەر، شوان، قەرەھەنجیر) سەر بە قەزای چەمچەماڵ و، (کۆکس، سەرقەڵا، نەوجول، ئاوەسپی) سەر بە قەزای کفری و، ناحییەکانی (قورەتوو، مەیدان، بەمۆ) سەر بە قەزای خانەقینن. بڕوانە: کار و پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئیدارەی گەرمیان (٢٠١٣: ٤).

هەبوون و باڵادەستیش بوون، بۆیە بەشێوەیەکی گشتی شێوەی ئاخاوتنی ئەم هۆزە لە ناوچەی گەرمیان و بەتایبەت لە سەنتەری شاری کەلاردا تارادەیەك بەسەر هۆزەکانی تردا زاڵبووە. سەرەرای ئەوە لە هەندێك ناوچەی گەرمیان بەنموونە ناوچەی زەنگئاباد شێوەی ئاخاوتنی هۆزی زەند، کە سەر بە زاری باشوور (لوڕە) هەژمووونی زیاترە.

## ٢/١) گۆڕانی زمانی:

باس کردنی گۆڕانی زمانی لەم لێکۆڵینەوەدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە گۆڕانی زمانی هۆیەکی بنچینەیی پەیدابوونی زمان و زار وشێوەزاری نوێیە لە هەر زمانێکدا، لە ناویشیاندا شێوەزاری گەرمیان، چونکە هەر لە سەرەتای مێژووی نووسراوەوە دەرکەوتووە کە هەر زمانێك لە هەر کاتێکدا بێ لە دۆخی گۆڕاندایە.[١] باری سروشتی زمان ئەو بارەیە کە زمان تێیدا لە زمانی ناوەند دوور دەکەوێتەوە، واتە زمان لە گۆڕاندایە، ئەم گۆڕانەش بە هۆی کات یان شوێنەوە دەبێت، تا ئەو ڕادەیەی ئەو هۆکارانەی دەیبەستنەوە بە زمانی ناوەندەوە نابنە ڕێگر بۆی، ئەم تایبەتییە جیهانییەی زمان دەبێتە بنەما بۆ هەموو گۆڕانێکی زمانی.[٢] دەربارەی گۆڕانی زمانیش بەشێوەیەکی گشتی دەبێ سێ ڕاستی لەبیر نەکەین[٣]:-

١- هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لە گۆڕاندان و لە توانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێت یان کەمی بکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێت، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٢- مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لە ناوچوون بەرێت وەك هەندێك کەس باوەڕیان وابوو، بەڵکو گۆڕان لەوانەشە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزە پارێز بێت.

٣- گۆڕان بەپێی یاساو دەستوور ڕوودەدات و لە خۆوە بێ سەرو شوێن نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە، کە تەنیا چەند جۆرێك لە گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بە گۆڕانی ئاسایی دادەنرێن.

زمان بەردەوام لەگەشەکردندایە لە هەر ساتێکدا بێت. کەچی سەرەرای ئەوە بەشێوەیەکی روون و بەرچاو هەست بەو گەشەکردنە ناکەین لە پرۆسەی پەیوەندی لە نێوان نەوە جیاوازەکاندا، لەبەر ئەوە گەشەکردنەکە بەشێوەیەکی خێرا ڕوونادات، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر سست ڕوو دەدات. واتە ئەو

---

(١)پرویز ناتل خانلری (١٣٧٧: ١٠٢).

(٢)ماریوپای (١٩٧٣: ٧١).

(٣)محمد معروف فتاح (١٩٩٠: ١١٤- ١١٥).

گۆراناكارييه پەیتا پەیتا هەستی پێ دەكرێت، چونكە زمانیش وەك مرۆڤ – وەردەگرێت و دەداتەوە پەیدا دەبێت و دەژێت و گەشە دەكات و پێش دەكەوێت و فراوان دەبێت و دەمرێت.[1] واتە زمان بونەوەرێكی زیندووە، لەبەر ئەوەی لەسەر زمانی ئاخێوەرانی دەژێت، كە ئەوان لە زیندەوەرانن، هەر لەبەر ئەوەیشە زمان پێش دەكەوێت و دەگۆڕێت بە پێی كات، هەروەك چۆن بوونەوەری زیندوو پێش دەكەوێت و دەگۆڕێت، چی بەسەر ئەو بوونەوەردا دێت بەسەر زمانیشدا دێت هەر لە دروست بوونیەوە تا گەشە و پێش كەوتنی.[2]

یۆنانییەكان گۆڕانی زمانییان بە دیاردەیەكی خراپ و شێوێنەری زمان دادەنا، لە ڕوانگەی یۆنانییەكانەوە هەرچی هاوشێوەی كەڵەپیاوانیان بدوێت ئەوا بەڕاست و ڕەوان و پاراو دەژمێررێت و هەرچی پێچەوانەی ئەوان بدوێت بە هەڵە ڕەمەكی دەژمێررێت.[3] ئەمەو لە كاتێكدا لێكۆڵینەوە زمانەوانییە مێژووییەكان ئاماژە بەوە دەدەن، كە زمانەكان بەشێوەیەكی گشتی بەئاراستەی چاكردنی بەرهەمی زمانی گونجاو گەشە دەكەن بۆ ئەو هەوڵ و وزەیەی، كە قسەكەری زمان دەیدات. لە بەرانبەریشدا تێبینی ئەوە دەكرێت، كە زمان ناتوانێت ئەركی خۆی وەكو ئامرازی پەیوەندی كردن بەجێ بهێنێت گەر پاریزگاری لە پێكهاتە و جێگیرییەكەی خۆی نەكات، لەبەر ئەوە هەر كاتێك ئەو گەشەیەی، كە لە زماندا ڕوودەدات بەشێوەیەكی خێرا بێت، ئەوە بەردەوامی پەیوەندی لە نێوان نەوە جیاوازەكاندا زۆر ئەستەم دەبێت. كەواتە ئەو گەشەیەی، كە لە زماندا ڕوودەدات پەیوەستە بە دوو بنەمای پێچەوانەوە: لە لایەك گۆڕان بەئاراستەی چاككردنی بەرهەمی زمانی، لە لایەكی ترەوە پێویستی پارێزگاری كردن لە سەر پێكهاتەی زمانەكە بەپێی توانا.[4]

## ١-٢/١) زاراوەی پەرەسەندن و گۆڕان:

زاراوەی پەرەسەندن (التطور) لای زمانەوانە نوێكان بە واتای گۆڕان بەكاردێت، جا ئەگەر ئەم گۆڕانانە باش بێت یان خراپ.[5] هەروەك یسپرسن دەڵێ: ((بە بۆچوونی زانایانی زمان مەبەست لە پەرەسەندن (التطور) Development لە زماندا گەر واتاكەی ببەستینەوە بەو مانا باوەی لە بارەكانی تردا هەیەتی هەڵەیە، بەوەی كە ئاراستەی پێشكەوتنە بەرەو تەواو بوون (الكمال)، لە

(١)رشید العبیدی (١٩٨٨: ٢٩٠).

(٢)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٩).

(٣)عەبدوڵا حوسین ڕەسوول (٢٠٠٢: ٢).

(٤)میشال زكریا (١٩٨٣: ١٠٨).

(٥)بڕوانە: ا- ابراهیم السامرائی (١٩٨٤: ٢٩).

ب- عبدالصبور شاهین (١٩٧٥: ٩)

بەرانبەر ئەوانەی سوورن لەسەر ئەوەی کە گۆڕان بە گۆڕان بەرەو دواوە دادەنێن زۆرتر لەوەی ئاراستەیەك بێت بەرەو پێشەوە، کەواتە مەبەست لە گۆڕان، ئەوەیە کە گۆڕانێکی بەردەوامە لە زماندا، بەبێ حوکمدان لەسەر بەهای ئەو گۆڕانە.))[1] لە لایەکی ترەوە (اندری مارتنیە) لەم بارەیەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕێت و وای دەبینێت کە زانای زمان پێویستە گرنگی بە تۆمارکردنی گۆڕانە زمانییەکان بدات وەکو ئەوەی ڕووداوێك بێت لە چوارچێوەی زمانێکدا ڕوویدابێت، پێشی وایە، کە زانای زمان نابێت بە چاك یان بە خراپە حوکم بەسەر ئەو گۆڕانەدا بدات، ئەوەی پەیوەستە بە توێژەرانەوە، ئەوەیە کە شتێك بەسەر زمانەکەدا ڕوویداوە، یاخود ئەوەیە کە کۆمەڵێك دیاردە بە زمانەکەوە بەستراون لە ماوەیەکدا، لەسەر ئاستێك لە ئاستەکانی زمان.[2]

تێبینی دەکرێت دوای ئەوەی ڕێبازی وەسفی لە ئەوروپا دەستی بەسەر لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا گرت، بەتایبەتیش دوای سۆسێر، ئەمە وای لە توێژەران کرد لە بەکارهێنانی زاراوەی پەرەسەندن (تطور) دوور بکەونەوە، لەبەر پەیوەست بوونی ئەم زاراوەیە بە هەڵسەنگاندنەوە، کە مەبەست لێی گواستنەوەیە لە بارێکەوە بۆ بارێکی باشتر. لەبەر ئەوە زاراوەی (change)، کە بە مانای گۆڕان دێت زیاتر بەکار هات لە دوو زاراوەکەی تری پەرەسەندن، کە لە زمانی فەرەنسی و هەندێك لە زمانە ئەوروپییە نوێکاندا باو بووە، کە ئەویش (Evolution) و (Developpement)ە، گەر هاتوو یەکێك لەم دوو زاراوەش بەکار هات، ئەوە مەبەست لێی گۆڕانە بێ حوکمدانی پێوانەیی بەسەریاندا.[3] بەم شێوەیە زاراوەی پەرەسەندن (التطور) لەلایەن توێژەرانەوە بە پێی بۆچوونی ئەوانەی پەیوەستن بە کاری زمانەوانییەوە، بۆ چوار مانای جیاواز بەکارهات.

لای هەندێکیان مەبەست لێی گواستنەوەیە لە بارێکەوە بۆ بۆ بارێکی باشتروچاکتر evolution یان development لەسەر ئەو بنەمایەیی، کە زمان لەم گۆڕانەیدا ئەرکەکەی بە باشترین شێوە ئەنجام داوە، بەرانبەر پێویستییەکانی مرۆڤ لە ژیانی نوێیدا وەستاوەتەوە، لە بەرانبەر ئەو گۆرانکارییانەی لە کۆمەڵەکەیدا دێنە پێش دەستەوەستان ناوەستێت و شان بە شانی دەڕوات. لە لایەکی ترەوە بۆچوونێکی تری دژ بەم بۆچوونە لە لایەن خاوەن بۆچوونە کلاسیکییەکانی زمانەوە دەخرێتە ڕوو، وا دەڕوانە دیاردەکانی پەرەسەندن، کە جۆرێکە لە هەڵە incorrectness بیانووەکەیشیان ئەوەیە ، کە هەموو دیاردەکانی پەرەسەندن یان هەندێکیان – بە جۆرە دەرچوونێك لە ڕێزمانە پێوانەییەکان دادەنێن، ئەو یاساو بنەما دیاریکراوانەی لە کتێبەکانی زماندا تۆمارکراون لەلایەن خەڵکانی شارەزاو پسپۆڕەوە داڕێژراون. ناوڕۆکی ئەم قسانەش ئەوەیە، کە زمانەوانە کلاسیکییەکان

---

(١)محمد عید (١٩٨٠: ٤٥).

(٢)احمد محمد قدور (٢٠٠٨: ٣٨٤- ٣٨٥).

(٣)سەرچاوەی پێشوو (٣٨٤).

تەنیا ڕێزمانی پێوانەییان کردۆتە بنەما بۆ بڕیاردان لەسەر ڕاست و هەڵە، لە هەمان کاتدا ئەوەیان فەرامۆش کردووە، کە بڕوانە بەکارهێنانی زمان لە ژیانی واقیعی و سوود لە بەهای ئەم بەکارهێنانە وەربگرن بۆ یەکلا کردنەوەی کیشەکە. هەندێك زمانەوانی تر هەڵوێستێکی ناوەندگیر وەردەگرن، پەرەسەندن بە جۆرێك لە لادان drift یان deviation دادەنێن، چونکە پەرەسەندن لە ڕوانگەی ئەمانەوە هەنگاوێکە لە ڕێگادا، هێشتا نەگەیشتۆتە قۆناغی هەڵەی تەواو. لە توانای تویژەراندایە نموونەی ئەم پەرەسەندنە بۆ دۆخی بنەڕەتی خۆی بگەڕێننەوە بە ڕێنمای بەکارهێنەرانی بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروست.(١)

گەر تێبینی بکەین ئەو سێ بۆچوونەی سەرەوە سیمایەکی خۆدییان پێوە دیارە، بەوەی هەر کەسێك لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە بڕیاری لەسەر دەدات. لە یەك ڕوانگەوە دەڕواننە بابەتەکە، هەرچی لێکدانەوەی چوارەم و کۆتایە هەوڵیداوە خۆی لەو بۆچوونە خۆدییانە ڕزگار بکات، لێکدانەوەیەکی بابەتیانەی لەسەر بنەمای واقیعی و ڕاستی بۆ پەرەسەندن بکات، کە ئەویش لێکدانەوەی پەرەسەندنە بە گۆڕان (change). ئەوەی بەلای هەلگرانی ئەم ڕوانگەیەوە گرنگە، ئەوەیە کە شتێك بەسەر زماندا هاتووە. یان بریتی یە لە کۆمەڵێك گۆڕان و دیاردەی نوێ بە زمانەکەوە بەستراون لە فڵان ماوەدا یان فڵان ئاستی زمانیدا. ئەرکی ئەوانەی خاوەنی ئەم بۆچوونەن ئەوەیە، کە لە قۆناغی یەکەمدا تێبینییەکانی خۆیان لەسەر گۆڕانەکان تۆمار دەکەن، پاشان لە قۆناغێکی تردا ئەگەر ویستیان لایەنی ڕاست و هەڵەی بابەتەکە دەست نیشان دەکەن.(٢)

### ٢-٢/١) قۆناغەکانی گۆڕانی زمانی:

گۆڕان یاساییەکی ئەزەلیی ئەم سروشتەیە باری ئێستەی هەر شتێ جیایە لە هی هەر سەردەمێکی تری. ژینگە دەورێکی باڵا ئەگێرێت لە ئاراستەکردنی شێوەی گۆڕان ... بەواتا گەر هەمان سیستەم خرایە دوو ژینگەی جیاوازەوە پاش ماوەیەك شێوەی جیاواز ئەگرنە خۆ و ئەبێت بە دوو سیستەمی جیاواز. زمانیش وەك دیاردەیەکی سروشتی لەم یاسا گشتییە بەدەر نییە. ئەگۆڕێت بەتێپەڕینی کات. باری جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کەلتووری و پەیوەندی لە گەڵ زمانانی تر دەور دەگێڕن لە چۆنێتی شێوە گرتنی ئەم گۆڕینە.(٣)

---

(١)کمال محمد بشر (١٩٦٩: ١٢٤- ١٢٥).

(٢)سەرچاوەی پێشوو (١٢٥).

(٣)وریا عومەرامین گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ٩٤ (١٩٨٢: ٢٧).

هەموو ئەو گۆڕاناكارییانەی بەسەر زماندا دێن، هەرچەندە جیاوازی لە سروشت و خێرایی و بوارەكانیاندا هەبێت بە پێی یاسایەكی بنەڕەتی هەنگاو دەنێن، ئەویش ئەوەیە، كە بە بەردەوامی و هەمیشە بە دوو قۆناغدا تێ دەپەڕن، قۆناغی یەكەم قۆناغی خودی گۆڕانەكەیە یان داهێنان و نوێكردنەوەیە (innovation). ئەم داهێنانەش لە ئاخاوتنی ئاساییدا بەدەردەكەوێت، چونكە لە شێوەی كاری تاكە كەسیدا وەكو خودی ئاخاوتن دەردەكەوێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، كە تەنیا لە یەك كەسدا قەتیس بكرێت، وا ڕێك دەكەوێت چەند كەسێك لە هەمان كاتداو بەبێ ئاگاداری یەكتر هاوبەش بن لەو داهێنانەدا. بەوەی، كە چەند كەسێك لە كۆمەڵێكی زمانیی دیاریكراوی تردا هەست بەوە دەكەن، كە ئەم داهێنانە بەر گوێیان كەوتووە و لە تواناشیاندایە ئەم داهێنانە جێ بەجێ بكەن و بەكاری بهێنن، ئەو ڕازیبوونە ئارەزوومەندانەیەو و ئەو ڕێككەوتنە نارێكخراوە دوو هۆكاری بنەڕەتین بۆ قۆناغی دووەم كە قۆناغی بڵاوبوونەوەی گۆڕانە (dissemination). كاتێك ئەو شتە داهێنراوە لە شێوەی گوزارشتێك یا چەند گوزارشتێكدا بیسرا، كە بە زۆری وایە لە بیر(ذهن)دا دەچەسپێت، لەسەر ئەم بنەمایەش خەڵكانی تریش بەكاری دەهێنن، دواتر ورده ورده دەچێتە سیستەمی زمانەكەوە.[1] واتە گۆڕان لە زماندا بە دوو قۆناغدا تێدەپەڕێت[2]:

١- قۆناغی گۆڕان: كە ئەمەش قۆناغی تاكە كەسی یە، لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا(الكلام الفعلی) بەدەردەكەوێت، مەبەستیش لە تاكە كەس بەو مانایە نایەت، كە لەلایەن تاكە كەسێكەوە ڕوودەدات، بەڵكو لەلایەن چەند تاكێكەوە ڕوو دەدات، نامۆ نییە گەر دوو كەس هەمان خەیاڵ و هەمان بیركردنەوەیان هەبێت، ئەم گۆڕانەش دەكرێت بە مەبەست بێت هەر وەك لە كاری ئەدیب و كۆمەڵە زمانییەكاندا بە دی دەكرێت، یان بێ مەبەست بێت: لەلایەن ئاخێوەران خۆیانەوە.

٢- قۆناغی بڵابوونەوەی گۆڕان: ئەمەش قۆناغی كۆمەڵییە ، چونكە بەكارهێنانی ئەم گۆڕانە لە ناو كۆمەڵی زمانیدا بڵاوبوونەوەی بۆ دێنێتە دی.

## ٣-٢/١) هۆكارەكانی گۆڕانی زمانی:

ئاشكرایە كە زمان لە دۆخێكی چەق بەستوودا نامێنێت و لە سنوورێكی دیاریكراودا ناوەستێت، بەڵكو ڕووەو پێشكەوتنەو پێشكەوتنەكەیشی كارێكی سروشتییە و بەربەستێك نییە لە ڕوویدا بوەستێت و پێشی پێبگرێت، چونكە پابەندە بە ژیانی قسەپێكەرانی و لەبەر ئەوەی ژیان لە پێشكەوتن و گۆڕانی بەردەوامدایە، كەواتە زمانیش لەم بارەیەوە هاوپای ژیانە و بە پێشكەوتنی پێش

(١)ستیفن اولمان (١٩٦٢: ١٥٤).

(٢)محمد محمد داود (٢٠٠١: ٢٠٧).

دەکەوێت بەدواکەوتنی دوادەکەوێت.[١] لەبارەی هۆکارەکانی گۆڕانی زمانیشەوە ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن، بەوێنە (پەرویز خانلەری) دوو فاکتەری سەرەکی بۆ گۆڕانی زمان دیاری دەکات: یەکێکیان هۆی کۆمەڵایەتییە و گۆڕانکارییەکانی هەر کۆمەڵگایەك لە زماندا ڕەنگ دەداتەوە. ئەوی تریان کاتێك پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئاخاوتن ئەنجام دەدرێن و پرۆسەی ئاخاوتنیش پێویستی بە ماندووبوونێکی مێشکی و ماسوولکەییە، سروشتی مرۆڤیش هەتا بۆی بکرێت هەوڵ دەدات وزەی کەمتر بەکاربێنێت، بۆیە کەرەستەکانی زمان کورت دەکاتەوە و دیاردەی کورت بوونەوەی زمان سەر هەڵدەدا و گۆڕانی زمان دێتە ئاراوە.[٢] لەلایەکی ترەوە هۆکاری گۆڕانی زمان دەگێڕنەوە بۆ پێشکەوتنی شارستانییەت و بیرو هزری مرۆڤایەتی، زمانیش وەك بیر لە سەرەتاوە بەشێواوی دەستی پێکردووە. بە پێشکەوتن و گەشانەوەی زانیاری و دامەزراندنی شارەستانێتی، پەرەی سەندووە. گەیشتنی زمان بەم ئاستەی ئێستای ئەنجامی پێگەیشتنی ژیری مرۆڤ و ئامرازی وتنەکەیەتی، واتە کاتێك شارستانییەتی نەتەوەیەك فراوان دەبێت، بارەکانی ژیانی گۆڕانی بەسەردا هات، پێویستێکان ژیان و ئەو کەرەستەو ئامێرانەی مرۆڤ رۆژانە بەکاریان دەهێنێت زۆر بوون، بیرەکانی بەرز بوون، لایەنە دەروونییەکانی گەشەیان کرد، ئەوە زمانەکەیشی گەشە دەکات. شێوازەکانی دەگۆڕێت، وشەو ئامرازەکانی ئاخاوتنی زیاتر دەبێت، وشە کۆنەکانی لە مانادا وردتر دەبن، ژمارەیەك وشەی تر دێنە ناو زمانەکەوە جا چ لە ڕێگەی دارشتن یاخود وەرگرتنی وشەوە بێت بۆ گوزارشت کردن لەو ناو و بیرە نوێیانە. هەندێك لە زاناکان بەلایانەوە گۆڕانی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر جگە لە گۆڕانی ماسوولکەیی ئەندامەکانی درکاندن هیچ شتێکی تر نییە.[٣] هەندێکی تر هۆکاری سیاسی و جوگرافی بە هۆکاری گۆڕانی زمان دادەنێن. لەپاڵ ئەمانەشدا هۆکاری ئاینی و دەروونیش رۆڵی خۆیان لەم گۆڕانەدا دەگێڕن. یەکێکی تر لە هۆکارە سەرەکێکانی گۆڕانی زمانی کاریگەریی زمانەکانە لەسەر یەکتر. هەندێك لە زمانەوانەکان پێیان وایە گۆڕانی گەورەی زمان ئەو کاتە ڕوو دەدات، کە خەڵکێك بۆ ناوچەیەك کۆچ دەکەن، یان دانیشتوانی ئەسڵی شوێنێك، زمانی خەڵکە کۆچکردووە تازە هاتووەکە فێر دەبن، کە فێریشی دەبن بە چاکی فێری نابن. ئیدی ئەو زمانە بە ڕاست بەکار نەهاتووە دەگوێزنەوە بۆ منداڵەکانی خۆیان و خەڵکانی دی، کە ئەمەش لە ئەنجامدا گۆڕان لە زماندا دەهێنێتە ئاراوە.[٤] واتە زمانێك بە هۆکارێك یان زیاتر لە ژێر کاریگەری زمانێکی تردا تووشی گۆڕان دێت. بەدەگمەن زمانێکی دابڕاو دەبینینەوە، کە پەیوەندی لە گەڵ زمانانی تر نەبووبێت و نەبێت.

---

(١)عەبدولا حوسین ڕەسوول (٢٠٠٢: ٦).

(٢)پرويز ناتل خانلرى (١٣٧٧: ١٠٣- ١٠٤).

(٣)ابراهيم انيس (١٩٧٩: ١٦٢).

(4) Jean Aitcheson (2013: 143).

تەنانەت خەڵكانی دوورگە دابڕاوەكانیش هاموشۆی دوورگەی ترو كۆمەڵگای تریان كردووە.[1] بێگومان هەر لێك خشانێك یان نزیك بوونەوەیەكی دوو زمان لە یەكتر، هۆكارەكەی هەرچییەك بێت، ڕادەی كاریگەری و ئەنجامەكەی هەرچوونێك بێت، ئەوە بێ دوودڵی هەر دوو زمانەكە بە یەكتر كاریگەر دەبن. لەبەر ئەوەی زۆربەی زمانەكانی لەم ڕێگەیەوە تووشی گۆڕان هاتوون. هەروەها ڕادەی وەرگرتن لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر جیاوازە و بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئەو پەیوەندییانەی ئەو دوو گەلە ئەبەستن بەیەكەوە و هەلی لەیەك نزیك بوونەوەی مادی و ڕۆشنبیریان تا چەند بۆ مەیسەر دەبێت. هەر كاتێك پەیوەندێكانی نێوانیان بەرەو باشتر ڕۆیشت وهەلی لەیەك نزیك بوونەوەیان زیاتر بوو چالاكی و ئاڵوگۆڕی زمانیان زیاتر گەشە دەكات، ئەم چالاكییانەش زیاتر دەبێت كاتێك ئەو دوو گەلە لە یەك ناوچە یان دوو ناوچەی دراوسێدا نیشتەجێ دەبن. بە وێنە زمانی ئینگلیزی ڕادەی وەرگرتنی لە زمانی نورمەندی لە هەموو زمانەكان زیاترە، چونكە نۆرمەندییە داگیركەرەكان لە هەمان وڵاتی ئینگلیزە بەزیوەكاندا نیشتەجێ بوون.[2] لەبەر ئەمەشە ئەو ئاواییانەی دەكەونە سنووری نێوان دوو زمان بە مەرجێك هیچ بەربەستێك لە نێوانیاندا نەبێت ڕادەی پاراوییان كەمترە، واتە گۆڕان زۆرترە لەو ئاواییانەی، كە لە ناوەڕاستی زمانەكانن. ئەم كرداری كارلێك كردنی زمانە هاوسنوورەكان لە زمانەوانیدا پێی دەوترێت : ململانێی زمانەكان هەڵبەتە كام زمان پتر كەرەسە ببەخشێت، ئەوە بە زمانی زاڵ دادەنرێت و كام زمانەش پتر وشە و كەرەسەی زمانی وەربگرێت، ئەوە بە زمانی بەزیو دادەنرێت. زمانەوانانیش چەند مەرجێكیان بۆ ئەم ڕادەی تێكەڵی و كارلێككردنە داناوە. واتە: ئەگەر ئەم مەرجانە لە ئارادا نەبن، زمانێك بەسەر زمانێكی تردا زاڵ نابێت [3]:-

ا- دەبێت زمانە زاڵەكە لە ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری و دەسەڵات فراوانییەوە لە زمانە بەزیوەكە پێشكەوتووتر بێت.

ب- دەبێت ماوە و كاتێكی زۆر زمانە زاڵەكە بە باڵادەستی لەسەر زمانە بەزیوەكە بمێنێتەوە.

پ- دەبێت خەڵكێكی زۆر لە هەردوولا لەپەیوەندیدا بن لە گەڵ یەكتریداو تێكەڵی و هاتووچۆی زۆر لە نێوان هاوزمانانی هەردوولا ڕووبدات.

ت- دەبێت هەر دوو زمانەكە؛ واتە زاڵەكەو بەزیوەكە لە هەمان خێزانی زمانی بن، یان لە دوو خێزانی نزیك بن لەیەكەوە.

---

(١)شاسوار هەرەشەمی (٢٠٠٩: ٤٠).

(٢)علي عبدالواحدوافي (١٩٨٣: ٢٥- ٢٦).

(٣)رمضان عبدالتواب (١٩٨٢: ١٧١- ١٧٧).

چەند هۆکارێکی تریش دەبنە مایەیی کاریگەربوونی زمانەکان بەیەکتر.[١]

١- ململانێ و شەڕی درێژخایەنی نێوان گەلە زمان جیاوازەکان:
درێژی ماوەی ئەو بەریەك کەوتنە لە نێوان ئەو گەلانەی لە شەڕدان کاریگەری زمانی لەسەر زمانی هەموو ئەو گەلانە جێ دەهێڵێت. جا ئەو کاریگەرییە لە نێوان زمانی هاوپەیمانەکاندا بێت یان لە نێوان دوژمنەکاندا بێت، دێتەکایەوە. بە وێنە بەرکەوتنی ئەڵمانی و فەرەنسی و ئینگلیزی هۆکارێك بوون بۆ گواستنەوەی هەندێك وشە لەو زمانانەدا.

٢- پتەوبوونی پەیوەندییە بازرگانییەکان لە نێوان دوو گەلی زمان جیاوازدا:
چونکە بەرهەمە بازرگانییەکانی هەر گەلێك ناو و ناونیشانی بنەڕەتی ئەو گەلەی هەڵگرتووە، بەمەش لە نێو تاکەکانی گەلەکەی تردا بڵاو دەبێتەوە و تێکەڵ بە ناوڕۆکی زمانەکەیان دەبێت؛ زیاتر بوونی بەریەك کەوتنی بازرگانی لە نێوان تاکەکانی دوو گەلدا لەسەر زمانی هەردووکیان کاریگەریی زیاتر جێ دەهێڵێت.

٣- پتەوبوونی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان لە نێوان دوو گەلی زمان جیاوازدا:

ئەمەش دەبێتە هۆی گواستنەوەی شوێنەواری زۆر لە زمانی هەردوو گەلەکە بەتایبەتی زمانی نووسین. ئەم شوێنەوارانەش تەنیا وشە فەرهەنگییەکان ناگرێتەوە، بەڵکو پەل بۆ شێوازەکانیش ڕادەکێشێت.
لێرەدا دەکرێت پرسیاری بکەین، ئایا زمانی کوردی تاچەند کاریگەر بووە بە زمانی نەتەوەکانی وەکو (عەرەب، تورك، فارس)، کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەکە دراوسێی زمانی کوردیین، هەروەها زۆرجاریش لە سایەی حوکمڕانی ئەو نەتەوانەشدا ژیاوە؟ بێگومان ناتوانین بڵێین کاریگەر نەبووە بەو زمانانە، بەڵام گەر بەراوردێکی ئەو کاریگەرییە بکەین، کە زمانی عەرەبی لەسەر زمانی تورکی و فارسی دایناوە، ئەوە زۆر زیاترە لەو کاریگەرییەی لەسەر زمانی کوردی دایناوە، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە. دیارترینیان ئەمانەن.[٢]

١- دەسەڵاتێکی حوکمڕانی بەهێزو ناوەندی لە کوردستان دروست نەبووە. دەسەڵاتی ناوەندی بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ڕۆژانەی، پێویستی بە هەزاران وشە و زاراوەی تایبەتی هەیە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك: سوپا، لەشکر، خزمەتگوزاری، کاری دیبلۆماسی و پەیوەندی بەستن، ڕێوڕەسمی دیوانی و پێشوازی لێکردن، داهات و باج و سوود، بازرگانی، وتووێژو دانوستان، یاساو ماف و ئەرك و

(١)علي عبدالواحدوافي (١٩٨٣: ١٠١- ١٠٢).
(٢)شاسوار هەرەشەمی (٢٠٠٩: ٤٣- ٤٤).

سزا، ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و باری کەسی، لایەنەکانی تری ئاینی و هونەری و وێژەیی ...تاد. ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو گۆڤارو ڕۆژنامانەی، کە لە ماوەی تەمەنی کورتی حکومەتی شێخ مەحموودی مەلیکدا دەرچوون، ئینجا بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەگەر ئەو پرۆسەی دەسەڵاتە درێژەی هەبا، زمانی کوردی بە چ ئاقارێکدا هەنگاوی دەهاویشت.

٢- تۆپۆگرافی ناوەوەی کوردستان، بەهۆی شاخی بەرز و دۆڵی قوڵ و بەفرو سەرماو سۆڵەوە، هەروەها نەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو، هەرگیز لەبار نەبووە تا داگیرکەران بتوانن تێدا نیشتەجێ بن. بە پێچەوانەی دەشتەکانمان، کە هەمیشە بوونەتە نشینگەی داگیرکەران.[١] ئەمە وای کردووە کە خەڵکی کوردستانی ناوەوە، داب و نەریتی زمان و فەرهەنگەکەی، نەکەوێتە بەر هەڕەشەی نەمان و گۆڕان.

٣- بزوتنەوەی نەتەوایەتی کوردی، کە لە ساڵانی سی سەدەی بیستەمدا، بۆژایەوە، کەوتە خۆ تا زمان و نەریت و کەلتووری کوردی بپارێزێت و بنووسێتەوە. فۆلکلۆری کوردی لە لادێکان، کەرەستەیەکی یەکجار بەنرخ بوو بۆ ئەو نوێکردنەوەیەی زمان. زۆر بە ئاسانی توانـدرا لە جیاتی وشە وەرگیراوەکان، جێگرێکی لە زمانی سادەی خەڵك بۆ بدۆزرێتەوە، ئەمانە هەموو وایان کرد کە ئێمە ئەمڕۆ ببین بە خاوەنی زمانێکی تارادەیەکی باشی پەتی.

### ٤-٢/١) بوارەکانی گۆڕانی زمانی:

دیارە گۆڕانی زمانی بەر هەموو ئاستەکانی زمان دەکەوێت، بەڵام بە ڕادەی جیاواز. ئۆڵمان دەڵێت:((بەهەر شێوەیەك لە شێوەکان زمان جیگیرو نەگۆڕ نییە، هەرچەندە گۆڕانی زمان زۆر جار لەسەرخۆیە، دەنگەکان و پێکهاتەکان و دانە سینتاکسیەکان و ڕێژەی وشەو واتاکانیان هەموویان بەر گۆڕان دەکەون، بەڵام تەنیا خێرایی گۆڕانەکە لە ماوەیەکەوە بۆ ماوەیەکی تر لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تری زمان جیاوازە. ئەگەر بەراوردێکی تەواو لە نێوان دوو ماوەی دوور لەیەك بکەین، ئەوکات بۆمان ئاشکرا دەبێت، کە جیاوازییەکی زۆر قوول بەدی دەکەین بە چەشنێك، کە ئاسان نییە لە قۆناغی پێشوو تێبگەین و بەتەواوی درکی پێبکەین.)).[٢] واتە گۆڕانی زمانی لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوو دەدات، بەڵام ئەم گوڕانە لە ئاستێکی زمانەوە بۆ ئاستێکی تر دەگۆڕێت، بە وێنە لە ئاستی

---

(١)ئەمەش وای کردووە شێوەزاری ناوچەی گەرمیان، کە ناوچەیەکی دەشتایە جگە لە نەتەوەی کورد نەتەوەی تری وەکو عەرەب و تورکمان تێدا نیشتەجێن، سەرئەنجام زمانەکەی زیاتر تووشی گۆڕان بووە. بۆیە دەبینین بەدەیان وشەی عەرەبی هاتۆتە ناو زمانی شێوەزارەکەوە. وەك وشەکانی (قەمیص، شباك، شكل، قتل، حساب، قلم، حاضر، غرفة، عدد، مهم، ترك، تجارة، مكينة، خياطة، حر، طبيعة، حجز، كتاب، ...تاد).

(٢)ستیڤن اولمان (١٩٦٢: ١٥٦).

فۆنـەتیك و فۆنۆلۆجیـدا زیـاترە وەك لـە ئاسـتی مۆرفۆلـۆجی وسـینتاكس، تەنانـەت لـە ئاستێكیشـدا هەست بەم جیاوازییە دەكەین، بە وێنە لە ئاستی دەنگسازیدا گۆڕان لە دەنگە كونسونانتەكاندا زیـاترە وەك لە دەنگە ڤاوڵەكان. هـەروەها ئاسـتەكانی زمـان هـەموو وەك یـەك نـین لـە خێرایـی گۆڕانانیانـدا، بێگومان گۆڕانی زمان لە نێوان ئاسـتەكانی دەنگسـازی و وشەسـازی و دانـە فەرهەنگییەكانـدا جیـاوازە، چونكە سیستەمی دەنگی هەر لە منداڵییەوە جێگیر دەبێت و تا كۆتایی ژیـان بـەردەوام دەبێـت، لەبـەر ئـەوەی مـرۆڤ تـا كۆتـایی ژیـان كۆمـەڵێك دەنـگ لای خـۆی دەپارێزێـت، كـە هـەر لـە منداڵییـەوە ئەندامەكانی دركاندنی لەسەر دەربڕینی ڕاهاتوون. مەگەر بەهۆی فێربوونەوە ڕێگرییەك بێتە پێشێ، ئەمەش لـە بارێكـدا دەنگێكـی بیـانی جێگـەی دەنگـە نەتەوەییەكـە بگرێتـەوە. سیسـتەمی وشەسـازیش جێگیرە. بەڵێ بێگومان جێگیربوونیشی پێویستی بە ماوەیەكی درێژترە، بەڵام دوای ئەوەی كـە جـێگیر دەبێـت گـۆڕانێكی ئـەوتووی بەسـەردا نایـەت، كـە ئامـاژەی بـاس كـردن بێـت، ئەمـەش لەبـەر ئـەوەی وشەسـازی لـە تەمـەنی نەوەیەكـدا ناگۆڕێـت؛ بـەڵكو ئـەویش هـەر وەكـو دەنگسـازی بێگومـان لـە گواستنەوەیدا لە نەوەیەكەوە بۆ نەوەیەكی تر دەگۆڕێت. بۆیە سیستەمی دەنگسازی و وشەسازی گـەر گۆڕانێكی بەسەردا هـات ئـەوە بـۆ ماوەیـەكی زۆر دەمێنێتـەوە، جێگیربـوونی ئـەم گۆڕانـەش بەسـتراوە بەجێگیربوونی باری بیركردنەوەی قسەكەرەوە.[١] هەرچی دانـە زمانییەكانـە بـە پێچـەوانەی ئەمـەوە لەسـەر بارێـك جـێگیر نابێـت، چـونكە دوای بارودۆخـەكان دەگـەون، بـەوەی هـەر قسـەكەرێك هـەر لـە سەرەتای ژیانییەوە تا كۆتای دانە فەرهەنگییەكانی خۆی پێك دێنێت، ئـەویش لـە ڕێگـەی خواسـتنەوە لە دەوروبەرەكەی، لەبەر ئەوەی مرۆڤ دانە فەرهەنگییـەكانی زیـاد دەكـات، هـەروەها كەمیشـی دەكـات. وشەكانی دەگۆڕێت لە جوولەیەكی بەردەوامدا وشەی نوێ دێتە لایی و وشـەی لـێ دەڕوات، بـەڵام وشـە نوێكـان بـە بـەردەوامی وشـە كۆنـەكان لـە نـاو نابـەن، چـونكە بـیر هەمیشـە ئـارەزووی وشـە هاوواتـا و لێكچووكان دەكات، بەشێوەیەكی گشتی بەسەر بەكارهێنانە جیاوازەكاندا دابەشـیان دەكـات، بـۆ نموونـە ئەم دوو وشە فەرنسییە (chaire)و(chaise)، كە یەكەمیان بە مانـای كورسـی دێـت، بـەڵام دوومیـان بە مانای كورسی پرۆفیسۆر و كورسـی وتاربێـژ دێـت ؛یـان sieur بـە مانـای گـەورەم بـۆ بـەكارهێنانی ئاسایی دێت وە seigneur بـە پیاوە دیارەكان دەوترێت ئەوانـەی خـەڵكیان لەدوایـە، یـان ئەوانـەی نازنـاوی پیـاوی گـەورەیان پـێ دەدرێـت لـە ڕووی فەرمییـەوە، ئـەم دوو واتایـە هـەمان نرخیـان نییـە. ئەمەش لەبەر ئەوەیە كە ژیـان ڕێخۆشـكەرە بـۆ گـۆڕانی دانـە فەرهەنگییـەكان، چـونكە ئـەو هۆكارانـە زیاد دەكات كە كار لە وشەكان دەكەن، لەبـەر ئـەوەی پەیوەندییـە كۆمەڵایـەتی و پیشەسازی و هۆكارە جۆراجۆرەكان كاردەكەنە سەر گۆڕانی دانە فەرهەنگییەكان، هەندێك جار وشە كۆنەكان لـە نـاو دەبـات یان واتایان دەگۆڕێت، هەروەها پێویستی لە دایك بـوونی وشـەی نـوێ دێنێتـە ئـاراوە.[٢] بـۆ نموونـە لـە

(١)ج.فندریس (١٩٥٠: ٢٤٦).

(٢)سەرچاوەی پێشوو ( ٢٤٦-٢٤٧).

زمانی کوردیدا وشەی (بووم) لە کۆندا بۆ مانای زەوی بەکارهاتووە، بەڵام ئەم وشەیە لە ئێستادا وشەی (زەوی) بە تەواوەتی جێگەی گرتۆتەوە. لایەنێکی تری گۆڕانی دانەی فەرهەنگی وەرگرتنی وشەیە لە زمانی ترەوە، واتە هەندێك جار بۆ گەیاندنی ناوی کەرەستە و چەمکە نوێکان و پێویستیەکانی ژیان پەنا بۆ وشەی زمانی تر دەبرێت. بە پێی تێبینی لێکۆڵەران (ناو) لە پێشەوەی ئەو دەستە وشانەیە کە لە زمانێکەوە بە ئاسانی بۆ زمانانی تر دەچێت و جێگایشی هەروا بە ئاسانی دەبێتەوە.

لە ئاستی سینتاکسیشدا گۆڕان کەمتر ڕوو دەدات وەك لە ئاستەکانی تر، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا گۆڕان شتێکی ئاساییەو بەدی دەکرێت، گۆڕان لەم ئاستەدا لە چەند شێوەیەکدا دەبینرێت، وەك گۆڕان لە ڕێککەوتنی بکەرو کردار و جیاوازی جێناوەکانی ڕێککەوتن و نەمانی حاڵەتەکانی دۆخ، گۆڕان لە شێوەی ڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستە و لە ناوچوون یان پەیدابوونی ئامراز.

لە دوای گۆڕانی دەنگی گۆڕانی واتایی بە دیارترین ئەو ئاستانەی زمان دادەنرێت کە بەر گۆڕانی زمانی دەکەوێت.[1] گۆڕانی واتاییش دیسانەوە ڕووکارێکی دیاریکراوە. لە زۆربەی زمانەکانی جیهاندا دەردەکەوێت بە واتای ئەوەی گۆڕانی واتایی لە چەند شێوەیەکدا لە زمانە سروشتییەکاندا دووپات دەبێتەوە، گرنگترین ئەم شێوانەی گۆڕانیش بریتین لە[2]:

١- واتا تەسك بوونەوە ٢- واتا فراوان بوون ٣- بەرزبوونەوەی واتا ٤- نزم بوونەوەی واتا.

گرنگترین دیاردەکانی گۆڕانی واتاییش بۆ سێ جۆر دەگەرێتەوە[3]:

١- گۆڕانێك بەر ئەو یاسایانە دەکەوێت، کە پەیوەستن بە ئەرکی وشە و پێکهاتەی ڕستە و ڕۆنانی فرێزەکانەوە .. لەوانە یاسا رێزمانیەکانی وشە رۆنان و وشەسازی و ڕستەسازی.

٢- گۆڕانێك کە پەیوەندیی بە شێوازەوە هەیە.

٣- گۆڕانێك لە خودی واتای وشەکاندا ڕوو دەدات. واتە: وشەکە لە واتا کۆنەکەی دوور دەکەوێتەوەو بۆ واتایەکی تر بەکاردێت، بەلأم پەیوەندی لە نێوان واتا نوێ و کۆنەکەدا هەیە، یان بۆ مانایەکی دوور لە مانای وشە کۆنەکەی بەکاردێت. بەنموونە وشەی (داخستن) لە شێوەزاری سلێمانیدا بە مەبەستی

---

(١)علي عبدالواحد وافي (٢٠٠٤: ٢٨٥).

(٢)محمد معروف فتاح (١٩٩٠: ١٢٨).

(٣)علي عبدالواحد وافي (٢٠٠٤: ٣١٣- ٣١٤).

داخستنی دەرگا دێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا ئەم وشەیە بەمانای ڕاخستنی کەرەستەکانی نووستن دێت. بڕوانە(١).

١)ا- شیرین دەرگاکەی داخست .                ش.س
ب- شیرین جێگەکەی داخست.                ش.گ

وشەی (گرتن) لە شێوەزاری سلێمانیدا بە مانای گرتنی کەسێك یان شتێك دێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا جگە لەو مانایە بەمەبەستی داخستنی دەرگاش بەکاردێت. بڕوانە(٢).

٢)ا- پۆلیسەکە دزەکەی گرت.                ش.س و ش.گ
ب- ئارام قاپێکەی گرت.                ش.گ

وشەی (بۆق) لە شێوەزاری سلێمانیدا بۆ ناونانی زیندەوەرێك بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا جگە لەوەی بۆ ئەو مانایە بەکارنایەت و وشەی (قوڕباقە) بەکاردێت، بۆ دوو مەبەستی تری جیاواز بەکاردێت کە ئەویش بۆ واتای (بۆق نان) واتە پاڵ نان، یان بۆ واتای کەش و هەوای گەرمی بێ هەوا بەکاردێت.بڕوانە (٣).

٣)ا- بۆقەکە لە نێو زەلکاوەکەدایە.                ش.س
ب- دونیا زۆر بۆقە .                ش.گ
پ- ئەوان بۆق سەیارەکەیان نا.                ش.گ

وشەی (بەفر) لە شێوەزاری گەرمیاندا بۆ بەفری ئاسایی و سەهۆڵیش بەکاردێت. بڕوانە(٤).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤)ا- ئەمڕۆ بەفر فرە بارییە. | ئەمڕۆ بەفر زۆر باریوە. |
| ب- بەفرەکە لە سەلاجەکە دەرکە. | سەهۆڵەکە لە سەلاجەکە دەربێنە. |

وشەی (دەشت) لە شێوەزاری گەرمیاندا بە مانای هەموو چوونە دەرەوەیەك بەکاردێت، تەنانەت چوونە حەوشەش دەگرێتەوە، لە کاتێکدا لە شێوەزاری سلێمانیدا بەمانای (دەشتایی یان دەرەوەی شار) دێت. بڕوانە (٥).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥)ا- من و تو ئەچینە دەشت. | من و تۆ دەچینە دەرەوە. |
| ب- من و تو ئەچینە دەشت کەلار. | من و تۆ دەچینە دەشتی کەلار. |

وشەی (داگیرساندن) لە شێوەزاری سلێمانیدا تەنیا بۆ داگیرساندنی چرا بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا واتاکەی فراوانتر دەبێت و جگە لەو واتایە بۆ بە گەڕخستنی هەموو ئامێرێکی کارەبایی بەکارێت. وەك (ڕادیو ، تەلەفزیون، سەلاجە، پانکە، سیپلت...تاد). بڕوانە (٦)

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦)ا- چراکە داگیرسێنە. | چراکە داگیرسێنە. |
| ب- ئارام سپلتەکەی داگیرسان. | ئارام سپلتەکەی هەڵ کرد. |

وشەی (کراس) لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا بەکارهێنانیان جیاوازە، چونکە لە یەکەمیاندا بەمانای کراسی پیاوان و ژنانیش دێت، بەڵام لە دووەمیاندا تەنیا بەمانای کراسی ژنان دێت و لە بری کراسی پیاوان وشەی (قەمیص) ی عەرەبی بەکاردێت، واتە واتاکەی تەسك بووەتەوە. بڕوانە(٧)

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٧)ا- بارام قەمیسی سەند. | بارام کراسی کڕی. |
| ب- شیرین کراسەکەی خۆی شۆرد. | شیرین کراسەکەی خۆی شت. |

وشەی (مەلە یان مەلەکردن) لە شێوەزاری گەرمیاندا بۆ هەموو جۆرە مەلەکردنێك بەکاردێت، لە ماڵەوە بێت یان لە دەرەوە (مەلەوانگە و ڕووبار) بێت، بەڵام لە شێوەزاری سلێمانیدا وشەی (مەلە یان مەلەکردن) تەنیا بۆ مەلەکردن لە دەرەوە (مەلەوانگە و ڕووبار) بەکاردێت، هەرچی مەلەی ناو ماڵە وشەی (خۆشتن) بەکاردێت. بڕوانە (٨)

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٨)ا- بەختیار لە ماڵ مەلەی کرد. | ئارام لە ماڵەوە خۆی شت. |
| ب- ئازاد لە ڕووبارەکە مەلەی کرد. | ئازاد لە ڕووبارەکە مەلەی کرد. |

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت بڵێین لە ناو بوارەکانی گۆڕانی زمانیدا بواری دەنگسازی لە شێوەزاری گەرمیان زۆرترینی ئەو بوارانەیە، کە بەر گۆڕان کەوتبێت، بۆیە لە بەشی دووەمی لێکۆڵینەوەکەدا بە دوورودرێژی باس لەو گۆڕانە دەنگییانە دەکەین بە پێی بنەماو یاسا دەنگسازییەکان لە شێوەزارەکەدا.

## ٢/بەشی دووەم

## ئاستی دەنگسازی

### ١/٢)دەنگسازی و لقەکانی:

لێکۆڵینەوە لە هەر بوارێکی زانستیدا پێویستی بە دیاریکردنی لایەنەکانی ئەو زانستەیە. بۆ کار ئاسانی و وردی لێکۆڵینەوەکەش باش وایە هەر لایەنێکیان بە جیا لێبکۆڵرێتەوە ئەم وتەیە بۆ زانستی زمانیش ڕاستە، هەر بۆیە زمانەوانەکان دەمێکە ئاستەکانی زمانیان دەست نیشان کردووە بەجیا لە هەر یەك لەم ئاستانە دواون. بەم پێیە زانستی زمان ئەو زانستەیە، کە لە زمان دەکۆڵێتەوە لە هەموو بوارەکانی دەنگ و وشە و ڕستە و گۆکراوە و واتای و دەروونی و فەرهەنگی و پراکتیکی، لەسەر بنەمای ئەو بوارانە زانستی زمان بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەش دەبێت ئەویش، زانستی زمانی تیۆری و زانستی زمانی پراکتیکی یە ، لە بەشەکانی زانستی زمانی تیۆری زانستی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی و زانستی زمانی مێژوویی و زانستی واتاسازی و زانستی ڕێزمانی، کە وشەسازی و ڕستەسازی دەگرێتەوە، هەرچی زانستی زمانی پراکتیکییە لەم بەشانە پێك دێت، دانان و دروست کردنی فەرهەنگ و زانستی زمانی کومپیوتەری و زانستی زمانی دەروونی و کۆمەڵایەتی و فێرکردنی زمان و بەرانبەرکردنی زمانی و شیکردنەوەی هەڵەکان. ئەمە جگە لە زانستی زمانی مرۆڤ ناسی (ئەنترۆپۆلۆجیا).[١]

بیرۆکەی سەرەکی لە تیۆری زمانیدا ئاستی زمانییە، چونکە ئاستی زمانی، گەر ئاستی یەکە دەنگییەکان بێت (فۆنێم)، یان ئاستی وشەسازی بێت یان پێکهاتەی فرێز بێت، ئەوە لە ڕاستیدا لە ناوڕۆکیدا کۆمەڵە هۆکارێکی وەسفی بەردەست دەخەن بۆ داڕشتنی سیستەمەکانی ڕێزمان. ئەوەش لە ڕێگەیەکی دیاریکراوەوە پێك دێت بۆ گوزارشت کردن لە وتەکان. هەروەها دەتوانین سنووری شیاوی (صلاحیة) تیۆری زمانی دیاری بکەین بە بەکارهێنانی وردییەکی تەواو بۆ پێشخستنی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی سیستەمی ڕێزمانەکە بە چەشنێك کە هاوشێوە بێت لە گەڵ ئەو کۆمەڵە ئاستەی لە ناو تیۆرەکەدا بەرجەستە دەبێت، دواتر لێکۆڵینەوە بۆ توانای پێکهێنانی کۆمەڵە سیستەمێکی ڕێزمانی ئاسان و کاریگەر بۆ زمانە سرۆشتییەکان بخرێنە ڕوو.[٢] لەم ڕوانگەیەوە دەنگسازیش بە یەکێك لە ئاستەکانی زمان دەژمێرری و لە دوو لقی سەرەکی پێك دێت:

١- دەنگسازی گشتی (فۆنەتیك)

٢- دەنگسازی تایبەتی (فۆنۆلۆجی)

---

(١)احمد شفيق الخطيب (٢٠٠٦: ٣٨).

(٢)نوم جومسكي، البنى النحوية (١٩٨٧: ١٣).

### ٢/١-١)دەنگسازی گشتی (فۆنەتیك):

فۆنەتیك ئەو لقەی زانستی زمانە کە لە دروست کردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەکی گشتی.[١]

دەنگەکانی زمانیش لە سێ ڕوانگەوە لێ دەکۆڵرێتەوە:

١-دەنگسازی درکێنراو ٢- دەنگسازی بیسراو ٣- دەنگسازی فیزیکی .

دەنگسازی درکێنراو لە دەنگسازی قسەکردن دەکۆلێتەوە و جیایان دەکاتەوە بە پێی ئەو ڕێگەی، کە دەنگەکانی تێدا بەرهەم دێت لە ڕێگەی جوڵەی جیاوازی ئەندامەکانی درکاندنەوە. هەرچی دەنگسازی فیزیکی یە لەو شەپۆلە دەنگییانە دەکۆلێتەوە، کە لە ئەنجامی چالاکی ئەندامەکانی درکاندنەوە دروست بوون. دواتر ئەو شەپۆلە دەنگییانە لە ڕێگەی هەواوە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر دەگوازرێتەوە. سێیەم بەشیان کە دەنگسازی بیسراوە بایەخ بە دەنگەکانی قسەکردن دەدات لە ڕوانگەی هەست کردن بەو دەنگانە و جیاکردنەوەیان لە ڕێگەی گوێ و مێشکی گوێگرەوە. واتە کاتێك دەنگی زمانی بەهۆی هەواوە دێت، لەرینەوەیەك (زەبزەبە) پەیدا دەبێت، کە کۆمەڵێك تایبەتی فیزیکی لە خۆ دەگرێت. لەوێدا بوار دەبێت بۆ لێکدانەوەی ئەو دەنگە زمانییە بە ئامێری پێوانەیی دەنگی کە پسپۆڕەکان لە فیزیکی دەنگدا بەکاری دێنن. کاتێکیش دەنگە زمانییەکە دەگاتە گوێی گوێگر تاوەکو وەری بگرێت، لێرەدا دیسان بوار هەیە بۆ لێکدانەوەی دەنگ لە ڕووی کاریگەرییەوە لەسەر ئەندامەکانی بیستن. بەمەش هەر دەنگێك خاوەنی تایبەتێتی درکاندن و تایبەتێتی فیزیکی و تایبەتێتی بیسراون .[٢]جگە لەمە لە لێکۆڵینەوە نوێکاندا باس لە دەنگسازی تاقیگەیی یان کارگەیش دەکرێت، کە بەهۆیەوە لێکدانەوە بۆ تایبەتی دەنگەکانی ئاخاوتن دەکرێت بە بەکارهێنانی ئامێرو وێنەی تیشکی.[٣]

### ٢/١-٢)فۆنۆلۆجی :

فۆنۆلۆجی بەشی دووەم و سەرەکییە لە زانستی دەنگ، کە لە لایەکەوە گرنگی بە لێکدانەوەی دەنگە زمانییەکان دەدات لە ناو پێکهاتەدا، واتە لە ڕوانگەی پەیوەندییەوە بە دەنگەکانی ترەوە، لە لایەکەی ترەوە بایەخ بە واتا یان ئەرکی دەنگ دەدا لە دیاری کردنی واتادا.[٤] بە واتایەکی تر ئەو

---

(١)وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩: ٢٣٩).

(٢)محمود فهمی حجازی (١٩٧٨: ٣٥).

(٣)احمد محمد قدور(٢٠٠٨: ٧٥).

(٤)حلمی خلیل (١٩٨٩: ٢٢٤)،

بەشەی زانستی زمانە، کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە، کە بەهۆیانەوە دەنگەکانی زمانێکی تایبەتی لەیەك دەدرێن بۆ دروست کردنی بڕگە، یەك نرخ دەدا بە کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز، کە هەمان کۆمەڵە دەنگ لەوانەیە لە زمانێکی تردا دەرکەون و تیایا کۆمەڵە نرخێکی جیا پیشان بدەن.[1] فۆنۆلۆجی لە دەنگەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕوانگەی ئەرکییانەوە لە زماندا.[2] واتە فۆنۆلۆجی ئەرکی ئەو دەنگە زمانییانە دەخاتە روو، کە ڕۆڵیان هەیە لە جیاکردنەوەی وشەیەك لە وشەکانی تری زمانێك. لێکۆڵینەوەیەکە بۆ دانانی یاساو بنەما گشتییەکانی دەنگ و دۆزینەوەی ئەرکی دەنگەکان لە زمانێکی دیاری کراودا. هەروەها وێنەیەکی تایبەتی دەنگەکانی ئەو زمانە پێشان دەدات، هەر زمانێکیش کۆمەڵە یاسایەکی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ ڕێکخستن و ڕیزکردنی فۆنێمەکانی لە سنووری بڕگەی فۆنۆلۆجی ئەو زمانەدا. بەم شێوەیە ئەو یاسایانەی فۆنێمەکانی زمان دەست نیشان دەکەن و لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیکی لێکیان دەدەن بۆ پێکهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی و هۆی پەیدابوون یان توانەوە یان گۆڕانی هەندێك دەنگ لەم حاڵەتەدا پیشان دەدەن بە یاسای فۆنۆلۆجی ناو دەبرێن.[3]

## ٣-١/٢)لێکچوون و جیاوازی فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی:

فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی هەردووکیان لە دەنگەکانی زمان دەکۆڵنەوە، هەرچەندە بە بۆچوونی لێکۆڵەران شێواز و بواری لێکۆڵینەوەی هەریەکەیان جیاوازە. زاراوەی یەکەم زیاتر بڵاوەو زۆرتر بەکاردێت لە زاراوەی دووەم، هەروەها فراوانترە لە دووەم لە بواری پراکتیکدا، ئەمە جگە لەوەی زاراوەی یەکەم مەبەست لێی لێکۆڵینەوە دەنگییەکانە بەگشتی، بەمەش ئەوەی دەکەوێتە سنووری لێکۆڵینەوەی فۆنۆلوجییەوە تایبەتی ترە،[4] بەڵام لە ئێستادا بەلای زۆربەی زمانەوانەکانەوە، زاراوەی فۆنۆلۆجی بۆ ئەو لێکولینەوانە دادەنێن، کە باس لە پۆلێن کردنی سیستەمی دەنگی دەکەن لە زمانێکی دیاری کراودا و پۆلێن کردنی ئەو دەنگانە بە پێی ئەرکەکانیان لە زماندا. هەرچی زاراوەی فۆنەتیکە کورت دەکرێتەوە لە لێکدانەوەی دەنگەکانی ئاخاوتن بەبێ بەرانبەر کردنی نموونەوە و هاوشێوەکانی لە زمانێکی تردا، بێ گوێدانە ئەرکە زمانییەکانیان و دیاریکردنی ئەو زمانەش کە بۆی دەگەرێتەوە.[5] بێگومان فۆنەتیك زانستێکی مێژووییە، ڕووداو گۆڕانکارییەکان شیَ دەکاتەوە، بە درێژایی کات دەجولێت. هەرچی فۆنۆلۆجییە دەکەویتە دەرەوەی کایەیی کاتەوە، لەبەر ئەوەی پرۆسەی درکاندن هەرگیز ناگۆڕێت. هەردوو لێکۆڵینەوەکە جیاوازن و پێچەوانەی یەکترن. بێگومان

---

(١)وریا عومەر ئەمین، گ- کۆڕی زانیاری عێراق، ژ٩ (١٩٨٢: ٤٣٦).

(٢)کمال بشر (٢٠٠٠: ٦٧).

(٣)وریا عومەر ئەمین، گ-کاروان، ژ٢٠ (١٩٨٤: ٣٤).

(٤)کمال بشر (٢٠٠٠: ٦٥).

(٥)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٦٨).

زانستی دەنگ (فۆنەتیك) بەشێکی سەرەکییە لە زانستی زمان، بەڵام سیستەمی دەنگی (فۆنۆلۆجی) ئەوە زانستێکی یارمەتی دەرەو تەنیا تایبەتە بە ئاخاوتن.[1]

توێژینەوە لەسەر جیاکردنەوەی دەنگ وەکو ئەرکێکی گرنگی فۆنۆلۆجی دادەنرێت. توانای مرۆڤ لە ساتی ئاخاوتندا بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان و تێگەیشتنی ئەم دەنگانە خاڵێکی یەکلاکەرەوەیە. بۆ جیاکردنەوەی سێمانتیکی (واتایی) ئەو وشانەی، کە دەردەبرێت. بۆ نموونە جیاوازی نێوان "داڵ" و "تاڵ" بەهۆی جیاوازی نێوان هەردوو فۆنیمی/ت/ و/د/دەکرێت.[2] لە کاتێکدا فۆنەتیك ڕوونی دەکاتەوە چۆن هەر تاکە دەنگەی زمان دروست دەکرێت ... لە چ بەشێکی زاردا... هەڵوێستی ئەندامەکانی درکاندن لە کاتی دروستکردنیاندا چۆنە، تایبەتییەکانی هەر دەنگە چییە و چۆن لە دەنگەکانی تر جیا دەکرێنەوە ...هتد. بۆ نموونە فۆنەتیك بەم جۆرە ڕوونی دەکاتەوە چۆن دەنگی (ك) دروست دەکرێت، [ناوەڕاستی زمان بەرز دەبێتەوە و خۆی لە نەرمە مەڵاشوو دەدات ... ڕێی بای لە سییەکانەوە هاتوو دەگرێت و تەوژمێك دروست دەبێت. لە پڕ زمان نزم دەبێتەوە. دەنگی (ك) دروست دەبێت].[3] فۆنەتیك تەنیا لەو دەنگانە ناکۆڵێتەوە کە لە نووسیندا بە پیت دەردەبڕێن. بەڵکو لەو کەرەستە زمانییانەش دەکۆڵێتەوە کە زۆر گرنگن لە زمانا، بەڵام لە نووسیندا هیچ نیشانەیەکیان بۆ دانەنراوە، وەك هێز stress ، ئاواز intonation تۆن Tone و pitch و juncture ...تاد. سروشت و چۆنێتی ئەم کەرەستانە دەستنیشان دەکات.[4]

**٤-١/٢)فۆنێم:**

فۆنێم وەك بچووکترین دانەی زمان و کەرەستەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی دەنگسازی ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەر لە بواری زمانەوانیدا دەگێرێت. هەرچەندە بیری فۆنێم لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە لە کارە زمانەوانییەکانی ئەورووپا و ئەمەریکادا بەکارهاتووە، بەڵام لە سەرەتای داهێنانیدا زیاتر دیاردەیەکی فۆنەتیکی دەگرتەوە و بە واتای (فۆن) ی ئێستا دەهات نەك بیرێکی ڕووت، کە لە ئەنجامی بەرانبەری جیاوازی کردنەوە هاتبێتە کایەوە. بۆ یەکەم جار زاراوەی فۆنێمی ئێستا لە کارێکی زمانەوانی پۆڵەندی (بودوین دی کورتنێ)دا لە سەدەی هەژدەدا دەبینرێت، بەڵام بە دوای ئەو داهێنانەشدا بیرەکە تا چەند ساڵێك هەر وەك خۆی مایەوە کەس هەوڵی دیاری کردن و پێناسەکردنی دیاردەکەی نەدا.[5]

---

(١)فردینان دی سوسور (١٩٨٨: ٥١).

(٢)غازی عەلی خورشید (٢٠١٠: ١٦٧- ١٦٨).

(٣)وریا عومەر ئەمین (١٩٨٩: ٢٤١).

(٤)وریا عومەر ئەمین، گ-کاروان، ژ٢٠ (١٩٨٤: ٣٤).

(٥)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ٥٥).

بۆ یەکەم جار پێناسەیەکی وردی فۆنێم لەلایەن دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگەوە خرایە ڕوو، بەتایبەتی پێناسەکەی زمانەوانی ڕووسی (ترۆپتسکۆی)، کە پێی وایە فۆنێمەکان بچوکترین یەکەکانی زمانن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی گۆڕینیانەوە وشەیەك لە وشەیەکی تر جیابکەنەوە. هەروەها فۆنیمەکان وا پێناسە دەکات، کە ئەو یەکە دەنگییانەن کە ناتوانرێت دابەش بکرێن بۆ رەگەزە دەنگییە بەدوای یەکدا هاتووەکان لە ڕوانگەی ئەو زمانە دیاریکراوەی کە توێژەر توێژینەوەیان لەسەر دەکات، هەروەها ئەوە دەچەسپێنێت، کە فۆنێمەکان نیشانەیەکی تایبەتن ناتوانرێت بناسرێن بێ گەرانەوە بۆ ئەرکیان بەجیا لە چوارچێوەی هەر زمانێکدا.[١] بەمەش فۆنێم دوو ئەرك جێبەجێ دەکات[٢]:

١- ئەرکێکی پۆزەتیڤ، ئەمەش کاتێك یارمەتی دەدات بۆ دیاری کردنی واتای ئەو وشەیەیی کە تێدایە.
٢- ئەرکێکی نەگەتیڤ، ئەمەش کاتێك جیاوازی وشەیەك لە گەڵ وشەکانی تردا لە ڕووی واتاوە دەپارێزیت.

لەسەر ئەو بنەمایە ئەوە دەنگی [د] فۆنێمەکەی /د/- نیشانەی نووسینی دەنگەکە دەخرێتە نێوان دوو کەوانەی خوارەوە بەو شێوەی پێشوو، مەبەست لەوەیە، کە ئێمە باس لە ئاستی فۆنۆلۆجی دەکەین کاتێکیش نیشانەی نووسینی دەنگەکە خرایە نێوان دوو کەوانەی چەماوەوە، ئەوە مانای ئەوەیە، کە ئێمە باس لە ئاستی دەنگی دەکەین- دەڵێین [د] ئەوە فۆنێمی /د/ ە لە گەڵ فۆنێمەکانی تردا بەشدار دەبێت لە وشەی (دەنگ) بۆ دیاری کردنی واتاکەی ئەمەش ئەرکی پۆزەتیڤی و سەرەکی فۆنێمە. هەرچی ئەرکی نەگەتیڤ و لاوەکی فۆنێمە، ئەوە خۆی لە پاراستنی وشەی (دەنگ)دا دەبینێتەوە بە جیاواز لە وشەکانی تری وەك : (سەنگ، مەنگ، تەنگ، ڕەنگ)، هەروەها ئەرکی سەرەکی و پۆزەتیڤی فۆنێم زیاتر ڕوون دەبێتەوە کاتێك فۆنێمێك لە وشەیەك لادەبرێت و بە فۆنێمێکی تر دەگۆڕێتەوە لەو کاتەشدا دەبینی واتاکە دەگۆڕێت، بە وێنە کاتێك /د/ لە وشەی (دەنگ) لادەبەیت و بەفۆنێمی /س/ دەگۆڕێت، ئەوکات وشەکە دەبێت بە (سەنگ). کەواتە فۆنێمەکان ئەو دەنگانەن کە خاوەنی کۆمەڵە سیماو خاسییەتی خۆیانن دەتوانن جیاوازی نێوان وشەکان پیشان بدەن لە هەموو زمانەکاندا، هەروەها نەك تەنیا دەتوانن جیاوازی پیشان بدەن لە کاتی گۆڕینی فۆنێمێك بە فۆنێمەکانی تر، بەڵکو دەتوانن ئەم جیاوازییە پیشان بدەن کاتێك ڕێزبەندی فۆنێمەکانی وشەیەك دەستکاری دەکرێت لە ناو پێکهاتەیەکی زمانیدا، ئەمەش لە کاتی بەرانبەر کردنی وشەی (act و cat)ی زمانی ئینگیزیدا ڕوون دەبێتەوە، کە دوو وشەی جیاواز لە هەمان کۆمەڵە فۆنێم پێك

---

(١)کمال بشر(٢٠٠٠: ٤٨٨).

(٢)حلمی خلیل (١٩٨٩: ٢٢٧).

هاتوون.[1] هەرچەندە نووسەر بەجوانی ئەرك و ڕۆڵی فۆنیمی دیاری كردووە، بەڵام لە گەڵ ئەو بۆچوونەیدا نیین، كە فۆنیم ئەركی نەگەتیڤی هەبێت، بەڵام لە گەڵ هەموو ئەمانەشدا هەستكردن بە بیری فۆنێم كارێكی گران نییە و زمانەوانی ناوێت. هەموو كەسێك بەسەلیقە دەتوانێت هەست بكات كام دەنگ لەو دەنگانە كە لە زمانەكەیدا هەیە گرنگەو كامیان گرنگ نییە، یان كام دەنگ لەو دەنگانە لە یەكتر دەچن و كامیان جیاوازن، بۆ نموونە هەموو كوردێك بەسەلیقە هەست بەوە دەكات، كە دەنگی [ب] لە دەنگی [پ] نزیكەو لە دەنگی [د] ەوە دوورترە ، یان دەنگی [ج] لە [چ] نزیكە، بەڵام لە دەنگی [ب] ەوە دوورترە، بەڵگەمان بۆ ئەم هەست پێكردنە ئەوەیە كە ڕێنووس دانەرەكانی كوردی لە پیتی (ب) و (ج) ەوە نیشانەیان بۆ نواندنی دەنگی [پ] و [چ] داتاشیوە.[2]

### ١/٢-٤-١)جۆرەكانی فۆنیم:

فۆنێمەكانی زمان بەگشتی بۆ دوو جۆری سەرەكی دابەش دەكرێن:

یەكەم : فۆنێمە كەرتییەكان
ئەمەش ڤاوڵ و كۆنسونانت ئەگرێتەوە .

دووەم : فۆنێمە ناكەرتییەكان
هێزو ئاوازو و تۆن ئەگرێتەوە.

### ١/٢-٤-١-١)فۆنێمە كەرتییەكان:

دەكرێت كەرەستەی دەنگی هەر زمانێك بەم شێوەیە دابەش بكەین:

١- دەنگە موزیكێكان Musical sounds.

ئەو جۆرە دەنگانەن كە لەرینەوەیەكی ڕێك و پێكیان تێدایە periodic vibrations.

٢- دەنگە ژاوەژاوەكان noises یان ناموزیكییەكان، ئەو دەنگانەن كە خاوەنی لەرینەوەی ڕێك و پێك نیین.

---

(١)حلمی خلیل (١٩٨٩: ٢٢٧).

(٢)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ٥٦).

ئەم جۆرە دابەش کردنە لەگەڵ دابەش کردنە باوەکەی دەنگدا یەك دەگرێتەوە، کە دەنگەکان بۆ ڤاوڵ (دەنگی موزیکی) و کۆنسونانت (ناموزیکی) دابەش دەکات.[1] بەم شێوەیە هەر دەنگێکی ئاخاوتن بەشێکە لەو دوو بەشە گشتییە، کە بە کۆنسونانت و ڤاوڵ ناسراون. کۆنسونانت و ڤاوڵیش بە پێی چەند خاسییەتێك لێك جیادەکرێنەوە.

١- کۆنسونانت بەوە دەناسرێت، کە کاتێك ئەدرکێنرێت، ئەو ئەندامانەی کە بەشداری لە درکاندنیدا دەکەن دێنەوەیەك. واتە ئەو هەوایەی، کە لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە لە هەندێك جێگادا ڕێگەی لێ دەگیرێت و بە ئارەزووی خۆی بەرەو دەرەوە ناڕوات. بۆ نموونە تاڵە باریکەکانی قوڕگ و مەڵاشووی نەرم و لێو ...هتد تەگەرە دەخەنە پێش ئەو هەوایەی، کە کۆنسونانتی پێ دروست دەکرێت، بەڵام ڤاوڵ بەوە دەناسرێت، کە لە کاتی درکاندنیدا هەوا تارادەیەك بە ئازادی لە سییەکانەوە دێتە دەرەوە و تەگەرەی نایەتە پێش.

٢- کۆنسونانت بە زیاتر لە ئەندامێکی درکاندن دروست ئەکرێت، بەڵام ڤاوڵ تەنیا زمان دروستی دەکات و لێویش لە هەندێك حاڵەتدا شێوەی دروست بوونی دەگۆڕێت .

٣- کۆنسونانتەکان ئەبن بە دوو بەشەوە: بەشێکیان گڕن و ئەو بەشەکەی تریان کپن. واتە ئەو کۆنسونانتەی کپە بەبێ جووڵانەوەی تاڵە باریکەکانی قوڕگ دەدرکێنرێت و ئەوەی گڕە لە کاتی درکاندنیدا ئەو تاڵە باریکانە دەجووڵێنەوە، بەڵام ڤاوڵەکان لە ڕووی درکاندنەوە، بەتایبەتی لە ڕووی جوڵانەوە و نەجوڵانەوەی تاڵە باریکەکانی قوڕگەوە هەمیشە گڕن. واتە لە کاتی درکاندنیاندا ئەو تاڵە باریکانە دەجووڵێنەوە.[2]

٤- جیاوازی سەرەکی ڤاوڵ و کۆنسونانت بریتی یە لە ڕۆڵیان لە ڕۆنانی وشەدا. بۆ نموونە، لە وشەی (تەرزە)دا سێ کۆنسونانت هەیە، بەڵام ڤاوڵەکان دوانن و دوو بڕگەیان دروست کردووە: (تەر) و (زە). ڤاوڵ لوتکەی بڕگە پێك دێنێت و وەك کۆنسونانت خۆی دەنوێنێت. کونسونانتیش هاوەڵیی ڤاوڵ دەکات.[3]

٥- هەندێك جار دەنگی ڤاوڵ بە ئەرکی دەنگێکی کۆنسونانت هەڵدەستێت، بە وێنە لە زمانی کوردیدا دەنگی /و/ و /ی/ هەن کە ڤاوڵن، واتە لە کاتی دروست کردنیاندا شەپۆلی هەوا تارادەیەك بە ئازادانە دەرباز دەبێت، بەڵام هەندێك جار لە کردەوەدا وەکو کۆنسونانت ڕۆڵ دەبینن، بۆ نموونە دەنگی /ی/ لە وشەی یاری، دەنگی /و/ لە وشەی وێنەدا.

---

(١)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٣٨).

(٢)غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٥١).

(٣)میدیا (١٩٩٨: ٢٤٣).

٦- دەنگە ڤاوڵەکان ڕوونتر بەر گوێ دەکەون بە پێچەوانەی کۆنسونانتەکانەوە، لەبەر ئەوە ڤاوڵەکان دەتوانرێت لە مەودایەکی دوورتر ببیسترین بە بەراورد بە دەنگە کۆنسونانتەکان. تەنانەت لە نێوان دەنگە کۆنسونانتەکانیشدا ڕادەو پلەی ڕوونی دەنگ جیاوازە.[١] بە وێنە دەنگە گڕەکان لە درکاندندا ڕوونترن لە دەنگە کپەکان.

لە زمانی کوردیشدا لە دیاری کردنی دەنگە ڤاوڵ و کۆنسونانتەکان لە نێوان زمانەوانەکان و کوردناساندا ڕای جیاواز بەدی دەکرێت.[٢] بەڵام ڕای پەسەند ئەو ڕایەیە کە ژمارەی ڤاوڵەکانی بە (٨) ڤاوڵ و ژمارەی کۆنسونانتەکانی بە (٢٨)کۆنسونانت دیاری کردووە.[٣] لەشێوەزاری گەرمیانیشدا فۆنێمەکانی بە پێی بەرانبەر کردنی جووت وشەکان لە فەرهەنگی شێوەزارەکەدا بەم چەشنەیە:

| جووت وشە | فۆنێمەکان | فۆنێمی نوێ | ژمارە |
|---|---|---|---|
| پا- با- تا- کا | پ، ب، ت، ك | پ، ب، ت، ك | ٤ |
| چاك – خاك | چ ،خ | چ ، ،خ | ٢ |
| باخ – شاخ | ب، ش | ش | ١ |
| کەو، کەن | و (W)، ن | و (W)، ن | ٢ |
| کەر، کەڕ | ر، ڕ | ر، ڕ | ٢ |
| قار-مار- هار، غار، عار | ق، م، ه، غ، ع | ق،م، ه، غ، ع | ٥ |
| ژان – ڕان | ژ، ڕ | ژ | ١ |
| سەرد- دەرد | س، د | س، د | ٢ |
| زام- جام | ز، ج | ز، ج | ٢ |
| گێل- تێل | گ، ت | گ | ١ |
| کەل- کەڵ | ل، ڵ | ل، ڵ | ٢ |
| حەوش- کەوش | ح، ك | ح | ١ |
| فیکە – تیکە | ف، ی | ف | ١ |
| شیر- شێر، شار | ی، ێ | ی(i) ، ێ، ا | ٣ |
| شۆڕ- شەڕ- شڕ | ۆ، ە، i | ۆ،،ە، i (بزرۆکە) | ٣ |

(١)احمد محمد قدور (٢٠٠٨: ٩١).

(٢)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ١٨-٢٤).

(٣)بڕوانە: ا- وریا عومەر ئەمین، گ.کۆڕی زانیاری عێراق،ژ٩ (١٩٨٢: ٤٣٦).

ب- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ٢٤).

| | | | |
|---|---|---|---|
| کوڕ- کووڕ(کویڕ) | و، وو(وی) | وو ، و (u) | ٢ |
| باری – یاری | بـ ، ی | ی (y) | ١ |

به پێی ئەو جووت وشانەی سەرەوە ژمارەی فۆنێمەکان لە شێوەزاری گەرمیانـدا (٣٥) فۆنێمـە. ئـەوەی جێگـای تیبینـی یـە دەنگـی (ڤ) لـە هەنـدێك نـاوی تایبەتیـدا لـەم شـێوەزارەدا بـەکاردێت. وەك (ڤیـان، تاڤگە، هێڤی، ...تاد) بە بۆچوونی ئێمە ناوی تایبەتی نابێتـە بنـەما بـۆ بـوونی دەنـگ یـان فـۆنێم لـە زمانێك یان زارو شێوەزارێکدا. لـەم خشـتەی خوارەوەشـدا سـیما و تایبـەتی و سـازگەی دروسـت بـوونی کۆنسونانتەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا خراونەتە ڕووو.

| سیماو تایبەتی | | سازگەی کۆنسوناتەکان | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | لێوی | لێوو ددانی | ددانی | ددانی وپووکی ددان | پووکی | مەڵاشووی ڕەق | مەڵاشووی نەرم | زمانە بچکۆلە | قورگی | ژێیی (بنی قورگ) |
| گیر | کپ | پ | | ت | | | | ك | ق | | ئـ |
| وەستاو | گڕ | ب | | د | | | | گ | | | |
| لەرزۆك | کپ | | | | | | چ | | | | |
| لەرەدار | گڕ | | | | | | ج | | | | |
| خشۆك | کپ | | ف | | س | | ش | خ | | ح | ه |
| خشەدار | گڕ | | | | ز | | ژ | غ | | ع | |
| لووتی | گڕ | م | | | ن | | | | | | |
| لازمانی | گڕ | | | | ل | ڵ | | | | | |
| هەژۆك | گڕ | | | | ر | ڕ | | | | | |
| نیمچە کۆنسونانت | گڕ | و | | | | | ی | | | | |

خشتەی ژمارە (١)

لە بارەی درکاندنی ڤاوڵەکانیشەوە پێویستە بڕوانینە جوڵانەوەی زمان و لێوەکان، چونکە زمان و لێو ڕۆڵی کاریگەر دەبینن لە درکاندنی ڤاوڵەکاندا. واتە دۆخی باری زمان بە نیسبەت مەڵاشوو لە ڕووی بەرزی و نزمییەوە و دەست نیشان کردنی ئەو بەشەی زمان، کە بەرزی و نزمی تیا ڕوودەدات.[١]




بەم پێیە سیماو تایبەتی و سازگەی دروست بوونی ڤاوڵەکان و باری زمان و لێو لە کاتی درکاندنی هەریەکێکیاندا بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە دەبێت.

| سازگەی دروست بوونی ڤاوڵەکان | | | بەرزی و نزمی زمان | باری لێوەکان |
|---|---|---|---|---|
| پێشی زمان | ناوەڕاستی زمان | پشتەوەی زمان | | |
| ی | | | بەرز | کشان بۆ خوارەوە |
| ێ | | | ناوند | کشان بۆ خوارەوە |
| I | | | بەرز | جیابوونەوە لەیەکتر |
| | ا | | نزم | جیابوونەوە لەیەکتر |
| | ە | | ناوەند | جیابوونەوە لەیەکتر |
| | | وو | بەرز | خڕبوونەوە |
| | | و | بەرز | خڕبوونەوە |
| | | ۆ | ناوەند | خڕبوونەوە |

خشتەی ژمارە (٢)

(١)تالیب حووسین (١٩٨٩: ٣٧).

## ٢/٢)گۆڕانی دەنگی:

ئەو جۆراجۆری و هەمەچەشنییەی لە زمانەکانی مرۆڤدایە ئاماژەیەکی ڕوونە لەسەر ڕوودانی گۆڕانی گەورە لە زمانی یەکەمی مرۆڤایەتیدا، بەردەوامی ئەو گۆڕانە نەوە لەدوای نەوەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، تا ئەوەی مێژوونووسانی زمانی مرۆڤ ئاماژە بە جۆراجۆریکی گەورە لە زمانی گەلانی سەر رووی زەویدا دەکەن، کە لە ڕۆژگاری ئەمرۆدا پێ دەدوێن، کە دەگاتە هەزاران زمان و زار.[١]

زانایانی بواری زمان توانیان لە هەموو ئەو گۆڕانانە بکۆڵنەوە کە بەسەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی زماندا دێن: دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازی و واتایی ، هەموو ئەو ئاراستانەی کە دەیان گرنەوە ئەو شوێنەوارانەی لەسەر ئەو زمانانە لە ئێستا و داهاتوودا جێیدەهێڵن دیاری بکەن. زۆرترینی بوارەکانی زمان ئامادەی ئەو گۆڕانە زمانییە بێت، بواری دەنگسازییە،[٢] چونکە زمان پێش هەموو شتێك کۆمەڵە دەنگێکە خاوەنی زمان ژمارەیەك هێما و فۆنێمی لێ وەردەگرێت لە بەرانبەری چەمك و واتاکاندا، ئەو گۆڕانانەش تووشی ئەو هێما و فۆنێمانە دەبن هەر وەك چۆن تووشی واتاکان دەبن، دەنگەکانی ئاخاوتن کە لە پێکهاتەی برگە و وشەو ڕستەدا بەکاردێنرێن و کار لەیەك دەکەن و دەکەونە ژێر باری گۆڕانەوە، شێوەگۆڕی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا بە بڕۆتسێسی فۆنەتیکی (دەنگی) ناودەبرێت.[٣]

### ٢/٢-١)تایبەتمەندێکانی گۆڕانی دەنگی:

زاناکان تێبینی ئەوەیان کردووە، کە گۆڕانی دەنگی خاوەنی چەند تایبەتمەدییەکە، کە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- گۆڕانەکە ناهەستییە، بەو مانایەی لەخۆوە و بە ئەنقەست نییە، هیچ ئیرادەیەکی مرۆڤایەتی تێدا نییە.[٤] منداڵ وا هەست دەکات، کە هەمان ئەو دەنگانە دەدرکێنێت، کە باوك ودایکی دەیان درکێنن، لە کاتێکدا جیاوازە لێیان، بۆیە ئەم هەست نەکردنە بەو گۆڕانە، ئەو بەردەوام بوونەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی منداڵ هەوڵ دەدات هەڵەکەی چاك بکاتەوە، گەر هەستی پێبکات.[٥]

---

(١)غانم قدوری الحمد (٢٠٠٢: ٢٧٤).

(٢)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٣١٧).

(٣)میدیا (١٩٩٨: ٢٩١).

(٤)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٢٠).

(٥)ج.فندریس (١٩٥٠: ٦٥).

٢- گۆڕانەکە تاکە کەسی نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی ئەو باوەڕە کۆنەیە، کە پێی وایە هەموو دیاردە کۆمەڵایەتییەکان لە بنەڕەتدا تاك بەرهەمیان دێنێت، پاشان لە ڕێگەی لاسای کردنەوەوە دەبن بە کۆمەڵایەتی. [١]

٣- گۆڕانەکە زۆر بە هیواشی و پلە بە پلە دەڕوات، چونکە گۆڕانی دەنگەکان لە شەو و ڕۆژیکداو لە پڕ ڕوو نادات، بەڵکو شوێنەوارەکەی دوای چەند نەوەیەك دەردەکەوێت.[٢]

٤- گۆڕانەکە لە شوێنێکی دیاری کراودایە، چونکە زۆربەی دیاردەکانی گۆڕانی دەنگی شوێنەوارەکەیان لە ژینگەیەکی دیاری کراودا بەجێ دەهێڵن. هیچ گۆڕانێکی دەنگی نادۆزینەوە، لە هەموو زمانە مرۆڤایەتییەکاندا وەك یەك بوونیان هەبێت .[٣]

٥- گۆڕانەکە بەستراوە بە کاتێکی دیاریکراوەوە ؛ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە شوێنەوارەکەی دوای ماوەیەك نامێنێت، لە بەر ئەوەی گۆڕانەکە هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەچنە ژێر ئەو بارەوە، ئەو یاسایەی، کە ڕوونی دەکاتەوە وەکو ئەوە وایە کۆپی کرابێت، هەر زمانێك دەتوانێت کۆمەڵە پێکهاتەیەکی دەنگی نوێ هاوشێوەی ئەو پێکهاتانەی گۆڕانی دەنگی هێناویەتێ ئاراوە دروست بکات.[٤] ئەم پێکهاتانەش بەبێ گۆڕان دەمێننەوە وەك ئەوەی لە ژێر باری ئەو یاسایەدا نەبێت، بەم شێوەیە لە هەموو زمانەکاندا جووت وشەمان هەیە، کە کۆمەڵە وشەیەکن یەك سەرچاوەیان هەیە، لە ماوەی جیاوازدا هاتوونەتە ناو زمانەکەوە.[٥]

٦- گۆڕانەکە هەندێك جار گشتگیرە، ئەو گۆڕانەی بەسەر دەنگێك لە دەنگەکاندا دێت، لە هەموو بارەکاندا تووشی ئەو دەنگە دێت. کاریگەرییەکەی لە هەموو ئەو وشانەدا بەدی دەکرێت کە ئەو دەنگەی تێدایە، هەروەها لایی هەموو ئەو تاکانەش، کە لەو ژینگە زمانییەدان.[٦] چونکە گۆڕانە دەنگییەکە تەنیا کاریگەری لەسەر وشەکان نییە بەڵکو کاریگەری لەسەر دەنگەکانیش دەبێت، لەبەر ئەوەی، ئەوەی، کە دەگۆڕێت فۆنێمە، ئەم گۆڕانەش ئەگەرچی تاك و سەربەخۆیە، دەبێتە هۆی گۆڕانی هاوشێوەی دەنگی لە هەموو ئەو وشانەی ئەو فۆنێمەیان تێدایە.[٧] چونکە هەر گۆڕانێکی

---

(١)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٢٠).

(٢)سەرچاوەی پێشوو (٢١).

(٣)علي عبدالواحد وافي (٢٠٠٤: ٢٦١).

(٤)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٢٠).

(٥)ج.فندريس (١٩٥٠: ٦٥).

(٦)حاتم صالح الضامن (١٩٨٩: ١٥٢).

(٧)فردينان دى سوسور (١٩٨٨: ١٦٧).

دەنگی گەر جێگەی خۆی کردەوە لە ناوچەیەکی دیاری کراودا، ئەوە واباوەر دەکرێت، کە گاریگەرییەکەی ببێت بە گشتی، مەگەر هەندێك هۆکاری تری بیانی ببنە ڕێگر ... وەك گاریگەرییە فێرکارییەکان، یان قەرزکردنی وشەی بیانی ، یان زارەکی ، یان پێوانەیی.[١]

٧- دیاردە زمانییەکان هەمیشە ڕەها نیین، بەڵکو زۆربەی کات بە کۆمەڵێك مەرجی جیگیرەوە بەستراون. بەواتایەکی تر ئەوەی دەگۆڕێت پێکهاتە (فصیلە) فۆنۆلۆجییەکە نییە، فۆنێمەکەیە بە پێی شوێنگەکەی لە بارێکی دیاریکراودا، وەکو ئەو یەکە دەنگییانەی لە دەوروبەریدان. (بە وێنە گۆڕانی دەنگی (د) بۆ دەنگی (ت) کاتێك دەنگی (ت) بەدوایدا دێت. وەك: برد+ تان= برتتان لێکۆڵەر) . هەرچی ئەو گۆڕانە ڕەهایانەیە کە پاپەندی هیچ مەرجێك نابن، ئەوە زۆر دەگمەنن.[٢] وەك: گۆڕینی (ی) بۆ (ێ)، لەشێوەزاری گەرمیاندا بە بەراورد بەشێوەزاری سلێمانی لە وشەکانی (تیژ – تێژ، پەنیر – پەنێر ...تاد).

## ٢-٢/٢)هۆکارەکانی گۆڕانی دەنگی:

بێگومان لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی گۆڕانی دەنگی یەکێکە لە گرفتە هەرە گرانەکان لە زانستی زماندا، پێشنیاز و لێکدانەوەی زۆر لەو بارەیەوە خراونەتە ڕوو، بەڵام هەموویان ناتوانن لێکدانەوەیەکی تەواو دروست بۆ گرفتەکە بکەن.[٣]

ا- هۆکاری فەسلەجی: کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتی مرۆڤ و ئەندامەکانی ئاخاوتن ئەمەش لە دوو باردا دەردەکەوێت[٤]:

١- بیستنی دەنگەکان و وتنەوەیان هەرگیز وەك یەك نابن تەنانەت ئەگەر دەنگەکانیش لە هەمان کاتداو لە لایەن یەك کەسیشەوە بوترێنەوە، بەواتایەکی تر دەرهێنانی دەنگەکە هەر جارە بەجۆرێك دەبێت و هەموو جارێك جیاواز دەبێت لە جارەکانی پێشووتر.

٢- تاماوەیەکی زۆرتر بەسەر وتنەوەی دەنگێکدا تێپەڕێت، وتنەکە زیاتر لە دەنگە بنچینەکە دوور دەکەوێتەوە و جیاوازتر دەبێت، بەم جۆرە گۆڕان لە ئاستی دەنگدا لە سەراپای ئەم جیاوازییە وردانە

---

(١)ماریوپای (١٩٧٣: ١٤٠).

(٢)فردینان دی سوسور (١٩٨٨: ١٦٧).

(٣)سەرچاوەی پێشوو (١٧٠).

(٤)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١٢٧).

كە جار لە دوای جار زیاد دەكات تا وای لێ دێت بە زەقی دەردەكەوێت و بێ بەكارهێنانی ئامێر هەستی پێ دەكرێت.

ب- هۆكاری جوگرافی: هەندێك جار گۆڕانە زمانییەكان بۆ گونجان لە گەڵ خاك و كەش و هەوا دەگێڕنەوە. چونكە هەندێك لە زمانە باكوورییەكان دەنگە كۆنسونانتەكانیان زیاتر تێدایە، لە كاتێكدا دەنگە ڤاوڵەكان لە زمانە باشوورییەكاندا زیاترن، كە جۆرە ڕێككەوتنێكی دەنگییان پێ دەبەخشێت. بێگومان كەش و هەواو و بارودۆخی ژیان كاریگەرییان لەسەر دەبێت، بەڵام كاتێك دەچینە وردكارییەكانەوە كێشەكە زیاتر ئاڵۆز دەبێت، چونكە لە پاڵ زمانە ئەسكەندەنافییەكاندا، كە دەنگە كۆنسونانتەكانی تێدا زۆرە لەوێدا زمانە فنلەندی و لابلندییەكان هەن، كە ژمارەیەكی زیاتری ڤاوڵیان تێدایە وەك زمانی ئیتاڵی.(١)

پ- هۆكاری وزە پاراستن: بە پێی ئەم بیرە هەموو ئەو گۆڕانانەی لە زماندا ڕوو دەدەن دەگەرێتەوە بۆ ئەو ئارەزوویەی لە مرۆڤدا هەیە بۆ ئاسانكردنی دەربڕین، بە واتایەكی تر هەموو گۆڕانێك بەمەبەستی سووككردنی ئەو ئەركەیە، كە دەكەوێتە سەر ماسوولكەكانی ئەندامانی دركاندن.(٢) وەك ئەوەی دوو دەنگ دەنگێك جێگەیان بگرێتەوە یان دەنگێكی سووك جێگەی دەنگێكی قورس بگرێتەوە.

ت- هۆكاری دەروونی: هۆی دەروونی كە دەگەرێتەوە بۆ ڕێك نەكەوتنی بزاوتنی مێشك و فەرمانەكانی لە گەڵ بزوتنەوەی ماسولكەكانی ئەندامانی ئاخاوتندا، بۆ نموونە لە دەرهێنانی وشەیەكی وەك (كێ)دا تا ماسولكەكانی دەم و قورگ دەجوڵێنەوە بۆ دەرهێنان و دەربڕینی دەنگی (ك) مێشك فەرمانی دەنگی (ی) دەردەكات، بەمە مێشك ماسولكەكان ناچار دەكات، كە پەلە بكەن لە ئەنجامی ئەم پەلە بوونیەدا ئەو دەنگەی، كە دەردەبڕێت جۆرێك دەبێت لە (ك)/( ك)ی نەرم، كە لە دەنگی (چ)ەوە نزیكە، زۆربەی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی، كە لە زماندا ڕوو دەدەن وەك تواندنەوە و كرتاندن و دروست بوونی دەنگی نوێ و جێگۆڕكێ و بەرلووتدان و بەر نەمایی دان ....هتد دەدرێتە پاڵ ئەم هۆ دەروونییە، كە لە ئەنجامی ڕێك نەكەوتنی جوڵانەوەی مێشك و بزوتنەوەی ماسولكەكانی ئەندامی دركاندندا دێتە كایەوە.(٣)

ج- دركاندنی هەڵە: زۆرجار ئاخێوەری زارێك یان شێوەزارێك لە ئەنجامی لاسایی كردنەوە و هەوڵدان بۆ بەكارهێنانی وشەكانی زاری زمانی ستاندەر دەكەوێتە هەڵەی دركاندنەوە، بە وێنە لە بری وشەی (پلان) وشەی (پیلان) بەكاردێن، سەرئەنجام هەڵەی واتایش بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

(١)فردینان دی سوسور (١٩٨٨: ١٧١).

(٢)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١٢٥).

(٣)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١٢٧).

## ٣/٢)یاسا دەنگییەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا:

لەو بوارانەی لە ئێستادا زۆر زانراوە، ئەوەیە کە قسەکردن یان ئاخاوتنی زمان هەرگیز وەکو خۆی بەشێوەی بەردەوام نامێنێتەوە، چونکە بەتێپەڕبوونی مێژووەکەی تووشی کۆمەڵێك گۆڕان دەبێت، کە هەندێك جار ئەو گۆڕانانە بەشێوەی لەسەرخۆ و هەندێك جاری تریش بەشێوەی خێرا ڕوودەدەن.[1] توێژەران تێبینی ئەوەیان کردووە، کە گواستنەوەی ئاخاوتن لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر هەرگیز هاوشێوە نابێت، زۆر بەدەگمەن دەکرێت سیستەمی دەنگی منداڵ دوای ئەوەی، کە قۆناغی خوێندن تەواو دەکات بەتەواوەتی لە سیستەمی دەنگی دایك وباوکی بچێت. بەڵکو هەندێك لە زانایانی زمان وا بۆی دەڕۆن، کە ئەمە بەهیچ شێوەیەك ڕوونادات.[2] گۆڕانە دەنگێکانیش بەگشتی بەسەر دوو بەشدا دابەش دەبن[3]:

١- گۆڕانە پێکهاتەییەکان: ئەو گۆڕانەیە، کە تووشی دەنگەکان دەبێت لە ئەنجامی دراوسێتییان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، ئەمەش لە ڕێگەی لێکچوون و نەگونجان و جێگۆڕکێ و لەناوچوونی دەنگ ...تاد دەبێت. واتە دەنگەکە لە پێکهاتەیەکدا دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر، بەڵام لە پێکهاتەیەکی تردا وەك خۆی لێ دێتەوە، یان لە پێکهاتەیەکدا دەکرتێت و لە پێکهاتەیەکی تردا تووشی کرتان نابێت. (بۆ نموونە دەنگی (ش، س) لە هەندێك وشەدا بەکاریگەری دەنگەکانی دەوروبەریان دەگۆڕێن بۆ دەنگی (ژ، ز)، یان دەنگی (د، ت) لە هەندێك وشەدا تووشی کرتان دەبن، وەکو دەربەند- دەربەن، چەند- چەن، ماست - ماس، خەست - خەس - لێکۆڵەر).

٢- گۆڕانە مێژووییەکان: ئەم گۆڕانەش لە ئەنجامی گۆڕان لە سیستەمی دەنگیدا دێتەکایەوە، بەوەی کە دەنگە زمانییەکە لە هەموو چوارچێوە و بەکارهێنانێکدا دەبێتە دەنگێکی تر. واتە ئەو گۆڕانەیە کە تووشی دەنگەکانی زمانێك دێت لە ماوەیەکی مێژوویی دوورو درێژدا، بەوەی کە دەنگێك دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر لە هەموو چوارچێوە و بەکارهێنانێکدا.[4] (بە وێنە دەنگی (و) لە زاری ناوەڕاستدا لە هەموو چوارچێوە و بەکارهێنانێکی زاری سەروودا دەبێت بە دەنگی (ڤ)- لێکۆڵەر). دەکرێت لە چەند خاڵێکیشدا جیاوازی گۆڕانە پێکهاتەییەکانی دەنگ لەگەڵ گۆڕانە مێژووییەکاندا بخەینە ڕوو:[5]

١- گۆڕانە پێکهاتەییەکان خێرا لە دەنگدا ڕوودەدەن تەنیا کاتێك ئەو دەنگە دەکەوێتە پێکهاتەیەکەوە لە گەڵ ئەو دەنگانەی، کە لە سیفەتێکدا، یان لە سیمایەکی دەنگیدا لە گەڵیدا نەگونجاون. (بە وێنە لە

(١)مالمبرك (١٩٨٥: ٢٥٥).

(٢)بڕوانە: ١- فندریسن (١٩٥٠: ٦٤) . ٢- ابراهیم انیس (١٩٧٩: ٢٣١).

(٣)غانم قدوری الحمد (٢٠٠٢: ٢٧٥- ٢٧٦).

(٤)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٢٤).

(٥)محمد الانطاكي (١٩٦٩: ٢٥٨).

له شیوەزاری سلێمانی و شێوەزاری گەرمیاندا دەنگی (د) گە دەنگێکی گڕە لە ژێر کاریگەری دەنگی (ت)دا کە دەنگێکی کپە دەگۆڕێت بە دەنگی (ت). وەك لە وشەی (نارد+ تان= نارتتان)**دا** بەدی دەکرێت- لێکۆڵەر)، بەڵام گۆڕانە مێژووییەکان زۆر بەخاوی نەبێت ڕوونادەن، تەنانەت لەبەر ئەوەی، کە زۆر خاوە ڕوودانی گۆڕانەکە لەژیان و تەمەنی نەوەیەکدا هەستی پێ ناکرێت.

٢- گۆڕانە پێکهاتەییەکان پەیوەستن بە پێکهاتەیەکەوە و بەویشەوە بەندن، هەر کاتێك ئەو دەنگە لەو پێکهاتەیە جیاکرایەوە ئەوە شێوەی خۆی وەردەگرێتەوە، (بەوێنە دەنگی (د) شێوەی خۆی وەردەگرێتەوە دوای ئەوەی لە پێکهاتەی (ناردتتان) دەرهێنرا (نارد)- لێکۆڵەر). بە پێچەوانەوە گۆڕانە مێژووییەکانە ئازادن، واتە گەر دەنگێك گۆڕانی بەسەردا هات، ئەوە ئەو گۆڕانە ئەوەنیە، کە لە پێکهاتەیەکدا رووبدات و لە یەکێکی تردا ڕوو نەدات، بەڵکو گۆڕانەکە لە هەموو پێکهاتەکانی زمانەکەدا ڕوودەدەن. هەر وەك چۆن بەسەر (ض)ی عەرەبی کۆندا هات، کە بە تەواوەتی لە درکاندنی عەرەبیدا بوونی نەماو دەنگێکی تر جێگەی گرتەوە. بێگومان گۆڕانە پێکهاتەییەکان و گۆڕانە مێژووییەکان تێکەڵ بە یەك دەبن، چونکە هۆیەکانی گۆڕانی دەنگی بەبێ وەستان کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر هەر زمانێك. ئەمەش بە بەردەوامی کۆمەڵە گۆڕانێکی بچووك لە درکاندندا دروست دەکەن، هەندێك لەم گۆڕانانە کاتیین، هەندێکی تریان تەواو جێگیر دەبن و سەرئەنجام دەچنە ناو یاسا بنەڕەتییەکانی زمانەکەوە، ژمارەیەك لە گۆڕانە دەنگییە مێژووییەکان لە گۆڕانە پێکهاتەییە کاتییەکانەوە پەیدابوون.[1] گۆڕانە پێکهاتەییەکانیش لە ڕێگەی چەند یاسایەکەوە دیاری دەکرێن. وەك(لێکچوونی دەنگ، لێکنەچوونی دەنگ، لە ناوچوونی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، دەنگگۆڕکێ ، جێگۆڕکێی دەنگ).

### ١-٣/٢) لێکچوونی دەنگ (گونجان) Assimilatoin:

مەبەست لەم دیاردەیە لێکچوون و نزیك بوونەوەی دوو دەنگە لە یەکتر بەوەی، کە یەکێك لەو دەنگانە کار لەویتر دەکات و بەشێك یان هەموو سیما تایبەتییەکانی خۆی بەو دەنگەی تر دەبەخشێت. لێرەدا دەنگێك دەگۆڕێت بۆ دەنگێکی تر لە ژێر کاریگەری دەنگەکانی دراوسێدا، هەندێك جار دەنگەکەی پێشەوە دەگۆڕێت و هەندێك جار دەنگەکەی دواوە.[2] یاخود گۆڕانی فۆنێمە جیاوازەکانە بۆ فۆنێمی لێکچوو بە لێکچوونێکی تەواو یان ناتەواو.[3] وشەی (assimilatoin) ی لاتینی خۆی دەتوانێت ببێتە نموونەی لێکچوواندن. ئەم وشەیە لە :(assimilis) – (لێکیان

(١)مالمبرك (١٩٨٥: ٢٥٥).

(٢)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١١).

(٣)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٣٧٨).

دەچـوێنم ، یـەکیان دەخـەم) ەوە دروسـت کـراوە. ئـەم کـرداره لـه پێشـگری(as≤ad) و کـرداری (simulo) پێکهـاتووە. ئەگـەر لەگـەڵ (assimilis) (لـێ چـوو)دا بـەراوردی بکـەین، دەبیـنین لـە دروسـتبوونیدا پێشـگری (-ad)؛ (adsimilis) هەیـە. کۆنسـۆنانتی (d)ی پێشـگر بـە کاریگـەری هەڵمەتی دەنگی (s) ئاوازدارێتی و کۆسپەکی لە دەست دەدات.[١]

مەبەست لـە لێکچوون ئاسان کردنی درکاندنـە. هـەروەها هۆکاری ڕوودانی ئـەم دیاردەیـە بەگشتی دەگەرێتەوە بۆ بارودۆخی دوان.[٢] پرسیار لێرەدا ئەوەیە : کام دەنگەیان کار لەوی تریان دەکات ؟ وەڵام: ئـەو دەنگەی، کـە خاوەن پێگەیـەکی دەنگی بـەهێزە، پێگەی بـەهێز مـەرجی سـەرەکی یـە بـۆ کاریگەرییەکە. مەبەستیشمان لە پێگەی دەنگی بەهێز: ئەوەیـە، کـە دەنگەکـە خـاوەنی تایبـەتی یـەکی دەنگی بەهێز بێت کە شیاوی توانەوە نـەبێت، لەبـەر ئـەوەی دەنگێکی درێـژە، یـان دەنگی پێشـەوەی دەنگێکی بێهزە و شیاوی توانەوەیە، لەبەر ئەوە دەبێتـە ڕێگـر لـە توانـەوەی دەنگەکـەی دوای خـۆی و زیاتر پێگەکەی بەهێز دەکات، بەمەش دەنگـە بەهێزەکـە کاریگـەری خـۆی لەسـەر دەنگەکـەی تـر جـێ دەهێڵێت و دەیگۆڕێت یـان لـە خـۆی نزیکی دەکاتـەوە.[٣] لێکچوونی دەنگیش لـە چـەند ڕوویەکـەوە دابەش دەکرێت:

### ٢/٣-١-١)لێکچوون لە ڕووی ئاراستەی کارتێکردنەوە:

لێکچوون لە ڕووی ئاراستەی کارتێکردنەوە دەبێت بە دوو جۆرەوە، یان دوو جۆر لێکچوواندن یـان دوو جۆر کارتێکردن دیاری دەکرێت.

ا- لێکچوونی پێشڕەوی:

لەم جۆرە لێکچوونەدا دەنگی یەکەم کار لـە دەنگی دووەم دەکـات. ئاراسـتەی کاریگەرییەکـە لەگـەڵ ئاراسـتەی ئاخاوتنـدا یـەك دەگرێتـەوە بـەم شـێوەیە : (١) ــــ←(٢) ــــ←(٣) ...تـاد. واتـە لـە حاڵـەتی لێکچوونی پێشڕەویدا قورسایی هەڵمـەت لـە کۆنسونانتی پێشـەوە بـۆ کشانەوەی ئـەو کۆنسـۆنانتەی بەدوایدا دێت ڕوودەدات.[٤] وەك:

شەمبە ←——— شەممە

باڵتە ←——— باڵطە

زەنبیلە ←——— زەمبیلە

---

(١)میدیا (١٩٩٨: ٢٩٢).

(٢)محمد علی الخولی (١٩٩١: ١٦٢).

(٣)عبدالصبورشاهین (١٩٨٠: ٢٠٨).

(٤)میدیا (١٩٩٨: ٢٩٢).

ب- لێکچوونی پاشڕەوی:

ئـەو جـۆرە لێکچوونەیە، کـە تێیـدا دەنگـی دووەم کاریگـەری لەسـەر دەنگـی یەکـەم جێـدەهێڵێت. ئاراسـتەی جووڵـەی کاریگەرییەکـەش بـەم شـێوەیە : (٢) ←—— (١) لـە کاتێکـدا ئاراسـتەی ئاخـاوتن پێچەوانەی ئاراستەی ئەم کارتێکردنەیە.[1] وەك:

ڕژان ←—— ڕشتن

ناردتان ←—— نارتتان

دەس+ گیر ←—— دەزگیر

لـە زمـانی کـوردی و شـێوەزاری گەرمیانیشـدا لێکچـوونی پاشـڕەوی زیـاتر ڕوودەدات تـا لێکچـوونی پێشڕەوی.

## ٢-١-٣/٢)لێکچوون بەپێی پلەی کاریگەری:

لێکچوون گۆڕانی دەنگێکە تا وەکو لە گەڵ دەنگێکی دراوسێیدا لێـك بچێت. لێکچوونیش دەکرێـت ناتـەواو بێـت وەکـو: لـە وشـەی (improbable)دا بـەدی دەکرێـت کـە لـە (in +probable) پێـك هاتووە ، لەو لێکدانەدا دەنگی (n) گۆڕاوە بۆ دەنگی (m) تـاوەکو لەگـەڵ دەنگـی (p)دا لـە ڕووی لێـوی یەوە بگونجێت. لە لایەکی ترەوە دەکرێت لێکچوونەکە تـەواو بێـت. وەك لـە وشـەی (illegal) بـەدی دەکرێت، کە لە (in + legal) پێك هاتووە و تێیدا دەنگی (n) گۆڕاوە بۆ دەنگـی (l) تـاوەکو لـە گـەڵ دەنگی (l)، کە بەدوایدا هاتووە بە تـەواوی لێـك بچێت.[2] بـەم شـێوەیە لـە ڕووی پلـەی کاریگەرییـەوە دوو جۆر لێکچوون دیاری کراوە:

ا- لێکچوونی تەواو : دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی بەتەواوی لە دەنگێکی تر بچێت.[3] واتـە گـەر دەنگـە کارتێکراوەکە گۆڕاو بەتەواوی وەکو دەنگـە کارتێکردووەکـەی لێهات، ئـەوکات لێکچوونەکە لێکچوونی تەواوە. بۆ نموونە:

خواردتان ←——خوارتتان

شەمبە ←——شەممە

---

(١)عبدالصبورشاهين (١٩٨٠: ٢٠٩).

(٢)محمد علی الخولی (١٩٩١: ٢٤).

(٣)محمد علی الخولی (١٩٩٠: ٢٢٠).

لەم جۆرە نموونـەدا بۆمـان دەردەکـەوێت دەنگـی (د) کـە دەنگێکـی گـڕە بەکاریگـەری دەنگـی (ت)، کـە دەنگێکی کپە لە درکاندندا وەکو دەنگێکی کپ دەدرکێنرێت گۆڕاوە بۆ دەنگی (ت) کە کـاری تێکـردووە. واتـە دەنگـە کارتێکراوەکـە بەتـەواوی وەکـو دەنگـە کارتێکردووەکـەی لێهـاتووە. هـەروەها لـە نموونـەی دووەمدا دەنگی (م)یش کاری کردۆتە سەر دەنگی (ب)و وەکو خۆی لێ کردووە.

ب- لێکچوونی ناتەواو: بەشێك یان سیفەتێك لە دەنگێك دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجانێـك لـە گـەڵ دەنگێکی تـردا پەیـدا بکـات.[1] بەواتایـەکی تـر گـەر کـارتێکردنی دەنگـە کارتێکردووەکـە لەسـەر دەنگـە کارتێکراوەکە بەرادەیەك نەبێت بیگۆڕێت و وەکو خـۆی لـێ بکـات، ئـەوکات لێکچوونەکە لێکچوونێکی ناتەواوە. واتـە گۆڕانەکـە هـەموو سـیفەتی دەنگەکـە ناگرێتـەوە، بـەڵکو تـەنیا لـە سـیفەتێکدا لـە گـەڵ دەنگـە کارتێکـردووەکـەدا یـەك دەگرنـەوە، وەك سـیفەتی قەڵـەوی، یـان گـڕی، یـان کپـی ...تـاد.[2] بـۆ نموونە:

مس + گەر ⟵ مزگەر

ڕۆژ+ تان ⟵ ڕۆشتان (ڕۆشتان باش)

لەم نموونەی سەرەوەدا دەنگی (س)، کە دەنگێکی کپە بەکاریگەی دەنگی (گ) کە دەنگێکی گڕە گۆڕاوە بە دەنگی (ز) کە دەنگێکی گـڕە، واتـە دەنگـە کارتێکردووەکـە(گ) تـەنیا سیفەتی گـڕی بەخشیوە بـە دەنگە کارتێکراوەکە (س) وەك خـۆی لـێ نـەکردووە، بـەڵکو بـە پێـدانی سـیفەتی گـڕی گۆڕیویـەتی بـۆ دەنگێکـی تـر کـە دەنگـی (ز)ە. بـە پیچـەوانەوە لـە نموونـەی دووەمـدا دەنگـی (ژ) کـە دەنگێکـی گـڕە بەکاریگەری دەنگی (ت) دەبێت بە دەنگی (ش) کە دەنگێکی کپە.

لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانانەی دەنگی کارتێکردوو لەسەر دەنگی کارتێکراو هەیەتی، لێکچوونی ناتـەواو دەبێتە چەند جۆریکەوە .

١- لێکچوونی دەنگ لە ڕووی گڕییەوە:

لەگەڵێك زماندا، هەروەها لە زمانی کوردیدا، ئەگەر لە دوای دەنگێکی کپـەوە دەنگێکـی گـڕ بێـت ، ئەوسـا دەنگـە گڕەکـە کـار دەکاتـە سـەر دەنگـە کپەکـەی بـەردەمی و وەکـو خـۆی دەیکاتـە گـڕ– واتـە دەیهێنێتە ڕیزی ئـەو پۆلـە دەنگانـەی، کـە خـۆی یەکێکـە لێیـان. جـا بەشـێوەیەکی کـەم و سست، ئـەم

---

(١)محمد علی الخولی (١٩٩٠: ٢٢٠).

(٢)تالیب حسین (١٩٨٩: ٥٢).

ڕووداوە لە فۆنەتیکی زمانی کوردیدا دەبینرێت ، بەتایبەتی ئەگەر لە پاش دەنگی (س)ەوە دەنگی (گ ، ب، ..) هەبێت.[1] هۆی گۆڕانی دەنگی کپ بە گڕ، بۆ ئەوەیە، کە لەگەڵ دەنگێکی تردا بگونجێت لە سیفەتی گڕیدا.[2] ئەم گۆڕانەش لە ئەنجامی پەیدابوونی ژینگەیەکی دەنگی کت و پڕدا دێتە کایەوە کە لە پاش دەنگە گۆڕاوەکەدا دەردەکەوێت، هەروەها ئەم گۆڕانەش بەتایبەتی لەو دەنگانەدا ڕوودەدات، کە هەر دەنگێك بەرانبەری خۆی هەبێت لە گڕی و کپی دەنگدا.[3] وەك:

دەست + گا ⟵ دەزگا

چەك + دار ⟵ چەگدار

برك+ دان ⟵ برگدان

کوشتن ⟵ ئەکوژێت

گرتن ⟵ گردن

جاجك ⟵ جاجگ

٢- لێکچوونی دەنگ لە ڕووی کپیەوە:

لە زۆر زماندا، هەروەها لە زمانی کوردیدا ئەگەر لە دوای دەنگێکی گڕەوە دەنگێکی کپ بێت، ئەوسا دەنگە کپەکە کار دەکاتە سەر دەنگە گڕەکەی بەردەمی خۆی وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ – واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان. جا بەشێوەیەکی کەم و سست، ئەم ڕووداوە لە فۆنەتیکی زمانی کوردیدا دەبینرێت، بەتایبەتی ئەگەر لە پاش دەنگی (ز) و (ژ) ەوە دەنگی (ت) هەبێت.[4] گۆڕانی دەنگی گڕ بە دەنگی کپیش، بەمەبەستی گونجانە لە گەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی کپیدا. وەك:

نوێژ + تان ⟵ نوێشتان کرد

سەد + پێ ⟵ سەت پێ

کز+ تر ⟵ کستر

چی + بکەم ⟵ چیپکەم

---

(١)ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ٥٨).

(٢)محمد علی الخولی (١٩٩٠: ٢٢٠).

(٣)تالیب حسین، (١٩٨٩: ٥٢).

(٤)ئەرەحمانی حاجی مارف (١٩٧٦: ٥٧).

٣- لێکچوونی دەنگ لە ڕووی قەڵەوییەوە:

قەڵەوبوونی دەنگ سیفەتێکی دەنگییە لە ئەنجامی بەرزبوونەوەی کۆتایی زمان و گەڕانەوەی بۆ دیواری پشتەوەی قوڕگ دێتە ئاراوە.[١] قەڵەوبوونی دەنگ دوولایەنی هەیە: لایەنێکیان ئەندامییە، کە ئەویش شوێنگەی زمانە لە زاردا، لایەنێکی تریان بیسراوی (سماعي) یە، کە خاوەنی خاسیەتێکی دیارە. بەم شێوە دەنگی قەڵەو دەکرێت دوو شوێنگەی لە ڕووی درکاندنەوە بۆ دیاری بکرێت، شوێنگەی درکاندنی بنەڕەتی خۆی لە پاڵ شوێنگەکەی تری کە باری زمانە لە کاتی درکاندنی ئەو دەنگەدا.[٢] لێکچوونی دەنگیش لە ڕووی قەڵەوییەوە، بریتییە لە گۆڕانی دەنگی سووک بە دەنگی قەڵەو بە مەبەستی گونجان لە گەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی قەڵەویدا.[٣] وەك:

گاڵتە ←—— گاڵطە

سەگ ←—— صەگ

سەوزە ←—— صەوزە

شەڵتە ←—— شەڵطە

تەڕ ←—— طە ڕ

سڕ ←—— صڕ

تەڵە ←—— طەڵە

سەنیا ←—— صەنیا

تاوسان ←—— طاوسان

تاڵ ←—— طاڵ

لە هەندێك وشەدا هەست بە قەڵەوبوونی دەنگ دەکرێت لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا دەنگەکە لەو وشانەدا قەڵەو ناکرێن . وەك:

| شێوەزاری گەرمیان | شێوەزاری سلێمانی |
|---|---|
| تایە | طایە |
| تەمەڵ | طەمەڵ |
| توند | طوند |

(١)غانم قدوری الحمد (٢٠٠٢: ٢٢١).

(٢)کمال بشر(٢٠٠٠: ٣٩٤).

(٣)محمد علی الخولی(١٩٩٠: ٢٢٠).

٤- لێکچوون لە ڕووی لێوخڕبوونەوە:

بەواتا ئەو دەنگە کۆنسونانتانەی، کە لێو خڕبوونیان لەگەڵدا نییە، درکاندنیان دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی بگونجێن لەگەڵ دەنگێکی تردا لە سیفەتی لێو خڕبوونەوەدا بەتایبەتی کاتێك، کە دەنگە گۆڕاوەکە (کارتێکراوەکە) پێش دەنگی (و، وو ، ۆ) بکەوێت.[1]

قووڵ سوور دوور

کورد کوڕ کون

شۆرد بۆر کۆم

٥- لێکچوون لە ڕووی سازگەوە :

بریتی یە لە گۆڕانی سازگەی دەنگێك بۆ ئەوەی لە سازگەی دەنگێکی تر نزیك بێتەوە، یان بەمەبەستی گونجانی سازگەی دوو دەنگی دراوسێ.[2] دوو جۆر گۆڕانی سازگەی دەنگیش هەیە:

ا/ پێش خستن یان دواخستنی دەنگ لە هەمان سازگەدا ، بەکارتێکردنی دەنگێکی تر. بۆ نموونە:-
پێش خستنی سازگەی (ك)و(گ) کاتێك دەکەوێتە پێش (ێ) یان (ی) وەك لە وشەکانی (کیم ، کێ ، گێسك ، گێل ). یان دواخستنی سازگەی دەنگی (ك) کاتێك دەکەوێتە پێش دەنگەکانی (و، وو، ۆ). وەك: لە وشەکانی (کورد ، کووڕ ، کۆن).

ب/گونجانی سازگەی دوو دەنگ لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگی دەوروبەر، سازگەی دەنگە کارتێکراوەکە دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی بەتەواوی لە گەڵ یەکتردا بگونجێن لە ڕووی سازگەوە.[3] بۆ نموونە: گۆڕانی دەنگی (ن) بە دەنگی (م)ی لێوی بەکارتێکردنی دەنگی (ب)ی لێوی وەك لە وشەی (بەرانبەر ـــ بەرامبەر)دا دەبێنرێت .

## ٣/٢-١-٣)لێکچوون لە ڕوانگەی کۆنسونانت و ڤاوڵەوە:

جۆری کاریگەری لە دیاردەی لێکچووندا لە نێوان دەنگە جیاوازەکاندا ڕوو دەدات، واتە دەکرێت لێکچوونەکە لە نێوان کۆنسونانت و کۆنسونانت و ڤاوڵ و ڤاوڵ و کۆنسونانت و ڤاوڵ و ڤاوڵ و کۆنسونانتدا بێتە کایەوە.[4]

---

(١)تالیب حسین(١٩٨٩: ٥٥).

(٢)سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(٣)سەرچاوەی پێشوو، هەمان لاپەڕە.

(٤)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ٥١).

ا- لێکچوونی دەنگ بەکاریگەری کۆنسونانت لەسەر کۆنسونانت:

لەم جۆرە لێکچوونەدا کۆنسونانتێك کاریگەری لێکچوون لەسەر کۆنسونانتێکی تر دروست دەکات. وەك:

کرد + تـــان ←——— کرتتان

دەست + گیر ←——— دەزگیر

تەنبـــــەڵ ←——— تەمبەڵ/ تەمەڵ

بەرانبـــــەر ←——— بەرامبەر

ب- لێکچووونی دەنگ بەکاریگەری ڤاوڵ لەسەر ڤاوڵ :

مەبەست لەم جۆرە لێکچوونە، ئەوەیە کە لە وشەیەکدا ڤاوڵێك لە بڕگەیەکدا کار لەسەر ڤاوڵێکی تر دەکات لە بڕگەیەکی تراو وەکو خۆی لێ دەکات.[1] ئەم حاڵەتە لە زمانی کوردیدا بەدی ناکرێت.

پ- لێکچوونی دەنگ بەکاریگەری ڤاوڵ لەسەر کۆنسونانت:

لەم جۆرە لێکچوونەدا بەکاریگەری ڤاوڵێك دەنگێکی کۆنسونانت لە ڕووی گـڕی یان قەڵەوییەوە دەگۆڕێت. وەك:

مەڵاشوو ←——— مەڵاژوو

تەڕ ←——— طە ڕ

سەنیا ←——— صەنیا

تازە ←——— طازە

ت- لێکچوونی دەنگ بەکاریگەری کۆنسونانت لەسەر ڤاوڵ:

لەم جۆرە لێکچوونەدا دەنگێکی کۆنسونانت کاریگەری خۆی لەسەر دەنگێکی ڤاوڵ جێ دەهێڵێت. لە زمانی کوردیدا ئەم لێکچوونەمان نییە.

## ٢-٣/٢)لێکنەچوونی دەنگ(نەگونجان)Dissimilation:

دەنگێکی ئاخاوتن دەگۆڕێت تاوەکو لە گەڵ دەنگێکی دراوسێیدا جیاواز بێت.[2] واتە: پێچەوانەی لێکچوونە، چونکە لێکنەچوون ڕاستکردنەوەی دەنگێکە لە زنجیرەی ئاخاوتندا بەکاریگەری دەنگێکی

(١)احمد ابو محبوب (١٣٨٣: ٥٩-٦٠).

(٢)محمد علي الخولی (١٩٩١: ٧٧).

دراوسێ، بەڵام ڕاستکردنەوەیەکی پێچەوانەییەو دەبێتە هۆکاری زیاترکردنی جیاوازی نیوان ئەو دوو دەنگە. ئەم دیاردەیەش کەمتر ڕوودەدات بە بەراورد بە دیاردەی لێکچوون.[1] بەنموونە گۆڕینی دەنگی (ڕ) بۆ (ر) و هاتنە ناوەوەی دەنگی (د) لە وشەکانی (ناردن، کڕین، دڕین، سڕین) لەباری بکەر نادیاری لە شێوەزاری سلێمانیدا. وەك:

کڕ +ڕا ←کڕڕا ←کڕدرا    سڕ + ڕا ←سڕڕا ←سڕدرا

نێر+ ڕا ←نێرڕا ←نێردرا    دڕ + ڕا ←دڕڕا ← دڕدرا

ئەو حاڵەتەی سەرەوە لە شێوە زاری گەرمیاندا بەدی ناکرێت. دیاردەی لێکنەچوون بەشێوەیەکی گشتی لە پێکەوە هاتنی ڤاوڵەکانی زمانی کوردیدا دێتە ئاراوە. لە زمانی کوردیدا دوو یاخود پتر دەنگی ڤاوڵ لە پاڵ یەکدا ناتوانن ببن. لەبەر ئەوە زۆر جار لە نێوان دوو دەنگە ڤاوڵەکەدا نیمچە کۆنسونانتی(ی – y ، و – w) پەیدا دەبێت ، یاخود ڤاوڵێکیان تیا دەچێت. ئەم بارەش زیاتر لە کاتی سەربارکردنی ئەو مۆرفیمانەی، کە بە دەنگی ڤاوڵ دەست پێ دەکەن بۆ سەر وشە دێنە ئاراوە، وەکو بەکارهێنانی مۆرفیمی (ان) ی کۆ و (ەکە) ی ناسراوی لە گەڵ ناودا.

ا/پەیدابوونی نیمچە کۆنسونانت:

ماموٚستا + ی + ان = ماموٚستایان

برۆ + ی + ان = برۆیان

جێ + ی + ەکە = جێ یەکە

کانی + ی + ەکە = کانی یەکە

دەزوو + و + ەکە = دەزووەکە

پەموو + و + ەکە = پەمووەکە

ب/ تێچوونی ڤاوڵ :

دەرگا + ەکە = دەرگاکە

پەنجەرە + ەکە = پەنجەرەکە

چەقۆ + ەکە = چەقۆکە

کەواتە دەکرێت وا سەیری لێکچوون بکەین، کە ئامانج لێی ئاسانکردنی لایەنی گۆکردنە لە ڕێگەی ئاسانی درکاندنەوە، بێ ئەوەی زۆر بایەخ بەلایەنی واتا بدات، کە هەندێك جار بەهۆی نزیك بوونەوە

---

(١)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٣٨٤).

و لێکچوونی دەنگەکانەوە کاریگەر دەبێت. هەرچی لێکنەچوونە، ئەوە بە پێچەوانەوە ئامانجی ئاسان کردنی لایەنی واتایە لە ڕێگەی نەگونجانەوە لە نێوان دەنگەکاندا بێ ئەوەی بایەخ بەو گۆڕانە دەنگییە بدات، کە لە ئەنجامی دوورکەوتنەوە و نەگونجانەوەی ئەو دوو دەنگەوە کاریگەر دەبێت.[1]

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لە پێوەندی و سروشتی دەنگەکانی زمانی کوردی لە ڕووی گونجان و نەگونجانیانەوە لە گەڵ یەکتردا و شوێنیان لە چوارچێوەی مۆرفیم و وشەدا بڕوانین هەست بە جیاوازی ئەو پێوەندییە دەکەین لە نێوان دەنگەکاندا. بەوێنە دوو دەنگی (ل،ڵ) بە هیچ شێوەیەك ناکرێت بخرێنە پێش دەنگی (ر، ڕ)، یاخود بە پێچەوانەوە کورد (ر) لە پێش (ل) ەوە بەکارناهێنێت. هەروەها لە زمانی کوردیدا دەنگی (ڕ) و (ڵ) بە هیچ جۆرێك لە سەرەتای وشەدا بەکار ناهێنرێن. واتە چ دەنگێکی زمانی کوردی لە گەڵ دەنگێکی تری زمانی کوردیدا زیاتر بە یەکەوە دێن و دەگونجین بۆ ئەم مەبەستەش پێویستمان بە گەڕانێك بوو بە ناو یەکێك لە فەرهەنگەکانی زمانی کوردیدا تاوەکو لە ڕێگەی وشەکانی ئەو فەرهەنگەوە ئامارێکی وردو دروستمان دەست بکەوێت لەسەر پەیوەندی دەنگەکانی زمانی کوردی. لە ئەنجامی وردبوونەوەمان لەم باسە و بە وەرگرتنی وشەکانی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە وەکو نموونە. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە دەنگەکانی زمانی کوردی لە ڕووی نزیکی و دووری و گونجان و و نەگونجانیانەوە یان پێکەوە هاتن و پێکەوە نەهاتنیانەوە لە گەڵ یەکتر بەپێی ئەم خشتەی خوارەوە دەنگی (و) ڕادەی هاوڕێیەتی و نزیکایەتی لە گەڵ سەرجەم دەنگەکانی زمانی کوردیدا لە هەمووان زیاترە و لە گەڵ دەنگی (ك)دا لە (١٣٧٠)وشەدا هاتووە، دەنگی (ی) یش بە پلەی دووەم دێت لە ڕادەی بەکارهێنانی لە گەڵ سەرجەم دەنگەکاندا.بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

---

(١)احمد مختارعمر (١٩٩٧: ٣٨٦).

| دەنگ | زۆرترین ڕادەی نزیكایەتی | كەمترین ڕادەی نزیكایەتی |
|---|---|---|
| ا- | ی ـــــ ٣٠١ وشە | ج، ح، خ، د، ز، ر ـــــ نییە |
| ب- | ر ـــــ ٥٦٨ وشە | ع، ق ـــــ یەك وشە |
| پ- | ی ـــــ ٦١١ وشە | ب، ج، ح، چ، ڤ، ق، م ـــــ نییە |
| ت- | ی ـــــ ٣٧٧ وشە | ك، ت،ج، چ، د، ع، غ،ق، ی، ح ـــــ نییە |
| ج- | و ـــــ ٢٤٨ وشە | پ ـــــ نییە |
| چ- | و ـــــ ٥٠٣ وشە | ح ـــــ نییە |
| ح- | و ـــــ ٦٥ وشە | ب، ژ، گ، د، ك، ق ـــــ نییە |
| خ- | و ـــــ ٧٨٩ وشە | ب، خ، ح، ڤ، ق، ھ ـــــ نییە |
| د- | و ـــــ ٣١٦ وشە | ع، ح ـــــ نییە |
| ر- | و ـــــ ٦٤٠ وشە | ی، ك ـــــ نییە |
| ز- | و ـــــ ٣٨٧ وشە | ح، ز، ژ، ع ـــــ نییە |
| ژ- | ی ـــــ ٣١٤ وشە | ت، س، ش، ف، ك، گ ـــــ نییە |
| س | و ـــــ ٦٢٦ وشە | ش ـــــ نییە |
| ش | و ـــــ ٤٤٨ وشە | چ ـــــ یەك وشە |
| ع- | ل ـــــ ٣٩ وشە | ب، پ، ت، چ، ح، خ، د، ز، ژ، ش ـ نییە |
| ف- | ر ـــــ ١٨٧ وشە | ب، پ، خ، ڤ، ق، گ ـــــ نییە |
| ك- | و ـــــ ١٣٧٠ وشە | ق، ع ـــــ نییە |
| گ- | و ـــــ، ١٣٣٩ وشە | ك ـــــ نییە |
| ل- | ی ـــــ ٣٧٥ وشە | ح، ج، غ، ك ـــــ نییە |
| م- | ل ـــــ ٦٠١ وشە | پ ـــــ سێ وشە |
| ن- | و ـــــ ٨٠٢ وشە | غ ـــــ یەك وشە |
| ھ- | ل ـــــ ١٣٢٣ وشە | ح، خ، ع، غ ـــــ نییە |
| و- | ر ـــــ ٢٢٥ وشە | ف، ڤ، ع ـــــ یەك وشە بۆ ھەریەكەیان |
| ی | ك ـــــ ١٥٨ وشە | ب، پ، ت، ج، ح ، س، ف، ڤ، ق، گ، و، ھ، ك ـــ نییە |

**خشتەی (٣)**

### ٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ (Elision):

بریتی یە لە لەناوچوونی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا بەمەبەستی ئاسانکردنی دەربڕین.[1] ئەم دیاردەیەش بەهۆی ژینگەی جیاوازی دەنگییەوە یان بەهۆکاری مێژوویی و زارەکییەوە دێتە کایەوە. واتە زۆرجار یەکەیەکی دەنگی لە کاتی ئاخاوتندا و لە ژێر کارتێکردنی چەند هۆکارێکی تایبەتیدا تووشی لە ناوچوون دەبێت.

#### ١-٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ بەهۆی ژینگەی دەنگییەوە لە تەنیا زمانێك یان زارێك یان شێوەزارێکدا:

هەندێك جار دەنگێك لە سەرەتای وشەدا تووشی لە ناوچوون دەبێت بۆ ئاسانی دەربڕین یان دەم گرتنەوە، یان لە ئەنجامی لێکدانی مۆرفیمەکان لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا ، ژینگەی دەنگی جیاواز دروست دەبێت و دەبێتە مایەی لەناوچوونی دەنگێك یان زیاتر ، ئەم لەناوچوونەش لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا ڕوودەدات، دەکرێت لەناوچوونیش بە هۆی ژینگەی دەنگی بە کرتاندنی دەنگی ناو ببەین.

**١-١-٣-٣/٢) کرتاندن لە سەرەتای وشەدا:** لەم گۆڕانەدا دەنگێك لەسەرەتای وشەدا دەکرتێنرێت، بۆ ئاسانی دەربڕین یان دەم گرتنەوە. وەك:

| وشە | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|
| هۆشیار | وشیار | وشیار |
| ددان | دان | دگان |

**٢-١-٣-٣/٢)کرتاندن لە ناوەڕاستی وشەدا:** لەم گۆڕانەدا دەنگێك لە ناوەڕاستی وشەدا تووشی کرتاندن دەبێت، لە ئەنجامی لێکدانی دوو مۆرفیم .

ا- کرتاندنی دەنگی(ب):

١- لە کرداری ڕێژەی فەرمانی و مەرجیدا لە فۆرمی داڕژاو و لێکدراودا. وەك:

| ڕستە | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|
| هەڵبگرە | هەلگرە | هەلگرە |
| ڕابگرە | ڕاگرە | ڕاگرە |

---

(١)محمد علي الخولي (١٩٩٠: ٢٢١).

| | | |
|---|---|---|
| دروست بكه | دروست كه | دروست كه |
| كۆی بكەرەوە | كۆی كەرەوە | گردی كەرەوە |

٢- لە كرداری ڕێژەی فەرمانی و مەرجی كرداری (بوون)دا و لە چوارچێوەی ڕستەدا لە هەردوو شێوازەكەدا. بڕوانە(١).

١)ا- دڵسوزی گەلی كورد ببـــــــــــە. ⟵ دڵسۆزی گەلی كورد بە.

ب- پێویستە دڵسۆزی گەلی كورد ببیت. ⟵ پێویستە دڵسۆزی گەلی كورد بیت.

٣- لە كرداری مەرجیدا لەم بارانەی خوارەوەدا (ب) تووشی كرتان دەبێت لە هەردوو شێوەزارەكەدا. وەك:

| | |
|---|---|
| بمكردبایە | بمكردایە |
| بچووبامایە | بچوومایە |

هەروەها لە باری نەرێدا (ب) ی سەرتای كرداری ڕێژەی مەرجی و فەرمانی دەكرتێت لە هەردوو شێوەزارەكەدا. وەك:

| | |
|---|---|
| بمكردایە | نەم كردایە |
| بهاتمایە | نەهاتمایە |
| بخوێنم | نەخوێنم |
| بنووسە | مەنووسە |

٤- كرتاندنی دەنگی (ب) ی پریپۆزیشنی (بە) لەلێكدانی (كرداری دا+ جێناوی لكاو + بە + كێ)دا. وەك:

| | |
|---|---|
| دام + بە + كێ | دامە كێ |
| داتان+ بە + كێ | داتانەكێ |

ب/كرتاندنی دەنگی (ك):

١- كاتێك دوو دەنگی (ك) لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەكەونە پاڵ یەك و دووبارە دەبنەوە، ئەوە یەكێكیان دەكرتێت. لە شێوە زاری سلێمانی و گەرمیانیشدا وەك یەك بەدی دەكرێت. وەك:

| | |
|---|---|
| پاك + كردنەوە | پاكردنەوە |
| ڕێك + كەوتن | ڕێكەوتن |

٢- دەنگی (ك) لەم بارانەی تریشدا لە ناوەڕاستی وشەدا دەکرتێت، بەڵام بە جیاوازی لە نێوان هەردوو شێوەزارەکەدا. وەك:

| ش.گ | ش.س | وشە |
|---|---|---|
| چاکتر | چاتر | چاك + تر |
| چاك بوون | چابوون | چاك + بوون |
| پاکۆبوون | پابوونەوە | پاك+ بوونەوە |
| کا ئازاد | کاك ئازاد | کاك + ئازاد |

پ/کرتاندنی دەنگی (ت):

١- کاتێك دوو دەنگی (ت) لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەکەونە پاڵ یەك و دووبارە دەبنەوە، ئەوە یەکێکیان دەکرتێت. لە شێوە زاری سلێمانی و گەرمیانیشدا هەمان شتە. وەك:

| | |
|---|---|
| خەستر | خەست + تر |
| کورتر | کورت + تر |

هەروەها دەنگی (ت) لە لێکدانی ئەم فۆرمانەی خوارەوەشدا دەکرتێنرێت. وەك:

| س.گ | ش.س | وشە |
|---|---|---|
| دەسڕ | دەسەسڕ | دەستە سڕ |
| حەوسەت | حەوسە | حەوت سەد |
| (دەزگیر) | دەسگر(دەزگر) | دەستگر |
| دەسماڵ | دەسماڵ | دەستماڵ |
| دەسە | دەسە | دەستە |
| سەراپا | سەراپا | سەرتاپا |

هەندێك جار لە شێوەزاری گەرمیاندا دەنگی (ت) لە هەندێك وشەدا تووشی کرتاندن دەبێت، بەڵام لە شێوەزاری سلێمانیدا ناکرتێت. وەك:

| ش.گ | ش.س | وشە |
|---|---|---|
| کوردسان | کوردستان | کوردستان |

| | | |
|---|---|---|
| وەستا | وەستا | وەسا |
| کەرەستە | کەرەستە | کەرەسە |
| بیبەستن | بیبەستن | بیبەسن |
| ماست + ئاو | ماستاو | ماساو |

ت/کرتاندنی دەنگی(د):

ئەم کرتاندنە لە شێوە زاری سلێمانی و گەرمیانیشدا باوە. وەك:

| | |
|---|---|
| مندالّ | منالّ |
| بەئاسماندا | بەئاسمانا |
| بەسەرمدا | بەسەرما |
| خودا | خوا |
| بەغداد | بەغا |
| زیادتر | زیاتر |
| زیادکردن | زیاکردن |
| بلّندکردن | بلّنکردن |
| زامدار | زامار |

هەندێك جار لە شێوەزاری گەرمیانـدا دەنگی (د) بـە پێچـەوانەی شـێوەزاری سـلێمانییەوە تووشـی کرتاندن نابێت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| حەڤە | حەڤدە |
| ڤۆنەرە | ڤۆندەرە |

بە پێچەوانەوە کرتاندنی دەنگی (د) لە شێوەزاری گەرمیاندا لەو کردارانـەی کـە کۆتاییـان بـە (-انـدن) هاتووە، زیاتر کارایە. وەك:

| | |
|---|---|
| برژاندن | برژانن |
| قیژاندن | قیژانن |
| لەراندن | لەرانن |
| سووتاندن | سووتانن |

هەندێك جار دەنگی (د) لە شێوەزاری سلێمانیدا دەگۆڕێت بە دەنگی (ی) لە گەڵ کرداردا، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا بەر ئەم گۆڕانە ناکەوێت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| لایان | لادان |
| پێیان | پێدان |
| لێیان | لێدان |

ج/کرتاندنی دەنگی (ﻫ):

ئەم کرتاندنەش لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیانیشدا وەك یەك بوونیان هەیە. وەك:

| | |
|---|---|
| خۆرهەتاو | خورەتاو |
| هەڵهاتە | هەڵاتە |

چ/کرتاندنی دەنگی (ئـ -همزە) لە ناوەڕاستی وشەی لێکدراو لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا. وەك:

| | |
|---|---|
| نوك + ئاو | نۆکاو |
| ماست + ئاو | ماستاو |
| بەفر+ ئاو | بەفراو |
| سڵق + ئاو | زڵقاو |
| ترش+ ئاو | ترشاو |

ح/کرتاندنی بڕگەی (ئە) لەپێکهاتەی وشەی نیشانە لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا. وەك:

| | |
|---|---|
| لە+ ئەم + بەر | لەمبەر |
| لە+ ئەم+ ە | لەمە |
| لە+ ئەو+ ە | لەوە |
| لە+ ئەو+ رە | لەورە |
| لە + ئەی + رە | لەیرە |
| لە + ئەم + رە | لەمرە |
| بە + ئەم + ە | بەمە |
| بە + ئەو + ە | بەوە |

خ/كرتاندنی دەنگی (ە):

لە كاتی كۆكردنەوە یاخود ناسراوكردنی ناودا دەنگی (ە) لە ناوەكەدا یان لە مۆرفیمی ناسراوێكەدا دەكرتێت. هۆكاری ئەم گۆڕانەش بەیەكگەیشتنی دوو ڤاوڵە ، لەم بارەدا ڤاوڵە بەهێزەكەیان دەمێنێتەوە و ڤاوڵە بێهێزەكەیان دەكرتێت. وەك:

| | |
|---|---|
| پەنجەرە + ان | پەنجەران |
| بەڕە + ان | بەڕان |
| دەرگا + ەكە | دەرگاكە |
| چەقۆ + ەكە | چەقۆكە |
| دێ +ەكە + ان | دێكان |

هەروەها لەو كردارانەی كە ڕەگەكەیان بە دەنگی (ە) كۆتای دێت. لە باری كرداری رانەبردووی ڕێژەی هەواڵی و مەرجیدا بۆ كەسی سێیەمی تاك، یان لە كرداری ڕێژەی فەرمانی تاكدا (ە) كەی تووشی كرتان دەبێت. وەك:

| | |
|---|---|
| ئە/بـ + كە + ات | ئەكات /بكات |
| ئە/بـ + خە + ات | ئەخات /بخات |
| بـ + بە + ە | ببە |

۳/۲-۳-۱-۳)كرتاندن لە كۆتایی وشەدا: لەم كرتانەشدا دەنگێك یان زیاتر دەكرتێت، بەمەبەستی ئاسانی دەربڕین، یاخود لە ئەنجامی لێكدانی مۆرفیمەكان و دروست بوونی ژینگەی دەنگی جیاوازەوە دێتە ئاراوە.

۱- كرتاندنی دەنگی (ت):

ا- لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیانیشدا دەنگی (ت)لە كۆتایی وشەدا، گەر دەنگی (س) پێشی كەوت، ئەوە تووشی كرتان دەبێت. وەك:

| | |
|---|---|
| دەست | دەس |
| مەست | مەس |
| بەربەست | بەربەس |

دەنگی (ت) هەندێك جار لە شێوەزاری سلێمانیدا ناکرتێت یان بە پێچەوانەوە لە شێوەزاری گەرمیاندا ناکرتێت. وەك:

| وشە | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|
| ڕاست | ڕاست | ڕاس |
| خەست | خەست | خەس |
| ماست | ماست | ماس |
| نەوەت | نەوە | نەوەت |

ب- دەنگی (ت) لە کۆتایی فۆرمی جێناوی لکاودا بۆ کەسی دووەم یان سێیەمی تاك (یت، ێت/ات) تووشی کرتاندن دەبێت لە گەڵ کرداری ڕێژەی هەواڵی و مەرجیدا. وەك:

| هاتیت | هاتی |
|---|---|
| دەخوێنێت | دەخوێنێ |
| دەخوات | دەخوا |
| بچیت | بچی |
| بچێت | بچێ |
| بڕوات | بڕوا |

٢- کرتاندنی دەنگی (ك):

لە مۆرفیمی نەناسراوی (ێك)و (یەك)دا دەنگی (ك) تووشی کرتان دەبێت. وەك:

| کوڕ+ ێك | کوڕێ |
|---|---|
| خوێندکار+ ێك | خوێندکارێ |
| وشە +یەك | وشەیە |
| گەزۆ + یەك | گەزۆیە |

٣- کرتاندنی دەنگی(د):

دەنگی (د) لە پاش دەنگی (ن) لە کۆتایی هەندێك وشەدا لە شێوەزاری گەرمیاندا تووشی کرتان دەبێت، بەڵام لە شێوەزاری سلێمانیدا (ند) شێوەی درکاندنی (نگ) وەردەگرێت. وەك:

| وشە | ش.س | ش.گ |
| --- | --- | --- |
| چەند | چەنگ | چەن |
| پەند | پەنگ | پەن |
| دەربەند | دەربەنگ | دەربەن |

### ٢-٣-٣/٢)لەناوچوونی دەنگ بەهۆکاری مێژوویی یان زارەکی:

لە ئەنجامی بەراورد کردنی دوو زاری زمانێك یان دوو شێوە زاری زمانێك هەست بە لەناوچوونی دەنگێك یان زیاتر دەکەین لە چوارچێوەی مۆرفێم و وشەدا. هەرچەندە هۆکاری ئەم لەناوچوونە دەنگییە بە ڕوونی دیار نییە، بەڵام لەوانەشە بۆ ئاسانی درکاندن و دەم گرتنەوە بێت. ئەم دیاردەیەش دەکرێت بە سووانی دەنگی ناوبرێت.

١- سووانی (ئە)[١] لە هەندێك وشەدا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| ئەبرۆ | برۆ |
| ئەسپێ | سپێ |

٢- سووانی دەنگی (ب) لە کرداری (بوون)دا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| نەبوو | نەوو |
| ئەو بوو | ئەو وو |
| شیرین بوو | شیرینوو |
| هاتبوو | هاتوو |

٣- سوانی دەنگی (د) کاتێك دەکەوێتە نێوان دەنگی (ن) و (وو). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| ماندوو | مانوو |
| کەندوو | کەنوو |

---

(١)ئەم دیاردەیە دەنگییە لە زاری باشوور(لوڕی) و کرمانجی سەرووشدا دەبینرێت.

٤- سووانی دەنگی (ك) لە هەندێك وشەی بانگكردندا. وەك:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| دایە | دایكە |
| باوە | باوكە |

٥-سووانی دەنگی (ە) لە هەندێك وشەدا. وەك:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| گڵا | گەڵا |
| بڵا | بەڵا |
| مارمیلك | مارمیلكە |
| ناوك | ناوكە |
| گوێچك | گوێچكە |

٦- سووانی دەنگی (ش، ت)بەدوای یەكدا لە كرداردا. وەك:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| ڕۆیین | ڕۆیشتن |
| گەیین | گەیشتن |
| نان | ناشتن |

٧- سووانی دەنگی (گ). وەك:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| ڕۆزار | ڕۆژگار |
| شەوار | شەوگار |

٨-سووانی دەنگی (ك) لە ناوی خێزانی وشەی لێكدراودا. وەك:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| خۆیشك+ زا = خۆیزا | خوشكەزا |
| میمك+ زا = میمزا | پوورزا |

## ٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ(Linking):

هەندێك جار لە ئەنجامی كۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێكی نوێ دێتە كایەوە بۆ جیاكردنەوەی ڤاوڵەكان. زۆربەی جار دەنگێك پێش بینی دەكرێت (هۆیەكی فۆنەتیكی دەدۆزینەوە بۆ لێكدانەوەی)، بەڵام جاری واش هەیە كە هۆیەكی فۆنەتیكی وامان نییە دیاردەكەمان بۆ لێكداتەوە.(١) واتە، یان هۆكاری پەیدابوونی دەنگەكە فۆنەتیكی یە، یان هۆكارەكەی مێژوویی و زارەكی یە.

### ١-٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ بە هۆكاری فۆنەتیكی:

لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنی دوو ڤاوڵ لە چوارچێوەی لێكدانی مۆرفیمەكاندا دەنگێكی نوێ دێتە ئاراوە، تاوەكو هێشووە ڤاوڵ دروست نەبێت.(٢)

١- پەیدابوونی دەنگی (ی-y)نیمچە كۆنسونانت:

ا- لە كاتی لێكدانی ناو و مۆرفیمی (ەكە)ی ناسراویدا. وەك:

| وشە | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|
| با + ەكە | بایەكە | باكە |
| دێ + ەكە | دێیەكە | دێكە |
| دۆ+ ەكە | دۆیەكە | دۆكە |
| كانی | كانییەكە | كانێكە |

ب- پەیدابوونی دەنگی (ی-y)نیمچە كۆنسونانت لە كاتی لێكدانی ناو و مۆرفیمی (ان)ی كۆدا. وەك:

| | |
|---|---|
| برا + ان | برایان |
| گەزۆ +ان | گەزۆیان |
| مێ + ان | مێیان |
| یاری + ان | یارییان |

(١)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١١٦- ١١٧).

(٢)لە شێوەزاری گەرمیاندا زیاتر حاڵەتی كرتاندنی (ە) ی (ەكە) ڕوودەدات، تا زیادكردنی دەنگێ (ی) لە نێوان ناوەكە و مۆرفیمەكەدا پەیدا ببێت، لە هەندێك باریشدا دەنگی (ێ) پەیدا دەبێت.

پ- پەیدابوونی دەنگی (ی-y) لە نێوان وشەی تەواوکەر و کرداری بێهێزی (ە)، یان لە نێوان ناوی دەست نیشان کراو و (ە)ی ئامرازی نیشانەدا لە گەڵ ئەو وشانەی بە ڤاوڵی (ا، ۆ، ێ، ە، ی) کۆتاییان دێت. وەك:

| | |
|---|---|
| پا | ئەوە پایە. |
| کێ | ئەوە کێیە. |
| قوتابی | ئەوە قوتابیە. |
| چەقۆ | ئەوە چەقۆیە. |
| کەرە | ئەوە کەرەیە. |
| گڵا | ئەم گڵایە جوانە. |
| پەنجەرە | ئەم پەنجەرە شکاوە. |
| لیمۆ | ئەو لیمۆیە زۆر تورشە. |
| خوێ | ئەو خوێیە وردە. |

ت- پەیدابوونی دەنگی (ی-y) لەو کردارانەی پاشگری (ەوە) یان لە گەڵدایە، ڕەگەکانیان بە دەنگی ڤاوڵ کۆتاییان هاتووە لە شێوەزاری سلێمانیدا، بەڵام لە شێوەزاری گەرمیاندا پاشگری (ەوە) شێوەی (وە) وەردەگرێت و دەنگی (ی-y) پەیدا نابێت. وەك:

| کردار | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|
| سووتان | سووتایەوە | سوتیاوە |
| بڕین | بڕییەوە | بڕیوە |

ج- پەیدابوونی (ی-y) لە کاتی لکاندنی پاشگری (ەم)و(ەمین) لە گەڵ ئەو ژمارانەی بە دەنگی ڤاوڵی (ە، ۆ، ێ) کۆتاییان هاتووە لە هەردوو شێوەزارەکەدا.

| | |
|---|---|
| دە + ەم/ەمین | دەیەم/دەیەمین |
| نۆ+ ەم/ەمین | نۆیەم/نۆیەمین |
| سێ+ ەم/ەمین | سێیەم /سێیەمین |

٢- پەیدابوونی دەنگی (و-W)نیمچە کۆنسونانت:

ا- لەو وشانەی کە بە ڤاوڵی (وو) کۆتاییان دێت، لە کاتی کۆکردنەوە یان ناسراوکردندا بە مۆرفیمی (ان ، ات)، (ەکە)ە. وەك:

| | |
|---|---|
| مووروو + ان | مووروان |
| ئاغا + ات | ئاغاوات |
| سەوزە + ات | سەوزەوات |
| پەموو + ەکە | پەمووەکە |

ب- پەیدابوونی دەنگی (و-W) لە کاتی بەکارهێنانی ئامرازی نیشانە یان کرداری بێهیزی (ە) و یان پاشگری (ەوە) لە گەڵ ئەو وشانەی بە ڤاوڵی (وو)کۆتاییان دێت. وەك:

| | |
|---|---|
| موو | ئەوە مووە. |
| توو | ئەم تووە زۆر شیرینە. |
| چوو | چووەوە. |

٣- پەیدابوونی دەنگی (ر):

لە کاتی بەکارهێنانی پاشگری (ۆ)[1] لەگەڵ کرداری ڕێژەی فەرماندا بۆ کەسی دووەمی تاك دەنگی (ر)دەردەکەوێت. وەك:

| | |
|---|---|
| ببە + ۆ | ببەرۆ |
| بدە + ۆ | بدەرۆ |
| بچۆ+ ۆ | بچۆرۆ |
| بنێرە + ۆ | بنێرۆ |

لە ئاستی سینتاکسیشدا لە ڕستەیەکی وەکو (شتەکان بدە بەمن) گەر هاتوو جێناوی سەربەخۆ بە جێناوی لکاو جێگیر کرا، ئەوە پێشناوی (بە) دەگۆڕێت بۆ (ێ) و لەم بارەشدا دەنگی (ر) لە نێوان ڤاوڵی (ە) ی (بدە) و (ێ)ی پێشناویدا دێتە ئاراوە. وەك:

شتەکان بدە بەمن. ←شتەکانم بدە + ێ. ←شتەکانم بدەرێ. ←شتەکانم بەرێ.

٤- پەیدابوونی دەنگی (ه):

ا- لەکاتی بەکارهێنانی پاشگری (ەم)و(ەمین) لە گەڵ ژمارەدا، هەندێك جار دەنگی (ه) دەچێتە نێوان ژمارەکە و پاشگرەکەوە. وەك:

(١) لە شێوەزاری گەرمیاندا پاشگری(ۆ) لەبەرانبەر پاشگری (ەوە)دا لە شێوەزاری سلێمانیدا بەکاردێت.

| | |
|---|---|
| دوو +ەم /ەمین | دووهەم / دووهەمین |
| چوارەم / ەمین | چوارهەم/چوارەهەمین |

ب- پەیدابوونی دەنگی (هـ) لەکاتی بەکارهێنانی مۆرفیمی (ات) ی کۆکردنەوەدا لەگەڵ ئەو وشانەی بە ڤاوڵی ( ێ ، ە) کۆتاییان دێت. وەك:

| | |
|---|---|
| دێ + ات | دێهات |
| میوە + ات | میوەهات |

٥- پەیدابوونی دەنگی (ت):

ا- پەیدابوونی دەنگی (ت)لەگەڵ ئەو چاوگانەی پاشگری (ۆ)یان لەگەڵدایە لە کرداری ڕابردووی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا، هەروەها هەندێك جار لە شێوەزاری گەرمیاندا دەنگی (س) لە بری (ت) پەیدا دەبێت. وەك:

| چاوگ | ش.گ | ش.س |
|---|---|---|
| بردنۆ(بردنەوە) | بردەتۆ — بردمەتۆ/بردمەسۆ | بردووەتەوە — بردوومەتەوە |
| سەندنۆ(کڕینەوە) | سەندەتۆ —سەندمەتۆ/سەندمەسۆ | کڕیوەتەوە- کڕیومەتەوە |

ب- لە کاتی گۆڕینی پێشناوی (بە) بۆ (ە) لەگەڵ کرداری ڕابردووی تەواوی ڕێژەی هەواڵیدا، دیسان دەنگی (ت) یان (س)ین لە شێوەزاری گەرمیاندا پەیدا دەبێتەوە. وەك:

| ڕستە | ش.گ | ش.س |
|---|---|---|
| داومە بە ئارام | دامەتە ئارام/دامەسە ئارام | داومەتە ئارام |
| سپاردوومە بە ئارام | سپاردمەتە ئارام/سپاردمەسە ئارام | سپاردوومەتە ئارام |
| کەوتووتە بیرم | کەفتەتە بیرم/کەفتەسە بیرم | کەوتووتە بیرم |

هەروەها لە ڕستەیەکی وەکو (جلەکە بێرە.) لە شێوەزاری گەرمیاندا، گەر هاتوو بەرکار بە جێناوی لکاوی (ی) جێگیر بکرێت، ئەوە دەنگی (ت) لە ناوەڕاستی کردارەکەدا پەیدا دەبێت. وەك:

جلەکە بێرە. ـــــ بیتێرە .

٦- پەیدابوونی دەنگی (ز):

لە لێکدانی ژمارە بنجییەکان و ژمارە (دە)دا لە هەندێك ژمارەدا دەنگی (ز) پەیدا دەبێت. وەك:

| | |
|---|---|
| پێنج + دە | پازدە |
| نۆ + دە | نۆزدە |
| شەش + دە | شازدە |
| دوو+ دە | دوازدە |
| سێ + دە | سیازدە |
| یەك + دە | یازدە |

هەندێك جاریش دەنگی (ن) یش دەخرێتە پێش دەنگی (ز)ەوە. وەك:

(یانزدە ، دوانزدە، سیانزدە، ...هتد).

## ٢-٤-٣/٢)پەیدابوونی دەنگ بەهۆكاری مێژوویی یان زارەكی:

هەندێك جار دەنگێك لە مۆرفیمێك یان وشەیەكی زارێك یان شێوەزارێكدا پەیدا دەبێت لە ئەنجامی بەراوردكردنی لە گەڵ شێوەزاركانی تردا. لەم باسەشدا ئاماژە بەو دەنگانە دەكەین، كە لە شێوەزاری گەرمیاندا پەیدابوون بە بەراورد بە شێوەزاری سلێمانی.

١- پەیدابوونی دەنگی (ا). وەك :

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| گەنیو | گەنیاو |
| پاڵتۆ | پاڵتاو |
| كوڵیو | كوڵیاو |
| جووین | جاوین |
| بەستنەوە | بەسانەوە[1] |
| لێستنەوە | لێسانەوە |

٢- پەیدابوونی دەنگی (ی). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| چا | چایی |

(١)لە شێوەزاری گەرمیاندا كاتی دەنگی (س) پێش (ت) بكەوێت و دەنگی ڤاوڵ بە دوای دەنگی (ت)ەكەدا بێت، ئەوە دەنگی (ت) تێادەچێت، هەر بۆیە لە وشەی (بەستنەوە – بەسانەوە) كە دەنگی (ا) پەیدا دەبێت دەنگی (ت)تیاچووە.

٣- پەیدابوونی دەنگی (ە). وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| شەكەر | شەكر |
| مامە | مام |

٤- پەیدابوونی دەنگی (ە) لەڕستەی مۆرفۆسینتاكسی هەندێك ناوچەی گەرمیاندا. وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ئەنێرینەیان | ئەیاننێرین |
| ئەگرنەم | ئەمگرن |

٥- پەیدابوونی دەنگی (ۆ). وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| خالۆ | خاڵ |

٦- پەیدابوونی دەنگی (ی). وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| گیریان | گریان |
| سووتیان | سووتان |
| برژیان | برژان |

٧- پەیدابوونی دەنگی(ێ). وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| هۆرێن | هۆرن |

٨- پەیدبوون یان زیادكردنی مۆرفیمی (ەكە) بۆ هەندێك ناوی كات. وەك:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| دوێكە | دوێنێ |

| | |
|---|---|
| پێرێ | پێرەکە |
| پار | پارەکە |

جگە لەمە هەندێك دەنگ یان جووتە دەنگمان هەیە لە زمانی کوردیدا لە ئەرکی مۆرفۆلۆجیدا وەکو مۆرفیمی بەند بەشداری لە رۆنانی وشەی لێکدراودا دەکەن، دەکرێت ئەمانەش بەجۆرێك لە پەیدابوونی دەنگ بژمێرین. ناوبەندەکانیش بریتین لەمانە (و، ە، او، بە، لە، بۆ، بە، تێ، لێ). وەك:

| | |
|---|---|
| شلە + برنج | شلەو برنج |
| بەرد + نوێژ | بەردە نوێژ |
| دەم + دەم | دەماودەم |
| دەین + مل | دەین لەمل |
| دەست + ئەژنۆ | دەست بەئەژنۆ |
| قسە + هاتن | قسە بۆ هاتن |
| واز + هاوردن | وازلێ هاوردن |

## ٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ(Replacement):

لەم دیاردەیەدا دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێك کەسدا دەگۆڕێت بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەکە، بەواتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێت بەهەمان واتا، هەندێك جار هەردوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێت.[1] لە ڕاستیدا دیاردەی دەنگگۆڕکێ بەشێوەیەکی گشتی لەسەر بنەمای نزیکی لە نێوان دەنگە گۆڕاوەکاندا نەبێت ڕوو نادات، مەبەستیش لەم دیاردەیە جۆرە ئابووریکردنێکە لە پرۆسەی درکاندندا.

### ١-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان دوو زاردا:

دەنگگۆڕکێ لە نێوان دوو زاری سەر بە زمانێکدا ڕوو دەدات، بە وێنە گۆڕانی دەنگ لە نێوان زاری ناوەڕاست و زاری سەرووداا. وەك:

| زاری ناوەڕاست | زاری سەروو |
|---|---|
| ناو | ناڤ |

---

(١)محمدمعروف فتاح (١٩٩٠: ١١٨).

| | |
|---|---|
| ئەسپ | هەسپ |
| دوور | دویر |
| وشك | هشك |

## ٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕكێ لەنێوان شێوەزارەكانی زارێكدا:

لەم بارەدا دەنگێك دەگۆڕێت بەدەنگێكی تر لە ناو ئاخێوەرانی دوو شێوەزاری زارێكدا. ئەمەش بەتەواوەتی باسەكەی ئێمە دەگرێتەوە، كە ئەویش دیاردەی دەنگگۆڕكێیە لە نێوان شێوەزاری سلێمانی و شێوەزاری گەرمیاندا. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا بنەمای نزیكایەتی هۆیەكی كاریگەرە بۆ دروست بوونی دیاردەی دەنگگۆڕكێ، ئەم نزیكایەتییەش بە دوو شێوەیە.

ا- نزیكایەتی دەنگەكان بەوەی هەردوو دەنگە گۆڕاوەكە كۆنسونانت بن، یاخود هەردووكیان لە دەنگە ڤاوڵەكان بن.

ب- نزیكایەتی دەنگەكان لە ڕووی نزیكی سازگەی دروستبوونیانەوە، كە ئەویش شوێنی ڕێگری كردنە لە هەوا دوای دەرچوونی لە سییەكانەوە، ئەو شوێنەش ئەو خاڵەیە كە دەنگەكانی لێوە پەیدا دەبێت. سازگەی دروست بوونی دەنگەكانیش بەسەر چوار شوێندا دابەش دەبێت:

١- ناوچەی دەرەوەی زار: كە لێوەكان دەگرێتەوە، ئەو دەنگانەیش لەم شوێنەدا پەیدا دەبن بریتین لە (و، ب، پ، م، ف).

٢- ناوچەی ناوەڕاستی زار: كە پێك دێت لە ددانەكان و پووك و ڕەقە مەڵاشوو، دەنگەكانیشی بریتین لە: (ت، د- ن، ج ،چ، ش، ل،،ڵ، ر، ڕ، س، ز، ی).

٣- ناوچەی پاش ناوەڕاستی زار: كە (نەرمە مەڵاشوو و زمانە بچكۆلە) دەگرێتەوە، دەنگەكانیشیان بریتین لە: (ك، گ غ، خ، ق)ە.

٤- ناوچەی كۆتای ڕێڕەوی دركاندن: پێك دێت لە (گەروو و قوڕقوڕاگە)و دەنگەكانیشیان بریتین لە: (ع- ح- ه- ء).

سازگەی دروست بوونی ڤاوڵەکانیش بە پێی جوڵانەوەی زمان و لێوەکان دیاری دەکرێت، بەمەش ڤاوڵەکانی بەشی پێشەوەی زمان یان زار بریتین لە (ی، i، ێ)، ڤاوڵەکانی بەشی ناوەڕاستی زمان بریتین لە (ە،ا)، هەرچی ڤاوڵەکانی بەشی پشتەوەی زمانە بریتین لە (وو، و، ۆ).

زۆر جار وارێك دەکەوێت دیاردەی دەنگگۆڕکی لە نێوان دەنگەکانی هەر یەك لەو ناوچانەدا ڕوو دەدات، واتە زۆر بەکەمی دەنگگۆڕکێ لە نێوان دەنگەکانی سەر بە ناوچە جیاوازەکان ڕوو دەدات. ئەم دیاردەیەش لەهەموو دیاردە دەنگییەکانی تر زیاتر بەدی دەکرێت لە نێوان ئەو دوو شێوەزارەدا. دەنگگۆڕکێش دەشێت لە نێوان کۆنسونانت و کۆنسونانت و ڤاوڵ و ڤاوڵ و کۆنسونانت و ڤاوڵدا ڕووبدات.

## ٣/٢-٥-٢-١)دەنگگۆڕکێ لە نێوان کۆنسونانت و کۆنسونانت:

لەم دەنگگۆڕکێیەدا کۆنسونانتێك دەگۆڕێت بە کۆنسونانتێکی تر. ئەمەش نموونەی چەند گۆڕینێکە.

١- گۆڕینی دەنگی (ب) بە دەنگی (و) ی نیمچە کۆنسونانت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| بە | وە |
| سێبەر | سێوەر |
| بەتۆ | وەتو |
| شیربایی | شیروایی |
| خراب | خراو |
| دابەزین | داوەزین |
| سەبەتە | سەوەتە |
| لایبە | لایوە |
| بیبە | بیوە |

٢- گۆڕینی دەنگی(و)ی نیمچە کۆنسونانت بە دەنگی (م). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| نیوە | نیمە |
| نیوەڕۆ | نیمەڕۆ |

| نیوەشەو | نیمەشەو |
| --- | --- |
| جوێن | جمێن/جمان |
| تۆو | تۆم |

٣- گۆڕینی دەنگی (و)ی نیمچە کۆنسونانت بە دەنگی (ف). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| حەوت | حەفت |
| کەوت | کەفت |
| خەوت | خەفت |
| چەوت | چەفت |
| نەوت | نەفت |
| مزگەوت | مزگەفت |
| سێو | سێف |
| کەوگیر | کەفگیر |

٤- گۆڕینی دەنگی (و)ی نیمچە کۆنسونانت بە دەنگی (ی)نیمچە کۆنسونانت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| دوا | دیا |

٥- گۆڕینی دەنگی (م) بە دەنگی (و)ی نیمچە کۆنسونانت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| سمێڵ | سوێڵ |
| زمان | زوان |
| دامێن | داوێن/ داوەن |

٦- گۆڕینی دەنگی (پ) بە دەنگی (م). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| پرخە | مرخە |

٧- گۆڕینی دەنگی (ش) بە دەنگی (چ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| شت | چت |

٨- گۆڕینی دەنگی (س) بە دەنگی (ش). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| مست | مشت |
| سوێر | شۆر |

٩- گۆڕینی دەنگی (ك، گ) بە دەنگی (ق). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| كرتاندن | قرتاندن |
| تاك | تاق |
| لاسیك | لاسیق |
| گاڵە گاڵ | قاڵە قاڵ |
| كاغەز | قاقەز |
| كنگر | قنگر/قنر |

١٠- گۆڕینی دەنگی (گ) بە دەنگی (د). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| گرژ | درژ |

١١- گۆڕینی دەنگی (گ) بە دەنگی (و)ی نیمچە كۆنسونانت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| ئاگر | ئاور |
| سەگ | سەو |
| بەگ | بەو |

١٢- گۆڕینی دەنگی (و)ی نیمچە کۆنسونانت بە دەنگی (هـ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| (وا) لە کویّ | (ها) لە کویّ |

١٣- گۆڕینی دەنگی (د) بە دەنگی (ت). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| دێم | تێم |

١٤- گۆڕینی دەنگی (پ) بە دەنگی (ك). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| چڵپاو | چڵکاو |

١٥- گۆڕینی دەنگی (ك) بە دەنگی (س). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| لەوکاتەوە | لەوساتەوە/لەوساوە |

١٦- گۆڕینی دەنگی (پ) بە دەنگی (ت). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| زیپکە | زیتکە |

١٧- گۆڕینی دەنگی (پ) بە دەنگی (ف). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| سپڵە | سفڵە |

١٨- گۆڕینی دەنگی (ج) بە دەنگی (ڕ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| جیقنه | ڕیقنه |

۱۹- گۆڕینی دەنگی (ت) بەدەنگی (س). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| ئەوەتا | ئەوەسا |
| دۆزیمەتەوە | دۆزیمەسۆ |

۲۰- گۆڕینی دەنگی(ل) به دەنگی(ڵ) له وشه عەرەبییه وەگیراوەکاندا.[1] وەك:

| زمانی عەرەبی | ش.گ |
|---|---|
| کمال | کەماڵ |
| جمال | جەماڵ |
| قتل | قەتڵ |
| جبل | جەوەڵ |

۲۱- گۆڕینی دەنگی(ژ) به دەنگی (ز). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| ژەهر | زەهر |

### ۲/۳-۵-۲-۲)دەنگگۆڕکێ له نێوان ڤاوڵ و ڤاوڵ:

لەم دەنگگۆڕکێیەدا ڤاوڵێك دەگۆڕێت بەڤاوڵێکی تر. ئەمەش نموونەی چەند گۆڕینێکە.

۱- گۆڕینی دەنگی (ی) به دەنگی (ێ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| گوریس | گورێس |
| میز | مێز |
| تیژ | تێژ |
| پەنیر | پەنێر |

(۱)له زاری لوڕیشدا هەمان حاڵەت دەبینرێت.

٢- گۆڕینی دەنگی (ی) بە دەنگی (ا). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| هەڵوەرین | هەڵوەران |
| ڕاچڵەکین | ڕاچەڵەکان |

٣- گۆڕینی دەنگی (ا) بە دەنگی (ە). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| سارد | سەرد |
| پانکە | پەنکە |
| جێگا | جێگە |

٤- گۆڕینی دەنگی (ێ) بە دەنگی (ا). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| پێ | پا |
| پێ خەسوو | پاخەسوو |
| مێ | ما |
| هەلوکێن | هەلوکان |
| تۆپێن | تۆپان |

٥- گۆڕینی دەنگی (ێ) بە دەنگی (ۆ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| بێن | بۆن |
| مێن | مۆن |

٦- گۆڕینی دەنگی (ێ) بە دەنگی (ە). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| گێزەر | گەزەر |

٧- گۆڕینی دەنگی (ە) بە دەنگی (ێ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| تەل | تێل |

٨- گۆڕینی دەنگی (ە) بە دەنگی (ی). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| جامانە | جامانی / جەمەدانی |
| ئەمڕۆ | ئیمڕۆ |
| ئەمساڵ | ئیمساڵ |

٩- گۆڕانی دەنگی بزرۆکە(i) بۆ دەنگی(و). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| ترش | تورش |
| سڕ | سوڕ |

١٠- گۆڕینی دەنگی (وو) بە دەنگی (ی). وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| قووتوو | قووتی |
| ئوتوو | ئووتی |
| خانوو | خانی |
| ڕۆژوو | ڕۆژی |
| بوو | بی |

٣-٢-٢-٥-٣/٢)دەنگگۆڕکێ لە نێوان ڤاوڵ و کۆنسونانت:

لەم دەنگگۆڕکێیەدا کۆنسونانتێك یان نیمچە کۆنسونانتێك دەگۆڕێت بەڤاوڵ، یان بـە پێچەوانەوە. ئەمەش نموونەی گۆڕینێکە.

گۆڕینی دەنگی (و)ی ڤاوڵ بە دەنگی (م). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| بەشکو | بەشکم |

٢/٣-٥-٢-٤)گۆڕینی دەنگێك بۆ دیفتوونگ یان بە پێچەوانەوە. وەك:

١- گۆڕینی دەنگی (وو) بە دەنگی (وی).[١] وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| دوور | دویر |
| قوول | قویل |
| سوور | سویر |
| موو | موی |
| لووت | لویت |
| تووتن | تویتن |
| زوو | زوی |

٢- گۆڕینی دەنگی (وێ) بە دەنگی (ۆ). وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| شوێن | شۆن |
| کوێر | کۆر |
| خوێندن | خۆندن |

٢/٣-٦)جێگۆڕکێی دەنگ(Interversion):

هەندێك جار لە چوارچێوەی ئاخاوتندا هەندێك لە دەنگە دراوسێکان شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە، ئەمەش پێی دەگوترێت جێگۆڕکێی دەنگ (interversion)هەروەها(metathesis)شی پێ دەوترێت. نموونەش بۆ ئەمە درکاندنی وشەی emniti:enmity. ئەمەش لە زمانی منداڵدا باوە.[٢]

(١)ئەم دیاردە دەنگییە لە کرمانجی سەروو و لوڕیشدا بەدی دەکرێت.

(2)Brosnahan, L.F., and Malmberg, B. 1970. 136.

لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە. هەندێك جار وشەكە بە هەردوو شێوەكەی لە یەك زاردا دەبینرێن، هەندێك جاریش هەر شێوەی لە زارێكدا دەردەكەوێت و بەكاردێت. هەندێك جێگۆركێش پەیوەندی بە چینی كۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە.[1] كەواتە دەكرێت بڵێین یەكەم هۆكار بۆ پەیدابوونی ئەم دیاردەیە هۆكاری مێژووی یان زارەكی یە دووەم هۆكاریش ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیری خەڵك و بەهەڵە دركاندنی وشەكانە، بەتایبەتی ئەو وشە بیانییانەی هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە. وەك:

| | |
|---|---|
| یۆنان | وێنان |
| جومعە | جوعمە |
| روبع | روعب |
| ملیۆن | ملوێن |

لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا لە هەندێك وشەدا هەست بە جێگۆڕكێی دەنگێك یان زیاتر دەكەین. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| خەڵووز | زووخاڵ |
| جگەر | جەرگ |
| برغو | بورغی |
| میروولە | مووریلە/مۆریلە |
| لەرزوتا | تاولەرز |
| توونی | تینوو |
| قازانج | قانجاز |
| چەوەندەر | چەنەوەر |
| نزیك | نیزك |
| فڕاندن | ڕفاندن |
| ماستاو | ئاوماست/ئاوماس |

(١)محمدمعروف فتاح (١٩٩٠: ١١٧- ١١٨).

هەندێك جار لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا زیاتر لە دەنگێك گۆڕانی بەسەردا دێت، یان لە وشەیەكدا زیاتر لە گۆڕانێكی دەنگی ڕوودەدات. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| وەستان | وێسان |
| بوەستە | بێسە |
| بێستان | بۆیسان |
| زستان | زمسان |
| ڕق | قار/قین |
| سك | زگ |
| گسك | گزی |
| سوێر | شۆر |
| گوێنی | گونێ/گونی |
| دراوسێ | هاوسێ/هاوسا |
| خەنجەر | خنجێر |
| شێلم | شەلەم |
| ئێسقان | سوقان |
| هێشتن | هێلان |
| شووتی | شامی |
| هەستە | هەڵسە |
| توور | ترپ |
| كورت | كوڵ |
| شتن | شۆردن/شۆرین |
| نووستن | خەوتن |
| ڕووخان | ڕمیان |
| گوارە | گۆشەوارە |
| مێش | مەگەز |
| نووسین | نووسان/نووساندن |
| بینین | دونین |

| پەناگوێ | بناگوێ |
| --- | --- |
| زیان | زەرر |
| مریشك | مامر |
| گووشین | وشاردن |
| هێنان | هاوردن |
| هاویشتن | هەوادان/وەشاندن |
| چاندن | وەشاندن |
| کروژتن | کرماندن |

لەو گۆڕانانەدا هەست بەوە دەکەین، کە هەموو یاسا دەنگییەکاندا لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا هەست بە لایەنی لێکچوون و جیاوازی دەکەین، بەڵام بە پلەی یەکەم لە یاسای دەنگگۆڕکێدا جیاوازییەکە زۆرترو زیاتر دەبینرێت، هەروەها هەریەك لەو گۆڕانە دەنگیانە، کە باسکران کاریگەریی خۆیان دەبێت لەسەر بڕگەو هێز لە شێوەزاری گەرمیاندا.

## ٤/٢)گاریگەریی گۆڕانە دەنگییەکان لەسەر لەسەر بڕگەو هێز لە شێوەزاری گەرمیاندا:

### ٤/٢-١)بڕگە(Syllable):

هەرچەندە شیکردنەوەی بڕگەیی لایی زمانەوانەکان لە ئێستادا بووەتە ڕێبازێکی جێگیر لە ڕێبازەکانی شیکردنەوەی زمانی، بەڵام جیاوازی نێوان زاناکانی زمان و دەنگ لە سەر ناوڕۆك و گرنگی بڕگە لە شیکردنەوەی زمانیدا هەر لە زووە وە دەستی پێکردووە، هەندێك لە زاناکان وایان دەبینی، کە شیکردنەوەی بڕگەیی هیچ گرنگییەکی لە لێکۆڵینەوەی زمان و ئاخاوتندا نییە و هەندێکی تریان دەیان گوت، بڕگە تەنیا لە ئاخاوتنی بەش کراودا بوونی هەیە نەك پێکەوە نووساو، بەڵکو هەندێکیان لەمە زیاتر ڕۆیشتن دەیان گوت، شیکردنەوەی بڕگەیی نامۆیە بە شیکردنەوەی زمانی. بەڵام لێکۆڵینەوە ئەزموونییەکانی ئاخاوتن ئاستی بۆچوونی ئەو کەسانەی کەم کردەوە، دوای ئەوەی بەشێوەی پراکتیکی سەلماندیان کە دەمارەکانی سنگ لێدان(نبضة) گوشارێکی سەربەخۆ دروست دەکات لە گەڵ هەر بڕگەیەکدا، کاتێك سەرۆکی قوتابخانەی فێرکاری کەڕەکان لە پاریس لێکۆڵینەوەیەکی ئەزموونی بۆ جوڵەی ئاخاوتن بڵاو کردەوە، کە پشتی بە ژمارەیەك تۆماری دەنگی

بەستبوو، ئەم لێکۆڵینەوەش جۆرە دان نانێك بوو بەوەی بڕگە بنەمایەکی گرنگە لە بنەماکانی شیکردنەوەی زمانیدا.[١]

بڕگەش لە سادەترین شێوەیدا، بریتییە لە ژمارەیەك فۆنێمی بە دوای یەکدا هاتوو لە زمانێکدا، بەمەش پێکهاتەیەکی بڕگەیی پێك دێت، کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا زاناکانی بواری دەنگسازی تێڕوانینەکانیان بۆ بڕگە لە لەڕووی چەمك و پێناسەوە جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت بڵێین، دوو ئاراستەی جیاواز هەن بۆ دیاری کردنی چەمکی بڕگە و ناوڕۆکەکەی: ئاراستەیەکیان فۆنەتیکییە و ئاراستەکەی تریان فۆنۆلۆجییە.

ئاراستەی فۆنەتیکی بەم چەشنە پێناسەی بڕگە دەکات:
-بڕگە بەو کۆمەڵە دەنگە دەوترێت، کە لە ناو وشەدا درکاندنێکی بەرزی هەبێت و بیسەر بە ئاشکرا هەست بەو درکاندنە بەرزە بکات و بە گوێرەی ئەو سنوورەی، کە لە وشەدا هەیەتی بتوانێت لە بڕگەکانی تری جیا بکاتەوە.[٢]

- بڕگە بریتییە لە دەنگێك یاخۆد پتر لە دەنگێك، کە بەیەك تەکانی هەوای دەربازبوو لە دەمەوە گۆ کرابێت.[٣]

هەرچی ئاراستەی فۆنۆلۆجییە بەم شێوەیە پێناسەی بڕگە دەکات:
بڕگە بریتییە لە ڤاوڵێك و کۆنسونانتێك یا لە کۆنسونانتێك زیاتر پێك هاتبێت، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت.[٤]

مەبەستیش لە شیکردنەوەی بڕگەیی، پارچە کردنی وشەیە بۆ بەشە جیاوازەکانی کە بریتی یە لە کۆمەڵێ خاڵی بە دوای یەکدا هاتوو لە زنجیرەی ئەو بزوێنانەی، کە پێکی دەهێنێت، پێکهاتەکانیشی بۆ دوو جۆر لە فۆنێم دابەش دەبێت.[٥]

١- بزوێن vowels هەر بزوێنێك تێیدا دەبێتە ناوەندی بڕگە.
٢- نەبزوێن consonants کە ئەمیش بە سنووری بڕگە دادەنرێت.

---

(١)حلمی خلیل (١٩٨٩: ٢٣٢- ٢٣٣).

(٢)غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٨٣).

(٣)ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦: ٦٨).

(٤)غازی فاتح وەیس (١٩٨٤: ٨٣).

(٥)یحیی عبابنة (٢٠٠٠: ١٤).

### ١-١-٤/٢)جۆر و قاڵبی بڕگە لە زمانی کوردیدا:

جۆرەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا، بەسەر دوو بەشی گشتیدا دابەش کراون، ئەویش بڕگەی ئاسایی و بڕگەی لێکدراو.[1] بڕگەی ئاسایی سێ جۆرە:

ا- بڕگەی سووك (کراوە):

بڕگەی سووك بریتی یە لەو بڕگەیەی کە هەردوو خانە نەگۆڕەکەی، خانەی سەرەتا و خانەی ناوەند پڕن و خانەی کۆتا بەتاڵە. قاڵبی ئەم بڕگەیە لە چەشنی (CV)یە. وەك: پا ، تا ، جێ، ڕێ، کا، بۆ، دە ....تاد.

ب- بڕگەی پڕ (داخراو):

بریتی یە لەو بڕگەیەی کە هەردوو خانە نەگۆڕەکەی، خانەی سەرەتا و ناوەند پڕن و خانەی کۆتاش هەر پڕە. قاڵبی بڕگەکەش لە چەشنی (CVC)یە. وەك: مار ، بار ، نان ، کەو ، شەو ، مۆن، بۆن... تاد.

پ- بڕگەی گران:

بریتی یە لەو بڕگەیەی کە هەردوو خانە نەگۆڕەکەی، خانەی سەرەتا و خانەی ناوەند هەر پڕن و خانەی کۆتاش هەر پڕە، بەڵام بە هێشووە نەبزوێن پڕ دەکرێتەوە. قاڵبی بڕگەکەش لە چەشنی (CVCC)یە. وەك: سەرد ، مەرد، پشت، تەخت، ڕاست، نارد....تاد.

٢- بڕگەی لێکدراو:

وەك چۆن سێ بڕگەی ئاسایی هەیە (سووك، پڕ، گران)، هەر ئاوهاش لەبەرانبەریان سێ بڕگەی لێکدراویش هەن و هەر بڕگەیەك نیمچە بڕگەیەکی داوەتە پێش خۆی. واتە هەر یەك لە قاڵبەکانی بڕگەی ئاسایی (CV)، (CVC)، (CVCC) کۆنسونانتێك یان کۆنسونانت و ڤاولێك (بزرۆکەیەك) دەخاتە پێش خۆی.

ا-جۆری سووکی (CV)لێکدراو:

لەم جۆرەدا دەنگی کۆنسونانتی خانەی یەکەم دەنگێکی کۆنسونانتی داوەتە پێش خۆی، قاڵبەکەشی بووە بە (CCV) یان دوو بڕگە(CV)(CV). وەك: برا ، تکا، چیا...تاد.

ب- جۆری پڕی (CVC) لێکدراو:

لەم جۆرەدا دیسان دەنگی کۆنسونانتی خانەی یەکەم دەنگێکی کۆنسونانتی پێش خۆی دەخات و قاڵبەکەیشی دەگۆڕێت بۆ (CCVC) یان دوو بڕگە(CVC)(CV). وەك: بنار ، کڵاو، ژیار...تاد.

---

(١)بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: شێرکۆ بابان (٢٠٠٥: ٣٨-٦٤).

پ- جۆری گرانی (CVCC)لێکدراو:
لە ئەم جۆرەشدا دەنگی کۆنسونانتی خانەی یەکەم دەنگێکی کۆنسونانت پێشی خۆی دادەنێت و قاڵبەکەیشی دەگۆڕێت بۆ (CCVCC) یان دوو بڕگە (CVCC)(CV). وەك: خوارد ، بنێشت...تاد.

لە ڕێگەی جۆری بڕگەکانەو دەکرێت قاڵبی بڕگەکان لەزمانی کوردیدا دەست نیشان بکەین، ئەویش بە دوو شێوە:

١- ئەگەر باوەڕمان وابێت، کە جۆرەکانی بڕگەی ئاسایی (سوك و پڕ و گران) خانەی یەکەمیان کۆنسونانت و ڤاوڵێك (بزرۆکەیەك) دەخەنە پێش خۆیان، ئەوکات دەتوانین بڵێین جۆری بڕگەی لێکدراومان نییە و قاڵبەکانی بڕگەش تەنیا بریتین لە قاڵبەکانی بڕگەی ئاسایی، بەوەش تەنیا سێ قاڵبی بڕگەمان دەبێت لە چەشنی (CV) و (CVC)و (CVCC)، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبوو کە بڕگە لە زمانی کوردیدا بە ڤاوڵ دەست پێ ناکات.

٢- ئەگەر باوەڕمان وابێت، کە جۆرەکانی بڕگەی ئاسایی خانەی یەکەمیان تەنیا کۆنسونانتێك پێش خۆیان دەخەن، ئەوکات دەتوانێن بڵێین جۆری بڕگەی لێکدراویشمان هەیە و قاڵبەکانی بڕگەش لە زمانی کوردیدا بریتی دەبێت لە شەش قاڵبی بڕگە لە چەشنی (CV)و (CVC)و (CVCC) و (CCV) و (CCVC) و (CCVCC). بە بۆچوونی ئێمە باوەڕی دووەم پەسەندترە، چونکە هەم بەشێوەیەکی یەکسان و دیار بەهۆیەوە بڕگە دەست نیشان دەکرێت ، هەم زیاتر لە گەڵ ئەو ئەلف و بێیەی لە ئێستادا پێی دەنووسین دەگونجێت.

٢-١-٤/٢)گۆڕان لە ئاستی بڕگەدا:

بێگۆمان هەندێك جار گۆڕان لە دەنگەکانی زماندا گۆڕانی بڕگەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەی لێرەدا مەبەستە گۆڕانە لە ئاستی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا. بڕگەی فۆنۆلۆجیش لە زمانیکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لەبەر ئەوەی هەر زمانێك یاسای تایبەتی خۆی هەیە بۆ ڕیزبوونی فۆنێمەکان لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنۆلۆجیدا. هەرچەندە لە هەموو زمانێکدا ڤاوڵ ناوکی بڕگە پێك دێنێت لە گەڵ ئەم ڤاوڵەدا چەند کۆنسونانتێك دەردەکەوێت، بەڵام ژمارەی ئەو دەنگە کۆنسونانتانە و سروشتی ڕیزبوون و دەرکەوتنیان لە زمانەکاندا جیاوازە. بڕگەش لە زمانی کوردیدا لە سێ بەشی سەرەکی پێك دێت، پێش و لوتکە و پاش ، دیارە دەنگی پێش و پاشی لوتکە دەنگی کۆنسونانت پێکی دەهێنێت، لوتکەی بڕگەش هەمیشە دەنگی ڤاوڵ پێکی دەهێنێت. واتە ڤاوڵ بنەماو مەرجی سەرەکی دروست بوونی بڕگەیە، چونکە ئەگەر ڤاوڵ لابدەین شتێك بە ناوی بڕگەوە بوونی نامێنێت. لە گەڵ ئەوەشدا

ڤاولّ بە تەنیا گۆناکرێت، چونکە بەلای کەمەوە دەبێ کۆنسونانتێك لە پێشیەوە بێت بۆ ئەوەی بڕگەیەکی تەواو پێك بێت و بە ئاسانی بدرکێنرێت. بڕگەش لە زمانی کوردیدا لە کەمترین هەل ومەرجدا لە کۆنسونانت و ڤاولێك پێك دێت. هەروەها خانەی سەرەتا و ناوەند هەمیشە (پڕن)، بەڵام خانەی کۆتایی ئەشێت پڕبێت یان بۆش بێت، واتە سووکترین گوفتار بریتییە لە بڕگە لە چەشنی (CV∅) کە فرتاندن پەسەند ناکات[1].

لە بڕگەی زمانی کوردیدا لە یەك تا چوار کۆنسونانت دەشێت لە گەڵ ڤاوڵا لە بڕگەدا دەرکەوێت. هەرگیز لە دوو کۆنسونانت زیاتر ناکەوێتە لایەکی ڤاوڵەکەوە.[2] لە ناو بەشەکانی بڕگەشدا (سەرەتا و ناوەند و کۆتایی)دا بەشی کۆتایی بڕگە زیاتر تووشی گۆڕان و شوێن گواستنەوە دێت لە کاتی سەربارکردنی مۆرفیمەکاندا. بۆ نموونە:

شیر ( CVC)+ ی = شیری (CV) + (CV)

کوڕ( CVC) + ان = کوڕان (CVC)+(CV)

لەو نموونانەی سەرەوەدا لە لایەك کۆنسونانتی بەشی کۆتای بڕگە شوێنی خۆی گواستۆتەوە، لە لایەکی ترەوە وشەکان لە یەك بڕگەوە بوون بە دوو بڕگە. گۆڕانی بڕگەیش لە شێوەزاری گەرمیاندا دەکرێت لە چەند ڕوویەکەوە بێت.

## ٢/٤-١-٢-١)گۆڕان لە ژمارەی بڕگەکانی وشە:

ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە زیادکردنی ژمارەی بڕگە یان کەمکردنەوەی ژمارەی بڕگە.

ا- زیادبوونی ژمارەی بڕگە:

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی بەسەر وشەکاندا دێن لە شێوەزاری گەرمیاندا بەتایبەتی گۆڕانی پەیدابوونی دەنگ، ژمارەی بڕگەکانیان زیاد دەکات. بۆ نموونە:

| ش.س | ژمارەی بڕگە | ش.گ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| چا — (CV) | یەك | چایی - (CV)(CV) | دوو |
| خاڵ - (CVC) | یەك | خاڵۆ- (CV)(CV) | دوو |

---

(١)شێرکۆ بابان (٢٠٠٥: ٣٤).

(٢)وریا عومەر ئەمین، گ-کاروان، ژ٢٠ (١٩٨٤: ٣٦).

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆتر - (CV)(CVC) | دوو | کەمۆتر- (CV) (CV)(CVC) | سێ |
| سنگ — (CVCC) | یەك | سینە - (CV) (CV) | دوو |
| خوشك- (CVCC) | یەك | خۆیشك - (CVC) (CVC) | دوو |

ب- کەمبوونەوەی ژمارەی بڕگەکان:

هەروەك چۆن بە هۆی گۆڕانی پەیدابوونی دەنگ لە وشەکاندا ژمارەی بڕگەکانی زیادی دەکرد، بەهەمان شێوە بە هۆی گۆڕانە دەنگییەکان لە ناویشیاندا سووان و توانەوەی دەنگ و جێگۆڕکێ دەنگ ژمارەی بڕگەکانی وشە لە شێوەزاری گەرمیاندا کەم دەکات. وەك:

| ش.س | ژمارەی بڕگە | ش.گ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| بوەستە- (CV) (CVC) (CV) | سێ | بێسە - (CV)(CV) | دوو |
| کوردستان- (CVC) (CVC) (CVC) | سێ | کوردسان- (CVCC)(CVC) | دوو |
| گەڵا - (CV)(CV) | دوو | گڵا - (CCV) | یەك |
| دراوسێ - (CV)(CVC) (CV) | سێ | هاوسێ - (CVC) (CV) | دوو |
| لەرزوتا - (CVC)(CV) (CV) | سێ | تاولەرز - (CVC) (CVCC) | دوو |
| دەسەسڕ- (CV)(CV)(CVC) | سێ | دەسڕ- (CV)(CVC) | دوو |

مەرج نییە هەموو گۆڕانێکی دەنگی زیادبوون یان کەمبوونەوەی ژمارەی بڕگە بە دوای خۆیدا بهێنێت، لەم نموونانەی خوارەوەدا دەنگەکانی وشە گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام ژمارەی بڕگەکانیان وەك خۆیان ماونەتەوە. وەك:

| ش.س | ژمارەی بڕگە | ش.گ | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|
| گریا- (CVC) (CV) | دوو | گیریا- (CVC) (CV) | دوو |
| پاڵتۆ - (CVC) (CV) | دوو | پاڵتاو- (CVC) (CVC) | دوو |
| وەستا - (CVC) (CV) | دوو | وەسا- (CV)(CV) | دوو |
| حەڤە- (CV) (CV) | دوو | حەڤدە - (CVC) (CV) | دوو |
| شەوگار- (CVC)(CVC ) | دوو | شەوار- (CVC) (CV ) | دوو |

### ٢/٤-١-٢-٢)گۆڕان لە جۆر و قاڵبی بڕگەکاندا:

هەروەك چۆن گۆڕان لە دەنگەکانی وشەکانی شێوەزاری گەرمیاندا هەندێك جار زیادبوون و کەمبوونەوەی ژمارەی بڕگەیی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، بەهەمان شێوە دەکرێت هەندێك لەو گۆڕانە دەنگییانە گۆڕانکاری لە جۆر و قاڵبی بڕگەکاندا بهێننە ئاراوە.

١- گۆڕان لە بڕگەی سووکەوە (CV) بۆ بڕگەی پڕ (CVC). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| پاڵتۆ - (CVC) (CV) | پڕ + سووك | پاڵتاو - (CVC) (CVC) | پڕ+ پڕ |
| قازانج - (CV) (CVCC) | سووك + گران | قانجاز - (CVC) (CVC) | پڕ+ پڕ |
| سووتا - (CV) (CV) | سووك + سووك | سووتیا- (CVC) (CV) | پڕ + سووك |
| گەنیو - (CV) (CVC) | سووك+ پڕ | گەنیاو- (CVC) (CVC) | پڕ+ پڕ |
| سەرین- (CV) (CVC) | سووك + پڕ | سەنیا- (CVC) (CV) | پڕ+ سووك |
| دانە — (CV)(CV) | سووك + سووك | دەنك - (CV)(CVC) | سووك+ پڕ |

٢- گۆڕان لە بڕگەی پڕ(CVC)ەوە بۆ بڕگەی سووك(CV). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| شەوگار - (CVC) (CVC) | پڕ + پڕ | شەوار - (CV) (CVC) | سووك + پڕ |
| گوێنی - (CVC) (CV) | پڕ+ سووك | گونێ - (CV) (CV) | سوك + سووك |
| ئێستا - (CVC) (CV) | پڕ + سووك | ئیسە- (CV) (CV) | سووك + سووك |
| وەستا- (CVC)(CV) | پڕ + سووك | وەسا- (CV)(CV) | سووك + سووك |

٣- گۆڕان لە بڕگەی گران(CVCC)ەوە بۆ بڕگەی پڕ(CVC). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| خەست- (CVCC) | گران | خەس — (CVC) | پڕ |
| مەست - (CVCC) | گران | مەس - (CVC) | پڕ |

٤- گۆڕان لە بڕگەی گران(CVCC)ەوە بۆ بڕگەیەکی سووک و بڕگەیەکی گران(CV-CVCC). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| نارد - (CVCC) | گران | هەنارد- (CV)(CVCC) | سووك+ گران |

٥- گۆڕان لە بڕگەی گران(CVCC)ەوە بۆ دوو بڕگەی سووك(CV-CV) یان دوو بڕگەی پڕ (CVC-CVC). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| گسك- (CVCC) | گران | گزی - (CV)(CV) | سووك+سووك |
| سنگ- (CVCC) | گران | سینە- (CV)(CV) | سووك+سووك |
| خوشك - (CVCC) | گران | خۆیشك - (CVC) (CVC) | پڕ+ پڕ |

٦- گۆڕان لەدوو بڕگەی سووك یان پڕەوە بۆ بڕگەی گرانی ئاسایی (CVCC). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| لەرزوتا - (CV) (CV)(CVC) | پڕ+دووسووك | تاولەرز - (CVCC) (CVC) | پڕ + گران |
| کوردستان-(CVC)(CVC)(CVC) | دووپڕ+پڕ | کوردسان-(CVC)(CVCC) | گران + پڕ |

٧- گۆڕان لە دوو بڕگەی سووکی ئاساییەوە (CV-CV)بۆ بڕگەی سووکی لێکدراو (CCV). وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| گەڵا - (CV)(CV) | دوو سووك | گڵا- (CCV) | سووکی لێکدراو |
| بەڵا - (CV)(CV) | دوو سووك | بڵا- (CCV) | سووکی لێکدراو |

مەرج نییە هەموو گۆڕانێکی دەنگی گۆڕانی قاڵبی بڕگەیی لێبکەوێتەوە. وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە |
|---|---|---|---|
| شەکر- (CV)(CVC) | سووك+ پڕ | شەکەر- (CV)(CVC) | سووك+ پڕ |
| شێلم - (CV)(CVC) | سووك+ پڕ | شەلەم- (CV)(CVC) | سووك+ پڕ |
| نزیك- (CV)(CVC) | سووك+ پڕ | نێزگ- (CV)(CVC) | سووك+ پڕ |

هەندێك جار لە شێوەزاری گەرمیاندا بەهۆی هەندێك گۆڕانی مۆرفۆلۆژییەوە ژمارەو جۆرو قاڵبی بڕگەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، ئەمەش لە دوو باردا دەبێت.

١- بەکارهێنانی جێناوی لکاوی (یمان، یتان) بۆ کەسی یەکەم و دووەمی کۆ لە بری (ین، ن)لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا. وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ژمارەی بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| چوون(CVC) | پڕ | یەك | چوویتان - (CVC) (CVC) | پڕ+ پڕ | دوو |
| کەوتین- (CVC)(CVC) | پڕ+ پڕ | دوو | کەوتیمان- (CVC)(CV)(CVC) | پڕ+سووك+پڕ | سێ |
| فڕین (CV)(CVC) | سووك+ پڕ | دوو | فڕیتان (CVC) (CV)(CV) | سووك+سووك+پڕ | سێ |
| مردن (CVC)(CVC) | پڕ+ پڕ | دوو | مردیمان- (CVC)(CV)(CVC) | پڕ+سووك+پڕ | سێ |

٢- بەکارهێنانی پاشگری (ۆ) لە گەڵ کرداری لێکدراودا لە شێوەزاری گەرمیاندا لە بری (ەوە) لە شێوەزاری سلێمانیدا. وەك:

| ش.س | جۆری بڕگە | ژمارەی بڕگە | ش.گ | جۆری بڕگە | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|---|---|---|
| بیرچوونەوە- (CVC)(CV)(CV)(CV) | پڕ+سووك+سووك+ سووك | چوار | بیرۆچوون- (CV)(CV)(CVC) | سووك+سووك+پڕ | سێ |
| باش بوونەوە - (CVC)(CV)(CV)(CV) | پڕ+سووك+سووك+ سووك | چوار | باشۆبوون (CV)(CV)(CVC) | سووك+سووك+پڕ | سێ |
| چاك کردنەوە - (CVC)(CVCC)(CV)(CV) | پڕ+گران+سووك+سووك | چوار | چاکۆکردن- (CV)(CV)(CVC)(CVC) | سووك+سووك+پڕ+پڕ | چوار |

## ٢-٤/٢)هێز (Stress):

زیادەوزەییێکی دەنگییە لەسەر یەکێك لە بڕگەکانی وشە سەر هەڵدەدا.[1] بە واتایەکی تر هێز جۆرە ڕوونییەکی ڕێژەیی یە لە هەر دەنگ و بڕگەیەکدا ئەگەر بەراورد بکرێت بە دەنگ و بڕگەکانی تر لە ئاخاوتندا، بڕگەی هێز لەسەریش لە لایەن قسەکەرەوە بە وزە و هێزێکی زیاتر لە بڕگەکانی دەوروبەری دەدرکێنرێت، لەبەر ئەوەی درکاندن لە کاتی هێزدا چالاکی و وزەیەکی زۆر لە هەموو

(١)وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤: ١٤).

ئەندامـەكانی دركانـدن لـە یـەك كاتـدا بـە دوای خۆیـدا دەهێنێـت، لەسـەر ئـەم بنەمایـەش دەنگەكـە بەرزترو ڕوونتر دێتە بەر گوێ.[1] واتە هێز جۆرە چالاكییەكە لـە هـەموو ئەندامـەكانی دركاندنـدا لـە یەك كاتدا. لە كاتی دركاندنی بڕگەیـەكی هێـزدار (هێـز لەسـەر)دا، تێبینـی ئـەوە دەكرێـت كـە هـەموو ئەندامەكانی دركاندن لە ئەوپەڕی پلەی چالاكیدا دەبن؛ بەمەش دەمـاری سـییەكان زۆر چـالاك دەبـن، هـەروەها بـە جووڵـەی ژێكـان دەنـگ بـەهێزتر دەبێـت و لەیـەكتر نزیـك دەبنـەوە تـاوەكو ڕێگـا بـدەن كـەمترین بەشـی هـەوا تێپـەڕێت، بەمـەش مـەودای لەرینـەوەكان فـراوان دەبێـت، لـە ئـەنجامی ئەمـە، دەنگەكە ڕوون و بەرزتر دێتە بەر گوێ. ئەمە لە كاتی دەنگە گڕەكاندا بەڵام لە كـاتی دەنگـە كپەكانـدا ژێكانی دەنگ لە یەكتر دوور دەكەنەوە بە ڕادەی دوورییەكی زیاتر لە گەڵ دەنگی نـاهێزداردا، بەمـەش بەشێكی زیاتری هەوا تێدەپەڕێت.[2] بۆ نموونە وشەی (بەڵام) لە دوو بڕگە پێكهـاتووە (بـە + ڵام). لـە بڕگەی یەكەمدا هەڵچوونێكی لە پڕی دەنگی سەر هەڵدەدا. ئەم هەڵچوونە ئـەنجامی خێـرا لەرینـەوەی ژێكانە. ئەمە لـە بڕگـەی دووەمـدا بـە دی ناكرێـت. لـە زمـانی كوردیشـدا بـە شـێوەیەكی گشـتی هێـزی سەرەكی دەكەوێتـە سـەر دوا بڕگـەی وشـە. هەنـدێك نـاوێزە بەرچـاو دەكـەوێت، وەك (چـونكە، بـەڵام، هێشتا....هتد) لەم وشانەدا هێز كەوتۆتە سەر بڕگەی یەكەم.[3]

لە هەندێك حاڵەتدا وا ڕوو دەدات، هێز لـە یـەك وشـەدا شـوێنی لـە بڕگەیەكـەوە بـۆ بڕگەیـەكی دیكـە دەگوازێتەوە بەبێ ئەوەی كار بكاتە سەر مانای وشەكە... وەك وشەی (پەردە) هەرچەنده لـە ڕەسـەندا هێز بەسەر دوا دەنگەوەیە، بـەڵام گـەر لەسـەر بزوێنـی یەكـەمین دابنرێـت مانـا هـەر ناگۆڕێـت، بـەڵام هەندێك جاریش لە گواستنەوەی هێزدا مانای جیاواز پەیدا دەبێت. بە وێنە فۆرمی (سـەوزە)، ئەگـەر هێز لەسەر دوا دەنگی دابنرێت، ئەوە ماناكەی (هەموو جۆرە شینایيەك دەگرێتەوە كـە ڕوابێـت). خـۆ ئەگەر هێز بخرێتە سەر دەنگی دووەمی، ئەوسا بە مانای (ڕەنگی سەوز)دێت.[4]

### ٢/٤-٢-١)گۆڕان لە هێزدا:

هەروەك چۆن گۆڕانە دەنگییەكان لە شێوەزاری گەرمیاندا هۆیەك بوون بۆ گـۆڕانی ژمـارەو جـۆرو قاڵبی بڕگەی وشەكان، هەروەها هەندێك جار هۆیەكیش دەبن بۆ گۆڕانی هێزی بڕگـەی وشـەكان. وەك زانراوە هێز لە زمانی كوردیدا بەزۆری لەسەر دوا بڕگەیە، بۆیە كاتێك ژمارەی بڕگەكان لـە وشـەیەكدا زیاد دەكەن یان كەم دەكەن، ئەوە هێزی بڕگەكانیش دەگۆڕێن. وەك:

---

(١)احمد محمد قدور (٢٠٠٨: ١٦٣).

(٢)ابراهيم انيس (١٩٧٩: ٩٧-٩٨).

(٣)وریا عومەر ئەمین (١٩٩٤: ١٤).

(٤)ئەوڕەحمانی حاجی مارف(١٩٧٦: ٧٠).

| ش.س | شوێنی هێز | ش.گ | شوێنی هێز |
|---|---|---|---|
| شەکر- (CV) (CVC) | یەکەم | شەکەر - (CV) (CVC) | دووەم |
| وەستا- (CVC)(CV) | دووەم | وەسا (CV)(CV) | یەکەم |
| سووتا - (CV) (CV) | دووەم | سووتیا- (CVC) (CV) | یەکەم |
| گەنیو - (CV) (CVC) | یەکەم | گەنیاو- (CVC) (CVC) | دووەم |
| نزیك- (CV)(CVC) | دووەم | نێزگ- (CV)(CVC) | یەکەم |
| دانە - (CV)(CV) | دووەم | دەنك- (CV)(CVC) | یەکەم |

مەرج نییە هەموو گۆڕانێکی دەنگی شوێنی هێز لە سەر بڕگەکانی وشە بگۆڕێت. وەك:

| ش.س | شوێنی هێز | ش.گ | شوێنی هێز |
|---|---|---|---|
| ڕۆژگار - (CVC) (CVC) | دووەم | ڕۆزار - (CV) (CVC) | دووەم |
| گوێنی - (CVC) (CV) | دووەم | گونێ - (CV) (CV) | دووەم |
| سەرین- (CV) (CVC) | یەکەم | سەرنیا- (CVC) (CVC) | یەکەم |
| بچووك- (CV)(CVC) | دووەم | بیچك - (CV)(CVC) | دووەم |

لە کۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە گۆڕان لە ئاستی دەنگدا لە شێوەزاری گەرمیاندا بابەتێکی حاشا هەڵنەگرەو و ڕوونە، بەچەشنێك، کە هەندێك جار ئەو گۆڕانە دەنگییانە لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیشدا ڕەنگ دەدەنەوە، وەك لە بەشی سێیەمی باسەکەماندا بەدەردەکەوێت.

## ٣/بەشی سێیەم/ئاستی ڕێزمان

### ١/٣)ئاستی مۆرفۆلۆژی:

### ١-١/٣)چەمك و سنووری مۆرفۆلۆژی:

مۆرفۆلۆژی وەکو لقێك لە زانستی ڕێزمان دادەنرێت و لە پێکهاتەی وشەکان دەکۆڵێتەوە لە بارەی مۆرفیمی ڕیشەیی و مۆرفیمی بەندەوە.[١] بەواتایەکی تر مۆرفۆلۆژی لە چۆنێتی لێکدانی مۆرفیمەکان دەکۆڵێتەوە لە فۆرمی وشەدا.[٢] واتە ئەو زانستەیە کە لەو یاسایانە دەکۆڵێتەوە کە پەیوەندییان بە داڕشتنی وشەو و گەردان و گۆڕانی پێکهاتەیانەوەیە،

لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە وشە دەکۆڵێتەوە لە دەرەوەی پێکهاتە، هەروەها لە ڕێژەی وشەکان دەکۆڵێتەوە لە ڕووی ڕۆنانەوە، ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریاندا دێت لە کرتاندن یان زیادکردن، وکاریگەری ئەمەش لەسەر مانا. لێکۆڵینەوەی زمانەوانی نوێ لەسەر بنەمای دەنگ لە گەڵ بابەتەکانی مۆرفۆلۆژیدا هەڵس و کەوت دەکات لە بری ئەوەی لە کۆندا پشت بە زمانی نووسین دەبەسترا بۆ دیاری کردنی وشە. هەر کۆمەڵە پیتێك بەیەکەوە بنووسرایە و شێوەیەکی سەربەخۆی لە نووسیندا وەربگرتایە لای پێشینان بە وشە دادەنرا، لە کاتێکدا لە ئێستادا لێکۆڵینەوەی زمانەوانی نوێ لە گەڵ یەکەی مۆرفۆلۆژی (Morpheme)دا هەڵس و کەوت دەکات.[٣] مۆرفیمیش بچوکترین یەکەی تایبەتییە لە شێکردنەوەی ڕێزمانیدا، خاوەنی گرنگییەکی تایبەتییە لە بواری مۆرفۆلۆژیدا بە شێوەیەکی تایبەت. ئەو چەمکە زانستی یە جێگرەوەیەکە بۆ چەمکی وشە، لەبەر ئەوەی چەمکی وشە بە ئاسانی ناتوانرێت هەڵس و کەوتی لە گەڵ بکرێت، ئەمە جگە لەوەی وشە پێکهاتەیەکی لێکدراو لە چوارچێوەی ڕێزماندا پێك دێنێت. لێرەدا مۆرفیم وا سەیر دەکرێت، کە بچووکترین یەکەی ئەرکییە لە پێکهاتەی وشەکاندا.[٤] بەمەش یەکەی سەرەکی لە شیکردنەوەی سیستەمی مۆرفۆلۆژیدا بریتی یە لە مۆرفیم.

### ١-١-١/٣)مۆرفیم:

هەرچەندە پێناسەی زۆر بۆ مۆرفیم کراوە و ئەو پێناسانەش جیاوازن بە پێی جیاوازی قوتابخانە زمانەوانییە نوێ و هاوچەرخەکان، بەڵام هەموویان کۆکن لەسەر ئەوەی مۆرفیم بچووکترین دانەی

---

(١)محمد علي الخولي (١٩٩١: ١٧٥).

(2)Radford(1997: 256).

(٣)محمد محمد داود (٢٠٠١: ١٠٦).

(٤)ر. هـ . روبنز (١٩٩٧: ٦).

زمانییە، کە هەڵگری واتایەك یان ئەرکێکی سینتاکسییە. واتە: مۆرفیم بچووکترین دانەی واتاداری زمانە لە فۆنێمێك یان زیاتر پێك دێت و دەورێکی لە ڕێزمانا هەیە. بە گۆڕین و لابردنی هەر فۆنێمێکی یا بە لەتکردنی مانا و دەورە ئەسڵەکەی تیا ئەچێت.[1] مۆرفیم یەکەیەکی ئەبستراکتە، بەهۆی یەکەی تروە لە ڕستەدا دەناسرێتەوە، کە پێی دەڵێن مۆرف، هەندێك مۆرفیم بەوە دەناسرێنەوە، کە زیاتر لە یەك مۆرف پێك دێنن بە گوێرەی شوێنیان لە وشە یان لە ڕستەدا، ئەم مۆرفیمانەش پێیان دەوترێت ئەلۆمۆرف.[2] واتە: مۆرفیم لە کۆمەڵە ئەلۆمۆرفێك پێك دێت، کە لە ڕووی واتاو ئەرکەوە هاوبەشن و لە شێوە و فۆرمەوە لێك جیاوازن.[3] بە وێنە مۆرفیمی کۆی (ان)خاوەنی ئەلۆمۆرفەکانی (یان، وان)ە، مۆفیمی (ات) خاوەنی ئەلۆمۆرفەکانی (جات، هات، وات)ە، دانەی مۆرفیمیش لە چەند ڕوانگەیەوە تێی دەڕوانرێت سییانیان تەواو بڵاون.[4]

ا- مۆرفیم خاوەنی مۆرفە، کە دانەیەکی فیزیکی یە، بە واتای ئەوەی شێوەیەکی فۆنەتیکی هەیە یان فۆرم و بوونێکی مادی هەیە.

ب- مۆرفیم واتای هەیە. بەمە لە فۆنیم و هەموو دانەکانی تری ئاستی فۆنۆلۆجی جیا دەبێتەوە.

پ- مۆرفیم دەورێکی سینتاکسی هەیە کە لە ڕۆنانی ڕێزمانی گەورەتردا دەینوێنێت – بەواتای ئەوەی لە وشە و فرێز و ڕستەدا دووپات دەبێتەوە و ئەمانە دروستدەکات.

مۆرفیمیش بەوە لە بڕگە جیا دەبێتەوە کە یەکەمیان بە بەردەوامی خاوەنی واتایە دووەمیان هەموو کات واتای نییە؛ هەروەها مۆرفیم دەکرێت لە یەك بڕگە زیاتر پێك بێت وەکو (بەهار) کە یەك مۆرفیمەو لە دوو بڕگە پێك هاتووە. مۆرفیم لە وشەش جیاوازە، چونکە وشە دەکرێت لە یەك مۆرفیم یان زیاتر پێك بێت؛بە وێنە وشەی (ئاسنگەر) لە دوو مۆرفیم پێك دێت.

لە ڕووی ئەرکیشەوە مۆرفیم یەکێکە لەو هۆکارانەی حاڵەتی ڕێزمانی لە مۆرفۆلۆژی و هەروەها لە سینتاکسدا پێك دێنێت. هاوکات لە زمانی کوردیدا کە حاڵاتی ڕێزمانی زۆرە، مۆرفیمە هەمەچەشنەکانی هۆیەکی هەرە کاریگەر و ناسراون لە پێکهێنان و دەربڕینی ئەو حاڵەتە ڕێزمانیانەدا. بەڵام دەربڕینی حاڵاتی ڕێزمانی تاکە دەوری مۆرفیم نییە، بەڵکو دەورێکی دیکەی زۆر گرنگی هەیە، کە ئەویش ڕۆنانی وشەیە.[5]

---

(١)وریا عومەر ئەمین،گ-کاروان، ژ٤٥ (١٩٨٦: ١١).

(2)Crystal (2003:300).

(٣)محمد علي الخولي (١٩٩١: ١٧٤).

(٤)محمد معروف فتاح (١٩٩٠: ٨١).

(٥)ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٧: ٢٤).

### ۱/۳-۱-۱-۱) جۆرەکانی مۆرفیم:

لەسەر بنەمای پێکهاتن و ئەو واتاو ئەرکە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسیانەی مۆرفیم هەیەتی مۆرفیم بەسەر ئەم جۆرانەی خوارەوەدا دابەش دەبێت.(۱)

۱- مۆرفیمی سەربەخۆ (Free Morpheme): ئەو مۆرفیمەیە، کە دەتوانرێت وەکو یەکەیەکی سەربەخۆ بەسەربەخۆی لە زماندا بەکاربێت. وەکو : پیاو، گەورە، ژیر...هتد.

۲- مۆرفیمی بەند (Bonnd Morpheme): ئەو مۆرفیمەیە کە ناتوانرێت بە تەنیا بەکاربێت و پێویستە بە مۆرفیمێکی ترەوە بلکێنرێت، ئەو مۆرفیمەش مۆرفیمی سەربەخۆ بێت یان بەند. وەك: مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)لەگەڵ مۆرفیمی کوڕ (کوڕەکە) یان مۆرفیمی کۆی (ان) لە گەڵ مۆرفیمی پیاو (پیاوان).

۳- مۆرفیمی سفر (Zero Morpheme): ئەم مۆرفیمە نەبوونی وەکو فۆرمێك ئاماژەیە بۆ بوونی مۆرفیمێکی لابراو یان نادیار. وەکو جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاك لە گەڵ کرداری رابردووی تێنەپەڕدا، هەرچی ئەوڕەحمانی حاجی مارفە جۆرەکانی مۆرفیم بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکات و باسیان لێوە دەکات(۲):

۱- مۆرفیمی ڕیشەیی: بچووکترین بنکەی وشەیە کە مانای سەرەکی وشە هەڵ دەگرێت، لە زانستی زماندا بە مۆرفیمی ڕیشەیی ناسراوە. بە وێنە (ڕەش) لە وشەی (ڕەشایی)دا بنکەیە و مۆرفیمی ڕیشەیی یە.

۲- مۆرفیمی وشە داڕێژەر: ئەو پێشگرو پاشگرانەن کە دەوری وشە ڕۆنان دەبینن. بۆ نموونە پاشگری (ێنە) کە دەچێتە سەر وشەی (نیسك، ماش) دوو وشەی نوێ دادەڕێژێت، ( نیسکێنە، ماشێنە).

۳- مۆرفیمی وشە گۆڕ: ئەم مۆرفیمە دەچێتە سەر وشە و حاڵەتی جیاوازی رێزمانی پێك دێنێت. وەکو مۆرفیمەکانی ناسراوی و کۆ...تاد. بە واتایەکی تر مۆرفیمەکان گوزارشت لە کۆمەڵە چەمك و واتایەکی سینتاکسی دەکەن. وەك رەگەز(نێرو و مێ و بێلایەن)، ژمارە (تاك و دووانە و کۆ )، کەس (قسەکەر، قسەبۆکراو، قسەلەسەر کراو)، کاتی کردار(رابردوو و ئێستا و داهاتوو) خاوەنێتی (سەربارکراو) هتد. ئەم چەمك و واتایانە و هاوشێوەکانیان ، پۆلی سینتاکسیان پێ دەوترێت زۆرن و جۆراجۆر و جیاوازن لە ڕووی ژمارە و جۆرەوە بە جیاوازی زمانەکان؛ لەبەر ئەوەی کاتێك توێژەرێك لێکۆڵێنەوە لە زمانێکی تر دەکات جگە لە زمانەکەی خۆی، ئەوە مەرج نییە هەمان ئەو پۆلە

---

(۱)حلمي خليل (۱۹۸۹: ۲٤۸).

۲- ئەوڕەحمانی حاجی مارف (۱۹۷۷: ۳۰-۳۳).

سینتاكسیانە لە ڕووی ژمارەو جۆرەوە لەو زمانەیشدا بدۆزێتەوە.[١] یەكێك لەو پۆلێنە دیارانەش كە بۆ جۆرەكانی مۆرفیم كراوەوە لە گەڵ زمانی كوردیدا تارادەیەك دەگونجێت و لە ئێستادا زیاتر پشتی پێ دەبەسترێت. بریتییە لەم پۆلینەی خوارەوە[٢]:




## ٣/١-٢))گۆڕانی مۆرفۆلۆژی:

هەموو سیستەمێكی مۆرفۆلۆژی كۆمەڵێك شوێنی كەم و كوڕی تیدایە و هیچ زمانێك لە زمانەكان لێی بەدەر نییە ئەگەر ئەو زمانە باشترینی زمانەكانیش بێت(زمانی باشتر مەبەست لەو زمانانەیە، كە خزمەتی زیاتر كراون)، چونكە لە هەر یاسایەك لە یاساكانیدا باری نەشازی ئەوتۆی تێدایە، كە هیچ لێكدانەوە و بیانوویەكی لۆجیكی هەڵناگرێت. كورتەی قسە ئەوەیە، كە سیستەمی مۆرفۆلۆژی لای هەر قسەكەرێك كۆمەڵە هۆكارێك لە گۆڕان لە خۆیدا هەڵ دەگرێت بە قەد ئەوەی سیستەمی دەنگی هەڵی دەگرێت. بەڵام ئەو ڕێگەیەی، كە بەهۆیەوە گۆڕان ڕوو دەدات لە هەریەك لەو دوو سیستەمەدا لە یەكتری جیاوازن، لەبەر ئەوەی گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەكان بەر وشەكان دەكەوێت نەك ڕەگەزە مۆرفۆلۆژییەكان، ئەمەش بە پێچەوانەی گۆڕانە دەنگسازییەكانەوە، كە بەر دەنگەكان

---

(١)محمود السعران (٢٠٠٨: ٢٣٢-٢٣٣).

(٢)بۆ زانیاری زیاتر: بڕوانە محەمەد مەعروف فتاح، سەباح رشید قادر( ٢٠٠٦: ٢٩-٤٧).

دەکەوێت بە شێوەی سەربەخۆ و جیا لە وشەکان. هۆکاری ئەمەش تەنیا بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە ڕەگەزە مۆرفۆلۆژییەکان زۆربەی کات بەشێکی دانەبڕاون لە وشە، بەڵکو هۆکاری ئەمە بەتایبەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هۆی گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان لە گشتێتی هۆشەکیدا نیین، بەڵکو لە بەکارهێنانی زمانە بۆ ئەو گشتێتییە. بەردەوام گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکان لە بەکارهێنانێك کە ڕووی دابێت دروست دەبن، دواتر فراوانبوونەکەی سنووردارە، کەواتە ئەوەی دەگۆڕێت سیستەمەکە نییە، هەروەك چۆن لە هەندێك لە گۆڕانە دەنگییەکاندا هەیە، واتە ئەوەی کە ڕوو دەدات تەنیا ڕەگەزێك لە ڕەگەزەکانی سیستەمەکە لە یەکێك لە بەکارهێنانەکانیدا دەگۆڕێت. جیاوازی ئەم دوو ڕێگەیە لە ئەنجامەکانیاندا بەدەر دەکەوێت. چونکە گۆڕانی دەنگی گشتگیر و فراوانترە و شوێنەوار لە دوای خۆی بەجێ ناهێڵێت ؛ واتە بارێکی نوێ جێگای بارە کۆنەکە دەگرێتەوە. بەڵام هەرچی گۆڕانی مۆرفۆلۆژییە هەموو ئەو بارانە دەگرێتەوە، کە کاری تێ دەکات ؛ چونکە لە پاڵ ئەو ڕێژە نوێیانەدا، کە نوێیان دەکاتەوە ڕێگە بە ژمارەیەکی زۆری ڕێژە کۆنەکان دەدات، کە لە بەکارهێنان بەردەوام بن. بەم چەشنە هەر زنجیرەیەك لە زنجیرەکانی گۆڕانی مۆرفۆلۆژی شوێنەوارێك لەدوای خۆی بەجێ دێڵێت.[1]

گۆڕان هەرگیز بە تەواوەتی و بە ڕەهایی ڕوو نادات، زۆرجار ڕێژە کۆنەکان لە پاڵ ڕێژە نوێکراوەکاندا دەمێننەوە، تەنانەت ئەمە لە سیستەمی گشتی ئەو زمانانەشدا تێبینی دەکەین، کە خاوەن مێژوویەکی درێژن و تووشی گۆڕانی گەورەش بوون وەك زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی، کە تێکەڵەیەك لە سیستەم پێك هاتووە، کۆمەڵە حاڵەتێکی جیاوازی لە خۆ گرتووە. بۆ وێنە سەرەڕای ئەوەی لە زمانی فەرەنسیدا چاوگی (courir) لە ڕێژە کۆنەکەی (courre) وەرگیراوە، بەڵام تا ئێستاش ڕێژە کۆنەکە بەکاردێت بەوەی کە دەوترێ (chasse a courre).[2] ئەم شوێنەوارە مۆرفۆلۆژییانەش لە سیستەمی کۆندا، لە ناو سیستەمە نوێیەکەدا بەشێوەی نەشاز دێنە بەرچاو.[3]

دیاردەی گۆڕان لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و یاسا مۆرفۆلۆژییەکاندا بە بەراورد بە ئاستی دەنگسازی کەمترە، ئەگەر ڕوویش بدات ماوەو کاتێکی زۆرتری دەوێت. لە کاتێکیشدا پەرتووك و نووسراوی زمانی کوردی بەکارهاتووی کۆنمان لا نییە تاوەکو شێوەی گۆڕانە مۆرفۆلۆژییەکانمان لە کۆن و نوێدا بۆ دیاری بکات، واتە ئەوەی ئێمە لەسەری دەدوێین جیاوازییە وەك لەوەی گۆڕان بێت، لەبەر ئەوە نازانین چ زارو شێوە زارێك شێوەی ئاخاوتنەکەی کۆنترە و بنچینەیی ترە، بە واتایەکی تر ناتوانین بیسەلمێنین، کە شێوەی ئاخاوتنی گەرمیان یان سلێمانی کۆنترە و بنچینەیی ترە. بۆیە لەم باسەماندا ئاماژە بەو بارە مۆرفۆلۆژیانە دەکەین لە شێوەزاری گەرمیاندا بە بەراورد بە شێوەزاری سلێمانی.

---

(١)ج.فندریس (١٩٥٠: ٢٠٣- ٢٠٤).

(٢)سەرچاوەی پێشوو، (٢٠٣-٢٠٤).

(٣)رمضان عبدالتواب (١٩٩٧: ١٧).

### ٣-١/٣)مۆرفێمە بەندە وشەگۆڕەکان لە شێوەزاری گەرمیاندا:

#### ١-٣-١/٣)مۆرفیمی ناسراوی و نەناسراوی:

ئـەم مۆرفیمانـە هەرچـەندە ڕۆڵـی سینتاکسییان هەیـە، بـەڵام لـە پێکهاتـەی مۆرفۆلۆژیـدا دیـاری دەکرێن. حاڵەتی ناسـراوی لـە (ش.گ)دا بـە هـۆی مـۆرفیمی ناسـراوی (ەکـە) ەوە سـازدەبێت و بـەهیچ شێوەیەك مۆرفیمی (ە) وەکو مۆرفیمی ناسراوی بەکارنایەت. وەك:

کوڕ + ەکە = کوڕەکە

ژن + ەکە= ژنەکە

مۆرفیمی (ەکە)ی ناسراویش بە پێـی هـاتنی لـە ژینگـەی جیـاوازدا شـێوە و ئەلـەمۆرفی جیـاواز لـە خـۆ دەگرێت.

ناخوون + ەکە = ناخونەکە (ەکە)

قاپی + ەکە = قاپێکە (ێکە)

پاتیلە + ەکە = پاتیلەکە (کە)

چەقۆ + ەکە = چەقۆکە (کە)

با + ەکە = باکە (کە )

جێ + ەکە = جێکە (کە)

پەموو + ەکە = پەمووەکە (وەکە)

بـە پێـی ئـەو وشـانەی سـەرەوە ئـەو ناوانـەی بـە دەنگـی کۆنسـونانت کۆتاییـان دێـت کاتێـك مـۆرفیمی ناسراوی (ەکە) بەکاردێت، ئەوە فۆرمی (ەکە) ناگۆڕێت، بەڵام کاتێك لـە گـەڵ ئـەو ناوانـەدا بـەکاردێت، کە بە ڤاوڵ کۆتاییان دێت، ئەوە تێبینی دەکەین بەشێوەیەکی گشـتی (ە) ی سـەرەتای مـۆرفیمی (ەکـە) تیادەچێت، ئەگەرچی لەو ناوانەی بە دەنگی (ی) کۆتایی دێن، کۆتا دەنگی ناوەکە کـە (ی) یـە لـە گـەڵ (ە) ی مۆرفیمی ناسراوی دەگۆڕێت بۆ (ێ) فۆرمی (ەکە) ش شـێوەی (ێکـە) وەردەگرێـت. هەرچـی ئـەو ناوانەی بە دەنگی (وو) کۆتاییان دێت، ئەوە نیمچە کۆنسونانتی (و) دێتە نێوانەوە و مـۆرفیمی (ەکـە) وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

هەرچـی حاڵـەتی نەناسـراوییە، ئـەوە بـە هـۆی مـۆرفیمی (ێـك، ێ) ەوە پێکـدێت وەك دیـارە (ێ) کورتکراوەی (ێك)ە. وەك:

مامر + ێك/ێ = مامرێك/مامرێ

دگان + ێك/ێ = دگانێك/دگانێ

هەروەها مۆرفیمی نەناسراوی (ێك)یش بە پێی كۆتا دەنگی ناوەكان هەندێك جار گۆڕان لە شێوەیدا دێتە ئاراوە.

١- لە كاتی بەكارهێنانی مۆرفیمی نەناسراوی (ێك) لە گەڵ ئەو ناوانەی كۆتاییان بە دەنگی كۆنسونانت دێت فۆرمەكە بێ گۆڕان وەك خۆی دەمێنێتەوە. وەك:

تۆپ + ێك = تۆپێك

كەلوپەل + ێك = كەلوپەلێك

٢- كاتێك مۆرفیمی (ێك) لە گەڵ ئەو ناوانەی بە دەنگی (ا، ێ، ە، ۆ، وو، ی) كۆتای دێت بەكار دێت، ئەوە مۆرفیمەكە شێوەی (یەك) وەردەگرێت. وەك:

پا + ێك = پایەك

ڕێ + ێك = ڕێیەك

پەخشە+ ێك = پەخشەیەك

گەزۆ + ێك = گەزۆیەك

موو + ێك = موویەك

شامی + ێك = شامییەك

## ٢-٣-١/٣)مۆرفیمی ژمارە(تاك وكۆ):

هەموو زمانەكان جەخت لەسەر بیرۆكەی جیاوازی لە نێوان تاك و كۆ دەكەنەوە، هەر یەك لەو زمانانەش شێوازی تایبەتی بۆ ئەو جیاوازییە دەگرنەبەر. هەیانە تەنیا جیاوازی لە نێوان تاك و جگە لە تاكدا دەكات بەوەی، كە ڕێژەیەكی تایبەتی بۆ تاكەكە دادەڕێژێت. ئەوەی لەو ڕێژەیە زیادی كرد حاڵەتێكی ترەو بە هۆی مۆرفیمێكەوە، كە دەخرێتە سەر ڕێژە تاكەكە ئەو ناوەی، كە دەمانەوێت كۆی بكەینەوە دەبێت بە كۆ، هەندێك جاریش گۆڕانێكی بنەڕەتی لە پێكهاتەی ڕێژە تاكەكەدا ڕوو دەدات.[1] هەیشیانە جیاوازی لە نێوان تاك و دووانەیی (مثنی)و كۆشدا دەكات وەك زمانی عەرەبی. لە زمانی كوردیشدا گەر ناوێك ئاماژە بە یەك كەس یا یەك جۆر یا یەك چەمك بدات پێی دەوترێت تاك، گەر ئاماژەش بە زیاتر لە یەك بدات بە كۆ ناو دەبرێت. فۆرمی ناوی گشتیش لە زمانی كوردیدا

(١)پاكیزە رفیق حلمی (١٩٧٢: ١١).

ئەگەر نیشانەیەك، یاخود وشەیەکی بۆ دووپاتکردنەوە لە گەڵ نەبێت، ئەوە چۆن بۆ تاك، هەر بەو جۆرەش بۆ هەموو ڕەگەزی هاوچەشنەکەی بەکاردێت.[1] بڕوانە (١).

١)ا- مەلا لە مزگەوت هاتەوە. تاك

ب-مەلا لە مزگەوت کۆڕیان بەستبوو. کۆ

گەر بە دوای فۆرمی ناوی تاکەوە (ەکە)و(ە) نیشانەی ناسراوی ؛ (ێك/ێ) ی نیشانەی نەناسراوی بلکێن ؛ یاخود ئامرازی نیشاندانی (ئەم) و(ئەو) ؛ ژمارەی (یەك) لە پێشیەوە بێت، ئەوکاتە ناوەکە جەخت لەسەر تاك دەکات و واتای تاك دەگەیەنێت.[2] بڕوانە (٢).

٢)ا- ئازاد کتێبەکەی کڕی.

ب-ئازاد کتێبێکی کڕی.

پ- ئازاد ئەو کتێبەی کڕی.

ت- ئازاد یەك کتێبی کڕی.

هەرچی ناوی کۆیە وەکو چەمکێکی گشتی لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە، بەڵام هەر زمانەو بە کەرەستەی تایبەتی خۆی گوزارشت لەم چەمکە ڕێزمانییە دەکات. لە (ش.گ)یشدا راستە (ان) مۆرفیمی سەرەکی کۆیە، بەڵام مۆرفێمی (گەل) یاخۆد (ەیل)یش لە شێوەی (ەیل،ێل/یەل)دا وەکو مۆرفێمی کۆ بەکاردێن. وەك:

کوڕ + ان = کوڕان

ژن + ەیل = ژنەیل

کوڕ+ ێل = کوڕێل

گا + یەل = گایەل

مۆرفێمەکانی (ات، ەها)یش لەم شێوەزارەدا بەکاردێن. وەك:

مەروماڵات ، سەوزەوات ، ساڵەها، چەنەها،

مۆرفێمی (گەل)یش لەم شێوەزارەدا بۆ کۆ بەکاردێت، هەندێك جار دوای ناوەکە دەکەوێت. وەك: (مێگەل، کوڕگەل)، هەندێك جاریش پێش ناوەکە دەکەوێت لە بەکارهێناندا. وەك:

گەلەسەگ، گەلەمەڕ، گەلەگورگ، گەلەژن...تاد.

---

(١)ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٤٠).

(٢)سەرچاوەی پێشوو (١٤١).

زۆربەی کات لە (ش.گ)دا ناو ناسراو دەکرێت، پاشان مۆرفێمی (ان)ی کۆ وەردەگرێت، بەتایبەتی لەو ناوانەی دوادەنگیان ڤاوڵە. وەك:

مەگەز + ەکە + ان = مەگەزەکان

برا + ەکە + ان = براکان

دەرگا + ەکە + ان = دەرگاکان

پاساری + ەکە + ان = پاسارییەکان

مێرووچە + ەکە+ ان = مێرووچەکان

### ٣-١/٣-٣)مۆرفیمی توخم (ڕەگەز):

ڕەگەز یەکێکە لە پۆلە سینتاکسییە گرنگەکان، کە هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە لە زۆربەی زمانەکاندا دەرکەوتنێکی دیاری هەبووە: بۆ وێنە بەکارهێنانی ئەو نیشانانەی ئاماژە بەوە دەدەن، کە ئەم ناوە جیاوازە لەویتر لە ڕووی رەگەزەوە، بابەتێك بووە هەر لە کۆنەوە جێی بایەخ و گرنگی بووە لای زمانەوانەکان. هەندێك جاریش رەگەز تاکە جیاکەرەوەیە لە نێوان ئەو جووت وشانەی لە ڕووی واتاوە جیاوازن و لە ڕووی دەنگەوە هاوشێوەن. بێگومان ڕەگەزی زمانی لەسەر لۆجیکێکی تایبەتی دەڕوات بەمانای ئەوەی ڕەگەزی زمانی لە گەڵ ڕەگەز لە واقیعی سروشتیدا یەك ناگرێتەوە، ئەوە زاراوەیە، کە هەوا بە نێرو ئاسمان و زەوی بە مێ دادەنێت لە زمانی عەرەبیدا. [1]

نیشاندانی ئەوەی کە ڕەگەز لە ڕێزماندا پێویست ناکات درکێنەری ڕەگەز بێت لە زیندەوەرناسیدا زۆر ئاسانە. یەکەم ئەوەی، لەو جۆرە زمانانەدا، کە ئەو جیاوازییانەیان تێدایە ناوی شتە بێ گیانەکان و ناوەکانی ماناش، کە نێرو مێ بۆ ئەوان نییە، لە باری ڕەگەزەوە دیاری دەکرێن : بۆ وێنە لە عەرەبیدا جسم (تەن) – نێرە و نفس (ڕەوان) – مێیە. دووهەم ئەوەیە تەنانەت لە تاکە زمانێکیشدا شت و دیاردەکانی نزیك لە یەکتر، کە سەر بە بابەتێکن بەبێ هیچ هۆیەك ڕەگەزی جیاوازیان هەیە. بە وێنە لە زمانی ئەڵمانیدا loffel (کەوچك) – نێرە، بەڵام gabel (چنگاڵ)- مێیە. سێیەم ئەوەیە، کە ناوی شت و دیاردەی تاکانە لە زمانە جیاوازەکاندا زۆربەی کات ڕەگەزی جیاوازیان هەیە. بە وێنە لە زمانی فەرەنسیدا SOLEIL (خورشید) – ڕۆژ- نێرە و LUNE مانگ – مێ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا مانگ نێرەو رۆژ مێیە. چوارەم ئەوەیە، کە لە هەندێك لەو زمانانەدا ڕەگەز هەمیشە نەگۆڕە، جا ئەو وشەیە چ بۆ ژن یان پیاو و یان بۆ ئاژەڵی نێر یان مێ بەکاربێت. بە وێنە لە زمانی

---

(١)-محمود السعران (٢٠٠٨: ٢٣٤).

فەرەنسیدا professeur (مامۆستا) هەمیشە نێرە بێ گوێدانە ئەوەی، کە ئەو کەسەی مامۆستایە ژن بێ یان پیاو. هەروەها وشەی souris (مشك) هەمیشە مێیە.[1]

لە زۆر زماندا جنسەکانی ناو بەهۆی کۆتایی وشەوە بێت یاخۆد هەر نیشانە و خاسیەتێکی ترەوە بێت لەیەك جیادەکرێنەوە. بە وێنە لە زمانی لاتینیدا، ناو سێ جنسی هەیە : جنسی نێر ( genus masculinum) ؛ جنسی مێ (genus femininum) ؛ جنسی بێ لایەن (genus neutrum) ئەم سێ جنسە یا لە ڕێی واتاوە یا لە ڕێی نیشانەی کۆتاییەوە یا لە ڕێی پاشگرەوە لە یەکتر جیا دەکرێنەوە.[2]

لە دیالێکتی خوارووی زمانی کوردیدا، بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی و هەندێك شوێنی تردا لە مێژە جنسەکانی ناو دەوریان نەماوە... بەڵام لە دیالێکتی ژووروو و هەندێك بەشە دیالێکتی خوارووی هەرچەندە لە حاڵەتی ئاساییدا نیشانەی جیاکردنەوەی جنس بەسەرچووە، بەڵام لە ڕستەدا بەتایبەتی لە دۆخی تیان و دۆخی بانگهێشتن و دۆخی ئیزافەدا ڕوون و ئاشکرا خۆیان دەنوێنن.[3] بەشێوەیەکی گشتی لە دیالێکتی خوارووی جنسی ناو لە ڕێگەی واتاوە دیاری دەکرێت. ئەگەرچی لە هەندێك ناوچەی سەر بە دیالێکتی خواروو وەك سۆران و موکریان و هەندێك شوێنی دەوروپشتی سلێمانی بە پێی دۆخی تیان و بانگهێشتن نیشانەی ئەوتۆمان بەرچاو دەکەوێت، کە ئاماژەن بۆ جیاوازی ڕەگەزی نێرومێ، بەم شێوەی خوارەوە. بۆ نموونە:

دۆخی تیان: مۆرفیمی(ی) بۆ نێر

مۆرفیمی (ێ) بۆ مێ

دۆخی بانگهێشتن: مۆرفیمی (ە) بۆ نێر

مۆرفیمی (ێ) بۆ مێ

بەڵام لە (ش.گ)داو لە دۆخی تیاندا مۆرفیمی نێرومێ بە هیچ شێوەیەك بوونیان نییە، هەرچی مۆرفیمی نێرۆ مێیە بۆ دۆخی بانگهێشتن، ئەوە لە ئاخاوتنی ئێستای (ش.گ)دا زۆر بە کەمی بەکاردێن، ئەگەریش بەکاربێن مۆرفیمەکان هەندێك جار بە جیاواز بەکاردێن. بۆ نموونە مۆرفیمی (ە) لە گەڵ هەندێك ناوی نێرو مێدا بەکاردێت. وەك:

باوك + ە = باوە ـــــ باوە بێ.

دایك + ە = دایە ـــــ دایە بچۆ.

کەچی لەگەڵ ناوی (کوڕ) و (کچ)دا (ە) بۆ نێرو (ێ) بۆ مێ بەکار دێت. وەك:

---

(١)محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣: ٣٣- ٣٤).

(٢)ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٦٣- ١٦٧).

(٣)سەرچاوەی پێشوو (١٦٧).

کوڕ + ە = کوڕە ـــــ کوڕە زوو بێ.
کچ + ێ = کچێ ـــــ کچێ زوو بێ.

تەنانەت هەندێك جار مۆرفیمی ناسراوی جێگای مۆرفیمی بانگکردنەکە بۆ نێرومێ دەگرێتەوە. وەك:

پیاو +ەکە = پیاوەکە ـــــ پیاوەکە بێ. کوڕەکە بێ.
ژن + ەکە = ژنەکە ـــــ ژنەکە بەسە . کەنیشکەکە بەسە.

هەروەها هەندێك جار لە شێوەزاری گەرمیاندا بەکاریگەری زمانی عەرەبی کەسەکان بە ناوی منداڵەکانیانەوە بانگ دەکرێن. وەك:

١- باوك ئارام بێ.
٢- دایك ئازاد بێ.

هەندێك جاریش بەمەبەستی بانگکردن وشەی (ئەبوو)ی عەرەبی و ناوێکی تر بەکاردێت. بۆ نموونە بە حەسەن دەوترێت (ئەبوو فەلاح) و بە حسین دەوترێت (ئەبوو عەلی)و بە محەمەد دەوترێت (ئەبوو جاسم)... تاد. ئەمە لە کاتێکدا ئەو کەسانە لەوانەیە ژنیشیان نەهێنابێت یان منداڵەکانیشیان ئەو ناوەی نەبێت. بەکارهێنانی وشەی (ئەبوو) یەکێك لەو ناوانە لە باری بانگکردندا وەکو نازناوێکی لێهاتووە بۆ ئەو ناوانەی، کە باسکران.

## ٤-١/٣)جێناو لە شێوەزاری گەرمیاندا:

جێناو لەو کەرەستە چالاکانەی زمانە، کە مرۆڤ زیاتر لە کەرەستەکانی تر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەیدا پەنای بۆ دەباو بەکاری دێنێت، هەروەها یەکێکیشە لەو بابەتە زمانیانەی جیاوازی دەخەنە نێوان زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردییەوە لە ناویشیاندا شێوەزاری سلێمانی و شێوەزاری گەرمیان. جیاوازییەکانیش زیاتر لە جێناوە لکاوەکان یان نووسەکەکاندایە، چونکە چ لە ڕووی فۆرم و چ لە ڕووی بەکارهێنانەوە جێناوی سەربەخۆ کەسی لەم دوو شێوە زارەدا جیاوازییەکی زۆریان نییە، جگە لەوەی کەسی دووەمی تاك (تۆ) دەبێت بە (تو) کەسی یەکەمی کۆ (ئێمە)دەبێت بە (یەمە) کەسی دووەمی کۆ (ئێوە) دەبێت بە (یەوە) لەهەندێك ناوچەی (ش.گ)دا. سەبارەت بە جیاوازی جێناوی لکاو، ئەوە ئەوەندە جیاوازییەکان لە بەکارهێنانیان و جێکەوتەیاندا بەدی دەکرێت ئەوەندە جیاوازی لە فۆرمیاندا بەدی ناکرێت. بڕوانە خشتەی ژمارە (٤) و (٥).

| | شێوەزاری سلێمانی | | شێوەزاری گەرمیان | |
|---|---|---|---|---|
| ژ | تاك | كۆ | تاك | كۆ |
| ١ | من | ئێمە | من | ئێمە/یەمە |
| ٢ | تۆ | ئێوە | تو | ئێوە/ یەوە |
| ٣ | ئەو | ئەوان | ئەو | ئەوان |

**خشتەی (٤)**

| | شێوەزاری سلێمانی | | | | | | شێوەزاری گەرمیان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستەی یەكەم | | دەستەی دووەم | | | | دەستەی یەكەم | | دەستەی دووەم | | | |
| | | | A | | B | | | | A | | B | |
| ژ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ |
| ١ | م | مان | م | ین | م | ین | م | مان | م | ین/یمان | م | ین |
| ٢ | ت | تان | یت | ن | یت | ن | ت | تان | یت | ن/یتان | یت | ن |
| ٣ | ی | یان | ∅ | ن | ات/ێت | ن | ی | یان | ∅ | ن | ات/ێت | ن |

**خشتەی (٥)**

## ٣/١-٥)ڕونانی وشە لە شێوەزاری گەرمیاندا:

لە زانستی زماندا ئەو بەشەی، كە لە چۆنێتی پێكهاتن و یاسای دروست بوونی وشەكانی ئەمڕۆی زمان دەكۆڵێتەوە پێی دەڵێین وشە ڕۆنان، وشەكانی زمانی كوردیش لە ڕووی ڕۆنانەوە دەبن بە دوو بەشەوە:

١- وشەی سادە: ئەو وشانەن، كە تەنیا لە وشەیەكی بنجی و سەربەخۆ پێك هاتوون. وەك: سەر، بەرد، دار، شار، هێز...تاد.

٢- وشەی ناسادە: ئەو وشانەن، كە لە وشەیەك و پاشگرێك یان پێشگرێك، یان زیاتر لە وشەیەكی بنجی بەشداری لە ڕۆنانیاندا دەكات. وەك:

باخچە، بەجەرگ، گوڵەگەنم، مارماسی، ...تاد.

له زمانی کوردیشدا بۆ ڕۆنانی وشه چەند ڕێگەیەك هەیە. ئەوەی له ناویاندا سەرەکی بێت (داڕشتن) و (لێکدان)ە – واته ئەم دوو ڕێگەیه هۆیەکی گرنگن بۆ دروست کردنی وشەی داڕێژراو لێکدراو.

### ١-٥-١/٣)وشەی داڕێژراو:

له وشەیەکی ساده و مۆرفیمێکی وشەداڕێژەر یان زیاتر پێك دێت. وەك:
ئاسنگەر ، بەهێز ، گوڵدان ، نەخۆش، کتێبخانه ، پرسگه .

زۆرێك لەو گیرەکانەی له شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاستدا بەشداری له ڕۆنانی وشەدا دەکەن، له (ش.گ)یشدا بەهەمان شێوه بەشداری دەکەن، بەڵام هەندێك جار هەست به بوونی جیاوازی دەکەین له شێوه و بەکارهێنانیاندا له خوارەوەش ئاماژه بەم جیاوازییانه دەدەین .

ا- هەندێك جار به هۆکاری دەنگسازی گۆڕان له شێوه و فۆرمی گیرەکەکاندا دێته ئاراوه به وێنه (بە، ەوە) له (ش.س)دا (وە، ۆ) بەرانبەری دەوستێتەوه له (ش.گ)دا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| بەتەمەن | وەتەمەن |
| بەتوانا | وەتوانا |
| بردنەوە | بردنۆ |
| هاتنەوە | هاتنۆ |

ب- جیاوازی گیرەکەکان له ڕۆنانی وشەیەکدا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| مێرووله | مێرووچە (جیاوازی پاشگر) |
| خوێناوی | خوێناوڵ (جیاوازی پاشگر) |

پ- لێکچوونی گیرەکەکان و جیاوازی له وشه پێکهێنەرەکانی وشه داڕێژراوەکەدا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
| --- | --- |
| شینایی | سەوزایی |
| ڕاوەشاندن | ڕاتەکاندن (داتەکاندن) |
| بریندار | زامدار |

| لێ وەرگرتن | لێ سەندن |
|---|---|
| هەڵاوسان | پەنەمیان |
| هەڵپچڕاندن | هەڵتەکاندن |

ت- هەندێك جار وشە دارێژراوەكە لە شێوەزارێكیاندا وشەیەكی سادە لە شێوەزارەكەی تردا بەرانبەری دەوستێت.

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| چیمەن | هەرێز |
| ڕاوەستان | وێسیان |
| لێخوڕین | ڕانین |
| مێشوولە | پەخشە |
| گەڕان | گڕخۆاردن (بۆ پیاسەو گەشت كردن) |
| گەڕان | مینەكردن (بۆ شت و كەس گەڕان) |
| گۆڕین | ئاڵشت كردن |

ج- جیاوازی لە وشە و گێرەكەكانی وشە دارێژڕاوەكەدا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| هەڵاتن | ڕاكردن |
| ڕاكشان | هەڵاژیان |
| گەڕانەوە | هاتنۆ |

### ٢-٥-١/٣)وشەی لێكدراو:

ئەو وشە ناسادەی كە بەلای كەمەوە دوو مۆرفێمی واتاداری تێدا بێت. وەك:

مارماسی ، دوودڵ ، بەردەنوێژ ، دەستپاك . هێلكەوڕۆن.

لە ڕۆنانی وشەی لێكدراوی (ش.گ)دا بە بەراورد بە (ش.س) لە پێكهاتنی هەندێك لە وشەكاندا هەست بە جیاوازی دەكەین .

ا- پێش وپاش خستنی پارچەكانی وشە لێكدراوەكە لەم دوو شێوەزارەدا. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| ژن برا | براژن |
| ژن خوشك | خۆيشك ژن |
| لەبەركردن | كردنەبەر |
| لەرزوتا | تاولەرز |

ب- جياوازى يەكێك لە پێكهێنەرەكانى وشە لێكدراوەكان. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| وازهێنان | وازدان |
| خەو لێ زڕاندن | لە خەو كردن |
| سپيكارى | گەچكارى |
| كۆبوونەوە | گردبوونەوە/خڕبوونەوە |
| سەروپێ | كەلەوپا |
| سەرەوژێر | سەرەوخوار |
| سەردەرچوون | سەردەركردن |
| بەخێرهێنان | خێراتن (خێرهاتن) |
| سەرچاككردن | سەرخاسكردن |
| سەرهەڵبڕين | سەربەرزكردنەوە |
| چاوهەڵبڕين | چاو بەرزكردنەوە |
| كۆبوونەوە | خڕبوونەوە |
| گازگرتن | قەپ گرتن |
| سەهۆڵاو | بەفراو |
| دۆشاوى تەماتە | ئاو تەماتە |
| فرێدان | بركدان |

پ- هەندێك جار وشەيەكى سادە يان داڕێژراو لە (ش.س)دا بە وشەيەكى لێكدراو گوزارشتى لێ دەكرێت لە (ش.گ)دا، يان بە پێچەوانەوە. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| بوورانەوە | لەهۆش چوون |
| سکچوون | ڕەوانی |
| ناردن | ڕەوانەکردن |
| ڕوانین | سەیرکردن (تەماشاکردن) |
| داپیرە | دادا، نەنە |
| باپیرە | بابا |
| خواربوونەوە | چەمانەوە |
| کەمەر | ناوقەد |
| دووپشك | کلاژدم |
| تێپەڕین | رەدبوون |

ت- هەندێك جار وشە لێکدراوەکان لەم دوو شێوەزارەدا بەتەواوی لەیەك جیاوازن. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| هەناسەسواری | تەنەنەفەسی (تەنگەنەفەسی) |
| فریودان | دەسخەرۆ |
| دەست لێ بەردان | وازلێ هێنان |
| ڕوو وەرگێڕان | پشت تێ کردن |

ج- لە هەندێك وشەی لێکدراودا شوێنی پاشگری (ەوە/ۆ) لەم دوو شێوەزارەدا دەگۆڕێت. وەك:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| لەبیرچوونەوە | لەبیرۆچوون |
| لەکوڵ کردنەوە | لەکۆڵۆکردن |
| چاك کردنەوە | چاکۆ کردن |
| باش بوونەوە | باشۆبوون |

## ٦-١/٣)كردار لە شێوەزاری گەرمیاندا:

كردار یەكێكە لەو كەرەستە سەرەكییانەی ڕۆڵی گرنگ لە ئاخاوتندا دەگێڕێت. ئەوەی لە كەرەستەكانی تری جیا دەكاتەوە بوونی كات و كەس و ژمارەیە لە ناوڕۆكیدا. بەواتایەكی تر كردار لە زمانی كوردیدا خاوەنی تایبەتێتی حاڵەتی كەس(یەكەم، دووەم،سێیەم)؛ ژمارە (تاك، كۆ)؛ كات( ڕانەبردوو : ئێستا، ئایندە؛ ڕابردوو: سادە، بەردەوام، تەواو، دوور) ؛ ڕێژە (هەواڵی، مەرجی، فەرمانی) ؛ ئەرێنی و نەرێنی ؛ تێپەڕی تێنەپەڕی، كارا دیارو كارا بزری ؛ سادەیی و ناسادەیی (داڕێژراو، لێكدراو) ؛ ڕەگ و قەدە.[١] مۆرفۆلۆژیای كردار لە زۆربەی زمانەكاندا لە هەموو بەشە ئاخاوتنەكانی تر ئاڵۆزی زیاترە.[٢] كردار كە چەمكی ڕوودان لە خۆ دەگرێت، چەند لایەنێكی دانەبڕاوی هەیە و بە كاتە گۆڕییەكانی مۆرفۆلۆژی ئاماژەیی گشتی ناو دەبرێت و گیرەكە ڕێزمانییەكانی: كات (Tense)، ئەسپێكت(Aspekt) [٣]، ڕووكار(Mood) دەیان نوێنن.[٤].

### ١-٦-١/٣)ڕێژەكانی كردار لە شێوەزاری گەرمیاندا:

ڕێژە یان ڕووكار (Mood)، بریتیە لە هەستی قسەكەر بەرانبەر بە ڕاستی ڕوودان یان كردار، لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێ بوون یان جێبەجێنەبوونی كردارەوە،[٥] واتە: هەڵوێستی قسەكەرە بەرانبەر ئەوەی، كە دەیلێ، كە لە شێوە جیاوازەكانی كردارەوە دەست دەكەوێت.[٦] لە زمانی كوردیشدا لە ڕووی وشەسازییەوە دەتوانین سێ ڕێژەی كردار جیابكەینەوە:(١- هەواڵی ؛ ٢- مەرجی ؛ ٣- فەرمانی). لە شێوەزاری گەرمیانیشدا هەمان دابەش كردن بەدی دەكرێت.

#### ١-١-٦-١/٣)ڕێژەی هەواڵی (ئیخباری):

پێش ئەوەی قسە لەسەر ئەم ڕێژەیە بكەین لە ڕووی كاتەوە، پێویستە باس لەوە بكەین، كە دوو جۆر كاتمان هەیە، ١- كاتی سروشتی (Time). ٢- كاتی ڕێزمانی (Tense).

---

(١)ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤-٥).

(2)Katamba (1993: 220).

٣- ئەسپێكت هەڵگری چەمكی كاتە و ماوەی ڕوودانی كردار لە ئێستا و ڕابردوو ، ڕانەبردوودا دەخاتە ڕوو، مەبەست لە ماوە: سەرەتاو كۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون یان درێژەكێشان دەگرێتەوە، هەروەها كاتێكی چەسپاو جێگیر نیشان نادات، چونكە بەردەوام بوونی ڕوودانی كردار نیشان دەدات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: ا- ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٣). ب- كورش صفوی (٢٠٠٤: ٣٥). پ- غلام رضا ارذنط (٢٠٠٢: ١٤٢).

(٤)ئەبوبەكر عومەر قادر (٢٠٠٣: ٦٠).

(٥)سەرچاوەی پێشوو (٦٧).

(٦)بائیز عومەر ئەحمەد(٢٠٠٥: ٣)

١-كاتی سروشتی(Time): كاتی ڕوودان و ڕوونەدانی كردارێكە، كە لە كات و شوێنێكی دیاریكراو قسەو گفتوگۆی لەسەر دەكرێت، لە ڕێگەی واتا و مەبەستەوە ئاماژەی پێ دەكرێت.(١)

٢-كاتی ڕێزمانی (Tens): كاتی ڕێزمانی كاتیگۆری سینتاكسیە و جۆری كاتەكان (ڕابردوو و ڕانەبردوو) وەك پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی كات جیادەكاتەوە(٢)، واتە كاتی ڕوودانی كردارێكە لە ڕێگەی نیشانە مۆرفۆلۆژییەكانەوە وەكو گیرەكی ڕێزمانی ئاماژەی پێ دەكرێت و لەژێر كاریگەری یاسای سینتاكسی ئالۆزدا و تەم و مژی دەڕوێنێتەوە، كەواتە دەكرێت بڵێین لە نێوان كاتی سروشتی و كاتی ڕێزمانیدا پەیوەندییەكی یەك بەیەك لە ئارادا نییە.(٣) هەروها پەیوەندی فۆرمی كردار بەكاتەوە، پەیوەندییەكی چەسپاو جێگیر نییە، چونكە چوارچێوە (سیاق)ی زمان و بارودۆخ و فۆرمە بەشدارەكانی ڕۆنانی ڕستە دەیان گۆڕن.(٤) لە زمانی كوردیشدا كاتی ڕێزمانی بەسەر كاتی ڕابردوو و ڕانەبردوودا دابەش دەبێت.

ا/ڕابردووی ڕێژەی هەواڵی:

ڕابردووی ڕێژەی هەواڵی بە پێی ماوەی دەست پێكردن و ماوەی خایاندن و كۆتایی هاتنی ڕوودان بەسەر چوار جۆردا دابەش دەبێت.

١- ڕابڕدووی سادەی(5)هەواڵی:

ئەم جۆرە كردارە لە ڕەگی ڕابردوو و یەكێك لە مۆرفیمەكانی كاتی رابردوو (د، وو، ت، ی، یا(٦))پێك دێت و مۆرفیمی ئەسپێكت بەشداری لە ڕۆنانەكەیدا ناكات. یاساكەی بەم شێوەیەیە.

ڕەگی ڕابردوو + مۆرفێمی كاتی رابردوو + جێناوی لكاو = ڕابردووی سادەی هەواڵی

لە شێوەزاری گەرمیاندا هەمیشە بۆ كرداری ڕابردووی تێپەڕ دەستەی یەكەمی جێناوەكان (م، ت، ی، مان، تان، یان) و بۆ كرداری ڕابردووی تێنەپەڕ دەستەی دووەمA (م، یت،∅ ، یمان/ین، یتان/ن، ن) و بۆ ڕانەبردوو دەستەی دووەم B (م، یت، ات/ێت، ین، ن، ن) بەكاردێت.

| ڕەگی ڕابردوو | م. كاتی ڕابردوو | جێناوی لكاو | ڕابردووی سادەی هەواڵی |
|---|---|---|---|
| بر(تێپەڕ) | د | ت | بردت (بردت) |
| برژ(تێنەپەڕ) | یا | یمان | برژیایمان (برژاین) |

(١)محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣: ٣٩).

(٢)Trask( 1993: 274).

(٣)محەمەد ڕەزای باتینی (١٩٩٣: ٣٩).

(٤) نایف خرما (١٩٧٨: ١٣١).

(٥)ئەم ڕێژەیە رابڕدووی (ڕووت و ڕەها)یشی پێ وتراوە لە زمانی كوردیدا.

(٦)مۆرفیمی كاتی ڕابردوو لە (ش.گ)دا (یا) یە بە بەراورد بە (ش.س)ی كە (ا)ە.

٢- ڕابردووی تەواوی هەواڵی:

لەم جۆرە کردارەدا جگە لە ڕەگی ڕابردوو و مۆرفیمی کاتی رابڕدوو ئەسپێکتی (ە)ش بەشداری لە ڕۆنانەکەیدا دەکات، یاساکەی بەم شێوەیە:

ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی کاتی رابردوو + جێناوی لکاو + ئەسپێکتی (ە) = ڕابردووی تەواوی ئیخباری

| ڕەگی ڕابردوو | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو | ئەسپێکت | ڕابردووی تەواوی هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| هاور(تێپەڕ) | د | م | ە | هاوردمە (هێناومە) |
| کەف(تێنەپەڕ) | ت | یت | ە | کەفتیتە (کەوتوویتە) |

کەواتە لەم نموونانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە (ش.گ)دا نیشانەی جۆری کرداری تەواو (ە) یە بە بەراورد بە (ش.س)ی کە (ووە/وە)یە.

٣- ڕابردووی دووری هەواڵی:

فۆرمی ئەم کردارە لە هەندێك ناوچەی گەرمیان وەکو کەلار و ناوچەکانی دەوروبەری بە یاریدەی ڕەگی ڕابردوو و کرداری یاریدەدەری (بوو)ە سازدەبێت، بەڵام لە (ش.گ)دا بە گۆڕانی دەنگسازی دەنگی (ب) ەکەی سوواوە و بووە بە (وو یان وی). یاسای پێکهاتنی ئەم کردارەش بەم شێوەیە:

ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی کاتی رابڕدوو + کرداری یاریدەدەر (وو/وی) + جێناوی لکاو = ڕابردووی دووری هەواڵی

| ڕەگی ڕابردوو | م. کاتی ڕابردوو | کرداری یاریدەدەر(بوو) | جێناوی لکاو | ڕابردووی دووری هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| شۆڕ(تێپەڕ) | د | وو/وی | م | شۆردووم/شووردویم (شتبووم) |
| هەڵاژ(تێنەپەڕ) | یا | وو/وی | یتان | هەڵاژیاویتان/هەڵاژیاویتان(ڕاکشابوون) |

لە هەندێك ناوچەی تری گەرمیان وەکو کفری و ناوچەی زەنگ ئاباد کرداری (بوو) فۆرمی (بی) وەردەگرێت. ئەوکات یاساکە بەم شێوەی لێ دێت:

ڕەگی ڕابردوو + مۆرفێمی کاتی ڕابردوو + کرداری یاریدەدەر(بی) + جێناوی لکاو = ڕابردووی دووری هەواڵی

| ڕەگی ڕابردوو | م.کاتی ڕابردوو | کرداری یاریدەدەر | جێناوی لکاو | ڕابردووی دووری هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| شۆڕ(تێپەڕ) | د | بی | م | شۆردبیم (شتبووم) |
| هەڵاژ(تێنەپەڕ) | یا | بی | یمان | هەڵاژیابیمان(ڕاکشابووین) |

٤- ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی:

ئەم کردارە بەهەمان یاسایی (ش.س) لە (ش.گ)یشدا پێك دێت، بەڵام هەمیشە لە بری ئەسپێکتی(دە) (ئە) بەکاردێت. یاساکەی بەم شێوەیەیە:

ئەسپێکتی (ئـە)+ ڕەگی ڕابردوو + مۆرفیمی کاتی ڕابردوو = ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی

شوێنی جێناوی لکاویش بەپێی (تێپەڕی و تێنەپەڕ)ی کردارەکە دەگۆڕێت.

| ئەسپێکت | جێناوی لکاو | ڕەگی ڕابردوو | م.کاتی ڕابردوو | رابردووی بەردەوامی هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| ئە | ت | تەڤان (تێپەڕ) | د | ئەت تەڤاند (ئەت هاویشت) |

| ئەسپێکت | ڕەگی ڕابردوو | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو | رابردووی بەردەوامی هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| ئە | کەف (تێنەپەڕ) | ت | ن | ئەکەفتن (ئەکەوتن) |

ب/ ڕانەبردووی ڕێژەی هەواڵی:

ئەم ریژەیەش بە هەمان شێوەی (ش.س) پێك دێت جگە لە بەکارهێنانی ئەسپێکتی(ئە) لە بری (دە). یاساکەی بەم شێوەیەیە:

ئەسپێکتی (ئـە) + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم B = ڕانەبردووی هەواڵی

| ئەسپێکت | ڕەگی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو | ڕانەبردووی هەاڵی |
|---|---|---|---|
| ئە | نووس (تێپەڕ) | ین | ئەنووسین (ئەنووسین) |
| ئە | گە (تێنەپەڕ) | ین | ئەگەین (ئەگەین) |

٢-١-٦-١/٣) ڕێژەی خۆزگە و مەرجی(ئینشائی):

ڕیژەی مەرجیش هەروەکو ریژەی هەواڵی لە ڕووی کاتەوە دابەش دەبێت بەسەر:

ا- ڕابردوو

ب- ڕانەبردوو

ا/ ڕابردووی ڕێژەی مەرجی:

لـە ئاخـاوتنی ئێسـتای (ش.گ)دا تـەنیا دوو جـۆر رابـردووی ڕێـژەی مـەرجیمان هەیـە، کـە ئـەویش ڕابـردووی سـادە و تـەواوە. واتـە تـەنیا ئـەم دوو کـردارە فۆرمیـان هەیـە، هەرچـی ڕابـردووی دوورو بەردەوامە فۆرمێکی تایبەتیان لەم شێوەزارەدا نییە.

١- ڕابردووی سادەی مەرجی:

ئەم کردارەش بە دانانی مۆرفیمی ڕێژە (بـ) لەسەرەتای کرداری ڕابردووی سادەی هەواڵی و دانانی مۆرفیمی (ایە) لە پاشەوە ساز دەبێت. کە یاساکەی بەم شێوەی خوارەوەیە:

مۆرفیمی ڕێژە (بـ )+ ڕابردووی سادەی هەواڵی + تەواوکەری مۆرفیمی ڕێژە (ایە) = ڕابردووی سادەی مەرجی

(بـ...ایە) بەیەکەوە مۆرفیمی ڕێژە (mood)ن

لێرەشدا شوێن و جۆری جێناوی لکاو بەپێی (تێپەڕی و تێنەپەڕ)ی کردارەکە دەگۆڕێت.

| م.ڕێژە (mood) | جێناوی لکاو | ڕابردووی سادەی هەواڵی | تەواوکەری م. ڕێژە | ڕابردووی سادەی مەرجی |
|---|---|---|---|---|
| بـ | ت | هــــــــــاورد (تێپەڕ) | ایە | بتهاوردایە |
| بـ | یان | برد (تێپەڕ) | ایە | بیانبردایە |

| م.ڕێژە | ڕابردووی سادەی هەواڵی | جێناوی لکاو | تەواوکەری م. ڕێژە | ڕابردووی سادەی هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| بـ | خەفت (تێنەپەڕ) | ن | ایە | بخەفتنایە |
| بـ | لەرزی (تێنەپەڕ) | ن | ایە | بلەرزینایە |

٢- ڕابردووی تەواوی مەرجی:

ئەم کردارەش هەروەکو (ش.س) پێك دێت، بەڵام مۆرفیمی ڕێژەی(بێت) کە مۆرفیمی ڕێژەی مەرجیی تەواوە، لە (ش.س)دا دەگۆڕێت بە (وێت)لە (ش.گ)دا، واتە فۆنیمی /ب/ دەگۆڕێت بە /و/ . یاساکەیشی بەم شێوەی خوارەوەیە.

ڕابردووی سادەی هەواڵی + مۆرفیمی ڕێژە(وێت) + جێناوی لکاو = ڕابردووی تەواوی مەرجی

| ڕابردووی سادەی هەواڵی | م.ڕێژە | جێناوی لکاو | ڕابردووی تەواوی مەرجی |
|---|---|---|---|
| وەشاند (تێپەڕ) | وێت | یان | وەشاندوێتیان (چاندبێتیان) |
| کەفت (تێنەپەڕ) | وێت | ن | کەفتوێتن (کەوتبێتن/کەوتبن) |

ب/ڕانەبردووی ڕێژەی مەرجی:

ئەم کردارە لە ڕووی ڕۆنانەوە هیچ جیاوازییەکی نییە لە (ش.س) و(ش.گ)دا ، کە یاساکەی بەم شێوەیەیە:

مۆرفیمی ڕێژە (بـ)   + ڕەگی ڕانەبردوو  + جێناوی لکاو =  ڕانەبردووی ڕێژەی مەرجی

| م.ڕێژە | ڕەگی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو | ڕانەبردووی مەرجی |
| --- | --- | --- | --- |
| بـ | ێر (تێپەڕ) | ین | بێرین |
| بـ | خەو (تێنەپەڕ) | ن | بخەون |

کرداری (هاوردن - هێنان) لە (ش.گ)دا لە چواچێوەی ڕستەی ئاساییدا ڕەگەکەی (ێر) ە .
قازانەکان بێرن.  (مەنجەڵەکان بهێنن.)

بەڵام لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا، واتە گەر بکەرو بەرکار لە ڕۆنانی کردارەکەدا هاتن، ئەوە دەنگی (ت) لە ڕۆنانی کردارەکەدا پەیدا دەبێت. وەك: بیتێرن .  (بیهێنن. )

### ٣-١-٦-١/٣)ڕێژەی فەرمان(داخوازی):

ئەم ڕێژەیە لە ڕووی کاتەوە بەستراوە بە کاتی ئێستاوە لە ڕووی کەس و ژمارەیشەوە پەیوەستە بە کەسی دووەمی تاك یان کۆوە، لە (ش.س)و(ش.گ)یشدا هەمان یاسای پێکهێنانیان هەیە، کە بەم چەشنەیە.

مۆرفیمی ڕێژە (بـ)  + ڕەگی ڕانەبردوو + جێناوی لکاو (ە – بۆ کەسی دووەمی تاك / ن – بۆ کەسی دووەمی کۆ )

| م.ڕێژە | ڕەگی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو | ڕێژەی فەرمان |
| --- | --- | --- | --- |
| بـ | سێن (تێپەڕ) | ە/ن | بسێنە/بسێنن (بکرە/بکرن) |
| بـ | خەف(تێنەپەڕ) | ە/ن | بخەفە/بخەفن(بنوو/بنوون) |

کرداری (هاتن) فۆرمی ڕێژەی فەرمانەکەیان لە (ش.س)و (ش.گ)دا جیاوازە. بەوێنە (هاتن) لە (ش.س)دا کرداری فەرمانەکەی (وەرە) یە، کە حاڵەتێکی شازەو پەیوەندی بە ڕەگی (هات)ەوە نییە، بەڵام لە (ش.گ)دا کرداری فەرمانی (هاتن)، (بێ) یەو ڕەگەکەی لە (هات)ەوە وەرگیراوە بەم چەشنەی خوارەوە.

بـ + ڕەگی ڕانەبردووی هات (ێ) + ە = کرداری فەرمانی (هات)
بـ + ێ + ە = بێ ـــــــ  تۆ بێ بۆ ماڵمان .  (تۆ وەرە بۆ ماڵمان.)

**٢-٦-١/٣)کرداری گەرەك(ویستن) لە شێوەزاری گەرمیاندا:**

**کرداری ویستن لە زمانی کوردیدا بە پێی زارو شێوەزارەکان فۆرمی جیاواز وەردەگرێت بە وێنە لە شێوەزاری سلێمانیدا فۆرمی (ویستن) و لە زاری کرمانجی سەروودا فۆرمی (ڤیان) و لە زاری باشوور(لوڕی)دا فۆرمی (تواستن) و لە شێوەزاری هەورامی و گەرمیانیشدا فۆرمی (گەرەك) وەردەگرێت. بۆ گەردان کردن و دیاری کردنی کاتی ڕابردوو و ئێستای (گەرەك) پێویستە پەنا ببەینە بەر ڕستە، واتە لە ڕێگەی ڕستەوە زیاتر کاتەکەی دیاری دەکرێت.**

**١-٢-٦-١/٣)کرداری(گەرەك) بە پێی ڕێژەی هەواڵی:**

**کرداری گەرەك بە پێی ڕێژەی هەواڵی بەسەر ڕێژەی ڕابردوو و ڕانەبردوودا دابەش دەبێت.**

**ا- ڕابردووی ڕێژەی هەواڵی (گەرەك):**

**بۆ ڕابردوو لە جۆرەکانی (سادە، تەواو، دوور، بەردەوام)دا تەنیا کرداری تەواو و دوور فۆرمی تایبەتی هەیە بۆ کرداری گەرەك لە شێوەزاری گەرمیاندا.[(١)]**

**١- ڕابردووی تەواوی هەواڵی:**

**ڕابردووی تەواو بۆ کرداری (گەرەك) لە شێوەزاری گەرمیاندا لە فۆرمی گەرەك و نیشانە یان ئەسپێکتی کردارو و جێناوی لکاو پێك دێت. بڕوانە(٣).**

**٣)ئەو ئێمەی گەرکوە.**

**گەرەکیوە.**

**یاساکەیشی بەم چەشنەیە:**

| **ڕەگ** | **جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم** | **ئەسپێکت** |
|---|---|---|
| **گەرەك** | **(ی)** | **وە** |

**٢- ڕابردووی دووری هەواڵی:**

**کرداری (گەرەك) بۆ ئەم جۆرەیان لە فۆرمی گەرەك و کرداری یاریدەدەری (بوو)، (کە لە شێوەزاری گەرمیاندا لە شێوەی (وو)دا دەردەکەوێت) لە گەڵ جێناوی لکاو پێك هاتووە. بڕوانە (٤).**

---

(١)سەرکەوت عەبدوڵا حوسێن لە نامەکەیدا بە هەڵە چوار جۆری ڕابردووی بۆ کرداری (گەرەك) دیاری کردووە (سادە- گەرەکمە، بەردەوام- ئەمگەرەگ، دوور- گەرەکموی ، تەواو- گەرەکمە) پێشی وایە سادە و تەواو هەمان فۆرمیان هەیە(گەرەکمە)، لە ڕاستیدا فۆرمی (گەرەکمە) بۆ ڕانەبردووی(ئێستا)یە، هەرچی فۆرمی (ئەمگەرەك)ە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەزاری گەرمیاندا بەکارنایەت. بڕوانە: سەرکەوت عەبدوڵا حوسێن (٢٠٠٨: ٣٤).

٤)ئێمە ئەومان گەرەكوو.          ئێمە ئەومان ویستبوو.
گەرەكمانوو /گەرەكوومان          ویستبوومان

یاساكەی بەم دوو شێوەیەیە:

| ڕەگ | جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم | كرداری یاریدەدەر (بوو) |
|---|---|---|
| گەرەك | مان | وو |

| ڕەگ | ئەسپێكت | جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم |
|---|---|---|
| گەرەك | وو | مان |

فۆرمی (گەرەكمانوو)، یاخود یاسای یەكەم زیاتر بەكاردێت.

ب- ڕانەبردووی ڕێژەی هەواڵی (گەرەك):
كرداری گەرەك بۆ كاتی ئێستا لە ڕەگی (گەرەك) و جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم و مۆرفیمی كاتی ئێستا(ە) پێك دێت. بڕوانە (٥).

٥) من پارەكەم گەرەكە.          من پارەكەم ئەوێت.
گەرەكمە.          ئەمەوێت.
یاساكەی بەم شێوەیەیە:

| ڕەگ | جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم | م. كاتی ئێستا |
|---|---|---|
| گەرەك | م | ە |

ئەو شایانی تێبینی كردنە كرداری (گەرەك) بۆ ڕابردوو و ئێستایش جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم (م-مان) وەردەگرێت.

٣/١-٦-٢-٢)كرداری(گەرەك)بە پێی ڕێژەی مەرجی:
ڕێژەی مەرجی بۆ كرداری (گەرەك) بە پێی كات بۆ ڕابردوو و ڕانەبردوو دابەش دەكرێت.

١/ ڕابردووی ڕێژەی مەرجی (گەرەك):
تەنیا یەك جۆر ڕابردووی مەرجی بۆ كرداری (گەرەك) بوونی هەیە، ئەویش ڕابردووی دووری مەرجی یە، هەرچی جۆرەكانی ترە بەكارنایەن یان فۆرمیان نییە. بڕوانە(٦).

٦)ئەگەر گەرەكتانووایە بۆتانی ئەهاورد.                ئەگەر بتان ویستبووایە بۆی ئەهێنان.

یاساكەی بەم شێوەیەیە:

| ڕەگ | جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم | كرداری یاریدەدەر (بوو) | م.ڕێژە |
|---|---|---|---|
| گەرەك | تان | وو | ایە |

ب- ڕانەبردووی ڕێژەی مەرجی (گەرەك):

كرداری گەرەك بۆ كاتی ڕانەبردووی مەرجی لە ڕەگی (گەرەك) و جێناوی لكاوی كۆمەڵەی یەكەم و ڕەگی كرداری بوون (و) و مۆرفیمی كاتی ڕانەبردوو پێك هاتووە. بڕوانە (٧).

٧)ئەگەر (گەرەكمبوێ/ گەرەكموێ) خانییەكەت بۆ دەفرۆشم.   ئەگەر بمەوێ خانووەكەت بۆ دەفرۆشم.

یاساكەی بەم چەشنەیە:

| ڕەگ | جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم | م.ڕێژە | ڕەگی كرداری (بوو) | م.كاتی ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|
| گەرەك | م | بـ/∅ | و | ێ |

لە ڕاستیدا فۆرمی (گەرەكموێ) زیاتر بەكاردێت، هەروەها گەرەك وەكو كرداری یاریدەدەریش لە فۆرمی (گەرە/گەرەكە)دا بەكاردێت. بڕوانە (٨).

٨) گەرە / گەرەكە ئیمساڵ دەرچم.                پێویستە ئەمساڵ دەربچم.

### ٣-٦-١/٣)كرداری (بوون) لە شێوەزاری گەرمیاندا:

لە ئاستی ڕستەسازیدا (بوون) بە هەموو فۆرم و گەردانەكانیەوە وەك كارێكی تێنەپەڕ كار دەكات تەنیا جیاوازی لە گەڵ سەرجەم چاوگەكانی تردا لەوەدایە، كە دەتوانێت هەموو كاتەكانی (ئێستا، داهاتوو و ڕابردوو ) بەیەكەوە دروست بكات.[١]

---

(١)عەبدولوەهاب خالد موسا، (٢٠٠٠: ٣٨).

**١/٣-٦-٣-١)جۆرە جیاوازەکانی کرداری (بوون):**

**بە پێی ئەو واتاو چەمکانەی کرداری بوون لە ئاخاوتندا دەیان گەیەنێت جۆری جیاواز بەخۆوە دەگرێت، بەگشتیش دەتوانرێت چوار جۆر بەکارهێنانی (بوون) جیابکرێتەوە.[1]**

**(١)بوونی بوونایەتی ((کینونە))**

**(٢)بوونی گۆڕان ((صیرورە))**

**(٣)بوونی هەبوون ((خاوەنێتی))**

**(٤)بوونی هەیی ((وجود))**

**١/٣-٦-٣-١-١)بوونی بوونایەتی:**

**کرداری (بوون) لەم بارەدا بۆ کاتی ئێستاو و ڕابردوو و داهاتووش بەکاردێت. لە هەموو ئەو کاتانەشدا پێویستی بە تەواوکەر دەبێت.**

**ا- بوونی بوونایەتی بۆ کاتی ئێستا:**

**ڕەگی کردار(بنکەی کردار)ی بوون بۆ کاتی ئێستا لە شێوەی مۆرفێمی سفردا دەردەکەوێت، جگە لە تەواوکەر جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (م، یت، ∅، یمان/ین، یتان/ن، ن ) ە لە ڕۆنانی کردارەکەدا بەشداری دەکات، مۆرفیمی کاتی ئێستایش لە کاتی کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت و (ە)یە. بڕوانە (٩).**

**٩)١- من کوردم .　　　ئێمە کوردیمان/کوردین.**

**٢- تو کوردی.　　　ئێوە کوردیتان/کوردن.**

**٣- ئەو کوردە.　　　ئەوان کوردن.**

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | تەواوکەر | ڕەگی کردار | م. کاتی ئێستا | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| من | کورد | ∅ | ∅ | م |
| تو | کورد | ∅ | ∅ | یت |
| ئەو | کورد | ∅ | ە | ∅ |
| ئێمە | کورد | ∅ | ∅ | یمان/ین |
| ئێوە | کورد | ∅ | ∅ | یتان/ن |
| ئەوان | کورد | ∅ | ∅ | ن |

(١)فەرەیدون عەبدول (٢٠٠٠: ٧١).

ب- بوونی بوونایەتی بۆ کاتی ڕابردوو:

کرداری بوون بۆ کاتی ڕابردوو جگە لە تەواوکەر لە ڕەگی کرداری بوون و مۆرفیمی کات و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) پێك دێت، لە هەندێك ناوچەی گەرمیان وەك کەلار و دەوروبەری ڕەگی کرداری بوون شێوەی مۆرفیمی (∅)وەردەگرێت و مۆرفیمی کاتیش شێوەی (وو) یان (وی) وەردەگرێت. بڕوانە (١٠).

١٠) ١- من باش(وو/وی)م. ئێمە باش (وو/وی)یمان/ین.
٢- تو باش (وو/وی)یت. ئێوە باش (وو/وی)یتان/ن.
٣- ئەو باش (وو/وی)∅ . ئەوان باش(وو/وی)ن.

یاساکەیشی بەم شێوەیە:

| بەشی بکەر | تەواوکەر | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| من | باش | ∅ | وو/وی | م |
| تو | باش | ∅ | وو/وی | یت |
| ئەو | باش | ∅ | وو/وی | ∅ |
| ئێمە | باش | ∅ | وو/وی | **یمان/ین** |
| ئێوە | باش | ∅ | وو/وی | **یتان/ن** |
| ئەوان | باش | ∅ | وو/وی | **ن** |

لە هەندێك ناوچەی تری گەرمیان وەك کفری و ناوچەی زەنند ئاباد ڕەگی کرداری بوون شێوەی (ب)ەو مۆرفیمی کاتیش فۆرمی (ی) وەردەگرێت. بڕوانە(١١).

١١) ١- من خاس(بی)م. ئێمە خاس (بی)یمان/ین.
٢- تو خاس (بی)یت. ئێوە خاس (بی)یتان/ن.
٣- ئەو خاس (بی)∅ . ئەوان خاس(بی)ن.

یاساکەیشی بەم شێوەیە:

| بەشی بکەر | تەواوکەر | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| من | خاس | ب | ی | م |
| تو | خاس | ب | ی | یت |
| ئەو | خاس | ب | ی | ∅ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئێمه | خاس | ب | ی | **یمان/ین** |
| ئێوه | خاس | ب | ی | **یتان/ن** |
| ئەوان | خاس | ب | ی | **ن** |

**پ- بوونی بوونایەتی بۆ کاتی داهاتوو:**

**کرداری بوون بۆ کاتی داهاتوو جگە لە تەواوکەر لە ئەسپێکتی (ئـ) و ڕەگی کرداری بوون (و)[1] و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) (م، یت، ێت، ین، ن، ن)پێك دێت. بڕوانە (١٢).**

**١٢)١- من چاك ئەوم. ئێمە چاك ئەوین .**
**٢- تۆ چاك ئەویت. ئێوە چاك ئەون.**
**٣- ئەو چاك ئەوێت. ئەوان چاك ئەون.**

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | تەواوکەر | ئەسپێکت | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|---|
| من | چاك | ئە | و | ∅ | م |
| تو | چاك | ئە | و | ∅ | یت |
| ئەو | چاك | ئە | و | ∅ | **ێت** |
| ئێمە | چاك | ئە | و | ∅ | **ین** |
| ئێوە | چاك | ئە | و | ∅ | **ن** |
| ئەوان | چاك | ئە | و | ∅ | **ن** |

**١/٣-٦-١-٣-١-٢)بوونی گۆڕان:**

**کرداری بوون لەم بارەیدا لە شێوەزاری گەرمیاندا بۆ کاتی ڕابڕدوو و ڕانەبردوو بەکاردێت.**

**ا- بوونی گۆڕان بۆ کاتی ڕابردوو:**

**کرداری بوون بۆ کاتی ڕابردوو، جگە لە تەواوکەر کە بەیاریدەی پێشناوێکەوە دێت، لە ڕەگی کرداری (بوون - بـ) و مۆرفیمی کات (وو/وی) و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A)پێك دێت. بڕوانە (١٣).**

---

**(١)(و) ڕەگی کرداری (بوون) ە، کە (بـ)ە، بەڵام بەکاریگەری دەنگسازی شێوەزاری گەرمیان گۆڕاوە بۆ (و)، لەبەر ئەوەی زۆربەی کات دەنگی (بـ ) لە شێوەزاری گەرمیاندا گەر دەنگی ڤاوڵ بکەوێتە پێش یان پاشی، ئەوە دەگۆڕێت بە دەنگی (و).**

١٣)١- من بوومه/بويمه مامۆستا.　　ئێمه بوويمانه/بويمانه/بووينه مامۆستا

٢- تو بوويته/بويته مامۆستا.　　ئێوه بوويتانه/بويتانه/بوونه مامۆستا.

٣- ئەو بووه /بويه مامۆستا.　　ئەوان بوونه/ بوينه مامۆستا.

یاساکەی بەم شێوەیەیە:

| بەشی بکەر | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو | پێشناو | تەواوکەر |
|---|---|---|---|---|---|
| من | بـ | وو/وی | م | ە | مامۆستا |
| تو | بـ | وو/وی | یت | ە | مامۆستا |
| ئەو | بـ | وو/وی | ∅ | ە | مامۆستا |
| ئێمە | بـ | وو/وی | **یمان/ین** | ە | مامۆستا |
| ئێوە | بـ | وو/وی | **یتان/ن** | ە | مامۆستا |
| ئەوان | بـ | وو/وی | **ن** | ە | مامۆستا |

لە هەندێك ناوچەی تری گەرمیان وەك كفری و ناوچەی زەنـدئاباد كـرداری بـوون جگـە لـە فۆرمی (بوی) فۆرمی (بی)ش وەردەگرێت. بڕوانە(١٤).

١٤)١- من بیمه مامۆستا.　　ئێمه بیمانه/بینه مامۆستا.

٢- تو بیته مامۆستا.　　ئێوه بیتانه/بینه مامۆستا.

٣- ئەو بییه مامۆستا.　　ئەوان بینه مامۆستا.

یاساکەی بە شێوەیەیە:

| بەشی بکەر | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕابردوو | ناوبڕ | جێناوی لکاو | پێشناو | تەواوکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من | بـ | ی | | م | ە | مامۆستا |
| تو | بـ | ی | | یت | ە | مامۆستا |
| ئەو | بـ | ی | **ی** | ∅ | ە | مامۆستا |
| ئێمە | بـ | ی | | **یمان/ین** | ە | مامۆستا |
| ئێوە | بـ | ی | | **یتان/ن** | ە | مامۆستا |
| ئەوان | بـ | ی | | **ن** | ە | مامۆستا |

ب- بوونی گۆڕان بۆ کاتی ڕانەبردوو:

کرداری بوونی گۆڕان بۆ کاتی ڕانەبردوو پێك هاتووە لە ئەسپێکتی (ئـ) و ڕەگی کرداری بوون(و)و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)، ئەمە جگە لە پێشناو و تەواوکەر، کە بەشداری لە ڕۆنانی ڕستەکەدا دەکەن. بڕوانە(١٥).

١٥)١- من ئەومە یاریزان . ئێمە ئەوینە یاریزان.
٢- تو ئەویتە یاریزان. ئێوە ئەونە یاریزان.
٣- ئەو ئەوێتە یاریزان. ئەوان ئەونە یاریزان.

یاساکەی بەم شێوەیەیە:

| بەشی بکەر | ئەسپێکت | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو | پێشناو | تەواوکەر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من | ئە | و | ∅ | م | ە | یاریزان |
| تو | ئە | و | ∅ | یت | ە | یاریزان |
| ئەو | ئە | و | ∅ | ێت | ە | یاریزان |
| ئێمە | ئە | و | ∅ | ین | ە | یاریزان |
| ئێوە | ئە | و | ∅ | ن | ە | یاریزان |
| ئەوان | ئە | و | ∅ | ن | ە | یاریزان |

٣-١-٣-٦-١/٣)بوونی خاوەنێتی:

لەم بارەدا بوون فۆرمی [(هە)بوون]وەردەگرێت، (هەبوون)یش وەك هەر چاوگێکی تری زمانی کوردی پێك هاتووە لە مۆرفیمی خاوەنداری (هە) و ڕەگی کار (بـ) و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (و) و (ن)ی چاوگ، بەڵام لەبەر گشتێتی واتای ڕەگەکەی (بـ = هاتنە ئارایی) کە واتای گۆڕانی ئارایی شتێك (هاتنە ئاراییێکی نوێ) دەدا. واتە چاوگی هەبوون لە چاوگی (بوون)ەوە وەرگیراوە. بوونی خاوەنێتیش لە شێوەزاری گەرمیاندا لە ڕووی کاتەوە بۆ کاتی ئێستاو ڕابردوو و داهاتوو ڕۆدەنرێت. لە هەرسێ کاتەشدا تەواوکەر دەشێت لە ڕۆنانی ڕستەکەدا هەبێت یان لابرێت.

ا- بوونی خاوەنێتی بۆ کاتی ئێستا:

لەم جۆرە کردارەدا کرداری بوون پێك دێت لە (مۆرفیمی خاوەنێتی) لە گەڵ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (م، ت، ی، مان، تان، یان) و مۆرفیمی کاتی ئێستا(ە)، ڕەگی کرداری (بوون)یش مۆرفیمی (∅)ە. بڕوانە (١٦).

١٦)١- من ماڵم هەیە. ئێمە ماڵمان هەیە.
من هەیمە. ئێمە هەیمانە.
٢- تو ماڵت هەیە. ئێوە ماڵتان هەیە.
تو هەیتە. ئێوە هەیتانە.
٣- ئەو ماڵی هەیە. ئەوان ماڵیان هەیە.
ئەو هەیەتی. ئەوان هەیانە.

**یاساکەی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | م. خاوەنداری | جێناوی لکاو (تەواوکەر) | جێناوی لکاو (بکەر) | ڕەگی کردار | ناوبڕ | م.کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من | هە | ی | م | ∅ | | ە |
| تو | هە | ی | یت | ∅ | | ە |
| ئەو | هە | ی | **ی** | ∅ | ت | ە |
| ئێمە | هە | ی | **مان** | ∅ | | ە |
| ئێوە | هە | ی | **تان** | ∅ | | ە |
| ئەوان | هە | ی | **یان** | ∅ | | ە |

**ب- بوونی خاوەنێتی بۆ کاتی ڕابردوو:** لەم جۆرە کردارەدا کرداری بوون لە ڕەگی کرداری بوون (ب) و مۆرفیمی کاتی ڕابردوو (وو/وی) وجێناوی لکاوی دەستەی یەکەم پێك دێت، هەرچی مۆرفیمی خاوەنێتیشە مۆرفیمی (∅)ە. بڕوانە(١٧).

١٧)١- من ئاڵتوونم بوو/بوی. ئێمە ئاڵتوونمان بوو/بوی.
من بووم/ بویم.[١] ئێمە بوومان/بوویمان.
٢- تو ئاڵتوونت بوو/ بوی. ئێوە ئاڵتوونتان بوو/بوی.
تو بووت/بویت. ئێوە بووتان/بویتان
٣- ئەو ئاڵتوونی بوو/بوی ئەوان ئاڵتوونیان بوو/ بوی
ئەو بووی/ بوی ئەوان بوویان/ بوییان

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

---

(١)فۆرمەکانی کرداری بوونی خاوەنێتی بۆ ڕابردوو (من بووم/بوویم)دەبن بە هاوبێژ لەگەڵ فۆرمەکانی بوونی هەیی (وجوود) بۆ ڕابردوو. (من بووم/بویم).

| بەشی بکەر | م. خاوەنداری | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| من | ∅ | بـ | وو/وی | م |
| تو | ∅ | بـ | وو/وی | یت |
| ئەو | ∅ | بـ | وو/وی | **ی** |
| ئێمە | ∅ | بـ | وو/وی | **مان** |
| ئێوە | ∅ | بـ | وو/وی | **تان** |
| ئەوان | ∅ | بـ | وو/وی | **یان** |

**لە ناوچەی کفری و زەندئابادیش جگە لە فۆرمی (بوی) فۆرمی(بی)یش بەکاردێت. بڕوانە(١٨).**

١٨)١- من ئاڵتوونم بی. ئێمە ئاڵتوونمان بی.
من بیم. ئێمە بیمان.
٢- تو ئاڵتوونت بی. ئێوە ئاڵتوونتان بی.
تو بیت. ئێوە بیتان
٣- ئەو ئاڵتونی بی. ئەوان ئاڵتونیان بی.
ئەو بی. ئەوان بییان.

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | م. خاوەنداری | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| من | ∅ | بـ | ی | م |
| تو | ∅ | بـ | ی | ت |
| ئەو | ∅ | بـ | ی | **ی** |
| ئێمە | ∅ | بـ | ی | **مان** |
| ئێوە | ∅ | بـ | ی | **تان** |
| ئەوان | ∅ | بـ | ی | **یان** |

**هەر لە کفری و دەوروبەری فۆرمی (هەبی) بەشێوەیەکی سنووردار بەکاردێت. بڕوانە (١٩).**

١٩)١- من ئاڵتوونم هەبی. ئێمە ئاڵتوونمان هەبی.
من هەمبی ئێمە هەمانبی
٢- تو ئاڵتوونت هەبی. ئێوە ئاڵتوونتان هەبی.
تو هەتبی ئێوە هەتانبی

٣- ئەو ئاڵتوونی هەبی.                ئەوان ئاڵتوونیان هەبی.

ئەو هەیبی                ئەوان هەیانبی

یاساکەیشی بەم شێوەیە:

| بەشی بکەر | م. خاوەنداری | جێناوی لکاو | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو |
|---|---|---|---|---|
| من | هە | م | بـ | ی |
| تو | هە | ت | بـ | ی |
| ئەو | هە | **ی** | بـ | ی |
| ئێمە | هە | **مان** | بـ | ی |
| ئێوە | هە | **تان** | بـ | ی |
| ئەوان | هە | **یان** | بـ | ی |

لە ناو هۆزی جاف و نەوەی نوێشدا لە ناوچەی گەرمیان فۆرمی (هەبوو)ی شێوەی سلێمانی زیاتر بەکاردێت. بڕوانە(٢٠).

٢٠)١- من ئاڵتوونم هەبوو.                ئێمە ئاڵتوونمان هەبوو.

من هەمبوو .                ئێمە هەمانبوو.

٢- تۆ ئاڵتوونت هەبوو.                ئێوە ئاڵتوونتان هەبوو.

تو هەتبوو.                ئێوە هەتانبوو.

٣- ئەو ئاڵتوونی هەبوو.                ئەوان ئاڵتوونیان هەبوو.

ئەو هەیبوو.                ئەوان هەیانبوو.

یاساکەیشی بەم شێوەیە:

| بەشی بکەر | م. خاوەنداری | جێناوی لکاو | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو |
|---|---|---|---|---|
| من | هە | م | بـ | وو |
| تو | هە | ت | بـ | وو |
| ئەو | هە | **ی** | بـ | وو |
| ئێمە | هە | **مان** | بـ | وو |
| ئێوە | هە | **تان** | بـ | وو |
| ئەوان | هە | **یان** | بـ | وو |

پ- بوونی خاوەنێتی بۆ کاتی داهاتوو:

کرداری بوونی خاوەنێتی بۆ کاتی داهاتوو پێك دێت لە ئەسپێکتی (ئـ) و ڕەگی کرداری بوون(و) و مۆرفیمی کاتی ئێستا (ێ) و جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم. بڕوانە (٢١).

| | |
|---|---|
| ٢١)- من پارەم ئەوێ. | ئێمە پارەمان ئەوێ. |
| من ئەموێ. | ئێمە ئەمانوێ. |
| ٢- تو پارەت ئەوێ | ئێوە پارەتان ئەوێ. |
| تو ئەتوێ. | ئێوە ئەتانوێ. |
| ٣- ئەو پارەی ئەوێ | ئەوان پارەیان ئەوێ. |
| ئەو ئەیوێ. | ئەوان ئەیانوێ. |

یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:

| بەشی بکەر | ئەسپێکت | م.خاوەنداری | جێناوی لکاو | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕانەبردوو |
|---|---|---|---|---|---|
| من | ئە | ∅ | م | و | ێ |
| تو | ئە | ∅ | ت | و | ێ |
| ئەو | ئە | ∅ | ی | و | ێ |
| ئێمە | ئە | ∅ | **مان** | و | ێ |
| ئێوە | ئە | ∅ | **تان** | و | ێ |
| ئەوان | ئە | ∅ | **یان** | و | ێ |

٣/١-٦-٣-١-٤)بوونی هەیی (وجوود):

ئەم جۆرە کارەی (بوون) پێویستی بە تەواوکەر نی یە.[١] لە ڕووی کاتیشەوە بۆ کاتەکانی ئێستا و ڕابردوو و داهاتوو دابەش دەکرێت.

ا- بوونی هەیی (وجود) بۆ کاتی ئێستا:

ڕۆنانی بوونی هەیی بۆ کاتی ئێستا پێك دێت لە مۆرفیمی هەیی و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A)، هەرچی ڕەگی کرداری بوونە لە شێوەی مۆرفیمی (∅)دایە، مۆرفیمی کاتی ئێستاش تەنیا لە گەڵ کەسی سێیەمی تاکدا دەردەوکەوێت. بڕوانە(٢٢).

(١)فەرەیدون عەبدول (٢٠٠٠: ٨٠).

٢٢)١- من هەم .          ئێمە هەیمان.

٢- تو هەیت.          ئێوە هەیتان.

٣- ئەو هەیە.          ئەوان هەن.

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | م. هەیی | ڕەگی کردار | جێناوی لکاو | ناوبڕ | م.کاتی ئێستا |
|---|---|---|---|---|---|
| **من** | **هە** | ∅ | **م** | | ∅ |
| **تو** | **هە** | ∅ | **یت** | | ∅ |
| **ئەو** | **هە** | ∅ | ∅ | **ی** | **ە** |
| **ئێمە** | **هە** | ∅ | **یمان** | | ∅ |
| **ئێوە** | **هە** | ∅ | **یتان** | | ∅ |
| **ئەوان** | **هە** | ∅ | **ن** | | ∅ |

**ب- بوونی هەیی (وجود) بۆ کاتی ڕابردوو:**

**بوونی هەیی بۆ کاتی ڕابردوو لە ڕەگی کرداری بوون (ب) و مۆرفیمی کات (وو/وی) و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A)پێك دێت. هەرچی مۆرفیمی (هەیی) یە شێوەی مۆرفیمی (∅)وەردەگرێت. بڕوانە(٢٣).**

٢٣)١- من بووم/بویم.          ئێمە بووین/بوویمان/ بویمان.

٢- تو بوویت/ تو بویت.          ئێوە بوون/بوویتان/ بویتان.

٣- ئەو بوو/بوی.          ئەوان بوون/بوین.

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بەشی بکەر | م. هەیی | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو |
|---|---|---|---|---|
| **من** | ∅ | **ب** | وو/وی | **م** |
| **تو** | ∅ | **ب** | وو/وی | **یت** |
| **ئەو** | ∅ | **ب** | وو/وی | ∅ |
| **ئێمە** | ∅ | **ب** | وو/وی | **ین/یمان** |
| **ئێوە** | ∅ | **ب** | وو/وی | **ن/یتان** |
| **ئەوان** | ∅ | **ب** | وو/وی | **ن** |

هەروەها لە ناوچەی کفری و زەندئاباد جگە لە فۆرمی (بوو/بوی) فۆرمی (بی)یش بەکاردێت. بڕوانە(٢٤).

٢٤)١-من بیم. ئێمە بیمان/ بیین.
٢- توبیت. ئێوە بیتان/بین.
٣- ئەو بی. ئەوان بین.

یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:

| جێناوی لکاو | م. کاتی ڕابردوو | ڕەگی کردار | م. هەیی | بەشی بکەر |
|---|---|---|---|---|
| م | ی | **ب** | ∅ | **من** |
| یت | ی | **ب** | ∅ | **تو** |
| ∅ | ی | **ب** | ∅ | **ئەو** |
| **یمان/ین** | ی | **ب** | ∅ | **ئێمە** |
| **یتان/ن** | ی | **ب** | ∅ | **ئێوە** |
| **ن** | ی | **ب** | ∅ | **ئەوان** |

پ- بوونی هەیی (وجود) بۆ کاتی داهاتوو:

بوونی هەیی بۆ کاتی داهاتوو لە ئەسپێکتی (ئـ)و ڕەگی کرداری بوون (و) و جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) پێکهاتووە. بڕوانە (٢٥).

٢٥)١- من ئەوم. ئێمە ئەوین.
٢- تو ئەویت. ئێوە ئەون.
٣- ئەو ئەوێت. ئەوان ئەون.

یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:

| جێناوی لکاو | م. کاتی ڕانەبردوو | ڕەگی کردار | ئەسپێکت | م. هەیی | بەشی بکەر |
|---|---|---|---|---|---|
| م | ∅ | و | ئـە | ∅ | **من** |
| یت | ∅ | و | ئـە | ∅ | **تو** |
| **ێت** | ∅ | و | ئـە | ∅ | **ئەو** |
| **ین** | ∅ | و | ئـە | ∅ | **ئێمە** |
| **ن** | ∅ | و | ئـە | ∅ | **ئێوە** |
| **ن** | ∅ | و | ئـە | ∅ | **ئەوان** |

**٢-٣-٦-١/٣)کرداری (بوون) و ڕێژەکانی کردار:**

**لە شێوەزاری گەرمیاندا کرداری (بوون) بە پێی ڕیژەکانی (هەواڵی مەرجی و فەرمان)ڕۆدەنرێت.**

**١-٢-٣-٦-١/٣)کرداری بوون لە ڕێژەی هەواڵیدا:**

**کاتی کرداری بوون بۆ کاتی ڕابردوو و ڕانەبردووی دابەش دەبێت.**
**کاتی ڕابردوو بۆ کرداری بوون لە ڕێژەی هەواڵیدا بەسەر جۆری سادە و تەواو و بەردەوام دابەش دەبێت، هەرچی جۆری دوورە بەکارنایەت. بڕوانە(٢٦).**

**٢٦)ا- من چاك بووم/بویم.** **ڕابردووی سادەی هەواڵی**

**ب- من چاك بوومە/ بویمە.** **ڕابردووی تەواوی هەواڵی**

**پ- من چاك ئەووم/ئەویم.** **ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی**

**ت- من چاك ئەوم .** **ڕانەبڕدووی هەواڵی**

**یاساکەیشی بەم شێوەیەیە:**

| بکەر | تەواوکەر | ئەسپێکت | ڕەگی ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A) | ئەسپێکت | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| من | چاك | | ب | وو/وی | م (A) | | ڕابردووی سادە |
| من | چاك | | ب | وو/وی | م (A) | ە | ڕابردووی تەواو |
| من | چاك | ئە | ∅ | وو/وی | م (A) | | ڕابردووی بەردەوام |

| بکەر | تەواوکەر | ئەسپێکت | ڕەگی کردار | م. کاتی ڕانەبردوو | جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(B) | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| من | چاك | ئە | و | ∅ | م | ڕانەبردوو |

**٢-٢-٣-٦-١/٣)کرداری بوون لە ڕێژەی مەرجیدا:**

**کرداری بوون لە ڕێژەی مەرجیدا بە پێی کاتی ڕابردوو و ڕانەبردوو دابەش دەکرێن، بۆ کاتی ڕابردوو تەنیا جۆری سادەو تەواو فۆرمیان هەیەو بەکاردێن. بڕوانە(٢٧).**

٢٧)ا- خۆزگە ئێوە بوونایە. ڕابردووی سادەی مەرجی

ب- خۆزگە ئێوە بووێتن. ڕابردووی تەواوی مەرجی

پ- گەرەکە ئێوە بون وە یاریزان. ڕانەبردووی مەرجی

**یاساکانیشیان بەم شێوەیەیە:**

ا-

| بکەر | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A) | تەواوکەری م.ڕێژە | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|---|
| ئێوە | ب | وو | ن | ایە | ڕابردووی سادە |

ب-

| بکەر | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕابردوو | م.ڕێژە | جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A) | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|---|
| ئێوە | ب | وو | وێت | ن | ڕابردووی تەواو |

پ-

| بکەر | م.ڕێژە | ڕەگی کردار | م.کاتی ڕانەبردوو | جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) | جۆری کات |
|---|---|---|---|---|---|
| ئێوە | ب | و | ∅ | ن | ڕانەبردوو |

**٣/١-٦-٣-٢-٣)کرداری بوون لە ڕێژەی فەرماندا:**

کرداری بوون بۆ ڕێژەی فەرمان بە پێی کەسی دووەمی تاك و کۆ دیاری دەکرێت. بڕوانە (٢٨).

٢٨)ا- تو بووە وە پێشمەرگە. / تو بووە پێشمەرگە.

ب- ئێوە بوون وە پێشمەرگە. / ئێوە بوونە پێشمەرگە.

**یاساکەی بەم چەشنەیە:**

| بکەر | م.ڕێژە | ڕەگی کردار | جێناوی لکاو | پێشناو | تەواوکەر | ڕێژە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| تو | ب | وو | ە | وە | پێشمەرگە | فەرمان بۆ تاك |
| ئێوە | ب | وو | ن | وە | پێشمەرگە | فەرمان بۆ کۆ |

## ٣/١-٦-٤)کرداری بکەر نادیار لە شێوەزاری گەرمیاندا:

کرداری بکەر نادیار یەکێکە لەو چەمکە گشتییانەی ڕێزمان کە لە هەموو زمانەکانی دونیادا بوونی هەیە، دەستووری گشتی هەموو زمانەکان لە گۆڕینی ڕستەیەکی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار تا رادەیەك لێکەوە نزیکن و لە زمانی کوردیی زاری ناوەڕاستیشدا بەم چەشنەیە.

١- بکەرو ڕاناوی لکاو لادەبرێن.
٢- بەرکار دێتە خوار جێی بکەر دەگرێت، بەڵام چەمکی بەرکاری خۆی نادۆڕێنێت.[١]
٣- زیادکردنی مۆرفیمی نادیاری [-ر]بۆ ڕەگی ڕەگی کردار.
٣- بۆ دروست کردنی کاری ڕابردووی بکەر نادیار مۆرفیمی /ا/ و بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار مۆرفیمی/ێ/ بە نیشانەی نادیارییەوە دەلکێنین. /ا/ مۆرفیمی کاتی ڕابردووە و /ێ/یش مۆرفیمی کاتی ڕانەبردووە.[٢]
٤- نیشانە و ئەسپێکتەکانی ماوەی ڕوودانی کردار و مۆرفیمەکانی ڕێژە شوێنی خۆیان لە ڕۆنانەکەدا دەگرن.
٥- بە پێی کەس و ژمارەی بەرکارەکە جێناوێکی لکاو ئەخرێتە سەر کردارەکە — وەك تێنەپەڕ خۆی ئەنوێنێت.[٣]

ئەگەرچی بنەمای سەرەکی کرداری بکەر نادیار لە هەموو زمانێکدا لابردنی بکەر و سپاردنی ئەرکە بە بەرکار، بەڵام هەر زمانە یان هەندێك جار هەر زارە یان هەر شێوەزارە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە پێکهێنانی کرداری بکەر نادیاردا. لە زمانی کوردیدا کرداری بکەر نادیار بە زۆری بە لکاندنی (-ر) بە کرداری دیارەوە دەردەبڕێت، ئەمەش ڕێگەی مۆرفۆلۆژییە. وێرای ئەمە ڕێگەی ڕستەسازی و شیکاریش هەیە. بە وێنە کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی سەروو یاسای پێکهێنانی کرداری بکەر نادیارییان جیاوازە، لە شێوەزاری گەرمیانیشدا هەرچەندە زۆر جیاواز نییە لە گەڵ شێوەزارەکانی تری کرمانجی ناوەڕاستدا، بەڵام هەست بە هەبوونی هەندێك تایبەتی دەکەین. بڕوانە (٢٩).

٢٩)ا- پیاوەکە کەپرەکەی ڕمان/ڕماند.
کەپرەکە ڕمێنریا.
ب- بارام پەنجەرکەی هاورد.
پەنجەرەکە هاوریا.

---

(١)وریا عومەر ئەمین، گ-ڕۆشنبیری نوێ، ژ٩٥ (١٩٨٢: ٣٤-٣٥).
(٢)فەرەیدوون عەبدول محەمەد(١٩٨٨: ٦٤- ٦٦).
(٣)وریا عومەر ئەمین(١٩٨٢: ٣٤-٣٥).

پ-منداڵەکە ئاشەکە ئەخوات.

ئاشەکە ئەخورێ.

ت- ئەوان خانییەکان ئەسێنن.

خانییەکان ئەسێنرێن.

بە پێی نموونەکانی (٢٩) یاسای پێکهێنانی کرداری بکەر نادیاری ڕابردوو و ڕانەبردوو لە شێوەزاری گەرمیاندا بەم چەشنەیە:

| جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) | کرداری بکەر نادیاری ڕابردوو | م. کاتی ڕابردوو | م. نادیاری | ڕەگی ڕانەبردوو |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ∅ | ڕمێنریا | یا | ر | ڕمێن |

| جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) | کرداری بکەر نادیاری ڕانەبردوو | م. کاتی ڕانەبردوو | م. نادیاری | ڕەگی ڕانەبردوو | ئەسپێکت |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ن | ئەسێنرێ | ێ | ر | سێن | ئە |

ئەوەی تێبینی دەکرێت کردار هەیە لە شێوەزاری گەرمیاندا کرداری بکەر نادیاری لێ دروست ناکرێت. وەك (گەڕەك)، لە لایەکی ترەوە هەرچەندە بوونی ڕەگی کرداری ڕانەبردوو بە بناغەی سازکردنی کرداری بکەر نادیار دەستوورێکی گشتی زمانی کوردی و شێوەزاری گەرمیانە، بەڵام هەندێك حاڵەتی ناوێزە بەرچاو دەکەوێت، بە چەشنێك کە ڕەگی کرداری بکەر نادیار هەمان ڕەگی ڕانەبردوو نییە و هۆیەکی فۆنۆلۆژی یان مۆرفۆلۆژی گشتگیرمان نییە، کە هۆکاری ئەو جیاوازییە لە هەموو کردارەکاندا وەکو یاسایەکی گشتی بخاتە ڕوو. بڕوانە خشتەی ژمارە(٦).

| کرداری بکەر نادیار | م.کاتی ڕابردوو | م. نادیاری | ڕەگی کرداری بکەر نادیار | ڕەگی ڕانەبروو |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| هاوریا- ئەهاورێ | یا | ر | هاو | هاوردن (تێر) |
| وتریا- ئەوترێ | یا | ر | وت | وتن (ێژ) |
| ویسترا- ئەویسترێ | یا | ر | ویست | ویستن (ەوێ) |
| گیریا- ئەگیرێ | یا | ر | گیر | گرتن (گر) |
| کریا- ئەکرێ | یا | ر | ك | کردن (کە) |
| بریا- ئەبرێ | یا | ر | ب | بردن (بە) |
| خریا- ئەخرێ | یا | ر | خ | خستن (خە) |
| دریا- ئەدرێ | یا | ر | د | دان (دە) |
| نریا- ئەنرێ | یا | ر | ن | نان (نە/نێ) |

**خشتەی ژمارە(٦)**

### ٣/١-٦-٤-١)بكەر نادیاری ڕێژەكانی كردار:

حاڵەتی بكەر نادیار لە گەڵ ڕێژەكانی كردار چ هەواڵی یان مەرجیدا دەبینرێت.

### ٣/١-٦-٤-١-١)بكەر نادیار لە ڕێژەی هەواڵیدا:

بۆ دیاری كردنی كرداری بكەر نادیار لە گەڵ كاتی ڕابردوو و ڕانەبردووی هەواڵیدا. بڕوانە (٣٠).

٣٠) ا- نامەكە نووسریا. ڕابردووی سادە هەواڵی

ب- نامەكە نووسریاوە. ڕابردووی تەواو هەواڵی

پ- نامەكە نووسریاوو. ڕابردووی دووری هەواڵی

ت- نامەكە ئەنووسریا. ڕابردووی بەردەوام هەواڵی

ج- نامەكە ئەنووسرێ. ڕانەبردووی هەواڵی

یاساكەیشیان بەم شێوەیە:

| كرداری بكەر نادیار | ئەسپێكت | ڕەگی ڕانەبردوو | م. نادیاری | م. كات | ئەسپێكت | جۆری كات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نووسریا | | نووس | ر | یا | | ڕابردووی سادە |
| نووسریاوە | | نووس | ر | یا | وە | ڕابردووی تەواو |
| ئەنووسریا | ئە | نووس | ر | یا | | ڕابردووی بەردەوام |
| ئەنووسرێ | ئە | نووس | ر | ێ | | ڕانەبردوو |

| كرداری بكەر نادیار | ڕەگی ڕانەبردوو | م.نادیاری | م.كات | ڕەگی كرداری بوون | م.كات | جۆری كات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نوسریاوو | نووس | ر | یا | $\varnothing$ | وو | ڕابردووی دوور |

### ٣/١-٦-٤-١-٢)بكەر نادیار لە ڕێژەی مەرجیدا:

هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە شێوەزاری گەرمیاندا تەنیا دوو جۆر كرداری ڕابردووی مەرجی فۆرمی تایبەتیان هەیەو بەكاردێن ، ئەویش جۆری سادە و تەواوە. بڕوانە(٣١).

٣١)ا- خۆزگە بابەتەكە بخۆنریایە. ڕابردووی سادەی مەرجی

ب- خۆزگە بابەتەكە خۆنراوێت. ڕابردووی تەواوی مەرجی

پ- خۆزگە بابەتەكە بخۆنرێ. ڕانەبردووی مەرجی

یاساكەیشیان بەم شێوەیە:

| كرداری بكەر نادیار | م.ڕێژە | ڕەگی ڕانەبردوو | م.نادیاری | م. كات | م. ڕێژە | جۆری كات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| **بخۆنریایە** | بـ | خۆن | ر | یا | ایە | ڕابردووی سادە |
| **خۆنراوێت** | | خۆن | ر | یا | وێت | ڕابردووی تەواو |
| **بخۆنرێ** | بـ | خۆن | ر | ێ | | ڕانەبردوو |

### ٢/٣) ئاستی ڕستەسازی:

### ٢/٣-١)چەمك و سنووری ڕستەسازی:

ڕستەسازی زانستێکە لە ڕستەو فرێزو وشە دەکۆڵێتەوە، واتە ڕستەسازی لێکۆڵینەوەیە لە یەکگرتنی وشە لە نووسین و ئاخاوتندا.[١] کەرەستەی سەرەکی لێکۆڵینەوەی سینتاکسیش ڕستەیە، ڕستەش بریتی یە لە ڕەگی کارو پێویستییەکانی.[٢]چونکە دروستەی ڕستە گەورەترین دانەی سینتاکسییە، بۆیە لە شیکردنەوەی تەپۆڵکەیی پێکهێنانی زماندا، ڕستە پێکهێنی ڕاستەوخۆی تەپۆڵکەکە دەگرێت و شیدەکرێتەوە بۆ پێکهێنی ناوەندی، کە دروستەی فرێزە، تا دەگاتە دواپێکهین کە، دروستەی وشەیە، هەریەکە لە دروستەکانی ڕستەو فرێزو وشە پێکهێنی تایبەتی خۆیان هەیە و بەپێی یاسای دروستەکانیان ڕیز دەکرێن، بەم پێیە دروستەی فرێز پێکهێنی ناوەندی دەگرێت و دەکەوێتە نێوان دروستەی ڕستە و دروستەی وشەوە، واتە، لە ڕووی دروستەوە لە ڕستە بچوکترە، لەبەر ئەوەی دروستەیەکی نزمتر لە ڕستە دەگرێت و لە وشەش گەورەترە، چونکە دروستەیەکی گەورەتر لە وشە دەگرێت.[٣] سادەترین ئەو نموونە سینتاکسیانەی کە چۆمسکی خستۆنێتی ڕوو ئەو یاسایانەیە، کە لە توانایدایە ژمارەیەکی بێ کۆتا لە ڕستە بە هۆی ژمارەیەك یاسای دیاریکراو و دووبارە بووەوە بەرهەم بێنێت، ڕستەش بە پێی ئەو نموونانە خۆی لە دوو ئاستدا دەبینێتەوە.[٤]

ا- ئاستی پێکهاتەی (syntactic level): بریتی یە لە بەدوای یەکدا هاتنی کۆمەڵێك مۆرفیم.

ب- ئاستی فۆنۆلۆجی (Phonological level): بریتی یە لە بەدوای یەکدا هاتنی کۆمەڵە فۆنێمێك.

### ٢/٣-٢)ڕۆنانی ڕستە لە شێوەزاری گەرمیاندا:

ڕستە لە هەر زمانێکدا لە چەند بەشێکی بنجی (ڕیشە) پێك دێت... هەر دانەیێکی ڕێزمانی بتوانێت دەوری بەشێکی بنجی ڕستە بگێڕێت (فرێز) ێك پێك دەهێنێت. سادەترین ڕستە لە دوو فرێز پێك دێت.[٥]

١- فرێزی ناوی Noun phrase

٢- فرێزی کرداری Verb phrase

---

(١)ئەورەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٤: ١٩٥).

(٢)عەبدوڵا حوسین رەسول (٢٠٠٦: ٤).

(3)Fattah:(1997:182).

(٤)جون لیونز (١٩٨٥: ٩٨- ٩٩).

(٥)وریا عومەر ئەمین، گ-ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١١ (١٩٨٦: ١٨٣).

بەواتایەکی تر ڕستە لە دوو وەچە پێکهاتە پێك دێت، کە وەچە پێکهاتەکانی بەشی بکەری و بەشە کردارییین. لە ڕستەیەکی سادەدا بەشی بکەر هەمیشە جێکەوتەی فرێزێکی ناوییە و بەشە کردارەکەش جێکەوتەی فرێزێکی کردارییە.[1]

### ٢/٣-٢-١)جۆرەکانی فرێز:

چەند جۆریکی فرێز جیا دەکرێنەوە سەرەکی ترینیان فرێزی ناوی و فرێزی کردارییە.

### ٢/٣-٢-١-١) فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی پێکهێنەرێکی سەرەکی ڕستەیە، لە ناوێك، یان ناوێك و کەرەستەیەك یان زیاتر پێك دێت. ناو ناوکی فرێزە ناوییەکەیە و پێ دەوترێت (سەرە)، کە مەرجە لە هەموو فرێزیکی ناویدا هەبێت. هەرچی کەرەستەکانی ترە ئەگەر هەبوون دەبنە دیارخەر بۆ ناوەکە و زانیاری لە بارەی ناوەکەوە بەدەستەوە دەدەن.

### ٢/٣-٢-١-١-١)دروستەی فرێزی ناوی:

فرێزی ناوی لە ناوێك یان زیاتر پێك دێت. سادەترین فرێزی ناویش لە ناوێك پێك دێت.
بە پێی جۆری ئەو کەرەستانەی بەشداری لە دروستەی فرێزی ناویدا دەکەن دروستەی فرێزی ناوی دەبێتە دوو جۆرەوە :

١- دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی
٢- دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی

### ٢/٣-٢-١-١-١-١) دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی:

مەبەست لە دروستەی ناوەوەی فرێزی ناوی، بەشداریکردنی ئەو مۆرفیمانەیە، کە لە پێکهاتنی فرێزەکەدا تایبەتن بە ناوەوە و ئەرکی دیاریخەر دەبینن و دەچنە پاش ناوەکەوە.[2] وەکو مۆرفیمەکانی (ناسراوی، نەناسراوی، کۆ، خاوەنێتی ، دۆخ، ....تاد). وەك:

١- مۆرفیمی ناسراوی / کەنیشك + ەکە = کەنیشکەکە
٢- مۆرفیمی نەناسراوی / کەنیشك + ێك/ێ = کەنیشکێك/کەنیشکێ
٣- مۆرفیمی کۆ / کەنیشك + ان = کەنیشکان

---

(1)Noel Burton- Roberts:(1997:31).

(٢)محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ٨).

٤- مۆرفیمی ناسراوی + مۆرفیمی کۆ / کەنیشك + ەکە + ان = کەنیشکەکان

٥- مۆرفیمی کۆ + مۆرفیمی نەناسراوی / پیاو + ان + ێك = پیاوانێك

٦- مـۆرفیمی ناسـراوی + مـۆرفیمی کـۆ + مـۆرفیمی خـاوەنێتی / کەنیشـك + ەکـە + ان + م = کەنیشکەکانم

سەبارەت بە مۆرفیمی دۆخی تیان، ئەوە بەهیچ شێوەیەك لـە (ش.گ)دا بـوونی نییـە، هەرچـی دۆخـی بانگکردنە ئەوە زۆر بە کەمی بەکاردێت، کە بۆ نێر (ە)و بۆ مێ (ێ)بەکاردێت، یاخود زیاتر مـۆرفیمی (ە) بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت . وەك:

١- مۆرفیمی نێر / کوڕە

٢- مۆرفیمی مێ /کچێ

١- مۆرفیمی نێر / باوکە

٢- مۆرفیمی مێ / دایکە

٢/٣-٢-١-١-١-٢)دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی:

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی ناوی فراوان کردنی سـەرەی فرێزێکـی ناوییـە، کـە بـەهۆی دیارخـەرەکانی پێشـەوە (Specifier) و دیارخـەرەکانی دواوە (Modifier) فـراوان دەکرێـت، واتـە سەرەی فرێزە ناوییەکە لە لای ڕاست و چەپەوە فراوان دەکەن.(١)

ا- دیارخەرەکانی پێش سەرە:

ئـەو کەرەسـتانە دەگرێتـەوە، کـە دەکەونـە پـێش سـەرەی فرێـزی نـاوی و بـەزۆریش بـێ مـۆرفیمی خستنەسەر دەبنە دیارخەر بۆ سەرەی فرێزە ناوییەکە. دیارخەرەکانیش بریتین لەمانە:

١- وشەی نیشانە:

ئەم نیشانانە بە نیشانەی پراگماتیکی دەژمێـردرێن، چونکە ئـەرکی سـەرەکییان ئەوەیـە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ شـوێن و کـات و هاوبەشـەکانی گـوتن دیـاری دەکـەن، واتـە زمـان(گوتن) بـە دەوروبـەرەوە دەبەسـتێتەوە، هەرچـەندە خۆیـان لـە سـنووری نێـوان سـیمانتیك و پراگماتیکـدا کـار دەکـەن و لـە هەردوولاوە دەور دەبینن.(٢)

ئەم: بۆ نزیکی لە قسەکەر سیمانتیکە

نازانی ئەمە چییە. (پراگماتیکە)

---

(١)حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٤٠).

(٢)محەمەد معروف فتاح (١٩٩٠: ١٩٥).

وشەی نیشانەش بەشداری لە فراوان کردنی فرێزی ناویدا دەکات. بڕوانە (٣٢).

| | ش.گ | ش.س |
|---|---|---|
| ٣٢)ا- | ئەی/ئەم کارە سەرناگرێت. | ئەم کارە سەرناگرێت. |
| ب- | ئەو مەگەزە لە ناو ئاشەکەتدایە. | ئەو مێشە لە ناو چیشتەکەتدایە. |
| پ- | ئەم شامییانە فرەیان سوورن. | ئەم شووتییانە زۆرییان سوورن. |
| ت- | ئەو مامرانە گەورەن. | ئەو مریشکانە گەورەن. |

لە نموونەکانی (٣٢-ا، ب، پ، ت) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە وشەی نیشانە بە پێی تاك و كۆ دوور و نزیکی ناو فۆرمی جیاواز لە خۆ دەگرن ئەرکی دەستنیشان کردن و جیاکردنەوەی سەرەی فرێزەکە دەبینن. بڕوانە خشتەی ژمارە (١).

| ڕادە | تاك | كۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەی/ئەم ............. ە | ئەی/ئەم ............ انە |
| دوور | ئەو .................. ە | ئەو .................... انە |

خشتەی ژمارە (١)

فۆرمەکانی (ئەوە – ئەوانە ، ئەمە – ئەمانە )ش بە وشەی نیشانە ناوزەدکراون، لەبەر ئەوەی ئەگەر بە تەنیاش بەکاربێن لە دروستەی قوڵیاندا ناوێك هەیە.[1] بڕوانە (٣٣).

| | ش.گ | ش.س |
|---|---|---|
| ٣٣)ا- | ئەیە/ئەمە پارەکەی برد. | ئەمە پارەکەی برد. |
| ب- | ئەیانە/ئەمانە پارەکەیان برد. | ئەمانە پارەکەیان برد. |
| پ- | ئەوە تۆمەکەی وشاند. | ئەوە تۆوەکەی چاند. |
| ت- | ئەوانە دارەکەیان نا. | ئەوانە دارەکەیان ڕواند. |
| ج- | ئازاد کوا ؟ ئەیتا/ئەمەتا. | |
| چ- | ئازاد کوا؟ ئەوەتا. | |

لە نموونەکانی (٣٣- ا، ب، پ، ت، ج، چ) وشەی نیشانەکان لە گەڵ ئەوەی ناوەکەمان بۆ دەست نیشان دەکەن لە هەمان کاتدا جێگەی ئەو ناوەیشیان گرتووتەوە کە لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەکەوتووە .

---

(١)عەبدولجەبار مستەفا معروف (٢٠١٠: ٢٠).

هەندێك جار لەگەڵ ئەم فۆرمەدا ناوە دەست نیشان کراوەکە لە دروستەی ڕووکەشدا دەردەکەوێت. بڕوانە (٣٤).

٣٤)ا- ئەیە پیاوە .

ب- ئەیانە پیاون.

پ- ئەوە گوڵە.

ت- ئەوانە گوڵن .

بە پێی نموونەکانی (٣٣) و(٣٤) فۆرمی ئەم وشانە بە پێی تاك و کۆ و دوور و نزیکی بەم چەشنەیە. بڕوانە خشتەی ژمارە (٢).

| ڕادە | تاك | کۆ |
|---|---|---|
| نزیك | ئەیە/ ئەمە | ئەیانە / ئەمانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە |

خشتەی ژمارە (٢)

هەروەها چەشنێکی تری وشەی نیشانە هەن، کە شوێنی کەسێك یان شتێك دەست نیشان دەکەن. بریتین لە فۆرمەکانی (ئێرە ، ئەوێ) لە (ش.گ)یشدا فۆرمەکانی (ئەمرە ، ئەورە) لە بەرانبەریاندا هەن. هەندێك جار ئەم فۆرمانە لە گەڵ پێشناوی (لە ، بە) و پاشگری (ەوە، دا)دێن. وەك (لەوێ ، لێرە، لێرەوە، لەوێوە، بە ئێرەدا، بە ئەوێدا ) لە (ش.گ)یشدا فۆرمەکانی (لەورە ، لەیرە/لەمرە/لەمێ، لێرۆ/لەیرەوە/ لەمێوە/لەمرەوە، لەورەوە، وەیرا/وەمرا، وەورا) دێن. بڕوانە (٣٥).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٣٥) ا- ئەمرە ساردە . | ئێرە ساردە . |
| ب- ئەورە خۆشە . | ئەوێ خۆشە . |
| پ- لەمرە دانیشە . | لێرە دانیشە . |
| ت- لەورە بژی . | لەوێ بژی . |
| ج- وەمرا چوو . | بە ئێرەدا ڕۆیشت . |
| چ. وەورا چوو . | بە ئەوێدا ڕۆیشت . |

لە نموونەکانی (٣٥- ا، ب، پ، ت، ج. چ) دەردەکەوێت کە ئەم وشە نیشانانە ئەرکیان دەست نیشان کردنی ناوی شوێنێك و جێگرتنەوەیەتی. بۆ دیاری کردنی جیاوازی فۆرمی وشەی نیشانە لە هەردوو شێوەزارەکەدا بڕوانە خشتەی ژمارە (٣).

| | ش.س | | ش.گ | |
|---|---|---|---|---|
| | تاك | کۆ | تاك | کۆ |
| نزيك | ئەم ...... ە | ئەم ......... انە | ئەی/ئەم ........ ە | ئەی/ئەم ........ انە |
| دوور | ئەو ...... ە | ئەو......... انە | ئەو ........ ە | ئەو .......... انە |
| نزيك | ئەمە | ئەمانە | ئەیە/ ئەمە | ئەیانە / ئەمانە |
| دوور | ئەوە | ئەوانە | ئەوە | ئەوانە |
| نزيك | ئێرە | | ئەیرە / ئەمرە | |
| دوور | ئەوێ | | ئەورە | |
| نزيك | لێرە | | لەیرە/لەمرە/لەمێ | |
| دوور | لەوێ | | لەورە | |
| نزيك | بەئێرەدا | | وەیرا/وەمرا | |
| دوور | بەئەوێدا | | وەورا | |
| نزيك | لێرەوە | | لێرۆ/لەیرەوە/لەمرەوە/لەمێوە | |
| دوور | لەوێوە | | لەورەوە | |

خشتەی (٣)

**٢- ژمارە:**

یەکێکی تر لەو کەرەستانەی بەشداری لە سەرەی فرێزی ناویدا دەکات ژمارەیە، جا ئەو ژمارەیە بنجی بێت یان لێکدراو یان پلەیی یان کەرتی. بڕوانە(٣٦).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٣٦) ا- دوو میمکم هەیە. | دوو پورم هەیە . |
| ب- سێیەم خانی ماڵ یەمەیە. | سێیەم خانوو ماڵی ئێمەیە. |
| پ- چوارده (بیست وسێ) مناڵ دەمارە کۆڵە دای پێیانوو. | چوارده (بیست و سێ) مناڵ دووپشك پێوەی داون. |
| ت- چواریەکی زەوییەکە ئاوی تێدایە . | چوارەیەکی زەوییەکە ئاوی تێدایە. |
| ج- نیمەی ئیشەکە تەواوبوو . | نیوەی کارەکە تەواو بوو. |

لە نموونەکانی (٣٦- ا، ب، پ)دا ژمارەی بنجی و پلەیی بێ یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر بەشدارییان لە فرێزەکەدا کردووە، بەڵام لە نموونەکانی (٣٦- ت، ج) ژمارە کەرتییەکان بە یاریدەی مۆرفیمی خستنەسەر بەشداریان لە ڕۆنانی فرێزە ناوییەکەدا کردووە.

٣- ئامرازەکانی پرس و دەرهاویشتن:

ئەو ئامرازە پرسانەی بەشداری لە ڕۆنانی سەرەی فریزی ناویدا دەکەن لە ڕووی فۆرمەوە لە هەردوو شێوەزارەکەدا جیاوازی ئەوتۆیان نییە، ئامرازەکانی (کام ، چ ، چی... ) بەکاردێن، هەرچی ئامرازی دەرهاویشتنە ئەوە لە (ش.س)دا ئامرازەکانی (هەر، تەنیا) لە (ش.گ)یشدا ئامرازەکانی (بەس، هەر، تەنیا) بەکاردێن. بڕوانە (٣٧).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٣٧) ا- چ کەسێ داری ناوە ؟ | چ کەسێ داری ڕواندووە ؟ |
| ب- کام گوڵیان جوانە؟ | کام گوڵەیان جوانە ؟ |
| پ- بەس ئارام هاتە. | هەر ئارام هاتووە . |
| ت- تەنیا ئێمە ڕۆیین. | تەنیا ئێمە ڕۆیشتین. |

٤- وشەی ڕادە:

وشەکانی ڕادە، کە بریتین لەفۆرمەکانی (گشت، زۆر، کەم، هیچ، هەندێك ، ...تاد)بڕوانە (٣٨).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٣٨) ا- گشت ئاوەکە ڕژیا. | هەموو ئاوەکە ڕژا. |
| ب- زۆر خەوتن باش نییە. | زۆر نووستن باش نییە. |
| پ- هیچ خوێندکارێك لە تاقیکرنەوەکەدا نەکەفت. | هیچ خوێندکارێك لە تاقیکردنەوەکەدا نەکەوت. |

٥- ئاوەڵناوی پلەی باڵا:

یەکێکی تر لەو کەرەستانەی دەچنە پێش سەرەی فریزی ناوی ئاوەڵناوی پلەی باڵایە. بڕوانە (٣٩).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| (٣٩) ا- جوانترین دار شکیا. | جوانترین دار شکا. |
| ب- باشترین مامۆستا بابەتمان پێ ئەژێتۆ. | باشترین مامۆستا بابەتمان پێ ئەڵێتەوە. |

٦- وشەی بریتی (بدل):

کۆمەڵە وشەیەکن دەکەونە پێش سەرەی فریزی ناوی و زانیاری لە بارەی پیشەی کەسێکەوە دەخەنە ڕوو. بڕوانە (٤٠).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤٠) ا- مەلا محەمەد وتارەکەی خوێندۆ. | مەلا محەمەد وتارەکەی خوێندەوە. |
| ب- مامۆستا شیرین هاتۆ. | مامۆستا شیرین گەڕایەوە . |

٧- ناوی شوێن:

ئەو وشانەی، کە واتای شوێنیان تێدایە، دەتوانن بەشداری لە فراوان کردنی فرێزی ناویدا بکەن و بچنە پێش سەرەی فرێزی ناوییەوە. بڕوانە (٤١).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤١) ا- تەنیشت خانووەکەمان باخچەیە. | تەنیشتی خانووەکەمان باخچەیە. |
| ب- بەردەم سەیارەکە شکیاوە . | پێشی ئۆتۆمبیلەکە شکاوە. |

هەندێك جار زیاتر لە یەکیك لەو کەرەستانەی سەرەوە بەشداری لە ڕۆنانی فرێزە ناوییەکەدا دەکەن و دەکەونە پێش سەرەی فرێزی ناوی. بڕوانە (٤٢).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤٢) ا- دوو کەمۆتر فڕییە . | دوو کۆتر فڕیوە |
| ب- بەس دوو کەمۆتر فڕییە . | هەر دوو کۆتر فریوە. |
| پ- بەس تەنیا دوو کەمۆتر فڕییە . | هەر تەنیا دوو کۆتر فڕیوە. |
| ت- بەس تەنیا ئەم دوو کەمۆترە فڕییە. | هەر تەنیا ئەم دوو کۆترە فڕیوە. |

ب- دیارخەرەکانی پاش سەرە:

ئەو کەرەستانە دەگرێتەوە، کە دەتوانن وەك دیارخەرێك بکەونە دوای سەرەی فرێزی ناوییەوە، لە زمانی کوردیشدا بە شێوەیەکی گشتی ئەم دیارخەرانە بەهۆی چەند مۆرفیمێکەوە، کە پێیان دەوترێ مۆرفیمی خستنەسەر یان ئامرازی بەستن بەشداری لە ڕۆنانی فرێزە ناوییەکەدا دەکەن. لە زمانی کوردیدا سێ ئامرازی بەستن Conjunction هەیە. (ناو و ناو) و (ناو و ئاوڵناو) (ناو و جێناو)لە ناو چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا لە یەك ئەدەن کە ئەمانەن (و — ی — ە).[1]
هەریەك لەم ئامرازانەش لە باری تایبەتدا بەکاردێن. ئەو ناوانەی بە (و) لە یەك ئەدرێن هەموو بەشداری لە ڕووداوی فرمانەکەدا ئەکەن بە پێی ئەو ئەرکەی لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا پێیان

(١) وریا عومەر ئەمین، گ- ڕۆژی کوردستان، ژ٦٧ (١٩٨٤: ٢٨).

سپێرراوە. لەلایەکی ترەوە ئەو ناوانەی بە (ی) لێك ئەدرێن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەیی هەیی دایە (Possessive). تەنیا ناوی یەکەم ڕووداوی فرمانەکە بە پێی ئەو ئەرکەی لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا پێ سپێرراوە بەجێ ئەهێنێت. ئەم ناوەش سەر بە ناوی دووەم ئەبێت و ناوی دووەم سەر بە ناوی سێیەم ئەبێت و بەم جۆرە.[1] بڕوانە (٤٣).

٤٣) ا- ئارام و بارام و شیرین نانیان خوارد.

ب- ئازادی برای شلێر هات.

لە نموونەی (٤٣-ا)دا هەرسێ ناوەکە (ئارام، بارام، شیرین) ئەرکی بکەری ڕستەکەیان کەوتۆتە سەر، بەڵام لە نموونەی (٤٣-ب)دا تەنیا (ئازاد) ئەرکی بکەری ڕستەکەی گێڕاوە. ئەوەی شایانی تێبینییە لە شێوەی ئاخاوتنی ئێستایی (ش.گ)دا ئامرازی خستنەسەری (ی) بەکارنایەت گەر کۆتا دەنگی سەرەی فرێزە ناوییەکە کۆنسونانت بێت، بەڵام گەر هاتوو بەدەنگی ڤاوڵ کۆتایی هات، ئەوە ئامرازی خستنەسەری (ی) بەکاردێت، پێدەچێت ئەمەش پەیوەندی بەرێکخستنی بڕگەو مۆسیقای وتنی شێوەزاری گەرمیانەوە هەبێت. بڕوانە(٤٤).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤٤) ا- ماڵ بەختیار ئەزانم . | ماڵی بەختیار ئەزانم. |
| ب- مامر بچووك بسێنە. | مریشکی بچووك بکرە. |
| پ- گەزۆی خۆشم هاوردە. | گەزۆی خۆشم هێناوە. |
| ت- میوەی شارەزوور وەتامە. | میوەی شارەزوور بەتامە. |

لە نموونەکانی (٤٤-ا، ب)دا ناوە دیارخراوەکە (سەرەی فرێزەکە) بە دەنگی کۆنسونانتی/ڵ/ و/ر/ کۆتایی هاتووە، بۆیە ئامرازی خستنەسەری (ی) بەکارنایەت، بەڵام لە نموونەکانی (٤٤-پ، ت)دا ناوە دیارخراوەکە بە دەنگی ڤاوڵی /ۆ/ و / ە/ کۆتای هاتووە، بۆیە ئامرازی خستنەسەری (ی) بەکاردێت و بڕگەی دووەمی ناوەکەش لە (CV)ەوە دەگۆڕێت بۆ (CVC).

هەرچی ئامرازی خستنەسەری (ە) یە تەنیا لە بارێکدا بەکاردێت، گەر سەرەی فرێزە ناوییەکە ناوێکی ناسراو بێت و بە هۆی مۆرفیمی ناسراوی (ەکە)وە ناسراو کرابێت و دیارخەرەکەیشی ئاوەڵناوی چۆنێتی بێت. لەم بارەشدا مۆرفیمی ناسراوی دەچێتە کۆتا ئاوەڵناوی دیارخەرەوە. بڕوانە (٤٥).

٤٥)ا- ژنە جوانەکە ناسراوە .

ب- ژنە جوانە باڵا بەرزەکە ناسراوە .

---

(١)وریا عومەر ئەمین، گ- ڕۆژی کوردستان، ژ٦٧ (١٩٨٤: ٢٨).

ئەو کەرەستانەی وەکو دیارخەرێك دەکەونە دوای سەرەی فرێزی ناوی بریتین لەمانە:

١- ناو:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤٦) ا- دایك ئارام هات . | دایکی ئارام هات. |
| ب- کوڕەکەی هێمن نەخۆشە. | کوڕەکەی هێمن نەخۆشە. |
| پ- ماس مەڕ ترشە. | ماستی مەڕ ترشە. |
| ت- ئاوەکەی سیروان پیس بویە. | ئاوەکەی سیروان پیس بووە. |
| ج- شووشەی پەنجەرەکان پاکە. | شووشەی پەنجەرەکان خاوێنە. |

لە نموونەکانی (٤٦-ا، ب، پ، ت، ج) ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو ناوانەی دەبنە دیارخەر دەشێت تایبەتی یان گشتی یان تاك یان کۆ یان ناسراوبن، هەروەها ئەو ناوە دیارخراوانەی مۆرفیمی (ەکە)یان دەچێتە سەر لە دۆخی خستنەسەردا هەمیشە مۆرفیمی خستنەسەری (ی) بەکاردێت، چونکە بەهۆی (ەکە) ەوە ناوەکە بە ڤاوڵ کۆتای دێت.

٢- جێناو:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| (٤٧)ا- دەست تو سووتا. | دەستی تۆ سووتا. |
| ب- کوڕ خۆم یاری باش دەکات. | کوڕی خۆم یاری باش دەکات. |
| پ- دەفتەرەکەی هین دڕیا. | دەفتەرەکەی هین دڕا. |
| ت- نامەی کێ هات. | نامەی کێ هات. |

لە نموونەکانی (٤٧- ا، ب، پ، ت)دا ئەوە دەردەکەوێت، کە جێناوەکانی کەسی و خۆیی و نادیار و پرس دەتوانن ببنە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی.

٣- ئاوەڵناو:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٤٨) ا- هەنار شیرین لە هەڵەبجەیە. | هەناری شیرین لە هەڵەبجەیە. |
| ب- کەل وپەل ژنانە گرانە. | جلی ژنانە گرانە. |
| پ- پیاو وەها نییە. | پیاوی وەها نییە. |

لەنموونەکانی (٤٨-ا، ب، پ)دا دەردەکەوێت، کە ئاوەڵناو بەهەر سێ جۆرەکەیەوە (چۆنێتی، رێژەیی، نادیار) دەتوانن ببنە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی.

٤- ژمارە:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| پۆلی یەکەم زیرەکن. | ٤٩) ا- پۆل یەکەم زیرەکن. |
| جێگای دووەم گیراوە. | ب- جێگەی دووەم گیراوە. |

لە نموونەکانی (٤٩- ا، ب) وشەکانی (یەکەم، دووەم) وەك ژمارەی پلەیی (تەرتیبی) بوون بە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی، هەرچی ژمارەی بنجی و کەرتی یە ناتوانن وەك دیارخەری پاشەوەی فرێزی ناوی ڕۆڵ ببینن.

٥- ناوی شوێن و کات:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| شەقامی پێشماڵمان گڵە. | ٥٠) ا- جادەی بەردەم ماڵمان خۆڵە. |
| نانی بەیانیان بەسوودە. | ب- نان بەیانیان بەسوودە. |

له نموونەکانی (٥٠- ا، ب) وشەکانی (بەردەم، بەیانی)، کە ناوی شوێنی و کاتن بوونەتە دەرخەری سەرەی فرێزی ناوی.

٦- ناوی نازناو و پیشە:

| ش.س | ش.گ |
|---|---|
| ئازاد چاوشین هات. | ٥١) ا- ئازاد چاوشین هات. |
| کاوە گەرمیانی ڕۆژنامەنووسێکی ئازا بوو. | ب- کاوە گەرمیانی ڕۆژنامەنووسێکی ئازا بوی. |
| ئارامی فیتەر شارەزایە. | پ- ئارام فیتەر شارەزایە. |

لە نموونەکانی (٥١-ا، ب، پ)دا وشەکانی (چاوشین، گەرمیانی، فیتەر) بەبێ یاردەی ئامرازی خستنەسەر بوون بە دیارخەری سەرەی فرێزی ناوی .

٧- وشەی ڕادە:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| (٥٢)ا- نەخۆشیی زۆر لە وڵاتدا بڵابۆتۆ. | نەخۆشیی زۆر لە وڵاتدا بڵابووتەوە. |
| ب- نمرەی کەمم بۆ هاتۆ. | نمرەی کەمم بۆ هاتەوە. |

لە نموونەکانی (٥٢ا، ب)دا وشەکانی ڕادە (زۆر، کەم) دیارخەری سەرەی فرێزی ناویین. بە وردبوونەوە لەو ڕستانەی دیارخەری پاش سەرەی فرێزی ناوییان تێدایە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە زۆربەی کات کرداری ئەو ڕستانە تێنەپەڕن جا چ کرداری تەواو بن، یان کرداری بوون بن لە کاتی ڕابردوو و ئێستاو داهاتوودا، بەتایبەتی گەر دیارخەرەکانیان (ناوی شوێن، ژمارە، ڕادە)بێت.

۲/۳-۲-۱-۲)فرێزی کرداری:

فرێزی کرداری پێکهێنێکی تری ڕاستەوخۆی دروستەی ڕستەیە و ئەرکێکی گەورەو دیاریکراو لە سازدانی ڕستەدا دەبینێت.[1] یەکێك لەو پێکهاتە گرنگانەی، کە لە بەشە کرداردا هەبوونی گرنگ و خورتییە، کردارە. کردار لە ناو بەشە کرداردا وەك سەرە هەڵس و کەوت دەکات و یەکێك لە تەواوکەرەکانی فرێزێکی ناوییە، کە ئەویش هەبوونی خورتییە.[2] بە واتایەکی تر ناوکی فرێزە کردارییەکە لە ڕەگی کردارو جێناوێکی لکاو پێك دێت.[3] فرێزی کرداری لە جۆرەکانی تری فرێز (ناوی، ئاوەڵناوی، ....تاد) گرنگترە، چونکە بەخۆرتییە و ناتوانرێت لاببرێت، لە کاتێکدا فرێزەکانی تری ڕستە وەك فرێزی ناوی بکەر دەشێت لە دروستەی ڕووکەشدا دەرنەبڕدرێت، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی نیشانەکەی لە ناو فرێزە کردارییەکەدا.[4]

۲/۳-۲-۱-۲-۱)دروستەی فرێزی کرداری:

دروستەی فرێزی کرداری خاوەنی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی ناوەکی و دەرەکییە و بەشێوەی جۆراجۆری مۆرفۆسینتاکسی و سینتاکسی فراوان دەکرێت، ئەو یەکە ڕێزمانیانەی (مۆرفیم، فرێز)، کە لە دروستەی فرێزی کرداریدا لە گەڵ ڕەگی کرداردا دێن. هەریەکەیان جۆرە پێوەندییەکی ڕێزمانی دەهێنێتە ئاراوە.[5]

---

(١)حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٦٦).

(2)Norman.c.stageberg(1971:165) .

(٣)وریا عومەر ئەمین،گ- ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١١ (١٩٨٦: ١٨٨).

(٤)محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٥).

(٥)سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕەی پێشوو.

بەم پێیە فرێزی کرداریش هەر وەکو فرێزی ناوی دابەش دەبێت بەسەر دروستەی ناوەوە و دروستەی دەرەوەدا.

## ٢/٣-٢-١-٢-١-١-١)دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداری:

دیارترین ئەو مۆرفیمانەی بەشداری لە دروستەی سادەترین فرێزی کرداریدا دەکەن بریتین لە مۆرفیمەکانی کات و جێناوە لکاوەکان (کەس، ژمارە)، ڕەگی کردارەکەش وەکو سەرەی فرێزە کردارییەکە ڕۆڵ دەبینێت. هەرچەندە ڕەگی کردار بەکارهێنانێکی سەربەخۆی نییە و پێویستی بە مۆرفیمی تر هەیە بۆ تەواوکردنی واتاکەی، واتە بۆ تەواوکردنی دروستەیەك کە پێی دەوترێت کردار.[١] ڕێزمانی کوردی دوو ڕەگی جیاوازی بۆ کردار دەست نیشان کردووە. ئەوانەن کە پێیان دەوترێ (ڕەگی ڕابردوو) و (ڕەگی داهاتوو) ... هەموو کاتە ڕێزمانییەکان بەم دوو ڕەگە دادەڕێژرێن.[٢]

یاساکانیشیان بەم چەشنەیە:

| جۆری کردار | ڕەگی کرداری ڕابردوو | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو (کەس وژمارە) |
|---|---|---|---|
| تێپەڕ | کر | د | ت |
| تێنەپەڕ | کەف | ت | یت |

| جۆری کردار | ئەسپێکت | ڕەگی ڕانەبردوو | م.کاتی ڕانەبردوو[٣] | جێناوی لکاو (کەس و ژمارە) |
|---|---|---|---|---|
| تێپەڕ | ئە | کڕ | ∅ | ن |
| تێنەپەڕ | ئە | سووت | ێ | ن |

هەروەها جگە لە مۆرفیمەکانی کات و جێناوە لکاوەکان هەندێك مۆرفیمی تریش بەشداری لە فراوانکردنی دروستەی ناوەوەی فرێزی کرداریدا دەکەن. وەك مۆرفیمەکانی (نەرێ کردن، نادیاری، جۆری ڕێژەی کردار، ...تاد). بڕوانە (٥٣

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٣) ا- ئارام نەهات . | ئارام نەهات. |
| ب- نامەکە خوێنریا. | نامەکە خوێنرا. |

---

(١)حاتەم ولیا محەمەد (٢٠٠٠: ٦٩).

(٢)وریا عومەر ئەمین، گ- ڕۆشنبیری نوێ، ژ١١١ (١٩٨٦: ١٨٨).

(٣)مۆرفیمی کاتی ڕانەبردوو لە هەندێ کرداردا دەرناکەوێت و لە هەندێ کرداری تردا (ێ) یە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: وریا عومەر ئەمین: (١٩٩٢: ٨٨-٩٢).

پ- دەفتەرەکەم هاوردە.                    دەفتەرەکەم هێناوە.

لە نموونەکانی (٥٣- ا، ب، پ)دا مۆرفیمەکانی (نە، یا، ە) جگە لە ئەرکەکانی خۆیان بەشدارییان کردووە لە فراوان کردنی سەرەی فرێزە کرداریيەکە، کە کردارەکەیە. هەروەها ئەو فۆرمانەی، کە ڕۆڵی بەرکار دەبینن لە کرداری تێپەڕدا، دەبنە کەرەستەی ناوەوەی فرێزی کرداری. واتە بەرکار لە کرداری تێپەڕدا بوونی پێویيستە، بەڵام لە کرداری تێنەپەڕدا بوونی پێویست نییە. بڕوانە (٥٤).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٤)ا-شیرین بابەتەکەی خوێندۆ | شیرین بابەتەکەی خوێندەوە. |
| ب- بارام خەوت. | بارام نووست. |

لە هەندێك کرداردا وەك(پێدان، لێسەندن، لێچوون، لێکەوتن یان لێهاتن، تێچوون) لە باری تێپەڕی و تێنەپەڕیدا بوونی کەرەستەی تەواوکەر یان فرێزی پێشناوی دەبێت بە مەرج لە دروستەی ڕستەکەدا. لەم کاتەشدا فرێزە پێشناوییەکان دەبنە دیارخەری ناوەوەی فرێزی کرداری. بڕوانە(٥٥).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٥)ا- ئەوان دیارییەکەیان دا وە خوێندکارەکە. | ئەوان دیارییەکەیان بە خوێندکارەکە دا. |
| ب- جلەکە لە تو دەکەوێت. | جلەکە لە تۆ دێت. |

لە نموونەکانی (٥٥-ا،ب)دا هەر یەك لە کەرەستەکانی (لە تو، وە خوێنکارەکە) وەکو تەواوکەرێك بوون بە دیارخەری ناوەوەی سەرەی فرێزی کرداری.

### ٢/٣-٢-١-٢-١-٢)دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری:

مەبەست لە دروستەی دەرەوەی فرێزی کرداری فراوانکردنی فرێزی کردارییە بەهۆی چەند کەرەستەیەکی ڕێزمانییەوە (مۆرفیم، فرێز، ڕستە). ئەم کەرەستانەش ئەرکی سەربار یان تەواوکەر لە ڕستەی کرداری تەواودا دەبینن. ئەمەش پێوەندی بە جۆری کردارەکەوەیە، کە ڕۆڵی بەرچاویان لە هەڵبژاردنی ئەم فرێزە تەواوکەرانەدا هەیە.[1] ئەو کەرەستانەش کە بەشداری لە فراوانکردنەکەدا دەکەن بریتین لە (ئاوەڵکردار، وشەی ڕادە، ژمارە، فرێزی پێشناوی، ڕستەی شوێن کەوتوو، ...تاد). بڕوانە (٥٦).

(١)محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨: ١٥).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٦) ا- ئەو زوی هات. | ئەو زوو هات. |
| ب- میوانەکە نان کەم ئەخوات. | میوانەکە نان کەم دەخوات. |
| پ- ئازاد دوو بێڵی سەند. | ئازاد دوو خاکەنازی کڕی. |
| ت- مەلەوانەکە لە ئاوەکا خنکا. | مەلەوانەکە لە ئاوەکەدا خنکا. |
| ج- دیمان، کە ئەوان یەوەیان برد. | بینیمان، کە ئەوان ئێوەیان برد. |

لە نموونەکانی (٥٦-ا، ب، پ، ت،ج)دا هەریەك لە کەرەستەکانی (زوی، کەم، دوو، لە ئاوەکەدا، کە ئەوان ئێوەیان برد) بەشداریان لە فراوان کردنی فرێزە کرداریيەکەدا کردووە. هەرچی کرداره ناتەواوەکانە ناتوانن بەتەنیا بین، بۆیە ئەو کردارانە بە گشت چەشن و جۆرەکانی فرێزدا هەڵدەواسرێن، کەواتە هەبوونی ئەو فرێزە تەواوکەرانە خورتییە.[1] بڕوانە(٥٧).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٧) ا- ئەوە شیرین بوی. | ئەوە شیرین بوو. |
| ب- ئەوە ئێوەن لێرە ! | ئەوە ئێوەن لێرە ! |
| پ- کاتەکە درەنگە. | کاتەکە درەنگە. |
| ت- ژنەکە وەتەمەنە. | ژنەکە بەتەمەنە. |
| ج- پارەکە زۆر بوی. | پارەکە زۆر بوو. |
| چ- ئەیە چۆن بی؟ | ئەمە چۆن بوو؟ |
| ح- ئازاد لە ماڵیە. | ئازاد لە ماڵدایە. |

لە نموونەی (٥٧-ا)دا ناوێك، (٥٧-ب)دا جێناوێك، (٥٧-پ)دا ئاوەڵکردرێك، (٥٧-ت)دا ئاوەڵناوێك، (٥٧-ج)دا وشەیەکی ڕادە، (٥٧-چ)دا وشەیەکی پرس، (٥٧-ح)دا فرێزێکی پێشناوی بەشداری لە فراوانکردنی فرێزە کرداریيەکەدا کردووە.

---

(١)عەبدولجەبار مستەفا معروف (٢٠١٠: ٧٧).

## ٣-٢/٣)ئەرك و جێكەوتەی جێناوەلكاوەكان لە شێوەزاری گەرمیاندا:

یەكێك لەو بابەتە دیارانەی خاڵی جیاوازی دەخەنە نێوان شێوازاری گەرمیان و شێوەزاری سلێمانییەوە فۆرم و جێكەوتەی جێناوە لكاوەكانە. هەروەكو پێشتریش ئاماژەمان پێدا لە (ش.گ)یشدا هەروەكو (ش.س) دوو دەستە جێناوی لكاومان هەیە تەنیا لە كەسی یەكەم و دووەمی كۆدا لە گەڵ كرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا لە هەندێك ناوچەی گەرمیان لە بری (ین، ن) (یمان، یتان) بەكاردێت. لە كاتێكدا هەندێك زمانەوان بە هەڵە ئەوەیان دیاری كردووە، كە هەموو جێناوەكانی دەستەی (م-مان) لە گەڵ كرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا بەكاردێن.[١] وەك لە خوارەوە ڕوونكراوەتەوە.[٢]

| | شێوەزاری سلێمانی | | | | | | شێوەزاری گەرمیان | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دەستەی یەكەم | | دەستەی دووەم | | | | دەستەی یەكەم | | دەستەی دووەم | | | |
| | | | A | | B | | | | A | | B | |
| ژ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ | تاك | كۆ |
| ١ | م | مان | م | ین | م | ین | م | مان | م | ین/یمان | م | ین |
| ٢ | ت | تان | یت | ن | یت | ن | ت | تان | یت | ن/یتان | یت | ن |
| ٣ | ی | یان | ∅ | ن | ات/ێت | ن | ی | یان | ∅ | ن | ات/ێت | ن |

## ٣-٢/٣-١)ئەرك و جێكەوتەی دەستەی یەكەم:

دەستەی یەكەمی جێناوە لكاوەكان (م، ت، ی، مان، تان، یان) لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا لە چەند ئەركێكدا دەردەكەون. وەك (نیشانەی بكەر، بەركار، بەركاری ناراستەخۆ(سەربار)، دیارخەر).

ا- نیشانەی بكەر:

جێناوە لكاوەكانی دەستەی یەكەم ئەركی نیشانەی بكەر دەبینن لەگەڵ چەند كردارێكدا:

١- كرداری رابردووی تێپەڕ:

كاتی كرداری ڕستەكە ڕابردووی تێپەڕ بێت، جێناوە لكاوەكانی دەستەی یەكەم وەكو نیشانەی بكەر بەكاردێن و دەچنە دوای بەركاری ڕستەوە. بڕوانە (٥٨).

---

(١)بڕوانە: ا- عەبدوڵا حوسین ڕەسووڵ (٢٠٠٢: ٢٠). ب- ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٢: ١٧٥٩).

(٢)ئەم خشتەی پێشتر لە باسی جێناودا بە خشتەی ژمارە (٥) دیاری كراوە، بەڵام بۆ بەرچاو ڕوونی و پێوەندی بە باسەكەوە بە پێویستمان زانی لێرەدا دووبارەی بكەینەوە.

ش.گ ش.س

٥٨) یەمە دارەکانمان سووتان . ئێمە دارەکانمان سووتاند.

یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم شێوەیەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٨-بکەر + بەرکار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ | بکەر + بەرکار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ |

٢- کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ:

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم تەنیا لە گەڵ ئەو کردارە تێنەپەڕانەدا بەکاردێن، کە لە ناوی دەنگە سروشتییەکانەوە وەرگیراون بە یاریدەی (اندن). واتە ئەم دەستە جێناوە لە گەڵ هیچ کردارێکی تێنەپەڕی بنەڕەتیدا بەکارنایەن. بڕوانە(٥٩).

ش.گ ش.س

٥٩) مناڵەکە قیژانی . منالّەکە قیژاندی.

٭ ئەوان کەفتیان . ئەوان کەوتیان.

لە نموونەی (٥٩)دا (قیژاند) کردارێکە لە ناوی دەنگێکی سروشتییەوە (قیژە)ەوە وەرگیراوە، جێناوی (ی) ی وەرگرتووە کە لە دەستەی یەکەمەو نیشانەی بکەرە، بەڵام نموونەی (٭ئەوان کەفتیان) ڕستەیەکی نادروستە، چونکە نە لە (ش.س)داو نە لە (ش.گ)دا ئەم جۆرە بەکارهێنانە بەکارنایەت. ئەوەی هەیە لە هەندێك ناوچەی گەرمیان تەنیا بۆ کەسی یەکەم و دووەمی کۆ (یمان، یتان) لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێنەپەڕدا بەکاردێن. بڕوانە (٦٠).

ش.گ ش.س

٦٠) ا- ئێمە چوویمان. ئێمە چووین(ڕۆیشتین).

ب- ئێوە کەفتیتان. ئێوە کەوتن

یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم شێوەیەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٥٩- بکەر + کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ (وەگیراو لە ناوی دەنگی سروشتی) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) | بکەر + کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ (وەگیراو لە ناوی دەنگی سروشتی) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) |
| ٦٠-ا،ب- بکەر + کرداری ڕابردووی تێنەپەر+ جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەم و دووەمی کۆ (یمان، یتان)(نیشانەی بکەر) | بکەر + کرداری ڕابردووی تێنەپەر+ جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (ین، ن) (نیشانەی بکەر) |

ب- بەرکار:

جێناوە لکاوەکانی دەستەی یەکەم ڕۆڵی بەرکار دەبینن لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا لە گەڵ کرداری ڕانەبڕدوو و فەرماندا. بڕوانە (٦١).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦١) ا- ئەتاننێرین. | دەتاننێرین. |
| ب- بیانوەن. | بیانبەن. |
| پ- دەستمان ئەگرن. | دەستمان دەگرن. |
| ت- هەڵی بژێرن . | هەڵی بژێرن. |

لە نموونەکانی (٦١- ا، ب، پ، ت)دا دیارە جێناوەکانی دەستەی یەکەم لە ڕۆڵی بەرکاردا لە گەڵ کرداری ڕانەبردوو و فەرمانی سادەدا دەکەونە دوای ئەسپێکت (ئـ) ەو مۆرفێمی ڕێژەی فەرمان (بـ)ەوە، بەڵام لە گەڵ کرداری داڕژاو و لێکدراودا جێناوەکان دەکەونە دوای بەشی یەکەمی کردار. ئەمە لە (ش.س)و زۆربەی ناوچەکانی (ش.گ)یشدا تارادەیەك وەك یەکە. یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم شێوەیەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- ئەسپێکتی (ئە)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ڕەگی کرداری ڕانەبردووی سادە + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) | ئەسپێکتی (دە)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ڕەگی کرداری ڕانەبردووی سادە + جێناوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) |
| ب- م.ڕێژە(ب) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ڕەگی کرداری فەرمانی سادە + جێناوی لکاوی (ە،ن) (نیشانەی بکەر) | م.ڕێژە (بـ) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ڕەگی کرداری فەرمانی سادە + جێناوی لکاوی (ە،ن) (نیشانەی بکەر) |
| پ- بەشی یەکەمی کردار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ئەسپێکتی (ئە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی داڕژاو یان لێکدراو + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) (نیشانەی بکەر) | بەشی یەکەمی کردار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ئەسپێکتی (دە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی داڕژاو یان لێکدراو + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B) (نیشانەی بکەر) |
| ت- بەشی یەکەمی کردار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ م.ڕێژە (بـ) + ڕەگی کرداری فەرمانی داڕژاو یان لێکدراو + جێناوی لکاوی (ە،ن) (نیشانەی بکەر) | بەشی یەکەمی کردار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار)+ ئەسپێکتی (بـ) +ڕەگی کرداری فەرمانی داڕژاو یان لێکدراو + جێناوی لکاوی (ە،ن) (نیشانەی بکەر) |

بەڵام لە هەندێك ناوچەی گەرمیان وەك ناوچەی زەنگ ئاباد شێوەی ڕیزبوونی جێناوەکان دەگۆڕێت. بڕوانە (٦٢).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦٢)ا- ئەنێرینە(١)تان بۆ ماڵ. | دەتاننێرین بۆ ماڵ. |
| ب- بوەنەیان بۆ یاری. | بیانبەن بۆ یاری. |

(١)دەنگی (ە) لە نێوان جێناوی لکاوی بکەری و جێناوی لکاوی بەرکاریدا پەیدا دەبێت، هیچ ئەرکێکی ڕێزمانی نییە، دەکرێت وەکو مۆرفیمی بەتاڵ دیاری بکرێت.

یاسایی ڕیزبوونەکەی بەم چەشنەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- ئەسپێکتی (ئـە) + ڕەگـی کـرداری ڕانـەبردووی سـادە + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی دووەم (B)(نیشـانەی بکـەر) + مۆرفیمی بەتاڵ (ە)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار) | ئەسپێکتی (دە) + جێنـاوی لکاوی دەسـتەی یەکەم(بـەرکار)+ ڕەگی کرداری ڕانـەبردووی سادە + جێنـاوی لکاوی دەسـتەی دووەم(B) (نیشانەی بکەر) |
| ب- م.ڕێـژە (بـ) + ڕەگـی کـرداری فـەرمانی سـادە + جێنـاوی لکاوی(ە، ن)(نیشانەی بکەر) + مۆرفیمی بـەتاڵ (ە)+ جێنـاوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار) | م.ڕێژە (بـ) + جێناوی لکاوی دەسـتەی یەکەم(بـەرکار)+ ڕەگی کـرداری فـەرمانی سـادە + جێنـاوی لکـاوی (ە،ن) (نیشـانەی بکەر) |

**دەستە جێناوی یەکەم لە (ش.گ)دا لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕیشدا ئەرکی بەرکار دەبینێت، کە ئەمەش بەخاڵی جیاوازی ئەم شێوەزارە دادەنرێت لە گەڵ شێوەزاری سلێمانیدا. بڕوانە (٦٣).**

| مۆرفۆسینتاکی (ش.گ) | مۆرفۆسینتاکی (ش.س) | ڕستەی سینتاکی |
|---|---|---|
| **٦٣)ا- بردیانت .** | **بردتن.** | **تۆ ئەوانت برد.** |
| **ب- هەناردØمان.** | **ناردمان.** | **ئێمە ئەومان نارد.** |
| **پ- گرتیانی.** | **گرتنی .** | **ئەو ئەوانی گرت.** |
| **ت- دامانیان گرت .** | **دایان بەزاندین.** | **ئەوان ئێمەیان دابەزاند.** |
| **ج- پێشتانی خست.** | **پێشی خستن.** | **ئەو ئێوەی پێش خست.** |

**لە نموونەکانی (٦٣-ا ، ب، پ، ت، ج) چەند جیاوازییەك بەدی دەکەین لە نێوان (ش.س) و (ش.گ)دا، بە وێنە لە نموونەی (٦٣-ا)دا کرداری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕە جێناوی لکاوی بکەری و بەرکاریش هەر لە هەمان دەستەیە، کە دەستەی (م.مان)ە، لە (ش.گ)دا هەمیشە جێناوی لکاوی بەرکاری پێش دەکەوێت و جێناوی لکاوی بکەری بەدوایدا دێت، بەڵام لە نموونەی بەرانبەری (بردتن) کە شێوەزاری سلێمانییە هەمیشە جێناوی لکاوی بکەری لە دەستەی (م.مان) دەبێت و جێناوی لکاوی بەرکاری لە دەستەی دووەم (A)(م، ین)دەبێت، لە ڕووی ڕیزبوونیشەوە لە (ش.س)دا تەنیا لە یەك حاڵەتدا نەبێت هەمیشە جێناوی لکاوی بکەری پێش دەکەوێت و جێناوی لکاوی بەرکاری بەدوایدا دێت. لە نموونەی (٦٣-ب)دا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە لە (ش.گ)دا گەر بەرکارمان کەسی سێیەمی تاك بوو، ئەوە جێناوەکە لە دەستەی دووەم (A) دەبێت کە (Ø)ە بە پێچەوانەی کەسەکانی ترەوە کە لە دەستەی یەکەم (م.مان)ە، ئەمەش جۆرێکە لە ناوێزەیی. لە نموونەی (٦٣-پ)دا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە لە (ش.س)دا گەر بکەرمان کەسی سێیەمی تاك بوو، ئەوە لە ڕووی ڕیزبوونەوە بە پێچەوانەی کەسەکانی ترەوە جێناوی لکاوی بەرکاری پێش دەکەوێت و جێناوی لکاوی بکەری کە**

(ی)یە بەدوایدا دێت، کەواتە ئەمەش جۆرێکە لە ناوێزەیی.[1] بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە: خشتەی ژمارە (٧).

| ژ | ڕستەی سینتاکی | ش.س | ش.گ | ڕستەی سینتاکی | ش.س | ش.گ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | من ئەوانم برد. | بردمن | بردیانم | تۆ منت برد. | بردتم | بردمت |
| ٢ | تۆ ئەوانت برد. | بردتن | بردیانت | من تۆم برد. | بردمیت | بردتم |
| ٣ | ئەو ئەوانی برد. | بردنی | بردیانی | تۆ ئەوت برد. | بردت(∅) | برد(∅)ت |
| ١ | ئێمە ئەوانمان برد. | بردمانن | بردیانمان | تۆ ئێمەت برد. | بردتین | بردمانت |
| ٢ | ئێوە ئەوانتان برد. | بردتانن | بردیانتان | من ئێوەم برد. | بردمن | بردتانم |
| ٣ | ئەوان ئەوانیان برد | بردیانن | بردیانیان | تۆ ئەوانت برد. | بردتن | بردیانت |

لە نموونەکانی (٦٣-ت،ج)دا کردارەکان ڕابردووی تێپەڕی دارِژاو و لێکدراون لەم بارەشدا دیسان لە (ش.گ)دا جێناوی لکاوی بکەری و بەرکاری لە هەمان دەستەی (م.مان)دەبن، جێناوی لکاوی بکەری دەچێتە کۆتایی بەشی یەکەمی کردارەکە و جێناوی لکاوی بەرکاری بەدوایدا دێت، بەڵام لە نموونەی بەرانبەری کە شێوەزاری سلێمانییە جێناوی لکاوی بکەری لە دەستەی یەکەمە و جێناوی لکاوی بەرکاری لە دەستەی دووەم (A)یە. لە ڕووی جێکەوتەوە جێناوی لکاوی بکەری دەکەوێتە کۆتای بەشی یەکەمی کردارەکە و جێناوی لکاوی بەرکاری دەکەوێتە کۆتای بەشی دووەمی کردارەکەوە. یاسای ڕیزبوونەکانیشیان بەم شێوەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- کرداری ڕابردووی تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار) جگە لە کەسی سێیەمی تاك + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر). | کرداری ڕابردووی تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر)جگە لە کەسی سێیەمی تاك + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (بەرکار). |

---

(١ )ئەم حاڵەتە لە ناوچەی شارەزووردا بەشێوەیەکی ترە، بەو پێیەی لەو ناوچەیەدا جێناوە لکاوەکان لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسدا لە ڕوویەکەوە لە شێوەزاری گەرمیان دەچێت بەوەی هەر وەك شێوەزاری گەرمیان لە ڕووی ڕیزبوونەوە جێناوی لکاوی بەرکاری پێش دەخات و جێناوی لکاوی بکەری بەدوایدا دێت. لە ڕوویەکی ترەوە لە شێوەزاری سلێمانی دەچێت بەوەی جێناوی لکاوی بکەری لە دەستەی یەکەمە و جێناوی لکاوی بەرکاری لە دەستەی دووەم(A)ە. وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە.

| ڕستەی سینتاکسی | شێوەزاری سلێمانی | شێوەزاری گەرمیان | شێوە شارەزوور |
|---|---|---|---|
| تۆ ئەوانت برد | بردتن | بردیانت | بردنت |
| تۆ ئەوت برد | بردت∅ | برد∅ت | برد∅ت |
| ئەو ئەوانی برد | بردنی | بردیانی | بردنی |

گەر تێبینی بکەین لە شێوەی شارەزووردا ناوێزەی ناکەوێتە ناو یاساکەوە و یاساکەیشی لە هەموو کاتێکدا بەم چەشنەیە:

کرداری ڕابردووی تێپەڕی سادە + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (بەرکار) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر)

| | |
|---|---|
| ب- کرداری ڕابردوو تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (∅)(بەرکار) کەسی سێیەمی تاك + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر). هەنارد ∅مان. ئێمە ئەومان هەنارد. | کرداری ڕابردوو تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) جگە لە کەسی سێیەمی تاك + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (بەرکار) کەسی سێیەمی تاك.وەك: ناردمان ∅. ئێمە ئەومان نارد. |
| پ- کرداری ڕابردوو تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(بەرکار) جگە لە کەسی سێیەمی تاك +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر)کەسی سێیەمی تاك. وەك: گرتیانی. ئەو ئێوی گرت. | کرداری ڕابردوو تێپەڕی سادە +جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A)(بەرکار)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) کەسی سێیەمی تاك. وەك: گرتنی. ئەو ئێوەی گرت. |
| ت-ج- بەشی یەکەمی کردار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (بەرکار)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر)+کرداری ڕابردووی دارِژاو یان لێکدراو. | بەشی یەکەمی کردار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی دارِژاو یان لێکدراو + جێناوی لکاوی دەستەی دووەمA (بەرکار). |

**پ- بەرکاری ناڕاستەوخۆ(سەربار):**

**جێناوەلکاوەکانی دەستەی یەکەم ڕۆڵی بەرکاری ناراستەوخۆ (سەربار) دەگێڕن لەم جێکەوتانەی خوارەوەدا. بڕوانە (٦٤).**

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦٤) ا- پارەکەت لێ کەفت. | پارەکەت لێ کەوت. |
| ب- پارەکەت لێ ئەکەفێت. | پارەکەت لێ دەکەوێت. |
| پ- دیارییەکەتان پێ ئەسێنم. | دیارییەکەتان پێ دەکڕم. |
| ت- نامەکەیان بۆ بوە. | نامەکەیان بۆ ببە. |
| ج- پێیان بگەن. | پێیان بگەن. |
| چ- سەیارەکەیان بۆمان چاك کرد. | ئۆتۆمبیلەکەیان بۆ چاك کردین. |

**لەنموونەکانی (٦٤-ا، ب) جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم کە ڕۆڵی بەرکاری ناراستەخۆ(سەربار) ی بینیوە لە گەڵ کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕدا هاتوون کەوتوونەتە دوای بکەرەوە، لە نموونەکانی (٦٤-پ، ت)دا لە گەڵ کرداری ڕانەبردوو و فەرمانی تێپەڕدا هاتوون و کەوتوونەتە دوای بەرکارەوە، لە نموونەی (٦٤-ج)دا لە گەڵ کردارێکی فەرمانی تێنەپەڕدا هاتووە و کەوتۆتە دوای پێشناوەکەوە لە (ش.گ) و(ش.س)دا، واتە تا ئێرە جیاوازی بەدی ناکرێت، بەڵام لە نموونەی (٦٤-چ)دا جێناوی لکاوی دەستەی یەکەمی بەرکاری ناراستەوخۆ (مان) لە (ش.گ)دا لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا هاتووە و کەوتۆتە دوای پێشناوەکەوە، بەڵام لە (ش.س)دا دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکان ئەرکی بەرکاری ناراستەوخۆ دەبینن و دەچنە کۆتای کردارەکەوە. یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم شێوەیەیە:**

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- بكەر + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو+ كرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | بكەر + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو+ كرداری ڕابردووی تێنەپەڕ |
| ب- بكەر + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو+ ئەسپێكتی (ئە) + ڕەگی كرداری ڕانەبڕدووی تێنەپەڕ+ جێناوی لكاوی دەستەی دووەم(B)(نیشانەی بكەر) | بكەر + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو+ ئەسپێكتی (دە) + ڕەگی كرداری ڕانەبڕدووی تێنەپەڕ+ جێناوی لكاوی دەستەی دووەم(B)(نیشانەی بكەر) |
| پ- بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو + ئەسپێكتی (ئە) + ڕەگی كرداری ڕانەبردووی تێپەڕ+ جێناوی لكاوی دەستەی دووەم (B) (نیشانەی بكەر) | بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو + ئەسپێكتی (دە) + ڕەگی كرداری ڕانەبردووی تێپەڕ+ جێناوی لكاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بكەر) |
| ت- بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو + م.ڕێژە (بـ) + ڕەگی كرداری فەرمانی تێپەڕ+ جێناوی لكاوی (ە،ن)(نیشانەی بكەر) | بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار)+ پێشناو + م.ڕێژە (بـ) + ڕەگی كرداری فەرمانی تێپەڕ+ جێناوی لكاوی (ە،ن)(نیشانەی بكەر) |
| ج- پێشناو + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار) + م.ڕێژە (بـ) + ڕەگی كرداری فەرمانی تێنەپەڕ+جێناوی لكاوی (ە،ن)(نیشانەی بكەر) | پێشناو + جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار) + م.ڕێژە (بـ) + ڕەگی كرداری فەرمانی تێنەپەڕ+ جێناوی لكاوی (ە،ن)(نیشانەی بكەر) |
| چ- بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(نیشانەی بكەر) +پێشناو+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(سەربار) + كرداری ڕابردووی تێپەڕ | بەركار+ جێناوی لكاوی دەستەی یەكەم(نیشانەی بكەر) +پێشناو + كرداری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لكاوی دەستەی دووەم (B)(سەربار) |

**ت- دیارخەر :**

**یەكێك لەو ئەركانەی تر كە، دەستەی یەكەم لە چوارچێوەی فرێزو ڕستەدا دەیانگێڕێت ئەركی دیارخەرییە، كە واتای خاوەنێتیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە . بڕوانە (٦٥).**

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦٥) ا- كوڕەكەمان هاتۆ. | كوڕەكەمان هاتەوە. |
| ب- نەخۆشەكەیان ئەمێنێت. | نەخۆشەكەیان دەژێت. |
| پ- دارەكەیان ئەنەین. | دارەكەیان دەچێنین. |
| ت- نانەكەتانی خوارد. | نانەكەی خواردن. |

**لە نموونەكانی (٦٥-ا، ب، پ، ت)دا ناوەكانی (كوڕ، نەخۆش، زەوی، نان) دیارخراون جێناوێكی لكاو بووە بە دیارخەرییان، هەموو ناوەكانیش مۆرفیمی ناسراوییان وەرگرتووە. لە نموونەی (٦٥-ا، ب)دا كرداری ڕستەكە ڕابردوو و ڕانەبردووی تێنەپەڕن، بۆیە جێناوە لكاوەكە دەكەوێتە دوای بكەرەوە ، لە نموونەی (٦٥-پ) كرداری ڕستەكە ڕانەبردووی تێپەڕە، بۆیە جێناوە لكاوەكە دەكەوێتە دوای بەركارەوە لە هەردوو شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا، بەڵام لە نموونەی (٦٥-ت)دا كرداری ڕستەكە ڕابردووی تیپەڕە، بۆیە لێرەدا هەست بە جیاوازی دەكەین هەم لە ڕووی جۆری جێناوەكان و هەم لە**

ڕووی جێکەوتەی جێناوەکان، لە شێوەزاری گەرمیانـدا جێنـاوی لکاوی دیارخـەری لـە دەسـتەی یەکـەم (م.مان) دەبێت و دەکەوێتە دوای بەرکار پێش جێناوی لکاوی بکەری، بـەڵام لـە شـێوەزاری سـلێمانیدا جێنـاوی لکـاوی دیارخـەری لـە دەسـتەی دووەم(A) دەبێـت و دەچـێتە کۆتـایی کردارەکـەوە. یاسـای ڕیزبوونەکەیان بەم چەشنەیە:

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| ا- بکـەر + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(دیارخـەر)+ کـرداری ڕابردووی تێنەپەڕ | بکـەر + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(دیارخـەر)+ کـرداری ڕابردووی تێنەپەڕ |
| ب- بکەر + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(دیارخەر)+ ئەسپێکتی (ئـە) + ڕەگـی کـرداری ڕانـەبردووی تێنەپـەڕ+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی دووەم(B)(نیشانەی بکەر) | بکەر + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(دیارخەر)+ ئەسـپێکتی (دە) + ڕەگـی کـرداری ڕانـەبردووی تێنەپـەڕ+ جێنـاوی لکاوی دەسـتەی دووەم(B)(نیشانەی بکەر) |
| پ- بـەرکار+ جێنـاوی لکاوی دەستەی یەکەم(دیارخـەر)+ ئەسـپێکتی (ئـە) + ڕەگـی کـرداری ڕانـەبردووی تێپـەڕ+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) | بـەرکار+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(دیارخـەر)+ ئەسـپێکتی (دە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ+ جێنـاوی لکاوی دەسـتەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) |
| ت- بەرکار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(دیارخەر)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ | بەرکار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تیپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A) (دیارخەر) |

## ٣/٢-٣-٢)ئەرك و جێکەوتەی دەستەی دووەم (A):

دەستەی دووەمی جێناوەلکاوەکان (A)(م، یت، ∅ ، ین، ن، ن) لـە شـێوەزاری سـلێمانیدا لـە چـەند ئەرکێکـدا دەردەکـەوێت. وەك (نیشـانەی بکـەر، بـەرکار، بـەرکاری ناراسـتەوخۆ، دیارخـەر)، بـەڵام لـە شـێوەزاری گەرمیانـدا تـەنیا لـە گـەڵ کـرداری ڕابـردووی تێنەپـەڕدا ئـەرکی نیشـانەی بکـەر دەبینێـت، هەروەها وەك حاڵەتێکی ناوێزە لە گەڵ کـرداری رابـردووی تێپـەڕی سادەدا ئـەرکی بـەرکار بـۆ کەسـی سێیەمی تاك دەبێنێت. بڕوانە (٦٦).

| ش.گ | ش.س |
| --- | --- |
| ٦٦) ا- هاتین. | هاتین. |
| ب- هەناردم. | ناردم. |
| پ- هەناردمانیان. | ناردیانین. |
| ت- یارمەتییەکەمان پێیان گەیاند. | یارمەتییەکەمان پێ گەیاندن. |
| ج- خانییەکەمانیان فرۆشت. | خانووەکەیان فرۆشتین. |

لە نموونەی (٦٦-ا، ب)دا جێناوی لکاوی دەستەی دووەم(A) لە هەردوو شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا ڕۆڵـی نیشـانەی بکـەر و بـەرکارییان بینیـوە، بـەڵام لـە نموونـەی (٦٦- پ، ت،ج)دا جێنـاوە لکاوەکـانی

دەستەی دووەم (A) تەنیا لە شێوەزاری سلێمانیدا ئەرکی بەرکار یان بەرکاری ناراستەوخۆ یان دیارخەریان بینیوە لە گەڵ کرداری ڕابردووی تێپەڕدا. یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم چەشنەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A)(نیشانەی بکەر) | کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (نیشانەی بکەر) |
| ب- کرداری ڕابردووی تێپەڕ+ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەستەی دووەم(A)(∅ )(بەرکار) + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) | کرداری ڕابردووی تێپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر)+ جێناوی لکاوی کەسی سێیەمی تاک دەستەی دووەم (A) (∅)(بەرکار) |
| پ- کرداری ڕابردووی تێپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (بەرکار)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) | کرداری ڕابردووی تێپەڕ+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (بەرکار) |
| ت- بەرکار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر)+ پێشناو + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ | بەرکار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر)+ پێشناو + کرداری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) |
| ج- بەرکار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(دیارخەر)+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ | بەرکار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کرداری ڕابردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (A) (دیارخەر) |

### ٣-٣-٢/٣)ئەرك و جێکەوتەی دەستەی دووەم (B):

دەستەی دووەمی جێناوە لکاوەکان (B) (م، یت، ات/ێت، ین، ن، ن) لە هەردوو شێوەزاری گەرمیان و سلێمانیدا تەنیا ئەرکی نیشانەی بکەر دەبینن لە گەڵ کرداری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا. بڕوانە(٦٧).

| | ش.گ | ش.س |
|---|---|---|
| ٦٧)ا- | بابەتەکە ئەخوێنین . | بابەتەکە دەخوێنین. |
| ب- | ئارام ئەتێتۆ . | ئارام دەگەڕێتەوە. |

لەنموونەکانی (٦٧-ا، ب) جێناوەلکاوەکانی (ین، ێت) لە هەردوو شێوەزارەکەدا ئەرکی نیشانەی بکەریان بینیوە لە گەڵ کرداری ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا. یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم چەشنەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| بەرکار + ئەسپێکتی (ئە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) | بەرکار+ ئەسپێکتی (دە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) |
| بکەر+ ئەسپێکتی (ئە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) | بکەر+ ئەسپێکتی (دە) + ڕەگی کرداری ڕانەبردووی تێنەپەڕ + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (B)(نیشانەی بکەر) |

### ٤-٢/٣)پێشناو پاشناو له شێوەزاری گەرمیاندا:

پێشناو و پاشناو لەو کەرەستە زمانییە چالاکانەن کە ڕۆڵی سینتاکسی لە ڕستەدا دەگێڕن. ئەو پێشناوانەش لە شێوەزاری گەرمیاندا بەکاردێن بریتین(لە، وە، بۆ، ئەڕا، ە، وەل،،تەك، پێ، لێ، تێ، تا). دەبێ ئەوەش بڵێین لە ناو هەموو پێشناوەکاندا پێشناوی (ە) لە هەموو پێشناوەکانی تر چالاکترە. سەبارەت بە پاشناوەکانیش، ئەوە پاشناوی (ۆ، ا) لە شێوەزاری گەرمیاندا بەکاردێن. بڕوانە (٦٨).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦٨)ا- من لە بازاڕا ئیش ئەکەم. | من لە بازاڕدا ئیش دەکەم. |
| ب- گەنجەکە وە کەلپەل کوردیوە ڕەسم ئەگرێ. | گەنجەکە بە جلی کوردییەوە وێنە دەگرێت. |
| پ- شیرین ماڵەکەی بۆ ئازاد پاك کردۆ. | شیرین ماڵەکەی بۆ ئازاد خاوێن کردەوە. |
| ت- یەمە ئەڕا دالی ئەچین. | ئێمە بۆ بێستان دەچین. |
| ج- ئەوان وەل توا نایەن بۆ سەیران. | ئەوان لە گەڵ تۆدا نایەن بۆ گەشت. |
| چ- پارەکەم ناردە دوکان . | پارەکەم بۆ دوکان نارد. |
| ح- دیارییەکەیان پێ گەیشت . | دیارییەکەیان پێ گەیشت. |
| د- بارام تا ماڵۆ چوو. | بارام تا ماڵەوە چوو. |

هەندێك جار لەشێوەزاری گەرمیاندا دیاردەی پاشخستنی پێشناو یان فرێزی پێشناوی بەدی دەکرێت. بڕوانە (٦٩).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٦٩) ا- کتێبەکەم داوە ئازاد . | کتێبەکەم بە ئازاد دا. |
| ب- ملوانکەکەی کردە مل . | ملوانکەکەی لە مل کرد. |
| پ- هەواڵەکە گەیشت پێم. | هەواڵەکەم پێ گەیشت. |

هەروەها ئەم دیاردەیە لە ڕستەی مۆرفۆسینتاکسیشدا دەبینرێت. بڕوانە (٧٠).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٧٠)ا- دای پێیانۆ . | پێوەی دان . |
| ب- دای پێم | پێی دام. |
| پ- دەسمان کردپێ. | دەستمان پێ کرد. |

لــه نموونــەکانی (٧٠-ا، ب، پ)ی شــێوەزاری گەرمیانــدا بـــە پێچــەوانەی شــێوەزاری ســلێمانییەوە پێشناوەکانی (پێ ، بۆ) کەوتوونەتە دوای کردارەکانەوە، لە نموونەی (٧٠- ت)دا کردارەکانیان لێکدراوە لە شێوەزاری گەرمیانـدا پێشـناو کەوتۆتـە دوای بەشـی دووەمـی کـردارەوە، لـە کاتێکدا لـە شـێوەزاری سلێمانیدا پێشناو کەوتۆتە پێش بەشی دووەمی کردارەوە. یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم چەشنەیە:

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- کـرداری رابـردوو+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(نیشـانەی بکـەر)+ پێشـناو + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکـەم (بـەرکاری ناراستەوخۆ)+ پاشناو | پێشناو + پاشناو +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر) + کـرداری رابـردوو + جێنـاوی لکاوی دەسـتەی دووەم (بـەرکاری ناڕاستەوخۆ) |
| ب- کـرداری رابـردوو+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(نیشـانەی بکـەر)+ پێشـناو + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکـەم (بـەرکاری ناڕاستەوخۆ) | پێشناو+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم(نیشانەی بکەر)+ کرداری رابردوو + جێناوی لکاوی دەستەی دووەم (بەرکاری ناڕاستەوخۆ) |
| پ- بەشی یەکەمی کردار+ جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + بەشی دووەمی کردار + پێشناو | بەشی یەکەمی کردار + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + پێشناو + بەشی دووەمی کردار |

هەندێك جار پێشناوەکان لەگەڵ پاشخستنیاندا دەگۆڕێن بۆ پێشناوی (ە). بڕوانە (٧١).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٧١)ا- کردمە پا. | لە پێم کرد. |
| ب- خستیانمە ڕێ. | بەرێم خستن. |
| پ- ئەیان خەینە ڕێ . | بەڕێیان دەخەین . |

لـە نموونــەکانی (٧١-ا، ب، پ)دا پێشـاوەکانی (لـە، بـە) لـە شـێوەزاری گەرمیانـدا لـە گـەڵ دواکـەوتنیان گۆڕاون بە پێشناوی (ە). یاسای ڕیزبوونەکەیان بەم چەشنەیە.

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ا- کرداری ڕابردوو+ جێنـاوی لکاوی دەسـتەی دووەم(A)(∅)(بەرکار)کەسی سێیەمی تاك +جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (نیشانەی بکەر) + پێشناو + ناو | پێشناو + ناو + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(نیشـانەی بکــەر) + کــردار ڕابــردوو + جێنــاوی لکــاوی دەســتەی دووەم(A)(∅)(بەرکار)کەسی سێیەمی تاك |
| ب- کـرداری ڕابــردوو+ جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکـەم (بـەرکار) + جێنـاوی لکاوی دەسـتەی یەکـەم (نیشـانەی بکەر)+پێشناو + ناو | پێشناو + ناو + جێنـاوی لکـاوی دەسـتەی یەکەم(نیشـانەی بکــەر)+ کــردار ڕابــردوو + جێنــاوی لکــاوی دەســتەی دووەم(A)(بەرکار) |
| پ- ئەســپێکتی (ئـــە) + جێنـــاوی لکـــاوی دەســـتەی یەکەم(بـەرکار)+ ڕەگـی ڕانـەبردوو+ جێنـاوی لکـاوی دەستەی دووەم(B)(نیشانەی بکەر) + پێشناو + ناو | پێشناو + ناو + جێناوی لکاوی دەستەی یەکەم (بەرکار)+ ئەسـپێکتی (دە)+ ڕەگـی ڕانـەبردوو + جێنـاوی لکـاوی دەستەی دووەم(B)(نیشانەی بکەر) |

هەندێك جار لە شێوەزاری سلێمانی و گەرمیاندا پارتیکڵی (وا) لە سلێمانی و (ها) لە گەرمیاندا لە پێش پێشناوەوە دێن. بڕوانە(٧٢).

| ش.گ | ش.س |
|---|---|
| ٧٢)ا- ئارام ها لە ماڵا | ئارام وا لە ماڵدا |
| ب- منداڵەکان هانە کۆڵان | منداڵەکان وان لە کوڵان. |

لە نموونەی (٧٢- ا)دا ڕستەکە لە باری تاکدایەو نە مۆرفیمی کاتی ئێستا و نە جێناوی لکاوی ڕێککەوتن دەرنەکەوتوون لە هەردوو شێوەزارەکەدا. لە نموونەی (٧٢-ب)دا ڕستەکە لە باری کۆدایە لێرەدا جێناوی لکاوی ڕێککەوتن (ن) لە هەردوو شێوەزارەکەدا کەوتۆتە دوای پارتیکەڵی (ها، وا)، هەرچی مۆرفیمی کاتی ئێستایە دەرناکەوێت.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەکرێت بڵێین ڕاستە گۆڕان لە ئاستی ڕێزماندا (مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) بە بەراورد بە ئاستی دەنگسازی کەمترە، بەڵام وەکو لە ناوڕۆکی باسەکەدا بۆمان ڕوون بوویەوە، کە ئاستی مۆرفۆلۆژی و سینتاکیسش لە شێوەزاری گەرمیاندا گۆڕانی بەرچاو بەخۆوە دەبینن، چ لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و شێوەی پێکهاتن و ڕۆنانی وشەکانەوە بێت، یان لەبواری تایبەتمەندی بەشە ئاخاوتنەکانی (ناو، جێناو، کردار)ەوە بێت لە ڕووی شێوە و فۆرم و بەکارهێنانەوە. لە ئاستی سینتاکسیشدا بەتایبەت لە ڕووی ئەرك و جێکەوتەی جێناوە لکاوەکان لە چوارچێوەی ڕستەی سینتاکسی و مۆرفۆسنتاکسیدا هەست بە گۆڕان و تایبەتمەندی شێوەزارەکە دەکەین.

# ئەنجام

١- ناوچەی گەرمیان خاوەن پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و زمانی هەمەچەشن و زمانێکی ئاوێتە بووی شێوەزاری سەر بە زاری جیاوازە، هۆکاری ئەو هەمەچەشنە زمانییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هۆزە جیاوازانەی لە ناوچەکەدا هەن و لە ڕووی دەربڕینی زمانیشەوە سەر بە زاری جیاوازن.

٢- جیاوازییە زمانییەکانی شێوەزاری گەرمیان لە گەڵ شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست بەتایبەت شێوەزاری سلێمانی زیاتر لە ئاستی دەنگسازیدایە، ئەم جیاوازییەش لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی (لە ناوچوونی دەنگ، پەیدابوونی دەنگ، جێگۆڕکی دەنگ، دەنگ گۆڕکێ، لێکچوونی دەنگ)ە، لە ناو ئەمانەشدا دەنگگۆڕکێ دەنگ لە پلەی یەکەمدا دێت، هەروەها ئەو گۆڕانە دەنگییانە گۆڕانی هێزو بڕگەیان بەدوای خۆیاندا هێناوە لە شێوەزارەکەدا.

٣- لە ئاستی مۆرفۆلۆژیشدا هەست بە تایبەتێتی زمانی شێوەزاری گەرمیان دەکرێت، هەم لە ڕووی خاسیەتی بەشەکانی ئاخاوتن (ناو، کردار، جیناو) و مۆرفیمە پێکهێنەرەکانیانەوە، هەم لە ڕووی ڕۆنانی وشەو یاسا مۆرفۆلۆژییەکانەوە.

٤- ڕستە لە ڕووی ڕیزبوونی کەرەستەوە لە شێوەزاری گەرمیاندا زۆرجیاواز نییە لە شێوەزارەکانی تری زاری ناوەڕاست، واتە ڕستە لەم شێوەزارەشدا بەگشتی بە سیستەمی (S.O.V) دادەڕێژرێت، بەڵام جیاوازییەکان زیاتر لە ئەرك و جێکەوتە و شێوەی ڕیزبوونی جێناوە لکاوەکاندا هەستی پێ دەکرێت، جگە لە هەندێك جیاوازی لە ڕیزبوونی فرێزە پێشاوییەکاندا.

٥- لە ئاستی وشە فەرهەنگییەکانیشدا بوونی ئەو شێوەزارە جیاوازانە لە ناوچەکەدا هۆیەکی گەورەی جیاوازی و دەوڵەمەندی وشەی فەرهەنگی بووە لە شێوەزارەکەدا، بۆیە هەندێك جار لە بەرانبەر واتای وشەیەکداچەند فۆرمێکی جیاواز دەبینرێن.

# سەرچاوەکان

## یەکەم/ بە زمانی کوردی:

### • ا- کتێب و گۆڤار:


١. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، زمانی کوردی لەبەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد- بەغدا ، ١٩٧٦.

٢. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧.

٣. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی (مۆرفۆلۆجی) بەشی یەکەم - ناو- بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، دەستەی کورد، بەغداد، ١٩٧٩.

٤. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، ڕێزمانی کوردی (وشەسازی)، بەشی پێنجەم -کردار- بەرگی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٥. ئەوڕەحمانی حاجی مارف(د)، فەرهەنگی زاراوەی زماننانسی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٦. ئومێد بەرزان برزۆ(د)، بەراوردێك لە نێوان جێناوە کەسییەکانی شێوەزاری گەرمیان و سلێمانیدا، گۆڤاری زانکۆی کەرکوك بۆ توێژینەوە مرۆڤایەتییەکان، بەرگی حەوت، ژ٣، ٢٠١٢.

٧. شاسوار هەرەشەمی، هەندێك زانیاری گشتی لە بارەی زمانەوە، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، چاپخانەی ڕەنج- سلێمانی، ٢٠٠٩.

٨. شێرکۆ بابان(د)، دەنگسازی و بڕگەسازی لە ڕێزمانی کوردیدا، لە بڵاوکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

٩. عبدالرحمن شرفکندی(هەژار)، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە(فرهنگ- کردی-فارسی)، چاپخانە انتشارات سروش لیتوگرافی، چاپی چوارەم، ١٣٨٤.

١٠. عەبدوڵا حوسین ڕەسوول(د)، میژووی شێوەزاری گەرمیان، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، بەربەندا. ٥، ژمارە ١، ٢٠٠٢.

١١. عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسول(د)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی کوردی، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٦.

١٢. عەبدولجەبار مستەفا معروف، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

١٣. عبدالواحید موشیر دزەیی(د)، زارە کوردییەکان، چاپخانەی پاك- هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

١٤. غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، چاپی یەکەم، مطبعة الادیب البغدادیة، بغداد، ١٩٨٤.
١٥. غازی عەلی خورشید، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٠.
١٦. غازی عەلی خورشید، زمانی فەرمی بۆ کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم- سلێمانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١.
١٧. فەرەیدون عەبدول(د)، کاری (بیەی- بوون) لە زاری هەورامیدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٤)، ٢٠٠٠.
١٨. فوئاد حەمە خورشید، زمانی کوردی دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، بەغدا، ١٩٨٥.
١٩. قەیس کاکل توفیق، ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢٠. کاروپرۆژە خزمەتگوزارییەکانی ئیدارەی گەرمیان، ئامادەکردنی: بەرێوەبەرایەتی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی ئیدارەی گەرمیان، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٣.
٢١. محەمەدی خاڵ (شێخ)، فەرهەنگی خاڵ، بڵاوکراوەی ئاراس، چاپی دووەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر، ٢٠٠٥.
٢٢. محمد معروف فتاح(د)، زمانەوانی، چاپخانەی دار الحکمة، بەغدا، ١٩٩٠.
٢٣. محەمەد مەعروف فەتاح(د)- سەباح ڕەشید قادر، چەندلایەنێکی مۆرفۆلۆجیی کوردی، چاپخانەی ڕوون — سلێمانی، ٢٠٠٦.
٢٤. محەمەد ڕەزای باتینی (د)، ئاوڕێکی تازە بۆ سەر زمان، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: حەسەنی قازی، سوید، ١٩٩٣.
٢٥. میدیا، سەرەتاییەکی زمانناسی، وەرگێڕانی- د. ئەوڕەحمانی حاجی مارف، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری- حکومەتی هەرێمی کوردستان- سلێمانی، ١٩٩٨.
٢٦. وریا عومەرامین(د)، خزمایەتی لە زمانا، گۆڤاری ڕوشنبیری نوێ، ژمارە ٩٤،بەغدا ،١٩٨٢.
٢٧. وریا عومەرامین(د)، ڕستەی بکەر نادیار، گۆڤاری ڕوشنبیری نوێ، ژمارە ٩٥، بەغدا ،١٩٨٢.
٢٨. وریا عومەر ئەمین(د)، فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کاروان — ئەمینداریێتی گشتی بۆ ڕۆشنبیری و لاوان- هەولێر، ژمارە (٢٠) ی ساڵی ١٩٨٤.
٢٩. وریا عومەر ئەمین(د)، مردنی وشە، گۆڤاری کاروان- ئەمینداریێتی گشتی بۆ ڕوشنبیری ولاوان- هەولێر، ژمارە (٤٥)ی ساڵی ١٩٨٦.
٣٠. وریا عومەر ئەمین(د)، بناغەی سادەترین ڕستەی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١١١) ساڵی ١٩٨٦.
٣١. وریا عومەر ئەمین(د)، فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد — بەغدا، ژمارە (٢٠)ی ساڵی ١٩٨٩.

٣٢. وريا عومەر ئەمین(د)، ئیملای کوردی و چەند تێبینییەك، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق- دەستەی کورد – بەغدا، ژمارە (٩)ی ساڵی ١٩٨٢.
٣٣. وریا عومەر ئەمین(د)، هێزو ئاواز، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (١٣٤)ی ساڵی ١٩٩٤.
٣٤. وریا عومەر ئەمین، ئامرازەکانی بەستن، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان – کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کورد – بەغدا، ژمارە (٦٧)، ١٩٨٤.
٣٥. یوسف شەریف سەعید(د)، زمانەوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

- ب- نامەی ئەکادیمی:

١. ئەبو بەکر عومەر قادر، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٣.
٢. بائیز عومەر ئەحمەد، دەربڕینی ڕێژە لە دیالێکتی ژوورووی زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمانی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٥.
٣. تالـب حسێن عەلی، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنێمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەدین، ١٩٨٩.
٤. حاتەم ولیا محەمەد، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥. سەرکەوت عەبدوڵڵا حوسێن، شێوەزارەکانی شاری کەرکوك، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٨.
٦. عەبدولەناف ڕەمەزان ئەحمەد، ئەتڵەسی زمانی- هەرێمی کوردستانی عێراق، نامەی ماستەر، بەشی کوردی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەڵاحەدین، ٢٠٠٩.
٧. عەبدولوەهاب خالد موسا، ڕێزمانی (بون و هەبون) لە کوردیدا، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، نامەی ماستەر ، ٢٠٠٠.
٨. فەرەیدون عەبدول محەمەد، نادیاری، نامەی ماستەر، کولێجی ئادابی زانکۆیی سەڵاحەددین، ١٩٨٨.
٩. محەمەد عومەر عەول، کردەی تەواوکردن لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٨.

## دووەم/ بە زمانی عەرەبی:

١. ابراهيم انيس (د)، الاصوات اللغوية، مطبعة نهضة بمصر، القاهرة، ١٩٧٩.
٢. ابراهيم انيس(د)، في اللهجات العربية، القاهرة، ٢٠٠٣.

٣. ابراهيم السامرائى(د)، التطوراللغوي التاريخي، ط١٣، بيروت ، دار الاندلس للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٨٤.
٤. احمد شفيق الخطيب(د)، قراءات في علم اللغة، الطبعة الاولى، دار النشر للجامعات، مصر، ٢٠٠٦.
٥. احمد محمد قدور(د)، مبادئ اللسانيات، دمشق، دار الفكر، ٢٠٠٨.
٦. احمد مختارعمر(د)، دراسة الصوت اللغوي، القاهرة، ١٩٩٧.
٧. پاكيزه رفيق حلمي، الجموع في اللغة العربية، مطبعة الاديب البغدادية، بغداد، ١٩٧٢.
٨. ج. فندريس، اللغة، ترجمة: عبدالحميد الدواخلي - محمد القصاص، القاهرة، مطبعة لجنة البيان العربى، ١٩٥٠.
٩. جون لوينز، اللغة و اللغويات، ترجمة: د. محمد العناني، دار جرير– عمان– الاردن، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.
١٠. جون ليونز، نظرية شومسكي اللغوية، ترجمة و تعليق د. حلمي خليل، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٥.
١١. حاتم صالح الضامن(د)، علم اللغة، بغداد، ١٩٨٩.
١٢. حلمي خليل(د)، مقدمة لدراسة اللغة، دبي، دار القلم، الطبعة الاولى، ١٩٨٩.
١٣. ر. هـ . روبنز، موجز تاريخ علم اللغة في الغرب، ترجمة د. احمد عوض، الكويت، ١٩٩٧.
١٤. رشيد العبيدى(د)، ابحاث و نصوص في فقه اللغة العربية، بغداد، ١٩٨٨.
١٥. رمضان عبدالتواب(د)، فصول في فقة اللغة العربية، القاهرة، الطبعة الاولى، ١٩٨٠.
١٦. رمضان عبدالتواب(د)، المدخل الى علم اللغة ومناهج البحث اللغوي، القاهرة، ١٩٨٢.
١٧. رمضان عبدالتواب(د)، التطوراللغوي مظاهره و علله و قوانينه، مكتبة الخانجى بالقاهرة، ١٩٩٧.
١٨. ستيڤن اولمان، ترجمة: د.كمال محمد بشر، دور الكلمة في اللغة، القاهرة، ١٩٦٢.
١٩. عبدالصبور شاهين(د) ، في التطور اللغوي، الطبعة الاولى، مكتبة دار العلوم، القاهرة، ١٩٧٥.
٢٠. عبدالصبور شاهين(د)، المنهج الصوتي للبنية العربية، بيروت، ١٩٨٠.
٢١. علي عبدالواحد وافي(د)، علم اللغة، القاهرة، الطبعة التاسعة، ٢٠٠٤.
٢٢. علي عبدالواحد وافي(د)، اللغة والمجتمع، مطبعة نهضة بمصر، الطبعة الرابعة، ١٩٨٣.
٢٣. غانم قدورى الحمد(د)، المدخل الى علم اصوات العربية، مطبعة المجمع العلمي، بغداد، ٢٠٠٢.
٢٤. فردينان دى سوسور، علم اللغة العام، ترجمة د. يؤئيل يوسف عزيز، بغداد، ١٩٨٨.
٢٥. كمال محمد بشر(د)، علم الاصوات، دار غريب للطباعة والنشر، القاهرة، ٢٠٠٠.
٢٦. كمال محمد بشر(د)، دراسات في علم اللغة، القسم الثاني، دار المعارف بمصر، ١٩٦٩.
٢٧. ماريوپاى، اسس علم اللغة، ترجمة:، د. احمد مختار عمر، طرابلس- ليبيا، ١٩٧٣.

٢٨. مالمبرك (برتيل)، علم الاصوات، تعريب و دراسة عبدالصبورشاهين(د)، مكتبة الشباب، القاهرة، ١٩٨٥.
٢٩. محمد الانطاكي(د)، الوجيز في فقه اللغة، مكتبة الشهباء، حلب، ١٩٦٩.
٣٠. محمد علي الخولي(د)، الاصوات اللغوية، دار الفلاح – عمان ، ١٩٩٠.
٣١. محمد علي الخولي(د)، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان –بيروت ، ١٩٩١.
٣٢. محمد عيد(د)، المظاهر الطارئة على الفصحى، عالم الكتب- القاهرة، ١٩٨٠.
٣٣. محمد محمد داود(د)، العربية وعلم اللغة الحديث، القاهرة، ٢٠٠١.
٣٤. محمود السعران(د)، علم اللغة مقدمة للقارئ العربي، دار النهضة العربية، بيروت- لبنان، ٢٠٠٨
٣٥. محمود فهمى حجازى(د)، مدخل الى علم اللغة، القاهرة، ١٩٧٨.
٣٦. ميشال زكريا(د)، الالسنية (علم اللغة الحديث) المبادئ و الاعلام بيروت – لبنان الطبعة الثانية، ١٩٨٣.
٣٧. نايف خرما، اضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة. (عالم المعرفة)، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الادب، الكويت، ١٩٧٨.
٣٨. نوم جومسكي، البنى النحوية، ترجمة: يؤيل يوسف عزيز، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٧.
٣٩. هدسن(د)، علم اللغة الاجتماعية، ترجمة: محمود عبدالغني عياد، بغداد، الطبعة الاولى، ١٩٨٧.
٤٠. يحيي عبابنة(د)، دراسات في فقه اللغة والفنولوجيا العربية، عمان- الاردن- الطبعة الاولى، ٢٠٠٠.

## سێیەم/ بە زمانی فارسی:

١. احمد ابو محبوب، ساخت زبان فارسی، چاپ سوم، چاپخانه تابش، تهران، ١٣٨٣.
٢. اندرمارتينه، مبانی زبانشناسی عمومی/ اصول و روشهای زبانشناسی نقشگرا، مترجم هرمز میلانیان، ٢٠٠١.
٣. پرویز ناتل خانلری(د)، تاریخ زبان فارسی، جلد سوم، چاپ ششم، انتشارات فردوس، ١٣٧٧.
٤. كورش صفوی، در امدی برمعنی شناسی، چاپ دوم، انتشارات سوره مهر، چاپخانەی سوره، تهران، ١٣٨٣.
٥. غلام رضا ارزنط، دستور زبان فارسی امروز، چاپ سوم، نشر قطره، تهران، ١٣٨١.

## چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی:

1- Aitcheson, Jean Language change:Progress or Decay ? Cambridge University Press 2013 .
2-Burton,Roberts,N. Analysing Sentences. Lancaster University 1997.

3-Brosnahan, L.F., and Malmberg, B. Introduction to Phonetics, Cambridge 1970.
4-Crystal, David. ADictionary of Linguistics & Phonetics 5th , Black Well, oxford, 2003.
5- Fattah, M.M. A Generative Grammar of Kurdish, Unpublished doctoral dissertation, university of Amsterdam,1997.
6- J.K.Charm bers and Peter Trud gill.Dialectology.cambridg university press.2nd 2004.
7- Katamba,F. Morphology. London: Macmillan Press1993.
8- Radford,A. Syntax.Aminimalist Introduction,Cup 1997.
9- Stageberg, N. c. an introductory English grammar.United states of America 1971.
10-Trask, R. L.Adictionary of grammatical tems in linguistics. Routledg: London, 1993.

## پێنجەم/ سەرچاوەی نەخشەکان:

١-خارطة قلعة شيروانة (كلار) مقياس، ١/ ١٠٠٠٠٠، ١٩٩٦.
٢- هاشم ياسين حمد امين، عدنان كركوكى، سردار محمد عبدالرحمن، اطلس كركوك، الطبعة الثانية، اربيل، ٢٠٠٧,
٣- وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠١٢.
٤- نەخشەی سروشتی هەرێمی کوردستان، پێوەر ١/٣٨٢٠٠٠، هەولێر، ٢٠٠٤.

# پاشـــــــــکۆ

جگە لەو سەرچاوانە لە نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیدا چاوپێکەوتن لە گەڵ چەندین ئاخێوەری شێوەزارەکەدا ئەنجام دراوە، ئەو چاوپێکەوتنانەش یان لە ڕێگەی خۆمەوە بووە، یان لە ڕێگەی ئەو فۆرمەوە بووە، کە بەسەر قوتابخانەکانی ناوچەکەدا لە ڕێگەی پەروەردەی گەرمیان (پەروەردەی کەلار و کفری)یەوە دابەش کراون، ئەم فۆرمەش جگە لە زانیاری لەسەر کەسی کۆکەرەوەی زانیاری و ئەو کەسەش کە زانیاری لێ وەدەگیرێت، سەد ڕستە بەشێوەی سلێمانی تێدا تۆمارکراوە تاوەکو لە بەرانبەریدا شێوەی گەرمیانییەکەی بنووسرێتەوە، بۆیە لێرەدا بە پێویستمان زانی ئاماژە بە ناو و شوێن و تەمەن و کاتی چاوپێکەوتنی ئەو کەسانە بدەین کە چاوپێکەوتنیان لە گەڵ ئەنجام دراوە، لە گەڵ نموونەیەکی ئەو فۆرمەی لە توێژینەوەکدا بەکارهاتووە.

| ژ | ناو | کات و شوێن لەدایکبوون | شوێنی ئێستایی | هۆز | کاتی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | عەزیز جبار عبدالله | ١٩٦٥ | ڕزگاری | زەنگەنە | ٢٠١٤/٣/٢٠/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٢ | عەلی محمد عبدالحمید | ١٩٥٦ | ڕزگاری | تاڵەبانی | ٢٠١٤/٣/٢٦/کات(٩)بەیانی |
| ٣ | نسیم ڕوستم حسن | ١٩٦٧/ حەسەن محە | حەسەن محە | جاف | ٢٠١٤/٤/٥/کات(٩)ی بەیانی |
| ٤ | مجید عبدالرحمن محمد | ١٩٣٤/ ناساڵەح | ناساڵەح | جاف | ٢٠١٤/٢/٢٦/کات(٩)ی بەیانی |
| ٥ | والی محەمەد عەلی | ١٩٦٣/ ژاڵەی سەفەر | ژاڵەی سەفەر | جاف | ٢٠١٤/٣/٢٦/کات(٩:٤٥)بەیانی |
| ٦ | حەمە سەعید حەمە ئەمین ڕۆستم | ١٩٥٣/ زەردی قادر | زەردی قادر | جاف | ٢٠١٤/٣/٢٥/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٧ | خەمین غەیدان محمد | ١٩٤٩ | بەکرەگەڕە | زەنگەنە | ٢٠١٤/٢/٢٢/کات(٩:٣٠)بەیانی |
| ٨ | تایەر کەریم صادق | ١٩٧٧/ بەلەگە | بەلەگە | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٦/کات(٩)ی بەیانی |
| ٩ | حسن احمد فرج | ١٩٥٢ | عەوڵاقووت | زەنگەنە | ٢٠١٤/٢/٢٢/کات(١٠)بەیانی |
| ١٠ | عاصی عبدالقادر | ١٩٦٥/ عەزیز قادر | پیرەمۆنی | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٣/ کات(١١)ی بەیانی |
| ١١ | حسین عەلی سەمین | ١٩٤٢ | وەلی هەیەر | گێژ | ٢٠١٤/٢/٢٥/ کات(٣)ی ئێوارە |
| ١٢ | فاروق حەمکۆڵ فارس | | حەمکۆڵ | دەلۆ | ٢٠١٤/٢/٢٢/کات(١٠)ی بەیانی |
| ١٣ | جەلال حەمید سلیمان | ١٩٥٣ | سەرقەڵا | دەلۆ | ٢٠١٤/٢/٢٤/ کات(١:٤٥) ئێوارە |
| ١٤ | حەبیبە حەسەن خۆرشید | | فەتاح ئومەر | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٧/ کات(١١)ی بەیانی |
| ١٥ | محەمەد رحیم جاسم | ١٩٣٠/عەزیز قادر | عەزیز قادر | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٢/کات(٩:٣٠)بەیانی |
| ١٦ | محەمەد ڕۆستم محەمەد | ١٩٥٥/ خان ڕوستم | خان ڕوستم | زەنگەنە | ٢٠١٤/٣/٦/ کات(١١:٣٠)بەیانی |
| ١٧ | نامق ابراهیم فتاح | ١٩٣٧/دوانزە ئیمام | کفری | جاف | ٢٠١٤/٢/٢٨/ کات(٢)ی ئێوارە |
| ١٨ | محمد مجید ابراهیم | | خان ڕەوف | زەنگەنە | ٢٠١٤/٢/٢٠/ کات(١١)ی بەیانی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | سەلام عبدالرحیم محمد | ١٩٦٤ | دوانزە ئیمام | جاف | ٢٠١٤/٢/٢٧/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٢٠ | عمر احمد حیدر | ١٩٧٥/ تووکن | تووکن | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٥/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٢١ | کمال فتاح | ١٩٦٢/ کفری | دوڕاجی | داودی | ٢٠١٤/٣/٢/ کات(٩:٣٠)بەیانی |
| ٢٢ | حەمید احمد حەمید | ١٩٣٣/ سەید جەژنی | سەید جەژنی | گێژ | ٢٠١٤/٣/٤/ کات(١٠:٣٠)بەیانی |
| ٢٣ | عمر عەلی عەزیز | ١٩٦٨/زننانە | زننانە | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٧/ کات(٩)ی بەیانی |
| ٢٤ | صمد صابر محمد | ١٩٤٧ | قولیجان ئەمین | زەنگەنە | ٢٠١٤/٢/٢٣/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٢٥ | حەمید حەمە جان فرج | ١٩٥٥/باوەکر | بنەکەی خەپەکوێر | زەنگەنە | ٢٠١٤/٢/٢٧/کات(٩:٢٠)بەیانی |
| ٢٦ | کامران نجیب جاسم | ١٩٦٣/کفری | وەلی هەیەر | داودی | ٢٠١٤/٢/٢٦/ کات(١٠)بەیانی |
| ٢٧ | ڕەعنە کاکە عبدالله سمین | ١٩٥٥/کەلار | سەید خەلیلی فەقێ | دەلۆ | ٢٠١٤/٣/٢/ کات(٤)ی ئێوارە |
| ٢٨ | عبدالله احمد رحیم | ١٩٦٧ | چاڵەسورك | جاف | ٢٠١٤/٣/٢٥/کات(١٠)ی بەیانی |
| ٢٩ | هدایەت کەریم سلیمان | ١٩٦٩/ گۆڕەشەلە | تازەدێ | جاف | ٢٠١٤/٣/٢٤/ کات(٩)ی بەیانی |
| ٣٠ | محمود حەمەعەزیز حەمە فرج | ١٩٥٧ | سەرناوە | جاف | ٢٠١٤/٣/٢٥/ کات(٩)ی بەیانی |
| ٣١ | سوعاد مجید امین | ١٩٧٥ | ڕزگاری | پاڵانی | ٢٠١٤/٣/١٣/ کات(٩)ی بەیانی |
| ٣٢ | قادر کاکە ڕەزا | ١٩٣٤/کانی کرمانج | کەلار | گاخۆری | ٢٠١٤/٣/٢٧/کات(٨:٣٠)بەیانی |
| ٣٣ | محمد محمود محمد | ١٩٦٣ | باوەنوور | جاف | ٢٠١٤/٤/٨/کات(٩:٤٠)بەیانی |
| ٣٤ | عەلی ئەحمەد عەزیز | ١٩٤٢ | کولەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٠/کات(٨)ی ئێوارە |
| ٣٥ | عەلی دارا احمد | ١٩٣٣ | کوڵەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٢/کات(٩)ی بەیانی |
| ٣٦ | تەها کەریم حەمید | ١٩٥٥ | کوڵەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٢/کات(٧)ئێوارە |
| ٣٧ | حسین رشید فرج | ١٩٥٠ | کوڵەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٤/کات(٨:٣٠)ئێوارە |
| ٣٨ | عبدالسلام عبدالرحمن علوان | ١٩٥٧ | کوڵەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٢/کات(١:٣٠)ئێوارە |
| ٣٩ | سەردار حسین عبدالحمید | ١٩٧٦ | قوبە | زەنگەنە | ٢٠١٤/٤/١٢/کات (٢) ئێوارە |
| ٤٠ | ستار عەلی دارا | ١٩٦١ | کوڵەجۆ | زەند | ٢٠١٤/٤/١٣/کات(٤)ئێوارە |
| ٤١ | حبیب صابر جمیل | ١٩٧٥ | تەپەچەرموو | پاڵانی | ٢٠١٤/٤/١٠/کات(٩)بەیانی |

## فۆرمی زانیاری توێژینەوەی زانستی لەبارەی شێوەزاری ناوچەی گەرمیان

- **ڕێنماییەکان**:

ئەم فۆرمەی لە بەردەستی بەڕێزتدایە، بۆ مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی زانستییە لەبارەی شێوەزاری ناوچەی گەرمیانەوە، بەناونیشانی (تایبەتمەندی دەنگسازی و ڕێزمانی شێوەزاری گەرمیان)، بۆ ئەو مەبەستەش پێویستمان بە هاوکاری بەڕێزتانە، بۆیە هاوکاری و کارکردنی تۆ لەم بوارەدا خزمەتکردنە بە زمانی کوردی بەگشتی و شێوەزاری گەرمیان بەتایبەتی، بۆیە داوات لێ دەکەم، کە زۆر بە ئەمانەت و وردییەوە کارەکە ئەنجام بدەیت و هاوکارمان بیت، تاوەکو فەرهەنگ و زمانی شێوەزاری گەرمیان لە فەوتان بپارێزین و بە هۆیەوە خزمەتێکی زیاتری زمانی کوردی بکەین.

ئەگەر مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانەکەدا هەبوو باشتر وایە ئەو بەم کارە هەڵسێت.

لەم خاڵانەی خوارەوەشدا شێوازی کارکردنەکەتان بۆ ڕوون دەکەینەوە:

١. تۆمارکردنی ناوی سیانی و شوێن و تەمەن و بەرواری لە دایکبوون و شوێنی ئێستای نیشتەجێبوون و پیشەو هۆزو تیرەی مامۆستا. واتە ئەو مامۆستایەی کە زانیارییەکە کۆ دەکاتەوە بەڕاستی و دروستی.
٢. تۆمارکردنی ناوی سیانی و شوێن و تەمەن و بەرواری لە دایکبوون و شوێنی ئێستای نیشتەجێبوون و پیشەو هۆزو تیرەی ئەو کەسەی زانیارییەکەی لێ وەردەگریت بە ڕاستی و دروستی.
٣. باش وایە ئەو کەسانەی زانیارییان لێ وەردەگیرێت کەسانی بە تەمەن بن و ئەگەر خویندەواریش بن ئەوە باشترە.
٤. بەرانبەر هەریەك لەو ڕستانە ڕستەیەکی هاوشێوە بە شێوەزاری خەڵکی ئەو دێ یان ئەو ناوچەیە تۆمار بکرێت.
٥. ئەو کەسانەی زانیارییان لێ وەردەگیرێت باش وایە خەڵکی ڕەسەنی دێکە بن و بۆ ماوەیەکی درێژ لە دێیەکە کۆچیان نەکردبێت پاشان گەڕابێتنەوە.
٦. تۆمارکردنی کاتژمێرو ڕۆژو بەرواری چاوپێکەوتنەکەو تۆمارکردنی زانیارییەکان.
٧. هەوڵ بدە بەسەبرو ئارام بیت لەگەڵ ئەو کەسانەی زانیارییان لێ وەردەگریت.
٨. باش وایە زانیارییەکان سەرەتا بە قەڵەمی دار (رصاص) تۆمار بکرێن، دواتر بە قەڵەمی جاف و بە جوانی تۆمار بکرێن.
٩. پێویستە ئەو کەسەی زانیاری لێ وەردەگیرێت ئاگادار بکرێتەوە، کە بە شێوەزاری ناوچەکەی خۆی بدوێت و لە شێوەزاری سلێمانی دوورکەوێتەوە لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا. هەروەها پێویستە ڕستەکان چۆن گۆدەکرێن بەوشێوەیە تۆماربکرێن.

- ناوی سیانی مامۆستا ( ئەو کەسەی زانیاری کۆدەکاتەوە ): ...............................................
- تەمەن و بەروار و شوێنی لەدایکبوون : .................................
- شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا : ........................................
- پیشە : ...............................................
- هۆزو تیرە: ...........................
- ناوی سیانی خەڵکی دێ ( ئەو کەسەی زانیاری لێ وەردەگیرێت ): ...............................................
- تەمەن و بەروارو شوێنی لەدایکبوون : .................................................
- شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا : .....................................................
- پیشە : ..............................................................
- هۆزو تیرە: ...................................
- زۆرینەی خەڵکی دێیەکە سەر بە چ هۆزو تیرەیەکن ( بە ژمارە بێت باشترە ): .................................
- ژمارەی ماڵەکانی دێیەکە چەندن : ..................................................
- کاتژمێرو ڕۆژ و بەرواری چاوپێکەوتنەکە : کاتژمێر: ............ ڕۆژ: ............... مانگ: ........... ساڵ: ...........
- شوێنی چاوپێکەوتنەکە : دێ: .................... ناحیيە : ..................... قەزا : ................. پارێزگا : ...............

## نموونەی ڕستەکان

| شێوەزاری دێ یان ناوچەی لێوەرگیراو | شێوەزاری سلێمانی | ژ |
|---|---|---|
| | ئـەو دیارییەکـەی بـە من بـەخشی. | ١ |
| | کچەکـە جلەکانی شـوشـت. | ٢ |
| | ئێمە نامەکـەمان نووسـی. | ٣ |
| | ئەوان کارەکەیـان بە دەستی خۆیان ئەنجام دا. | ٤ |
| | پیاوەکە پێڵاوەکانی گۆڕی و جلێکی ڕەشی جوانی نوێی لەبەرکرد. | ٥ |
| | ئـارام بەشـداری لە یارییەکەدا ناکات. | ٦ |
| | هەتـا هەوڵ نەدەیت ناگەیت بە ئەنجام. | ٧ |
| | جوتیارەکان زەوییەکـەیان کێـڵا. | ٨ |
| | پزیشکەکە نەخۆشـەکەی چارەسـەر کرد. | ٩ |
| | مامۆستاکە وانەکەی بە باشی بە خوێندکاران وتەوە. | ١٠ |
| | دارتاشـەکە دەرگاکەی دروسـت کـرد. | ١١ |
| | ئاسنگەرەکە پەنجەرەکەی بە خراپی چاك کرد. | ١٢ |
| | جووتیارەکە بەپەلە لە بێستان گەڕایەوە. | ١٣ |
| | کرێکارەکە ئەمڕۆ نەهاتووە بۆ کارەکەی . | ١٤ |
| | منداڵەکانی ئازادی بـرام بەپەلە ڕایان کـرد. | ١٥ |
| | پەپوولەکە بە دەوری چراکەدا سووڕایەوە. | ١٦ |
| | ئەوان دوێنێ ڕۆیشتـن. | ١٧ |
| | ئێوە کراسـەکانتان لەبەر کرد. | ١٨ |
| | ژنەکە مەنجەڵ و قاپەکانی شووشـت. | ١٩ |
| | نەسـرین جێگاکـەی بۆ ڕاخستین. | ٢٠ |
| | خـواردنەکـە خـورا. | ٢١ |
| | تۆ پێڵاوەکانی خـۆت بۆیاغ بکەرەوە. | ٢٢ |
| | جووتیارەکان پێرێ تۆوەکەیان چانـد. | ٢٣ |
| | گاگەلەکە لە کـوێ ئەلەوەڕێنێ؟ | ٢٤ |
| | شووشەی پەنجەرەکان پاك بکەرەوەو نێو ماڵەکە کۆبکەرەوە. | ٢٥ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٦ | ئەم شووتییە گەورانەتان لە کام بێستان هێناوە؟ | |
| ٢٧ | ئەوانە لە کوێ دادەنیشن؟ | |
| ٢٨ | گەنجەکە بە جلی کوردییەوە وێنە دەگرێت. | |
| ٢٩ | خوێندکارەکە  کتێب و دەفتەری دەوێت. | |
| ٣٠ | منداڵەکە ئاوی گەرم یان شلەتێن دەخوات؟ | |
| ٣١ | تۆ پارەکانت نەدۆزییەوە؟ | |
| ٣٢ | خەڵك پارەکانیان بۆ دوارۆژ هەڵ دەگرن. | |
| ٣٣ | ئێمە ئەومان دیتووە. | |
| ٣٤ | ئەوان ئەویان دیتبوو. | |
| ٣٥ | من ئێوەم دەدیت. | |
| ٣٦ | کوڕەکە چێشتەکەی خوارد. | |
| ٣٧ | کچەکە نانەکەی خواردووە. | |
| ٣٨ | پیاو و ژن بەیەکەوە چێشتیان دەخوارد. | |
| ٣٩ | نیوەڕۆ نانەکەمان بەگەرمی دەخۆین. | |
| ٤٠ | شیرین خواردنێکی خۆشی لێناوە. | |
| ٤١ | باوکەکە منداڵەکەی بەجێ هێشت. | |
| ٤٢ | ئەوان پێش ئێمە شووتییەکەیان شکاندو خوارد. | |
| ٤٣ | ئەمە خوێندکارە زیرەکەکەی نێو پۆلەکەیە، کە بەیەکەم دەرچووە. | |
| ٤٤ | ئەمڕۆ خوێندکارە تەنبەڵەکانیان جیاکردەوە. | |
| ٤٥ | چەند منداڵێك لە شەودا دووپشك پێوەی داون. | |
| ٤٦ | کچەکە نینۆکی دەستەکانی کرتاند و بۆیەی کرد. | |
| ٤٧ | دوو کەس لەپشتی گردەکەوە خۆیان مەڵاس داوە. | |
| ٤٨ | منداڵە بچووکەکە ئەنگوستیلەی خوشکەکەی ون کردووە. | |
| ٤٩ | ئەو لە جیاتی خاڵم لە گەڵمدا هاتووە بۆ ئێرە. | |
| ٥٠ | مێرووله لە ماڵەکەدا بێزاری کردووین. | |
| ٥١ | کە مامۆستا دووا ئێوە هەمووتان بێدەنگ بن. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٢ | گوڵەکە سیس بوو پاشان گەشایەوە، چونکە دارەکە وشکە. | |
| ٥٣ | زەوییەکە بۆ چاندن باشە ، لەبەر ئەوەی زەوییەکی تەختە. | |
| ٥٤ | شیرین خانووەکەی بۆ ئازاد خاوێن کردەوە، پاشان ماڵەکەی تێدا دانا. | |
| ٥٥ | ئارام نامەکەی بۆ نەسرین نووسی، ئینجا بە یەکێکدا بۆی نارد. | |
| ٥٦ | ماڵی پیاوە هەژارەکە سووتاوە. | |
| ٥٧ | ئێمە تا ماڵی خۆمان دەچین و دەگەڕێینەوە. | |
| ٥٨ | گەزۆ شیرینەکانیان خوارد. | |
| ٥٩ | چایە تاڵەکەیان دا بە من. | |
| ٦٠ | کوڕە ئادەی خۆت کۆ بکەرەوە. | |
| ٦١ | کچێ ئادەی نانەکەت تەواو بکە | |
| ٦٢ | دایکە ئادەی خێراکە وەرە. | |
| ٦٣ | باوکە ئادەی پارەکەی بدەیە. | |
| ٦٤ | ئێمە لەوکاتەوە چاوەڕوانی ئەوان دەکەین، بەڵام لەوانەیە نەیەنیش. | |
| ٦٥ | ئێوە ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، کە گەیشتن ئاگادارمان بکەنەوە. | |
| ٦٦ | ئەوان گەیشتن، بەڵام ئێمە نەڕۆیشتین بۆ لایان. | |
| ٦٧ | ئەوان ڕۆیشتن بۆ سەیری یارییەکە. | |
| ٦٨ | ئۆتۆمبیلەکەمان ڕاگرت تا ئەوان دێن. | |
| ٦٩ | ئەم دێیە مێشوولەی زۆرە. | |
| ٧٠ | منداڵەکە بەردێکی هاویشتە کۆترەکان. | |
| ٧١ | بەرد مەهاوێژە ئێمە. | |
| ٧٢ | نامەکە نووسرا. | |
| ٧٣ | کتێبەکە دڕابوو. | |
| ٧٤ | زەوییەکە کێڵراوە. | |
| ٧٥ | خانووەکە دەسووتێنرا. | |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٦ | میوەکان دەفرۆشـرێن. | |
| ٧٧ | نانەکە هەر دەخۆرێت. | |
| ٧٨ | پێش ئەوەی تۆ بناسم ڕقم لێت بوو، بەڵام ئێستا زۆر پەشیمانم. | |
| ٧٩ | خوێندکارە زیرەکەکان بناسرین باشـە. | |
| ٨٠ | خۆزگە کارێکم بەدەسـت بهێنایە. | |
| ٨١ | دەبوو زەوییەکانمان ئـاو دابووایە. | |
| ٨٢ | تۆ بڵێ میوانەکـەی گەڕابێتەوە؟ | |
| ٨٣ | ئەگەر هاتبێتم بۆ دێ و سـەرم لێ نەدابیت، حەقتە گلەییم لێ بکەیت. | |
| ٨٤ | خۆزگە دوای کارەکەتان، هاتبوونایە بۆ ماڵمان. | |
| ٨٥ | ئەگەر قسەکەتانی ببیستایە، هەرگیز نەدەهات بۆ گەشتەکە. | |
| ٨٦ | ئەوان ڕۆیشتن و بەجێیان هێشتین. | |
| ٨٧ | ئەم لەو کارەدا تێوە نەگلاوە. | |
| ٨٨ | لێرەوە دەستمان پێ کـرد. | |
| ٨٩ | خۆزگە جووتیارەکە دارەکانی باخەکەی ببڕیایە. | |
| ٩٠ | لەم دێیەدا هیچ جۆرە دارێك هەیە؟ | |
| ٩١ | لەو کارەدا هاوکاریتان دەکەین. | |
| ٩٢ | لێرە بەدواوە ناڕۆین بۆ ماڵی دراوسێ. | |
| ٩٣ | لەوێ نانەکەت بخۆ پاشان وەرەوە. | |
| ٩٤ | کاتێك ئارام هات من لەوێ بووم. | |
| ٩٥ | شتەکان بە کوڕێکدا بنێرە. | |
| ٩٦ | ئەوەندە جلەکانی گووشین هەموو لۆچ بوون. | |
| ٩٧ | ئەم پیاوە لە زۆرانبازیدا لە دێکەدا کەس لێ ناباتەوەو ڕکابەری نییە. | |
| ٩٨ | ئەو دەستی لە کارەکەی هەڵ نەگرتبێت باشـە. | |
| ٩٩ | ئێرە بۆ چاندنی دانەوێڵە شیاوە. | |
| ١٠٠ | مەنجەڵی بچووکیان لە ماڵەوە هەیە، بەڵام زۆرجار لە مەنجەڵی گەورەدا چێشت لێدەنێن. | |

# نەخشەی ژمارە (١)

## پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەگوێرەی ناوچەی گەرمیان




**کاری توێژەر پشت بەست بە:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠١٢**

# نەخشەی ژمارە (٢)

## ناوچەی لێکۆڵینەوە




کاری توێژەر پشت بەست بە:

١ـ خارطة قلعة شيروانة (كلار) مقياس، ١/ ١٠٠٠٠٠، ١٩٩٦.

٢ـ نەخشەی سروشتی هەرێمی کوردستان، پێوەر ١/٣٨٢٠٠٠، هەولێر، ٢٠٠٤

٣ـ لێکۆڵینەوەی مەیدانی توێژەر.

## نەخشەی ژمارە (٣)

## پێگەی ناوچەی گەرمیان بەگوێرەی عێراق




سەرچاوە کاری توێژەر پشت بەست بە:

حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠١٢.

## نەخشەی ژمارە ( ٤ )

## پێگەی ناوچەی لێکۆڵینەوە و ناوچەی گەرمیان بە گوێرەی هەرێمی کوردستان




**کاری توێژەر پشت بەست بە:**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، نەخشەی کارگێڕی پارێزگای سلێمانی، بەشی GIS، ٢٠١٢.**

## نەخشەی ژمارە (٥)

## دابەشبوونی هۆزەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە




**کاری توێژەر پشت بەست بە:**

**١ـ هاشم یاسین حمد امین، عدنان کرکوکی، سردار محمد عبدالرحمن، اطلس کرکوك، الطبعة الثانیة، اربیل، ٢٠٠٧.**

**٢ـ لێکۆڵینەوەی مەیدانی توێژەر.**

# ملخص البحث


هذا البحث المعنون بـ (عدة خصائص منطقة گرميان من ناحيتي علم الصوت والقواعد) ويقصد بالبحث تحديد الجوانب الخفية و الخصائص الصوتية و الصرفية و النحوية في لهجة گرميان، وكان البحث تطبيقياً متبعاً المنهج الوصفي التحليلي.

ويتألف البحث من مقدمة وثلاثة فصول تتبعها خاتمة و ملحق.

فالفصل الأول مكون من ثلاثة مباحث رئيسة:

المبحث الأول: يتحدث عن مفهوم و اصطلاح اللهجة و أصنافها وعلاقتها باللغة، ثم إظهار موقع گرميان في اللغة الكردية.

وخصص المبحث الثاني للتحدث عن أصناف اللهجات في منطقة گرميان وأثر عمليات الأنفال والترحيل على لهجات هذه المنطقة.

وركز المبحث الثالث: على مفهوم تغيير اللغة ولهجاتها ومراحل ومجالات هذا التغيير ثم تحديد التغيير اللغوي في اللغة الكردية و لهجة گرميان.

أمّا الفصل الثاني: فقد خصص للجوانب الصوتية، إلى جانب ذكر فرعي علم الصوت (الفونتيك و الفونولوجيا) والخصائص الخاصة لكل منهما وجوانب الاختلاف بينهما، تم تحديد مميزات و أسباب التغيرات الصوتية، ثم دراسة الفونيمات المقطعية و غير المقطعية في لهجة گرميان بحسب الأصول و القوانين الفونولوجية، مع مقارنتها بلهجة السليمانية مظهرًا أوجه الاختلاف والتشابه بينهما.

أمّا الفصل الثالث: فقد اعتنى البحث في هذا الفصل بالقواعد (الصرف والنحو) و المعجم، ويتألف من ثلاثة مباحث.

المبحث الأول: حدّد فيه مفهوم وحدود (المورفولوجيا)، ووحدة المورفيم وأنواعه والتغييرات الصرفية، كما ذكرت مجموعة من خصائص أقسام الكلام (الاسم، الضمير، الفعل) مع ذكر صيغها واشتقاقها و خصائصها حسب القوانين الصرفية في لهجة گرميان.

والمبحث الثاني: تم تخصيصه للمستوى النحوي وفيه تحدث الباحث عن الجملة بحسب أصول العبارة الاسمية و العبارة الفعلية، مظهرًا كيفية التوسع فيهما بحسب العناصر الداخلية والخارجية في لهجة گرميان، كما تحدث عن وظيفة ودور ومواقع الضمائر المتصلة وقواعد تسلسلها في لهجة گرميان ومقارنتها باللهجة السليمانية. وفي صفحات عدة تكلم عن صيغ حروف الجر واستعمالها في لهجة گرميان.

وخصص المبحث الثالث لبيان الفرق بين المفردات المعجمية في لهجة گرميان والسليمانية.

# Abstract

This dissertation which is entitled (Some Phonetic and Grammatical Characteristics of Garmian Region) aims at:

Revealing the specific and hidden aspects of phonology, morphology and syntax of Garmianian accent, and the descriptive Analatycal approach has been followed by the researcher in analyzing the thesis.

It composed of an introduction,Three main chapters and the conclusion:

Chapter one Includes tree main sections.The first one gives some information about accents and dialects with their relation to language,it also sheds light on the importance of Garmian accent in Kurdish language.

Section two sheds light on the accents or one can say language that people use in Garmian on one hand and the geographical area, Social classes the effects of Anfal and other disasters on the language of people of Garmian on the other hand. Section three specified to language changes, the stages and aspects of this change and the changes of the language and accents of Garmian people.

Chapter two is dedicated to phonetics and phonology, their parts, differences and specially in Garmian according to the phonological rules are compared to the accents of those people who live in sulaimani to show the similaridies and differences between them.

Chapter three Sheds light on Grammar(morphology and syntax) and dictionaries. It is composed of three main sections. The first one is about the work of morphology and morphemes and also it gives some information about parts of speech ( noun, verb, pronoun) in Garmian accents. Section two is about syntax which gives some hinds on how a sentence is composed of noun phrase, verb phrase in Garmian accents on one hand and the pronouns with their roles on a sentence in Garmian accent as compared to that of sulaimani accent.

Section three is about the diffrences between the dictionary words on Garmian and sulaimani accents.